منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئاستانە

مزگێنییەکان

نووسین: پرۆفیسۆر ئیاد قونەیبی
وەرگێڕان: د. یەحیا ئیسماعیل

پرۆفیسۆر ئیاد قوونەیبی

ناوی تەواوی «ئیاد عەبدولحفاز حەماد قوونەیبی»یە. ئەم بانگخوازە ئەکادیمییە لە ساڵی (١٩٧٥) لە دایک و باوکێکی فەلەستینی لە شاری « السالمیة» لە وڵاتی کوەیت لەدایکبووە. هەر لە منداڵییەوە و لەژێر کاریگەری باوکیدا فێری زانستە ئیسلامییەکان بووە و قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە.

لە ساڵی (١٩٩٢)دا، پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لە پێشبڕکێیەکی ئەدەبی بۆ نووسین و خوێندنەوەی شیعر لەسەر ئاستی عومان.

بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەرمانسازی لە کۆلێژی زانست و تەکنۆلۆژیای ئوردن ساڵی (١٩٩٨) بە ئاستی زۆر باش لەگەڵ پلەی شەرەف بەدەستهێناوە.

لە ساڵی (٢٠٠٣)دا لە زانکۆی «هیوستن»ی ئەمەریکی لە ویلایەتی تکساس، بە پلەی زۆر باش بڕوانامەی دکتۆرای بە پلەی یەکەم لە دەرمانسازیدا بەدەستهێناوە، هەروەها لە ساڵی (٢٠٢١) گەیشت بە پلەی پرۆفیسۆر لە هەمان بواردا. لە ئێستادا پرۆفیسۆر ئەیاد بەهۆی ڕۆشنفیکری و لێهاتووی و ڕەوانبێژی لە قسەکردن و ئەدای وتاردان و زانیاری گرنگ لە وتارەکانیدا، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی دونیایی بانگەواز و هەزاران کەس لە وڵاتە جیاجیاکانەوە گوێگریی وتار و وانە و نووسینەکانین. خاوەنی چەندین بەرهەمی نووسراوە لەوانەش (حسن الظن بالله، سیکولوجیا الاحراف، نصرة للشریعة، تحریر المراة الغربیة القصة الکاملة). هەروەها یەکێکە لەوانەی بەشداربووە لە پێداچوونەوە و دەستنیشانکردنی هەڵە لە پەرتووکی (Lippincott Illustrated Reviews: Pharmacology (Lippincott Illustrated Reviews Series) کە وەکوو پرۆگرامی خوێندن لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان بەشە پزیشکییەکان دەخوێندرێت.

دیارترین وانەکانی لە کەناڵی یوتیوب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بە چڕی باسن لە دید و تێڕوانینە ئیسلامییەکان بریتین لە: (فن حسن الظن بالله، سیکولوجیا الانحراف، نصرة للشریعة، بالقرآن نحیا، رحلة الیقین، ...) جگە لە مانەش خاوەنی چەندین وانەی پەروەردەیی ڕۆحی و بەربەرەکانێ لە دژی دژەئیسلام و بێباوەڕان و شیکردنەوە و تەفسیری سورەتەکانی قورئانە.

مزگێنییەکان

نـــاوی نـــووســـەر : د. ئیاد قونەیبی

نـــاوی وەرگێـــــڕ : د. یەحیا ئیسماعیل

دیزاینی ناوەوە و بەرگ : ڕێکخراوی ئاستانە

نـــۆبـــەتـی چـــاپ : یەکەم ٢٠٢٣

تـیـــــــــــراژ : ١٠٠٠ دانـــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (١٧٢٠) ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

مزگێنییەکان

نووسینی:

د، ئیاد قونەیبی

وەرگێڕانی:

د. یەحیا ئیسماعیل

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، دروود و سڵاو لە پێغەمبەری خودا.

لە گەورەترین ئەو شتانەی کە لە پەروەردگار نزیکمان دەکاتەوە: دڵخۆشکردنی بەندەکانی خودا و پەخشکردنی مزگێنی و گەشبینی تێیاندا و دروستکردنی ئەو هەستە تێیاندا کە بەرپرسیاریەتییەکی گەورە وا لەسەر شانیان و چەسپاندنیان لەسەر ڕێگەی گەشتن بە ڕەزامەندی پەروەردگار، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە فیتنە تیبدا تەشەنەی سەندووە و هێرشەکان بۆ سەر ئوممەت، بەڵکوو بۆ سەر فیترەت تەواو تینی سەندووە.

لەپێناو ئەم مەبەستە باڵایانەش ئەم کتێبە نووسرا، کە لەنێویدا ئەو بیرۆکە و مانا بەپێزانەم نووسی کە بۆ خۆم سوودم لێوەرگرتن و سااڵنێکی زۆریش لە گوتار و وانەکانم بەکارم دەهێنان، سوپاس بۆ خودا کاریگەرییەکی باشیشی هەبوو.

ئەم کتێبەشمان لەپاش کتێبی پێشوومان «گومانی باش بە خودا»وە دێت، کە سوپاس بۆ خودا کاریگەرییەکی باش و بەرفراوانی هەبوو، کە ئەو کتێبەش گرنگی زیاتری بە باسکردنی ئەو بەاڵ و نارەحەتییانە دابوو کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە لە ژیانی تایبەتییدا. وەلێ ئەم کتێبە نوێیەمان گرنگی دەدات بە الیەنی خەم و پەژارەی موسڵمان بە هۆی ئەو ستەم و زۆرداریەی دووچاری ئوممەت و مرۆڤایەتی دەبێتەوە، بەم شێوەیە تەواوکاری بابەتی «گومانی باش بە خودا»یە.

کتێبەکەش لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە:

١. بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوی و دڵنەواییکردن و پەخشکردنی دڵخۆشی بە نیعمەتی خودا لەو ئایینەی کە پێی بەخشیوین و، بەرهەنگاربوونەوەی ئاژۆمێدی و دڵتەنگی لەنێو دڵ و دەروونەکاندا کە شەیتان بڵاوی دەکاتەوە، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ تەوەرەی دووەم:

٢. وەک موسڵمانێک هەستکردنت بە گەورەیی بەرپرسیاریەتی سەر شانت و ئەو نرخ و ڕۆڵەی کە چاوەڕێتە، تا بێداربیتەوە و بەو پەڕی هیممەتبەرزییەوە ئەنجامی بدەیت بێ ماندووبوون و بێزاربوون.

٣. چەسپاوی و دامەزراوی لە بەرانبەر ئەو فیتنانەی دێنە سەر ڕێگەت و ڕەواندنەوەی ترس و نیگەرانییەکانت و ئامادەگی بۆ قوربانیدان لەپێناو خودا و ڕۆژی دوایی.

کتێبەکەمان کردووە بە چەند وێستگەیەک، کە هیچ پەیوەندییەکیان لەنێواندا نییە و بەشێوەی زنجیرەیی دانەنراوە، بەڵکوو هاوشێوەی کۆمەڵێک خوانی ڕۆحییە.

لەبەر ئەوە ئامۆژگاری خوێنەر دەکەین کە هەموو ڕۆژێک وێستگەیەک لە وێستگەکان بخوێنێتەوە تا ببێتە تێشووی ڕۆحی لەو ڕۆژەدا و، نەکەن بە یەکجار یان چەند جارێکی کەم کتێبەکە بخوێننەوە، چونکە ئەوە لە سوود و کەڵکی کتێبەکە کەم دەکاتەوە، ئاخر ئەمە کتێبی زانیاری نییە بە پلەی یەکەم.

داواکارین لە پەروەردگار کە ئەم کارەمان لێ قبووڵ بفەرموێت و بیکاتە مایەی ڕزگاربوونی موسڵمانان لە دونیا و پاشەڕۆژدا.

مزگێنییەکان

ساتی بێداریی

وەختێ خوای گەورە دڵت لە غەفڵەت و بێ ئاگایی بێدار دەکاتەوە و بەخەبەر دێیتەوە، ئیتر لەپاش ئەوە دەبیتە کەسێکی دی کە خاوەن خەم و دۆسیەیەکی گەورە دەبیت، لەو کەسانە دەبیت کە ئیبنولجەوزی بەم شێوە باسیان دەکات: "هەندێ کەسی بژاردە هەن کە لەودەمەی بەخەبەرهاتوون نەخەوتوونەتەوە و لەو کاتەوەی هەستاونەتە سەر پێ نەوەستاون، هەر لە هەڵکشان و بەرزبوونەوەدان، هەر قۆناغێك دەبڕن تەماشای دەکەن، ئەو کەموکورتییانە دەبینن کە هەیان بووە و داوای لێخۆش بوون دەکەن"، ڕەنگە چرکە ساتێک ببێتە هۆی ئەوەی ئایینی خودا ببێتە چەقی سەرنجت.

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە وا بزانێت مووڵکی خۆتیت لە بەرانبەر ئەوەی دەرکی ئەوە بکەیت کە مووڵکی پەروەردگاریت، لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردگار ئەوەی لێ کڕیویت کە مووڵکی خۆیەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ﴾ [التوبة: ١١١]، «خوای گەورە گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لەباتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە».

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە وا هەست بکەیت کە تۆ گەورەیت و هەر کات ویستت پەرستش ئەنجام بدەیت، لەگەڵ ئەوەی کە هەست بکەیت لە کاتی فەرامۆشکردنی پەرستشەکاندا بوویت بە بەندەیەکی یاخی لە گەورەکەت. جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئیسلام سنووردار بکەیت بۆ نێو سروشتی تایبەتی خۆت، لەگەڵ ئەوەی ملکەچ بی بۆی.

لەنێوان ئەوەی کە لێی ببەیت بەئەندازەی ئەوەی کە دەتەوێت، لەگەڵ ئەوەی کە خۆتی پێ ببەخشیت هێندەی ئەوەی کە لێتی دەوێت، لەنێوان ئەوەی ڕێگە بدەی بەوەی بەنێو ژیانتا پەرشوبڵاو بێت بەئەندازەی ئەوەی کە دەتەوێت، لەگەڵ ئەوەی کە بتوێیتەوە تا بەردەوامی بدەیت بە مانەوەی مەشخەڵەکەی.

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە وابزانیت جگە لە "فەرزەکان" هیچی دیکەت لێ داوانەکراوە و ئەوەی زیاتر لەوە ئەنجامی دەدەیت وەک منەتێکی بزانیت! لەگەل ئەوەی وابزانیت کە تۆ مولکی خودایت، ئیدی ئەو کاتەی لە شتی دیکەی جیاواز لە ئەرکەکانت بەسەرت بردووە، وا هەست بکەیت کە دزیوتە و بەفیڕۆت داوە و مافی ئەوەت نەبووە بەو شێوە بەسەری ببەیت. ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾[الأنعام: ١٦٢]، «بڵێ نوێژکردنم و پێک هێنانی ڕێوشوێنی حەج کردنم و ژین و مەرگم بۆ خودایە؛ کە ڕاهێنەری دونیا هەرخۆیەتی».

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە وا مامەڵە لەگەڵ بابەتی سەرخستنی ئایین بکەیت کە گەورەترین دۆسیەی ژیانە، لەگەڵ ئەوەی کە وا مامەڵەی لەگەل بکەیت کە یەکێکە لە بابەتە کەمالییەکان! ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە ئەو وەختە دەرکی دەکەیت خوای گەورە بێداری دەهاوێتە نێو دڵتەوە، ساتێ بێداربوونەوە لە هەمبەر هۆکاری وجوود.

ئای لە بەختەوەری ئەو کەسەی کە لە ژیاندا دەرک بەم حەقیقەتە دەکات، حەسرەت و داماوییش بۆ ئەو کەسەی کە دەرکی ئەم حەقیقەتە ناکات تا کار لە کار دەترازێت! ﴿لَّقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ﴾ [ق: ٢٢]، «تۆ لەمانە بێ هەوالْ بووی؛ وا سەرپۆشمان لەسەر لادای؛چاوت ئەمڕۆ زۆر بڕ دەکات».

چۆن گرنگی بە ئۆممەتەکەم بدەم بێ ئەوەی دڵم ڕەق بێت؟

چەند کەس لە ئێمە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی ڕووم لە خودا کرد، ڕۆحم شادییەکانی دۆزییەوە، گڕی وەحی بەر ڕۆنی پاکی فیترەت کەوت، ئیدی بووە ئەو ڕووناکییەی کە دڵی ڕۆشن کردمەوە. یەکەم فرمێسک لەگەل خوێندنەوەی قورئان، یەکەم گەشتی عەمرە، یەکەم شەو دەستم کرد بە شەونوێژ بۆ پەروەردگارم، لەوێدا دڵم دۆزیەوە کە زۆر دەگەڕام بەشوێنیدا لە ناخی خۆمدا، ئا ئەم شتانە مانایەکی زۆر گەورەیان هەبوو لام، نەخشەکەم بریتی بوو لە: "من"، ئیدی "من" هەموو ڕۆژێک لە ئاوی سازگاری ژیانی دەنۆشی پاش تێنوێتی سااڵنی غەفڵەت و بێئاگایی، تا تەواو هەستی بە تێربوون و ئوڵفەت و تامەزرۆیی دەکرد". پاشان، بۆم دەرکەوت کە "من" بەشێکە لە ئۆممەتی ئیسلامی، ئیدی چاوی کردەوە بەڕووی ئەو خەم و پەژارەییەی ڕوویان لە ئۆممەت کردبوو.

لێرەدا، سۆز و ژیانی دڵ گەشتە تڕۆپک، ئیتر هەستم بە هەموو خوشک و براکانم دەکرد لەسەر ڕووی گۆی زەوی، گشت گیانم خۆشەویستی و بەزەییە بۆ برا ستەم لێکراوەکانم و، غیرەیە بەرانبەر حورمەتی خوشکە لاواز و بێدەسەاڵتەکانم و، نازە بۆ منداڵە ئاوارە و بێ النەکان. ئیدی نەخشەکەم بوو بە "ئۆممەت"، خواستەکانم بوونە ڕزگارکردنی "ئۆممەت" هیچ شتێک تینوێتیم ناشکێنێت جگە لەوە.

سەرباری ئازارەکانم، کەچی لەو ڕۆژانەدا لە تڕۆپکی ژیانی دڵ و هیممەت بەرزییدا بووم. وەلێ، پەیتا پەیتا، وەرچەرخانە مەترسیدارەکە ڕوویدا! نەخشەڕێگام نەدۆزیەوە بۆ گەشتن بە ئامانجە مەزنەکە (ڕزگارکردنی ئۆممەت)، یاخود ڕەنگە دۆزیبێتمەوە، بەاڵم هێشتا ئامادەگی ئەوەم تێدا نەبوو بێت کە ئەو ڕێگەیە بگرمەبەر.

لێرەدا لەنیوەی ڕێگەدا مامەوە! نە ئومەمەتم ڕزگار کرد، نە لەسەر ئەو بارە ڕۆحییە پڕ لە دڵنیایی و بەختەوەریەش مامەوە کە لە سەرەتای ڕووکردنە پەروەردگار بەدەستم هێنا!

ئەو پەرستشانەی کە دوێنێ زۆر گرنگ بوو بەلامەوە ئیدی ئەو گرنگییەی نەما لام! چون نامگەیەنێت بە ئامانجە مەزنەکە (ڕزگارکردنی ئومەمەت) بە بۆچوونی خۆم، باشە، ئایا لە بەرژەوەندی تەزکیە و بژاری دەروونی خۆم نییە؟ با وایە، بەڵام ئیتر نەخشەکەم خودی خۆم نییە، بەڵکوو نەخشەکەم ئێستا بریتیە لە ئومەمەتەکەم.

ئیتر دروشمەکەم بوو بە (so what?)! "ئینجا چی؟"، "ئەوانە هیچیان سوودیان نییە"، چونکە ئەو شتانەی دوێنێ دڵخۆشیان دەکردم، هیچیان نابنە هۆی "ڕزگارکردنی ئومەمەت". وەختە چاوم پڕ بێت لە فرمێسک لەگەل قورئان یان چیرۆکێک کە گرێبیستی دەبم، خەریکە دڵخۆش بم چونکە -لەکۆتاییدا- سەرلەنوێ دەگریم! بەڵام لەپڕ دەنگێک شاڵاوم بۆ دێنێت: "ئینجا چی؟" جا با بشگری، ئیتر فەلەستینت ڕزگار کردووە؟! ئیتر فرمێسکەکە لە چاومدا قەتیس دەمێنێت. لە نوێژەکانمدا، گوڕ ئەدەمە خۆم تا بە خشوعەوە نوێژەکەم بکەم، خشوع و ملکەچ بم؟ ئەوجا جێ دەبێت گەر ملکەچ و خشوعم هەبوو؟

دەمەوێ نوێژەکەم بە باشترین شێوە ئەنجام بدەم! یانی خوا لێت قبوڵ دەکات لەکاتێکدا کەمتەرخەم بوویت لە سەرخستنی ئومەمەت؟ لە ئەرکی سەرەکی خۆت هەڵدێیت و دەتەوێت دڵی خۆت خۆش کەیت گوایە ئەوەی لە تۆ داواکراوە ئەوەیە کە خشوعت هەبێ لەنوێژەکەتدا؟ جا خشوعی تۆ لە نوێژدا چ سوودێکی هەیە بۆ ئەو خوشک و برایانەت کە لەژێر بۆردومماندان؟

ئیدی خۆم بەدەستەوە دەدەم و، وا هەست دەکەم کەسێکی ساختەم و، هەوڵدانم بۆ نوێژکردنم بەخشوعەوە شکست دێنێت. تەنانەت لە کاتی خوشی و

شادییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، کچەکەم بەدەم زەردەخەنە و بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو ڕووم هات، دڵخۆش بوو بەوەی شتێکی نوێ فێربووە، زۆر بەساردی دەست خۆشییم لێ کرد و لە دڵی خۆمدا دەموت: so what! ئەم فێربوونە چ سوودێکی هەیە لەکاتێکدا منداڵی موسڵمانان دەکوژرێن و ئەشکەنجە دەدرێن.

بەڵکوو هەوڵ و کۆششی ئەوانی دیکەشم بە کەم تەماشا دەکرد! بانگخوازێک چیرۆکێکی کاریگەری دەگێڕایەوە و خەڵکی کاریگەر دەبوون پێی و کۆمێنتیان بۆ دەنووسی، بەڵام من دەمنووسی: (مامۆستا گیان خوای گەورە پاداشتت بداتەوە، بەڵام ئێوە لە شیوێکن و موسڵمانان لە شیوێکی دیکەن! باسی خوڕەوشتی بەرز دەکەن لەکاتێکدا براکانمان لێرە و لەوێ دەنااڵێنن!)، مامۆستایەکی دیکە وەاڵمی شوبهەیەک دەداتەوە تا خەڵکی بە دڵێکی ساغەوە بەرنامە و شەریعەتی پەروەردگار وەرگرن، منیش بۆی دەنوسم: "هیچ لەمانە سوودی نییە! تاکوو ئیسلام هێز و دەسەاڵتێکی نەبێت ئەوە شوبهەکان هەر بااڵوەکرێنەوە و دوژمنانیش هەموو ئەوەی بونیادی دەنێین دەڕمێنن"، وەک ئەوەی ئیتر من بووبمە هۆکاری ئەم ڕووخاندنە بەڵام بە خۆم نەدەزانی؟!

بەکورتی، خۆمم لەدەست دا و، ئومەمەتیشم ڕزگار نەکرد! "ئاشە چارە چییە؟ بگەڕێمەوە بۆ خۆم و ئومەمەتەکەم لەدەست بدەم؟ ئایا ئەمە ڕێپێدراوە؟"

ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە زۆرێکمان لە خۆماندا هەستمان پێ دەکرد، ئەمە ئاشکراکردنی ئەو دەنگە بوو کە لە ناخی خۆماندا هەستمان پێ دەکرد. ئەمە حاڵی زۆرێک لە ئێمەیە: بەشێوەیەکی نەرێنی گرنگی بە ئومەمەتەکەی دەدا کە بەهۆیەوە دڵی ڕەق دەبێت. نە توانی پارێزگاری لە هەستی دڵخۆشبوون بە پەرستش بکات وەک سەرەتای پابەندبوون، نە ئومەمەتەکەشی ڕزگارکرد.

چارە چییە؟

بۆ ئەوەی بەم شێوەیە لە نیوەی ڕێ گیر نەخۆیت، پێویستە ئەم شتانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت:

١. ڕازیبوون بە بڕیاری خودا بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە:

خەم و خەفەت بە هۆی دۆخی ناهەمواری ئوممەتەوە، دەبێت پاڵنەرێک بێت بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە، وەلێ کاتێ دەبێتە هۆی نائومێدی و بەکەم ڕوانین لە پەرستشەکان، ئەوە زۆرجار بێزاری بەرانبەر قەدەرەکانی پەروەردگاری تێکەڵ دەبێت! بیرت بێت کە ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ﴾ [الأنعام: ١١٢]، «پەروەردەت ئەگەر حەزی بکردایە»، خوای گەورە هیچ شتێک ناکات بەبێ حیکمەت.

بەڵام، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە هەوڵی گۆڕینی واقیع نەدەین و خەمسارد بین لەبەر ئەوەی قەدەری خودایە؟ نەخێر بێگومان، بەڵام نابێ خەمەکانمان تێکەڵ بە ڕەتکردنەوەی قەدەری خودا و گومان لە حیکمەتی بێت! ڕازیبە بە قەدەری پەروەردگار پاشان لۆمەی خۆت بکە گەر کەمتەرخەم بوویت لە چاککردنی واقیعی موسڵمانان.

٢. بزانە ئامانجەکە چییە؟

هەڵەیەکی گەورەیە کە ئامانجی کۆتایی بکەی بە بالادەست بوونی موسڵمانان لەسەر زەویدا ئیدی هەر کار و کردەوەیەک -بەبۆچونی خۆت- نەگات بەم ئامانجە، ئەوە بە شتێکی بێکەڵک لێی بڕوانیت! بەڵکوو ئامانجی حەقیقی بریتیە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار، ئەم ئامانجەش بە گوێرایەڵیکردنی دێتە دی: ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ [الحج: ٤١]، «ئەوانەی وا ئەگەر لەم زەوینەدا دایانمەزرێنین، نمێژکەر و زەکات دەرن و فەرمان بە چاکە دەدەن

و بەر لە کاری خراپ دەگرن»

ئەمەش بە عیبادەت و پەرستش دێتەدی بە مانا گشتگیرەکەی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦]، «من هەربۆیە جندۆکە و مرۆم دروس کرد، بمپەرستن» بالادەستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی موسڵمان و لابردنی جەوروستەم لەسەر موسڵمانان بۆ پارێزگاریکردنە لە پەرستش و عیبادەت.

بەڵێ، ڕەنگە بۆچوونمان جیاواز بێت لەسەر دیاریکردنی پەرستشی نموونەیی کە گەورەترین پاداشتی هەیە، وەڵێ بۆمان نییە بە چاوی کەم لە پەرستشەکان بڕوانین گوایە "ئەوە نامان گەیەنێت بە ئامانجەکە"! چون لە خودی خۆیدا بەشیکە لە ئامانجەکە.

ئەمە بانگەوازی ئیسلامی جیا دەکاتەوە، کە خوای گەورە لۆمەی پەیامبەرەکەی دەکات بە هۆی سەرقاڵبوونی بە سەرانی قورەیشەوە ئاگای لە پیاوێکی نابینا نەبوو، خوای گەورە پێی فەرموو: ﴿كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ۝١١ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾ [عبس: ١١-١٢]، «قەت وا مەکە! چون ئەم نیشانانە پەندن، کێ حەز بکا ئامۆژگاری لێ وەردەگرێ».

وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەو پیاوە نابینا کە هاتبوو فێری ئیسلام بێت لای پەروەردگار گەورەتریوو لە هەوڵ و کۆششی بۆ قایلکردنی ئەوەی کە نایەوێت ببیستێت و وەڵام بداتەوە، سەرباری ئەوەی کە بە وەڵامدانەوەی ئەگەری ئەوە هەبوو جەوروستەمی سەر موسڵمانان هەڵگیرێت. وەختێکیش منداڵە جووەکە موسڵمان بوو و پاشان وەفاتی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو پێی کە خوای گەورە بە هۆیەوە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری کرد، هەرچەند موسڵمان بوونی لە ساتەوەختی مردنیدا هیچ سوودێکی نییە بۆ موسڵمانان.

نامانەوێت وەک شوێنکەوتووانی بانگەوازە زەمینییەکان بین، بەوەی گرتنە

دەستی هێز و دەسەڵات بکەینە ئامانجی کۆتایی و لەسەر ئەو بنچینەیە بڕیار لەسەر کار و کردەوەکانمان بدەین بەوەی سەرکەوتوو بووین یان شکستمان خواردووە! ئەمە بانگەوازێکی زەمینییە گەرچی وا گومان ببەن بە تەواوی ئاسمانییە!

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (لا تحقرن من المعروف شيئا) [صحيح موسليم: ٢٦٢٦]، بە کەم لە هیچ چاکەیەک مەڕوانە، هەر شتێک گەرچی بە بۆچوونی تۆ بچووک بێت، هەر کێ بە چاوێکی کەم لە پەرستشی خۆی و هیی خەڵکی بڕوانێت، ئەوە پێچەوانەی ڕێنمایی پەیامبەر ڕەفتاری کردووە، بەمەش گوناهێکی تر دەخاتە سەر گوناهی سەرنەخستنی موسڵمانان کە خەمباری دەکات!

پیاوێک دارێکی لابرد لەسەر ڕێگەی موسڵمانان بە هۆیەوە ڕۆشتە بەهەشت، ئافرەتێکیش ئاوی بە سەگێک دا چوویە بەهەشت، بۆت نییە کۆمەڵە شتێک بە کەم تەماشا بکەیت کە خوای گەورە بە مەزنی داناوە! خەڵکی فێری خۆپاککردنەوە کردن، فەرمودەیان فێر بکەیت، دڵی بەندەیەک لە شوبهەیەک پاک بکەیتەوە، گەردنکەچیت لە نوێژدا، هەوڵ و کۆششت بۆ دابین کردنی بژێوی منداڵەکانت، هەمووی بە ئاڕاستەی ئامانجە مەزنەکەیە (بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار)، بۆیە نابێت لۆمە بکرێت یان بە کەم لێی بڕوانرێت.

تەماشای پەرستشە جوزئییەکان بکە بەوەی کە بەشێکە لە هەوڵ و کۆششت بۆ ئەوەی خەڵکی ڕوو بکەنە بەندایەتی خودا و هەستانەوەی ئومەتەکەت، هەر کاتێ وتەیەکی جوان، یان کارێکی باشت بینی بە بنچینە و بناغەیەکت دانا بۆ بونیادنانی خۆشەویستی خودا لە دڵی بەندەکانی و بەشێک لە پرۆژەی ڕابوونی ئومەت، ئەو کات هیچ شتێکی چاک بە کەم نازانیت.

بەڵکوو ئەوەی لۆمە و سەرزەنشت دەکرێت بانگەشەکردنتە بەوەی کە ئەم پەرستشانەت کرد ئیتر ئەرکی خۆت جێبەجێکردووە و پێویست ناکات پشتگیری موسڵمانان بکەیت و دژایەتی بێباوەڕ و دووڕووەکان بکەیت. ئەو وەختە لۆمەی پەرستشەکان ناکرێت، بەڵکوو لۆمەی ئەوە دەکرێت کە لەگەڵ پەرستشەکان ئەرکەکانی دیکەت ئەنجام نەداوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو شتەش زۆر گرنگە.

ئەوەی دەبێت سەرکۆنەکرێت ئەوەیە کە هەندێ لە مەلا بەدکارەکان ئەنجامی دەدەن کە خەڵکی دوور دەخەنەوە لە گرنگیدان بە ئەرکی ڕەتکردنەوەی خراپەکاری و سەرخستنی موسڵمانان و هەوڵدان بۆ باڵادەستی ئایین لەڕێی سەرقاڵکردنیان بە هەندێ پەرستشەوە، دەبێت ئەمە قووڵب بکەینەوە بەسەریاندا بەوەی کە ئەم پەرستشانە بکەینە دەستپێک و بنچینەیەک بۆ ڕۆشتن بەرەو گشت دۆسیەکانی ئوممەت و هەستانەوەی.

لە دڵخۆشیت بە پەرستشەکانت هێزی ڕزگاربوون لە کەمتەرخەمیەکانت بەدەست بێنە، لێمەگەڕێ کەمتەرخەمییەکانت ببێتە هۆکاری ئەوەی بە چاوێکی کەم لە پەرستشەکانت بڕوانیت، یان کەمتەرخەمی ئەوانی دی ببێتە هۆی ئەوەی پەرستشەکانیان بە کەم تەماشاکەیت. مەبەستمان لە کەم ڕوانین لە پەرستشەکان ئەوە نییە کە لەبەر گەورەیی و شکۆی پەروەردگار ئەو کار و کردەوانە بە کەم بزانیت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئەم پەرستشانە بە بێکەڵک بزانیت و بە گرنگی لە قەڵەم نەدەیت! بە کەم ڕوانین لە پەرستشەکان گوناهێکی دیکەیە کە زیاد دەبێت بۆ گوناهی کەمتەرخەمی لە سەرخستنی ئوممەت!

(بەندە جار وا هەیە قسەیەک دەکات لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار، گومان نابات بگات بەو جێگەیەی کە پێی دەگات، خوای گەورە بە هۆیەوە ڕەزامەندی خۆی بۆ دەنووسێت بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگاتەوە بە دیداری) [سنن الترمذي:

٢٣١٩]، بە چ حەقێک بە کەم لێی دەڕوانیت لەکاتێکدا هۆکار بووە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی هەتا هەتایی؟

بە چ حەقێک کردەوەی خۆت و براکانت پوچەڵ دەکەیتەوە لەکاتێکدا هیچ فەرمایشێکی پەروەردگار نییە کە بەڵگە بێت بۆ ئەوەی ئەوە ببێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی کار و کردەوەکان؟ کەمتەرخەمی لە سەرخستنی ئایین گوناهە، وەلێ لە کوێوە ئەمەت هێناوە کە کار و کردەوەکان پوچەڵ دەکاتەوە تا بڵێی: (هیچ سوودی نییە)؟ لە حاڵێکدا دەزانیت کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَاسِبِينَ﴾ [الأنبياء: ٤٧]. «ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکارەدەخەین. ئەوسا بەقەد سەنگی تۆوی وردیلەی دەنکە خەردەلیش دەخەینەر ڕوو و ناهەقی لە کەس ناکرێت، ئەوسا بەسە کە هەر خۆمان پێ ڕادەگەین».

کەوابێ بۆ ئەوەی دڵت ڕەق نەبێت لە پاش دامەزراوبی، بەشێوەکی ئەرێنی ملکەچی بریارەکانی پەروەردگار بە، بشزانە کە ئامانج بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارە بەو شێوەیەی کە فەرمانی کردووە.

٣. بزانە چیت لێداواکراوە:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ ۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ ۚ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ [المائدة ١٠٥]، «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هۆشتان بە خۆتانەوە بێ ئەگەر ئێوە بە ڕاستی لەگەڵ خوا بن و شارەزا بن، لە ڕێ لادەر زیاتنان پێناگەیەنێت، هەموو لاش دێنەوە بەر قاپی خودا؛ئەوسا پێتان دەڵێت کە ئاکارتان چۆن بووە»، ﴿لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [النساء: ٨٤]، «تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە، دنە و هانەی

باوەڕدارەکانیش بدە»، هەڵبەت لەوانەش فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە تا لۆمە نەکرێی لەسەر خراپەکردنی ئەوانی دیکە. بەڵام لێمەگەڕێ خراپەکارییەکانی ئەوانی دیکە ساردت بکاتەوە.

خوای گەورە لەسەر کار و کردەوەکانت لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکات نەک لەسەر ئەنجامەکان وەک ڕزگارکردنی ئوممەت، ئەمەش ئارامییەکت پی دەبەخشێت، کە ئیدی دڵنیا دەبیت هێندەی ئەوەی کە هەوڵ و کۆشش دەکەیت لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت نەک بە ئەندازەی ئەوەی لەسەر عەرزی واقیع دێتە دی. بەڵێ، دەبێ بە خۆماندا بچینەوە کە بۆچی ئەو ئەنجامەی چاوەڕێمان دەکرد نەهاتەدی و، ئاخۆ کەمتەرخەم بوویت تا کەموکورتییەکان بدۆزینەوە و چارەسەری بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا بیر لەوەش دەکەیتەوە کە سەرکەوتنت نەبەستراوەتەوە بە گۆڕینی واقیع، بەڵکوو هەنگاو هەنگاو لەگەڵت دێت وەختێ شوێن پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەکەویت.

دەڵێیت: "لەوە نیگەرانم کە نازانم کام ڕێگە ڕێگەی پێغەمبەرە تا شوێنی کەوم لەناو ئەم هەموو جیاوازییە مەنهەجیەی ئێستادا." سەرەتا پێت دەڵێم: "بیرت بێت بابەتەکە سفر یان سەد لە سەد نییە ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُوا﴾ [الأحقاف: ٩١]، «ئێمە بۆ هەریەک لەوانە پلە و پایەمان داناوە».

ئەنجامدانی پەرستشەکان بە ڕێکوپێکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوای گەورە ڕێت بۆ ڕۆشن بکاتەوە تا شوێن بەرنامەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەویت و باشترین پەرستشەکان ئەنجام بدەیت ﴿وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى﴾ [مریم: ٧٦]. «ئەو کەسانەی خوا شارەزای کردوون پتر شارەزایان دەکات».

دەستکەوتە قۆناغبەندییەکان دەبێتە هۆی پاڵاوتنت بۆ ئەرکە مەزنەکان و، نەکەوتنت پاش پاڵاوتنت، چەندکەس هەبوون کە دڵ و نەخۆشییەکانی

ناوبیان فەرامۆش کرد، ئیدی وەختێ چوونە پێشەوە بۆ سەرخستنی ئوممەت نەخۆشییەکانیان زاڵ بوو بەسەریاندا و بە هەڵەدا چوون و کۆڵ و سەنگی زیاتریان خستە سەر شانی ئوممەت و وایان دەزانی کارێکی زۆر باش دەکەن!

چاک بزانە یەکێک شتێکی نەبێت ناتوانێت بیبەخشێت، ئەوەی بە باشی دڵ و دەروونی خۆی بونیاد نەنێت ئوممەتەکەی ڕزگار ناکات، گرنگی بە ڕووناکی نێو دڵت بدە تا دواتر ئەو ڕووناکییە بۆ خەڵکی چواردەورت پەخش دەکەیت. ئەمەش پێویستی بە دڵ و دەروونێکی کراوە هەیە، کە گرنگی بە ملکەچی و وێردەکان بدات و، بە پێکەنینی منداڵەکان دڵخۆش بێت و، حەز بە نزیکی خاو و خێزان و براکانت بکات و، بە وردی خوێندن و ئیشەکەت ئەنجام بدات.

پێشینی چاکی ئێمە کە بونیادنەری سەرکەوتنی خۆیان بە تووندوتۆڵی بونیادنا، خوای گەورەش بەرەکەتی خستە نێو کار و کردەوە تایبەتییەکانیان، ئیدی دوای ئەوە پشکیان هەبوو لە خێرە گشتییەکەدا. هیچ ترست نەبێت، برا ستەمدیدەکانت حەقی خۆیان بە تەواوی وەردەگرن: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا﴾ [الأنبياء: ٤٧]، «ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکاردەخەینم ناهەقی لە کەس ناکرێت»

ئەوانەش کە ستەمیان دەرهەق کردوون سزای خۆیان وەردەگرن بە جۆرێک ستەمکار گاز لە هەردوو دەستی دەگرێت و خۆزگە دەخوازێت کە تەختی زەوی بێت و دەڵێت بریا خاک و خۆڵ بوومایە.

پەروەردگارت لەبیری ناکات، ﴿فَيَوْمَئِذٍ لا يُعَذِّبُ عَذَابَهُ أَحَدٌ﴾ ﴿وَلا يُوثِقُ وَثَاقَهُ أَحَدٌ﴾ [الفجر: ٢٥-٢٦]، «سا ئەو ڕۆژە کەس وەک ئەو سزا نادەن، کەسیش وەک ئەو بە زنجیر نابەسترێتەوە» هەموو ئەو سزایەی کە دەرهەق بە موسڵمانانیان کردووە هیچ نییە بە بەراورد بەو سزایەی کە تووشی دەبن بە

هۆی تاوانەکانیان.

خوای گەورە دڵنەوایی کەسانی ستەمدیدە دەداتەوە: ﴿فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ۝ عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ﴾ [المطففين: ٣٤-٣٥]. «وا ئەمڕۆش خودا ناسەکان بە بێدینەکان دەخەنن و، لە بان تەختەکانەوە چاو دەگێڕن»، وەلێ ئەم دونیایە کە ئێمەی تێدایە شوێنی تاقیکردنەوەیە نەک پاداشتکردن.

بۆیە هەستە سەر پێ و نائومێد مەبە، بەڵکوو دلت خۆش بێ و ئیش بکە ﴿وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ [هود: ١١٥]. «هەر خۆ بگرە، بێگومان خودا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات».

ئایا بەڕاستی ئایینی ئیسلام ئایینی خەم و خەفەتە؟

هەندێک کەس وا گومان دەبەن کە ئایین پەیوەندیدارە بە خەم و خەفەتەوە و، گەر بیەوێت دڵخۆش بێت دەبێت کەمێک ئایینەکەی لەبیر بکات! ئەمەش یەکێکە لەو چەمکە هەڵانەی کە هەندێک لە واعیزەکان هاوکاربوون لە بڵاوکردنەوەی. بۆ ئەمەش وتەی هەندێک لە پێشەنگەکانمان لە زانایانی پێشین بە بەڵگە دەهێننەوە، کە هەندێک لەو بەسەرهاتانە نەسەلمێنراون، بۆیە ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت و فەرمایشی خودا و پەیامبەرەکەیشمان (ﷺ) هەیە کە پێچەوانەی ئەو وتانەن.

ئەوەیش کە سەلمێنراوە لە بابەتی خەم و پەژارەی زانایانی پێشین، دەکرێت بە مانای ترس لێکبدرێتەوە، کە زۆرێک لە ڕاڤەکارانی قورئانیش ئامازەیان بۆ ئەم مانایە کردووە لە کاتی ڕاڤەکردنی ئایەتی: ﴿وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ﴾، «ڕزگاری کردین لەوەی لێی دەترسابن لە خەم و خەفەتی

دونیا و پاشەڕۆژ» (ابن کثیر)، بەمەش خەفەت مانای ترس و چاوەڕوانی لەخۆ دەگرێت، بەمەش پێچەوانەی غەفڵەت و بێئاگاییە کە دووچاری ئەو کەسە دەبێت هیچ حسابێک بۆ پاشەڕۆژ ناکات، یان خەمێکی کاتییە کە بە هۆی هۆکارێکی تایبەتییەوە دروست بووە، نەک ئەوەی کە هەمیشە خەفەتبار بوو بن، بەڵکوو هەندێک حاڵەت هەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیکردووە شادی و دڵخۆشی نیشان بدەن وەک ڕۆژانی جەژن.

بۆیە، قسەی ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە خەم و خەفەت لە خودی خۆیدا کارێکی ستایشکراو نییە و داخوازییەکی شەرعی نییە، هەروەک دڵخۆشی و کەیفخۆشی لە خودی خۆیدا کارێکی لۆمەکراو نییە و بەڵگە نییە لەسەر بێئاگاییمان لە هەمبەر پاشەڕۆژ و گرنگی نەدانمان بە خەم و خەفەتی موسڵمانان.

ڕەنگە یەکێک بڵێت: "چۆن دەتەوێت خەمبار نەبین؟ بارودۆخی موسڵمانان نابینی؟"

وەڵامەکەش ئەوەیە: خەمباربوون وەختێ ستایشکراوە کە ببێتە پاڵنەرێک بۆ کارکردن لەپێناو لادانی جەور و ستەمی سەر موسڵمانان، ئەگینا ئەوان پێویستییان بە خەم و خەفەتی نەرێنی ئێمە نییە؛ ئەو خەم و خەفەتەی کە تەماشای وێنە و گرتەڤیدیۆییە دڵەڕێنەکان دەکەین و تووشی خەمۆکی دەبین، دواتر ژیانمان دەشێویت و هەست بە کەمی و شکستمان دەکەین بە هۆی بارودۆخی ئومەتەکەمانەوە و، هیمەتمان نامێنێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانمان لە پیشە و خوێندن و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانمان و هەست دەکەین هیچ کەڵکێکیان نییە، ئیدی هیچ هەستێکمان نامێنێت. گەر دڵ و دەروونمان تاسەمەندی دڵخۆشی بوو وا هەست دەکەین کە دەبێ خۆمان غافڵ کەین لە خەم و خەفەتی ئومەتەکەمان، بەڵکوو لە ڕێساکانی شەریعەتەکەشمان

و دەڵێین: "تەواو بەسە خەمۆکی، بەسە خەم و خەفەت" کە ئەم دەستەواژانە لای هەندێک کەس مانای ئەوە دەگەیەنێت: «بەسە دینداریی و هەستکردن بە بوونت لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا»! ئیدی دوای ئەوە تەنیا بە سەرپێچیکردنی خودا دڵخۆش دەبن، چونکە وا هەست دەکەن کە پەرستش و گوێڕایەلی پەروەردگار پەیوەستە بە خەمۆکی و خەم و خەفەتەوە.

بەم شێوەیە، لە چاوەڕێی کارەساتێکی دیکەدا دەبین تا جارێکی دیکە تووشی خەمێکی نەرێنی بینەوە، کە قەناعەت بە خۆمان بێنین هیشتا هەر سەر بە ئایین و ئوممەتەکەمانین. حەقیقەتی شتەکەش ئەوەیە کە ئێمە نە بە خەمباربوونە نەرێنییەکەمان گوێڕایەڵی پەروەردگارمان کردووە و نە بە دڵخۆشییە دەرچووەکەمان لە ڕێساکانی شەریعەت گوێڕایەڵیمان کردووە، لە هەردوو بارەکەشدا سوودمان بە ئوممەتەکەمان نەگەیاندووە.

دەبێت بەشێوەیەکی ئەرێنی تەماشای خەم و خەفەت بکەیت کە کۆمەڵێک هەستی کاتیین، ڕێچکەکەت بۆ ڕێک دەکەنەوە و دەبنە هێزێکی پاڵنەر بۆ ئەوەی بەو پەڕی چالاکی و هەست بە بەرپرسیاریەتیەوە بژیت و خۆت دوورخەیتەوە لە شتە پڕوپوچەکان. هەر کاتێ غەفڵەت و بێئاگایی ڕووی تێکردین دەستبەجێ ژان و ئازاری ئوممەتەکەمان بە بیر خۆمان دێنینەوە ئیدی لە شتە نزم و بچووکەکان دوورەکەوینەوە و ڕێگەی باڵابوون دەگرینە بەر. ئیتر ئەگەر چەند هەنگاوێکمان بڕی ئەوە هەست بە دڵخۆشی و شادوومانی دەکەین کە ئەم دڵ خۆشییەمان لە جێی خۆیەتی، دڵخۆشبوونە بە گوێڕایەڵی پەروەردگار، نەک قا قا لێدانی شێتانە بێت کە کەسانی غافڵ و بێئاگا لێی دەدەن تا قەناعەت بە خۆیان و چواردەوریان بکەین کە دڵخۆشن لەکاتێکدا دڵیان بەتاڵ و حەتاڵە.

خەم ستایشکراوە، کاتێ دەبێتە سوتەمەنی و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا

بەکار دێت، تا پاڵت پێوە نێت بۆ پێشەوە، خۆ گەر لەو شوێن و کارانەدا بەکارنەهێنرێت ئەوە دەبێتە هۆی سوتاندنت! خەم ستایشکراوە، بە ئەندازەی ئەوەی کە بێداریت و ئازار دەخۆی لە کاتی کەمتەرخەمیت و تام و چێژی شتەکان لەدەست دەدەیت لە کاتی ئەنجامدانی سەرپێچی. گەر سەرپێچیت کرد هەستت بە تاوان و کەمتەرخەمی دەکەیت دەرهەق بە ئوممەت و ئازارەکانی و، خەمبار دەبیت، ئەمەش پاڵت پێوە دەنێت بۆ پەرستش و عیبادەت و دوایی دڵخۆش دەبی بە عیبادەتەکانت. بەمەش پەرستش پەیوەست دەبێ بە دڵخۆشییەوە و تاوان و سەرپێچیش بە خەم و خەفەتەوە، نەک بە پێچەوانەوە وەک ئەوەی ئێمە باسمان کرد! خەم ستایشکراوە بە ئەندازەی ئەوەی کە سوودی لێ وەردەگریت لە بۆ گۆڕینی بۆ بێداربوونەوە و کار و کردەوەی چاک،

ئەم "گۆڕانکاریی"یە، ئەو شتەیە کە زۆر سوودم لێ وەرگرت لە ژیانمدا. لە ژیانمدا زۆر فیتنە و شەهوەتم ڕووبەڕوو بووەتەوە، وەلێ خەم و ئازارەکانی ئوممەتەکەم ڕێگری دەکرد لەوەی بخلیسکێم. خۆشەویستیم بۆ برا موسڵمانە ستەمدیدەکانم و خەمباربوونم بۆیان ڕێگربوون لەوەی تووشی ئەوە بم کە غافڵ و بێئاگاکان تووشی دەبن، ناتوانم خیانەتیان لێ بکەم و نوقم بم لەناو سەرپێچی و گوناه دا و وازیان لێبێنم ئازار بچێژن.

بەڵکوو لە وڵاتانی خۆراوا جەختمان لەسەر بانگەواز و وروژاندنی دۆسیەی موسڵمانان دەکردەوە. خەمباریم بۆ برا ستەمدیدەکانم و خۆشەویستی و بەزەییم بۆیان بەردەوام گەورەترین پاڵنەری بانگەوازکردنمان بووە کە سوپاس بۆ خودا وا بەرهەمەکەی دەبینین. کۆمەڵێک زنجیرە بڵاو دەکەینەوە بۆ ڕواندنی یەقین لە دڵ و دەروونەکان و لادانی گومانەکان و پەخشکردنی هۆشیاریی، لە زەمینماندا ئەمانە هەمووی کاریگەریان دەبێت لە لادانی جەور و ستەم لەسەر خوشك و براکانمان و بەدەست هێنانەوەی عیززەت و شکۆی موسڵمانان.

لە گەورەترین ئەو نیعمەتانەی کە پەروەردگار پێت دەبەخشێت ئەوەیە کە هەستە نەرێنییەکانت بگۆڕێت بۆ هێزی پاڵنەری ئەرێنی:

١. خەم و خەفەت بۆ بارودۆخی موسڵمانان بگۆڕێت بۆ دەربازبوون لە غەفڵەت و داواکاری بۆ دۆزینەوەی ڕێی ڕزگاربوون. لەکاتێکدا شەیتانە مرۆڤ و جنۆکەکان دەیانەوێت ئازارەکان بگۆڕن بۆ تێکشکان و نائومێدی و شوبهە دروستکردن لەسەر ئایین.

٢. ترست لە ستەمکاران بگۆڕێت بۆ پەنابردنە بەر خودا و چاککردنی پەیوەندیت لەگەڵی تا متمانە بکەی بە چاودێری و سەرخستنی بۆت. لەکاتێکدا ستەمکاران دەیانەوێت ترسەکەت بگۆڕن بۆ خۆ ڕادەستکردن و ملکەچ کردن بۆیان و گوێڕایەڵیکردنیان لە سەرپێچیکردنی پەروەردگار دا!

٣. بیرکردنەوەت لەبارەی مردن و گۆڕەوە بگۆڕە بۆ هیمەت کردن بۆ ئاوادانکردنەوەی ئەو ماڵەی کە دەتگوازنەوە بۆی (گۆڕ) بە ڕۆحێکی پاک و بەئاگاوە تا ببێتە باخچەیەک لە باخچەکانی بەهەشت. لەکاتێکدا هەندێک وا خەیاڵ دەکەن کە ئایینەکەمان داوامان لێدەکات کە بیر لە مردن و گۆڕ بکەینەوە بەشێوەیەک کە ژیانمان لێ تاڵ کات و خەمێکی بەردەوامان پێ بدات!

٤. پەشیمانییت لە بەرانبەر ئەوەی ئەو کاتانەی بەفیڕۆت داوە، بگۆڕە بۆ جیدییەت لە سوود وەرگرتن لەو تەمەنەی کە ماوتە تا پەشیمانیی نەگۆڕێت بە نائومێدی و ئیرەیی بردنت بەرانبەر ئەوانەی پێشت کەوتوون.

ئەمە ئایینی ئەرێنییە، ئایینی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە دەفەرموێت: (سوورە لەسەر ئەوەی کە سوودت پێدەگەیەنێت، پشت بەخودا ببەستە و سارد مەبەوە، گەر تووشی شتێک بوویت مەڵێ: ئەگەر وام بکردایە ئەوە ئاوا و ئاوا دەبوو، بەڵکوو بڵێ: قەدەری پەروەردگارە، هەرچی ویستی لەسەر بێت دەیکات،

ئەم (ئەگەر)ـە کار و کردەوەی شەیتان دەکاتەوە) (رواه موسليم).

بەڵێ، (ئەگەر) کاری شەیتان دەکاتەوە، دەرگای پەشیمانی نەرێنی و نائومێدی و شوبهە و گومان لە ڕەحمەت و بەزەیی خودا بەڕووتا دەکاتەوە، پشت بەخودا ببەستە و سارد مەبەوە، هەموو ڕووداوێکی نەرێنی بگۆڕە بۆ هێزێکی پاڵنەری ئەرێنی.

خەم و خەفەت داخوازییەکی شەرعی نییە و، نابێت لە نەستماندا ببەسترێتەوە بە ئایینەوە و، ئەوەی کە دەوترێت «پێغەمبەر (ﷺ) خەمەکانی بەردەوام بووە» ڕاست نییە، ئیبنولقەییم لە کتێبی (مدارج السالكين) لەبارەیەوە دەڵێت: "ئەمە فەرموودەیەکە پشتڕاست نەکراوەتەوە و لە ئیسنادەکەشی کەسی نەناسراو هەیە".

ئیبن تەیمییە (خوای گەورە لێی خۆش بێت) قسەیەکی جوانی هەیە لەم بارەوە لە بەشی دەیەمی فەتواکانی کە دەڵێت: "وەلێ خەم و خەفەت نە خودا و نە پیغەمبەرەکەی فەرمانیان نەکردووە دەربارەی، بەڵکوو نەهی کراوە لێی لە کۆمەڵێک شوێندا گەر پەیوەستیش بێت بە بابەتی ئایینەوە. "

یانی ئیتر بڕوبیانوو مەهێنەوە بۆ خۆت کە خەم و خەفەتت لەپێناو خۆتا نییە، بەڵکوو لەبەر بارودۆخی موسڵمانانە. تەنانەت ئەوەش نابێتە پاساوی ئەوەی کە بەردەوام خەمۆکی بااڵی کیشابێت بەسەرتا، سەرنجی فەرمایشی پەروەردگار بدە: ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٩]، «با سستی ڕووتان تێنەکات و خەمیش مەخۆن، هەر ئێوەن کە سەردەکەون، ئەگەر ئیمانتان بەخوا هەبێت».

ئەمە لە پاش جەنگی ئوحود و ئەو کارەساتانەی کە تووشی موسڵمانان بوو لەو کاتەدا، سەرباری ئەوە پەروەردگار پێیان دەفەرموێت ﴿وَلَا تَحْزَنُوا﴾، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ﴾

[النحل: ۱۲۷]، «خەمیان مەخۆ و لەو گزی و فێڵانەش دەیکەن، دڵتەنگ مەبە»، وە دەفەرموێت: ﴿فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ﴾ [یس: ۷٦]، «قسەکانیان دڵتەنگت نەکات».

لەسەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ) گران دەبێت کە خەڵکی بێباوەر دەبن و بانگەوازەکەی ڕەت دەکەنەوە، فەرمان لەلایەن پەروەردگارەوە دادەبەزێت بۆی: ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾، «خەمیان مەخۆ»، هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا﴾ [التوبة: ٤٠]، «ئەوێ کاتیش بە هاوەڵەکەی خۆی وت: خەمت نەبێ! خودامان لەگەڵە»، جگە لەمانە لە چەندین ئایەتی دیکەش.

ئیبن تەیمییە دەڵێت: "ئەمەش لەبەرئەوەی خەم و خەفەت هیچ سوودێک ناهێنێت و هیچ زیانێکیش دوور ناخاتەوە، بۆیە هیچ قازانجێکی تیا نییە، ئەوەشی هیچ سوود و قازانجێکی نەبێت، خوای گەورە فەرمانی پێ ناکات". پاشان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خەم و خەفەت هیچ گوناهێکی تێدا نییە گەر پەیوەست نەبێت بە گوناە و بێزاری دەربڕینەوە.

پاشان بەم وتەیە کۆتایی بە قسەکانی دێنێت: "بەڵام خەمباربوون بۆ ئەوە -یانی لەسەر ئەو کارەسات و ناڕەحەتییانەی تووشی موسڵمانان دەبێت- گەر ببێتە هۆی وازهێنان لەو شتانەی کە فەرمانی پێکراوە لە ئارامگرتن و جیهاد و بەدەست هێنانی قازانج و دووخستنەوەی زیان ئەوە نەهی لێکراوە". بەڵێ، ئەمە ئەو خەمە نەرێنییەیە کە نەهی لێ دەکەین، ئەو خەمەی کە مەعنەویات تێکدەشکێنێت و کەسی بەرهەمهێن لە کارکردن دەوەستێنێ، ئەمە ئەو خەم و خەفەتەیە کە دوژمنانمان بۆمانیان دەوێ!

بۆیە، یەکێک لە مەبەستەکانی شەیتان خەم و خەفەت خستنە دڵی باوەڕدارانە. لە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامیش دڵخۆشکردنی باوەڕدارانە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ [المجادلة: ١٠]، «سرتە (چرپە) لە شەیتانەوەیە، هەتا خاوەنباوەڕانی پێ خەمگین کا؛ هەرچەندە بە بێ ئیزنی خودا، هیچ زیانێکیان لێ نادا، با ئەوانەی خاوەن باوەڕن خۆیان بەخودا بسپێرن».

لە مەبەستەکانی دۆستانی شەیتان ئەوەیە کە تووشی خەم و گرفتاریت بکەن. خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ﴾ [آل عمران: ١١٨]، یانی تەمەنای ئەوە دەکەن کە تووشی دەردەسەری و ناڕەحەتی ببن.

ئەوجا سەرنجی ئەم وتەی پێشەوا ئیبنولقەییم بدە (خوای گەورە لێی خۆش بێت) لە کتێبی (طريق الهجرتين و باب السعادتين)، دەڵێت: "مەبەست ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) خەم و خەفەتی کردووە بەوەی کە پەنا بە خودا بگرین لێی، چونکە خەفەت دڵ لاواز دەکات و هیمەت ناهێڵێت و زیان لە ئیرادە دەدات، هیچ شتێکیش هێندەی خەمباربوونی موسڵمان لای شەیتان خۆشەویست نییە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ [المجادلة: ١٠]، «سرتە لە شەیتانەوەیە، هەتا خاوەن باوەڕانی پێ خەمگین کا» خەفەت نەخۆشییەکە لە نەخۆشییەکانی دڵ و ڕێگری دەکات لە هەستانەوە و ڕێکردن و بەرزبوونەوەی.

پاداشت وەرگرتن لەسەریشی پاداشتی ئەو ناڕەحەتییانەیە کە تووشی بەندە دەبێتەوە بەبێ بژاردەی خۆی، وەک نەخۆشی و ئازار و لەو بابەتانە. وەلێ ئەوەی کە عیبادەتێک بێت کە فەرمان کرابێت لەسەری و داوا کردنی نەخێر. جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە بەندە پاداشت وەردەگرێت لەسەری لەوەی کە فەرمانی پێکراوە لەگەڵ ئەوەی کە پاداشت وەردەگرێت بە هۆی ناڕەحەتی و تاقیکردنەوەوە «یانی باوەڕدار پاداشت وەردەگرێت لەسەر ئەو خەم و خەفەتەی بە

هۆی ناڕەحەتی و بەڵاوە تووشی دەبێت ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (موسڵمان هەر ناخۆشی و نەخۆشی و خەم و ئازارێک کە تووشی دەبێت تەنانەت دڕکێک کە بە پێیدا بچەقێت بە هۆیەوە گوناهەکانی هەڵدەوەرێت و دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانی)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە خۆت تووشی خەم و خەفەت بکەیت و وا بزانیت بەمە عیبادەتت کردووە، یان لە خودا نزیک دەبیتەوە، نەخێر ئاوا نییە».

پاشان ئیبنولقەییم دەڵێت: "بەڵام ئەوەی ستایشکراوە لە خەم و خەفەتدا هۆکار و سەرچاوە و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە نەک خودی خۆی (یانی ڕەنگە خەم و خەفەت ئاماژە بێت لەسەر کار و کردەوەی دڵ و دەروون لای بڕوادار ئەمەیە کە ستایشکراوە، نەک خودی خەم و خەفەتەکە).

باوەڕدار یان خەفەت دەخوات لەبەر کەموکورتی و کەمتەرخەمی لە خزمەتکردنی پەروەردگار و بەندایەتیکردنی، یاخود خەفەت دەخوات لەبەر سەرپێچیکردن و گوێڕایەڵی نەکردنی پەروەردگار و بەفیڕۆدانی ڕۆژ و کاتەکانی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕاست و دروستی باوەڕ لەنێو دڵ و لە ژیانیدا، کە دڵی سەرقاڵی ئەم ئازارە کردووە و خەمباربووە بە هەڵەوە. خۆ ئەگەر دڵی مردبا ئەوە هەستی بەوە نەدەکرد و خەمی نەدەخوارد و ئازاری نەدەچەشت، چما مردوو هەست بە برین دەکات. هەتا دڵی زیاتر زیندوو بێت هەستکردنی بەم ئازارە بەهێزتر دەبێت.

بەڵام خەم و خەفەت سوودی پێناگەیەنێت، بەڵکوو تا بەرەو پێش بڕوات لاوازی دەکات، وەلێ ئەوەی کە سوودی پێدەگەیەنێت ئەوەیە کە ڕێچکەی خۆی بگرێتە بەر و جیددی بێت و هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتە گەڕ" لێرەدا قسەکانی تەواوبوو (واتای قسەکانی ئەوەیە گەرچی پاڵنەرەکانی خەم و خەفەت لەم بارەدا ستایشکراویش بن، کە ئەویش بێداری دڵ و هەستکردنییەتی

بە بەرپرسیاریەتی، بەڵام دەبێت لە قۆناغی خەم و خەفەت خواردندا نەوەستێت، بەڵکوو بیکاتە داینەمۆی هێز و هیوا و دەرچوون تا قەرەبووی کەمتەرخەمییەکانی بکاتەوە بە گەشبینی و پشت بەستن بە پەروەردگار).

لە بەرانبەردا، دڵخۆشکردنی موسڵمان لە مەبەستەکانی شەریعەتە. لە فەرموودەیەی کە ئەلبانی بە حەسەنی داناوە پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم کار و کردەوە لە خۆشەویسترین کار و کردەوەکان لای پەروەردگاری کردووە بە: (دڵخۆشییەک کە بیخەیتە دڵی موسڵمانێکەوە).

ئایا یەک ئایەت یان فەرموودەیەک دەدۆزیتەوە کە فەرمان بە خەم و خەفەت بکات و ستایشی بکات؟ بەڵکوو پێغەمبەر (ﷺ) پەنای دەگرت بەخودا لە خەم و خەفەت و دەیفەرموو: (اللهم إني أعوذ بك من الهم والحزن)، ئەو فەرموودانەمان فێر دەکات کە خەم و خەفەتمان ناهێڵێت.

بینای موسڵمانان لەسەر شانی کەسانی خەفەتباری خەمۆکی داماو بونیاد نانرێت! کاتێ تەماشای ئەو دەستکەوتە مەزنانە دەکەین کە پێشینەکانمان لە ماوەیەکی کەمدا بەدەستیان هیناوە، کە وڵاتانیان فەتح کردووە و بانگەوازی خەڵکیان کردووە بۆ ئیسلام و لە چەندین بواری ژیاندا سەرکەوتوو بوون، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەستەمە ئەوەی ئەم هەموو شتەی ئەنجامدابێت کەسانێک بن خەمۆکی باڵی کێشابێت بەسەریاندا، یان وەک هەندێک لە واعیزەکان باسی دەکەن هەمیشە خەم و خەفەتیان بوو بێت.

وەختێ تەماشای ژیانی یەکێک لەو کەسایەتییانە دەکەین کە زۆرترین کاریگەریی لە میژووی موسڵمانان هەبووە دەبینین بەوە تاریف دەکرێ کە ئەرخەیان و دڵفراوان بووە و زەردەخەنەیەکی ئارام لەسەر لێوی بووە کە ڕەگ و ڕیشەکەی لەنێو قوواڵایی دڵیدا بووە.

شەیخی ئیسلام ئیبن تەیمییە کە بەشێکی زۆری ژیانی لە بەندینخانە

بەسەر بردووە، بەڵکوو هەر لە بەندینخانە وەفاتی کرد، دوژمنەکانی هەمیشە لە بۆسەدا بوون بۆی و تەگبیر بوختانیان بۆ دەکرد، یەکێک بوو لە بەغیرەتترین کەسەکان بۆ سنوورەکانی خوا و هەستکردن بە خەمی ئومەمەت، لە سەردەمی قەسابخانەکانی تەتار دا ژیاوە، هەموو ئەم دۆخە ناهەمواوە زەردەخەنەی لەسەر لێوەکانی ون نەکرد. ئیبنولقەییم لە تاریفی شێخەکەیدا ئیبن تەیمییە دەڵێت:

"خوا ئاگاداڕە هیچ کەسم نەدی وەک ئەو بە پاکی بژی، لەگەل ئەو تەنگ و چەڵەمەی کە تێیدا بوو کە پێچەوانەی خۆشگوزەرانی بوو و، لەگەڵ ئەوەشدا کە گرتن و هەڕەشە و شەکەتیی تێدا بوو. بەڵام لەگەل هەموو ئەوانەدا پاکترین ژیانی هەبوو و فراوانترین سینە و دەروون و بەهێزترین دڵ و نهێنی پارێزترین کەس بوو، ڕووخساری وەک سیمای بەهەشتییەکان دەدرەوشایەوە. وەختێ ترسێکی زۆرمان هەبووایە و تووشی بەدگومانی ببوینایە و دونیامان لێ بهاتایەتە یەک دەچووین بۆ لای، ئیدی هەر بینین و گوێگرتن لە قسەکانی هەموو ئەوەی هەمانبوو دەڕەویەوە و دەگۆڕا بە دڵخۆشی و هێز و یەقین و دڵنیایی، دەیگوت: (لە دونیادا بەهەشتێک هەیە ئەوەی نەچێتە ناویەوە ناچیتە نێو بەهەشتی پاشەڕۆژیش).

پاکی و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی کە بەهەشتەکەی نیشانی بەندەکانی دەدا پێش گەشتن بەدیداری و دەرگاکانی بەڕوودا واڵا کردن لەنێو دونیادا، کە لە ڕۆح و شنەبا و چێژەکانی پێدان، بۆ ئەوەی هەموو هێز و توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ داواکردنی و کێبرکیکردن بۆی".

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموونت: (ئاسانکاریی بکەن و شتەکان قورس مەکەن، مژدەبەخش بن و خەڵکی مەتۆرێنن)، زۆرینەی خەڵکی هیچ شتێک سەرنجیان ڕاناکێشێت بۆ لای ئایینی خودا هێندەی بینینی سیمای دڵنیایی و ڕەزامەندی لەسەر ڕووخسارمان، هیچ شتێکیش لە ئایینی خودا دووریان

ناخاتەوە هێندەی ئەوەی خەمۆکی لەسەر ڕووخسارمان بەدی بکەن، وەک ئەوەی گوزارشت بێت لە چیرۆکی مامەڵەیەکی "دۆڕاو" کە لەگەڵ ئایین کردبێتمان پەنا بە خوا!

دەبێ دڵخۆشی پەیوەست بێت بە عیبادەت و دینداریيەوە، نەک خەم و خەفەتی بەردەوام. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً﴾ [النحل: ٩٧]، «هەر کەسێ کردار باشە و بە باوەڕەوە-چ نێر، چ مێ- هەتا دەژی وادەکەین بە خۆشی بژی».

مزگێنی دەبێت پەیوەست بێت بە عیبادەتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ۝ الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ ۝ لَهُمُ الْبُشْرَىٰ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ [يونس: ٦٢-٦٤]. «با تێبگەن ئەوانەی وا دۆستی خودان، هیچ ترسێکیان لەسەر نییە و خەمیش ناخۆن. ئەوانەی خاوەن باوەڕن و خۆ لە گوناە دەپارێزن. مژدە بۆ وان لە دونیا و قیامەتدا».

شادی ڕۆح دەبێت پەیوەست بێت بە عیبادەتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ۝ وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ﴾ [الإنفطار: ١٣-١٤]. «بێگومان ئاکار چاکەکان لە خۆشیدان. بەدکارانیش لە دۆزەخدان».

بەڵێ، دڵخۆشی دەبێت پەیوەست بێت بە پەرستش و دینداریی. خوای گەورە فەرمانی بە دڵخۆشی و نەهی لە خەم و خەفەت کردووە. فەرمانی بە دڵخۆشی کردووە دەفەرموێت: ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾ [يونس: ٥٨]. «بێژە: لەو چاکە و بەزەییە -کە خوا دەربارەی ئێوەی کرد- کەیف خۆش بن».

وەلێ ئەوەی کە قەومەکەی قارون بە قارونی دەڵێن: ﴿لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ﴾ [القصص: ٧٦]. «کاتێ هۆزەکەی پێیان گوت: لەخۆبایی مەبە! خودا پیاگی لە خۆدەرچووگی خۆش ناوێت» مەبەست ئەوە نییە کە دڵخۆشی بە گشتی لۆمە بکەن، بەڵکوو مەبەست دڵخۆشی تێکەڵ بە کشوفش و خۆ بەگەورەزانییە. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ﴾ [غافر: ٧٥]. «سا ئەمە گۆڕی گیانتان بێ! چونکە ئێوە لەسەر زەمین بە ناڕەوا کەیفوو دەکرد؛ بادی هەواییتان دەنواند» یانی: بەو دڵ خۆشییەتان کە دڵتان پێی خۆش بوو لە دونیا، بەبێ ئەوەی خودا مۆڵەتتان بدات ئەنجامی بدەن لە کاری ناڕەوا و سەرپێچی فەرمانی خودا.

براکانم پوختەی قسە ئەوەیە، ئیسلام ئایینی شادییە، ئەو شادی و دڵخۆشییە بێمانا و پوچ و دەستکردە نا، بەڵکوو شادی و دڵخۆشی بە پەرستش و شتە ڕێپێدراوەکان. خەم و خەفەتیش نابێتە هۆی لادانی ئەرکەکانمان لەمەڕ ئایین و ئوممەتەکەمان. باش نییە کە دڵ و دەروونمان بارگاوی بکەین بە خەم و خەفەتی زیاتر، بەڵکوو دەبێ خۆمان گورج کەینەوە بۆ خزمەتکردنی ئایینەکەمان و بە ڕۆحێکی پرشنگدار و دڵ و دەروونێکی گەشەوە ڕێگە بگرینە بەر و، پاڵ بە خەم و خەفەتەوە بنێین بە گرتنەبەری ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دوورخستنەوەی. لە هەندێ لەو شوێنانەی کە نەهی لە خەم و خەفەت خواردن کراوە باسی ئەو هۆکارانەش کراوە کە دەبنە هۆی دوورخستنەوەی لێت: ﴿إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا﴾ [التوبة: ٤٠]. «ئەوێ کاتیش بە هاوەڵەکەی خۆی دەگوت: خەمت نەبێ ئێمە خودامان لەگەڵە» ئەو کار و کردەوانە بکەین کە دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی مەعیەتی پەروەردگار بەمەش خەم و خەفەت لە خۆمان دوورەخەینەوە.

﴿وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ ۝١٢٧ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ﴾ [النحل: ١٢٧-١٢٨]. «خۆڕاگر بە! دیارە خۆڕاگرتنیشت هەر بە خوایە و خەمیان مەخۆ و لەو گزی و فێڵانەش دەیکەن، دڵتەنگ مەبە، بێ سۆ خودا وێڕای خۆپارێزان و چاکەکارانە» بە تەقوا و چاکەکاری خەفەت و دڵتەنگی لە خۆمان دوور دەخەینەوە.

ئایا دڵخۆشبین بە جەژن؟

زۆر جار جەژنی ڕەمەزان و قوربان هاو زەمانە لەگەڵ چەوساندنەوەی موسڵمانان لە وڵاتێک لە وڵاتانی جیهان. ئیدی زۆرێک لە موسڵمانان لە وڵاتەکانی دیکە دەپرسن: "چۆن دڵخۆشبین بە جەژن لەم دۆخەدا؟". ئێمەش دەڵێین: "دڵخۆش بن، بەڵکوو دڵخۆش بوونتان بە جەژن نیشان بدەن".

چونکە ئەو پەروەردگارەی کە فەرمانی کردووە گرنگی بدەین بەو ناڕەحەتییانەی تووشی موسڵمانان دەبێت هەر ئەوە فەرمانیکردووە دڵخۆش بین بە پەرستش و عیبادەتەکانمان. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [البقرة: ١٨٥]. «ڕۆژەکانی -تەواو- پێ بن و یادی خودا بکەنەوە؛ کە ئەو ڕێگەی نیشان داون و پێویستە شوکرانەی بکەن»، وە دەفەرموێت: ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾ [يونس: ٥٨]. «بێژە: لەو چاکە و بەزەییە -کە خوا دەربارەی ئێوەی کرد- کەیف خۆش بن».

جەژنەکان ئاهەنگ و خۆشی دەربڕینە لە بەرانبەر ئەنجامدانی پەرستشەکان و فەزڵ و پاداشتی خودا کە چاوەڕێی دەکەین، جا ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بێت، یان پەرستشەکانی دە ڕۆژی ذی الحجة بێت.

خۆشی و شادیی جەژن دەربڕن لە ڕقی ئەوانەی لە دەیانەوێت لێمان تێکبدەن، تووڕەکردنی دوژمنانی ئیسلام دەچێتە ناو چوارچێوەی کار و کردەوەی چاکەوە: ﴿وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَـٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ [التوبة: ١٢٠]. «هەر هەنگاوێکی دەیهاوێن، خوانەناسان تووڕە دەکا و هەر زەربەتێ لە دوژمنی دەوەشێنن، گشتی خودا بە چاکەیان بۆ دەنووسێ. خوا پاداشی چاکەکاران وندا ناکا».

ئەوان دەیانەوێت ئێمە لەناو ناڕەحەتی و خەم و خەفەتا بین: ﴿وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾ [آل عمران: ۱۱۸]. «هەر حەزدەکەن تووشی ناڕەحەتیتان کەن. جگە لەوەی کە دژایەتی ئێوەیان بە دەمدا دێت، غەرەزێکی لە دڵی ئەوان دایە فرە تڕە»، مرازەکانیان بەدی مەهێنن! دڵخۆشی جەژن نیشان بدەن وەک بەرزڕاگرتنی دروشمەکانی پەروەردگار.

ئیبن تەیمییە دەڵێت: "جەژنەکان لە تایبەتترین ئەو شتانەن کە ڕێبازەکانی پێ جیادەکرێتەوە"، ئیبن حەجەریش دەڵێت: "نیشاندانی دڵخۆشی و شادومانی لە جەژنەکان لە دروشمەکانی ئایینە" لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فەرمایشەی پەروەردگارت بێتەوە یاد: ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾ [الحج: ۳۲]. «دیارە هەر کەس ئەو پێودانەی خوا دایناوە ڕێز لێ بگرێ، نیشانەیە، کە بە دڵ لە خودا دەترسێ».

شادی و دڵخۆشی جەژن نیشان بدەن تا دڵخۆشی بە دروشمەکان لەنێو دڵ و دەروونی منداڵەکانمان پەخش بکەین و بە هۆیەوە خۆشەویستی ئەم ئایینە بچێتە دڵیانەوە و بە گەورە تەماشای بکەن، دیینداریش نەبەستنەوە بە خەم و خەفەت و خەمۆکی. بەڵکوو دەمانەوێ دڵ و دەروونێکی پر لە هێز و گەشبینییان بەماوەیی بۆ جێبێڵین کە هاوکارێت لە لادانی جەور و ستەم بە ئیزنی خودا.

دڵخۆشبوون بە جەژن نیشان بدەن تا بانگەوازێک بێت بۆ میللەتانی دیکە بێنە ناو ئیسلام، بە هۆی بینینی دڵخۆشیمان بە دروشمەکانی ئایینەکەمان. پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی یاریکردنی حەبەشە لە مزگەوت لە ڕۆژی جەژندا فەرمووی: (با جووەکان بزانن کە بوار هەیە لە ئایینەکەمان؛ ئەو ئایینەی بە منداڵ نێردراوە، ئایینێکی پاک و ئاسان و بێ کەموکورتییە).

گرنگ ئەوەیە: هیچ شتێکی حەرام ئەنجام نەدرێت لە کاتی ئاهەنگ گێڕان

بە بۆنەی جەژنەوە، بەڵکوو ئەوە بیر خۆمان بێنینەوە کە ئێمە بەندایەتی خودا دەکەین بە نیشاندنی دڵخۆشیمان، ئیدی چۆن بە سەربێچیکردنی دەیپەرستین؟!

بەڵێ، ئازار دەچێژین بۆ براکانمان و گرنگیان پێ دەدەین و ئەوەی لە توانامان بێت بۆ سەرخستنیان دەیکەین، لە هەمان کاتدا بەشێوازی دروست دڵخۆشیمان بە جەژن دەردەبڕین و بە هۆی ئەوەشەوە دوژمنەکانمان ناڕەحەت و تورە دەکەین.

دەسا خودایە پشتوپەنای برا ستەملێکراوەکانمان بە لە هەموو شوێنێک، پشتیوانمان بە لەسەرخستنیان، تۆڵە لە دوژمنانمان و دوژمنانیان بکەوە، عیززەت و سەرکەوتن بەم ئومەمەتەش ببەخشە بەشێوەیەک کە دەستی ئێمەشی تێدا بێت ئەم سەرکەوتنە ئەی پەروەردگاری جیهانیان.

هەموو ساڵێک ئێمە و ئێوە پیرۆزبیەکانمان و موسڵمانان گشتی لە خێر و خۆشیدا بن و، تاوانبار و دووڕووەکانیش لە سەرشۆڕی و زیللەتدا بن. خوای گەورە لە ئێمە و ئێوەشی قبوڵ بکات.

ئەوەندە بەشان و باڵیان هەڵمەدە

وەختێ لە زنجیرە باسی (ئافرەت) لەبارەی ئافرەتەوە قسەم کردبوو، وا دەردەکەوت کە من "بە شان و باڵی ئافرەت هەڵدەدەم" منیش دەمگوت: بەڵێ، دەمەوێت بە شان و باڵی ئافرەتی موسڵمان و پیاوی موسڵمان و کوڕ و کچی موسڵمان هەڵبدەم، هەموو ئەوەش بەشیوەیەکی ڕاست و دروست بکەم.

دەمەوێت موسڵمانان هەست بە گەورەیی نرخیان بکەن، بە جیاوازی زۆریان لەگەڵ باقی خەڵکی تر، ئەوجا لەبارەی ماف و ئەرکەکانمان بەرانبەر یەکدی قسەدەکەین، بەڵام لە سەرەتادا، دەبێت ئەو متمانە بگێڕینەوە بۆ خۆمان،

ڕێزگرتنی خود و شانازیکردن به شوناسی ئیسلامی و تیرۆانینی ئەرێنی بۆ خۆیان لەنێو موسڵمانان پەخش بکەین.

بەتایبەت لەم سەردەمە کە ڕاگەیاندن کار دەکات لەسەر دروستکردنی ئەو هەستە لای موسڵمانان کە خوێنیان هەرزانە و هیچ نرخێکیان نییە، تەنانەت لێرەش لەناو خۆماندا بەرانبەر یەکیش وەهاین.

لەم سەردەمەدا کە هەندێک لەوانەی لەڕیزی پێشەوەی موسڵمانان خەریکی پەخشکردنی گرێی خۆبەکەمزانین و بە کەم تەماشاکردنی خود و سەرسام بوونن بە میللەتە زاڵبووەکان و، سەرقاڵی کاڵکردنەوەی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئیسلام و کوفرن لەژێر ناونیشانی (لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ئەوانی دیکە)، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە موسڵمان هەست بکات کە یەکتاپەرستی و ئیسلامەکەی هیچ نییە و هیچ سوودێکی نییە بۆی لە دونیا و پاشەڕۆژدا!

تەنانەت گوتاری زۆرێک لە واعیزەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان تەواوکاری ئەم پرۆسەی تێکشکاندنەیە ئەویش بە هۆی زۆر لۆمەکردن و سەرزەنشت کردن، دوور لە هاندان و کاکردن بۆ بەهێزکردنی تاکی موسڵمان!

یەکێک لە گەورەترین ئەو شتانەی کە لەڕێیەوە لە خودا نزیک دەبمەوە ئەوەیە کە بەبیر موسڵمان بهێنمەوە کە کەسێکی گرنگە، سەنگ و قورساییەکی زۆر هەیە لای پەروەردگار بە هۆی باوەڕەکەیەوە، خوای گەورەش ڕێزی لێناوە، خوێن و ناموس و مااڵی حەرام کردووە وەک حەرامی ڕۆژی حەرام لە مانگی حەرام لە شاری حەرامدا، چونکە کەسێکی گرنگە.

بە بیر ئافرەتی موسڵمان دەهێنمەوە کە خوای گەورە خەشم و تووڕەیی خۆی دەڕژێت بەسەر ئەو کەسەی کە بە خراپی باسی ناموسی دەکات: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ۝ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ۝

يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ وَيَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ﴾ [النور: ٢٣ - ٢٥] «ئەو کەسانەی بۆ ژنانی داوێن پاکی سەربەخۆ بوختان ڕێک دەخەن، لە دونیاش و لە پاشەڕۆژیشا بەر نەعلەتن؛سزاشیان زۆر دژوارە. ڕۆژێ دەبێ کە زمان و دەست و پایان، لەسەر هەر کارێ دەیانکرد دەبنە شایەت. ئەوێ ڕۆژێ چی لێیان دەوەشێتەوە خوا دەگەڵیانی دەکات. سا دەزانن خوا حەقی ئاشکرایە». کۆمەڵێک ئایەتی ترسناکە بۆ ئەوانەی کە قسە بە ناموسی ئافرەتی باوەڕدار دەڵێن چونکە لای خوا گرنگە.

یادی موسڵمانان دەخەمەوە کە عەرشی پەروەردگار بۆ مردنی موسڵمانێک (سعد کوڕی معاذ) هاتە لەرزین، یەک فرمێسکی تۆی باوەڕدار زۆر بەنرخە لە تەرازووی پەروەردگار و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارت دەکات کەچی زەوی و ئەوەی تێیدایە ناتوانێت بێباوەڕێک ڕزگار بکات.

بەڵێ، دەمەوێت بە شان و باڵی گشت موسڵمانانداهەڵدەم، ئەو تیرۆانینەی کە دەبێت لەبەرچاومان بێت و لەبەرچاویان بێت تیرۆانینێکی مەزنە: ئیستیخلاق لە زەوی پیشەوایەتیکردنی میللەتان لە هەموو بوارەکاندا و، بانگەوازکردنی خەڵکی تا لەگەڵ ئێمە شاد و بەختەوەر بن بە ئایینی پەروەردگار و، ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە گومڕایی و بەندایەتیکردنی ستەمکاران بۆ فراوانی دونیا و پاشەڕۆژ.

ئەرکێکی مەزنە و پێویستی بە کەسانی مەزن هەیە کە قەدری خۆیان بزانن و هەست بەوە بکات کە ڕێزگیراوە لای پەروەردگار، بێبایەخبوونی لەلای بێباوەڕ و دووڕوو و دۆڕاوەکان کاری تێنەکات، ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [المنافقون: ٨] «دەستەڵاتیش هەر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەر و ئاپۆرەی باوەڕدارانە؛ بەڵام ئەو دووڕازانە هیچێ نازانن».

شتی دزەپێکراو نییە!

هیچ سنوور و سانسۆرێک نییە بۆ ئەو هەواڵ و وێنە و گرتە ڤیدیۆیانەی کە ئازار بە دەروونت دەدەن، ڕاگەیاندنی جیهانی ئەو شتانەمان بۆ دەگوازێتەوە کە دەبێتە مایەی خەم و خەفەت لە وێنە و گرتە ڤیدیۆیی ستەمکردن لە موسڵمانان، بەڵام ڕێگە نادەن ڕاگەیاندنەکانیان وێنەی تۆقێنەری مردوەکانی خۆیان نمایش بکەن.

زۆرێک لەو وێنە ئازاربەخشانە "دیمەنی دزەپێکراو" نین، بەڵکوو کاری ڕێکخراون بۆ ئازاردانی مەعنەویاتی تۆی موسڵمان و وات لێکەن ژیانێکی پڕ لە خەم و پەژارە بژیت.

دەیانەوێت هەست بە بێنرخی خۆت بکەیت، هەروەها بێنرخی برا موسڵمانە هاوشێوەکانت و، بێنرخی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێتانەوە، بەڵکوو بێنرخی ئیسلام کە کۆتان دەکاتەوە!

دەیانەوێت ڕقت لە خۆت بێتەوە و تووشی سڕبوونی هزریی و پەککەوتنی نیرادە ببیت! هەموو ئەوەیان لێت دەوێت تا بەئاسانی زاڵ بن بەسەرتا.

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە تەتارەکان لەسەرەتای داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی کوشتارگەیەکی زۆر گەورەیان لە بوخاری و سەمەرقەند ئەنجامدا، بەمەش ترس و بیم لە دڵی موسڵمانانی شوێنەکانی دیکە بڵاوبوویەوە، تەنانەت جەنگیزخان هێزێکی بیست هەزار سەربازی نارد، کە بە ئاسایی هاتووچۆیان دەکرد لەناو ملیۆنان موسڵماندا لە خۆرهەڵاتی شانشینی مەزنی خوارزمیدا، خەڵکیان دەکوشت و تاڵانییان دەکرد، هیچ کەسیش نەیدەوێرا ڕووبەڕوویان بێتەوە!

نەکەی تێک بشکێی! نەکەی ڕۆحت کۆت و بەند بکەیت بە زنجیرەکانیان و کلیلەکانیان ڕادەست بکەیت! ئەم هەستانە بگۆڕە بە کردار و، وازبێنە لە

لۆمەکردنی خۆت و لۆمەکردنی ئەو موسڵمانانەی لەگەڵتن! ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ «خوا ئەرکی لە توانا بەدەر بەسەر کەسدا ناسەپێنێ»

بزانە چیت پێدەکرێت ئەنجامی بدە و سستی مەنوێنەوە تێیدا، ئەو کاتە پەروەردگاریش بۆ ئەو شتانەی بااڵتر و بەزتر بەکارت دێنێت ﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ﴾ [محمد: ١٧]. «ئەو کەسانەش هاتوونە سەر ڕاستە ڕێ، پتر شارەزایان دەکا و ترسی خوایان پتر دەخاتە دڵەوە»

مەترسە لێیان، ئەوان تاقیکردنەوەن بۆت: ﴿ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ﴾[محمد: ٤]، «ئەگەر خودا بیویستبا، بۆ خۆی تۆڵەی لێ دەسەندن؛ بەاڵم ویستی بە یەکتر تاقیتان بکاتەوە».

پەروەردگار نیشانمان دەدات کە کام لە ئێمە ئارام دەگرێت تا پاداشتی بداتەوە بە ژیانی هەتا هەتایی لە بەهەشتەکەیدا: ﴿وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ ۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا﴾ «هەندێکیشتانمان کردۆتە مایەی تاقیکردنەوەی هەندێ تر، ئاخۆ ئێوە خۆ ڕادەگرن؟ وا پەروەردگارت دەبینێ»

هیچ شتێکیش ناتوانێت ڕێگری بکات لەوەی پەروەردگار سەرمان بخات بەسەریاندا گەر بە هەموو توانایەکمانەوە هەوڵی سەرخستنی ئایینەکەی بدەین، ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾[آل عمران: ١٣٩]، «با سستی ڕووتان تێنەکا و خەمیش مەخۆن. هەر ئێوەن کە سەردەکەون، گەر بڕواتان بە خوا هەبێت».

دەبێت دڵخۆش بین!

دەبێت دڵخۆش بین. بەڵێ، دەبێت دڵخۆش بین!

گەرچی بۆ ڕووداوێکی ڕاگوزەر تووشی خەم و خەفەت بوویت، ئەوە حاڵەتی

ئاسایی (default) کە بۆ تۆ گونجاوە وەک موسڵمانێک ئەوەیە کە: دڵخۆش بیت و لێنەگەڕێی خەم و خەفەت گشت ئەو هۆکارانەت لەبیربباتەوە کە دەبنە هۆی دڵخۆشی، چونکە پەروەردگار نیعمەتی بوونی پێ بەخشیوین و، ناکرێت شتێکمان پێ ببەخشێت کە ئەو شتە بەدبەختی و دەردەسەری بێت، دەبێ بوونمان لەم ژیانەدا نیعمەتێک بێت کە پاڵمان پێوەنێت بۆ ئەوەی دڵخۆش بین.

چونکە پەروەردگار ئێمە هەڵبژاردووە لەنێو هەموو مرۆڤەکاندا کە لەڕیزی بەندەکانی و شوێنکەوتەی پەیامبەرەکەی (ﷺ) بین، بۆیە دەبێ دڵخۆش بین، لەبەرئەوەی گومانی باشمان بە پەروەردگار هەیە، دەبێت دڵخۆش بین، چون ئەو کەسەی بەدواداچوون بۆ ژیاننامەی خۆشەویست (ﷺ) دەکات ناتوانێ وشەیەک بدۆزێتەوە کە مانای نائومێدی بگەیەنێت، یان هەڵوێستێکی بەرچاوکەوێت کە ڕەشبینی تێدا بخوێنرێتەوە، بەڵکوو ژیاننامەکەی ئەرێنییە و بەرەو پێش چوونە.

پێغەمبەری خودا سەرمەشقمانە، بۆیە دەبێت دڵخۆش بین، چونکە ئەو نەفسەی دووچاری خەمۆکی بووە زەوی ئاوەدان ناکاتەوە و ئەرکی جێنیشینی بەدی نایەنێت، بۆیە نابێت خەمۆک بین.

بەڵکوو: دڵخۆش بین، چونکە خەڵکی پۆل پۆل ڕووناکەنە ئایینی پەروەردگار گەر ئێمە ببینن، هەڵگرانی ئەم ئایینە، خەمۆکین، هەموو مرۆڤێک بەشوێن بەرنامەیەکی ژیاندا دەگەڕێت کە بەختەوەری و دڵنیایی پێ ببەخشێت، گەر خەڵکی لە ڕووخساری ئێمەدا نەیدۆزنەوە ئەوە بانگەوازەکەمان سەرنجیان ڕانا کێشێت، چونکە ئەو کەسەی شتێکی نەبێت ناتوانیت ببەخشێت.

نابێت بەربەست بین لەبەردەم ڕێگەی پەروەردگار بە گرژومۆنی ڕووخسارمان، بەڵکوو دەبێت ڕوومان گەش بێت و دڵخۆشیمان نیشان بدەین، دەبێ لە ناخەوە: دڵخۆش بین، چون دوژمنەکانمان دەیانەوێت خەمباربین و، مەعنەویاتمان

بشکێنن و، پێیان ناخۆشە زەردەخەنە لەسەر لێوەکانمان ببینن، لەبەرئەوەی پەروەردگار بە تووڕەکردنیان چاکەمان بۆ دەنوسێت: ﴿وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ﴾ [التوبة: ١٢٠]، «هەر هەنگاوێکی دەیهاوێن، خوانەناسان تووڕە دەکات و هەر زەبرێک لە دوژمنی دەوەشێنن، گشتی خودا بە چاکە بۆیان دەنوسێت، خوا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات» بۆیە دەبێت تووڕەیان کەین و، دڵیشمان خۆش بین.

چونکە کتێبی پەروەردگارمان لەبەردەستە کە ئەگەر دابەزێنرایە بۆ سەر چیایەک ئەوە لە ترسدا ورد و خاش دەبوو، بۆیە لەپێشترە کە سینەمان ساف کات و خەم و ناڕەحەتییەکانمان بڕەوێنێتەوە، چونکە قورئان ﴿شِفَاءٌ لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ [یونس: ٥٧]، «چارەی دەردی دڵانە و ڕێنیشاندەر و بەزەییە بۆ باوەڕداران» بۆیە دەبێت دڵخۆش بین.

چونکە پەروەردگار کە دڵەکانی بەدەستە گەر بیەوێت بەندەیەک دڵخۆش بکات ئەوە هەموو هێزی سەر زەوی ناتوانێت دڵتەنگی بکات، ﴿مَّا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا﴾ [فاطر: ٢]، «هەر کاتێ خوا دەرووی خێری لەڕووی مەردم بکاتەوە، کەس ناتوانێ دایخا».

بە چاوی خۆمان وێنەی ئەو منداڵانەمان دی کە سەریان شکابوو و بە لەفاف پێچرابوویەوە، کەچی بزە لەسەر لێویان بوو و دروشمی سەرکەوتنیان بەرزدەکردەوە، بۆیە، دەبێت دڵخۆش بین.

چونکە سەرەنجامی هەموو یەکتاپەرستێک بۆ بەهەشتە گەرچی پێشتر تووشی هەر شتێک بوو بێت، دەبێت دڵخۆش بین، چونکە چاوەڕێی ئەوە دەکەین بچینە بەهەشتەوە کە تەنیا یەک هەڵکێشان لە بەهەشت داماوترین کەس والێدەکات کە بڵێت: "نە بەخوا پەروەردگارم! هیچ کڵۆڵی و ناڕەحەتییەکم نەدیوە هەرگیز.

دەبێت دڵخۆش بیت، چون ئێمە دەتوانین بینە شکۆمەندترین کەسی سەر زەوی، بەوەی گوێڕایەڵی پەروەردگارمان بکەین تا بینە یەکێک لە دۆستەکانی، ئیدی داوای لێبکەین پێمان دەبەخشێت و پەنای پێ بگرین ڕزگارمان دەکات، جەنگیش ڕادەگەیەنێت بەرانبەر ئەوانەی دوژمنایەتیمان دەکەن، بۆیە حەقی خۆیەتی کە دڵخۆش بین.

چونکە ئێمە ئەو ئوممەتەین کە بەر ڕەحم و بەزەیی خودا کەوتووین و دەربارەی ئێمە بە پەیامبەرەکەی فەرموو: (ئێمە ڕازیت دەکەین لەبارەی ئوممەتەکەتەوە و دڵتەنگت ناکەین)، بۆیە دەبێت دڵخۆش بین، چونکە باوەڕدار هەموو شتێکی هەر خێرە و ئەمەش تەنیا باوەڕدار دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت دڵخۆش بین، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (شتەکان ئاسان بکەن و قورسی مەکەن، مژدەدەر بن و خەڵکی مەتۆرێنن) (البخاری)، بۆیە دەبێت ڕوو گەش و مژدە بەخش بین و دڵخۆش بین.

چون -تەنانەت پێشکەوتنی دوژمنانی ئیسلام لەوەی بواری ئاسمانی بخەنە ژێر ڕێکێفی خۆیان- ئەوە خودا باڵادەستە بەسەر بەندەکانییەوە، بۆیە دەبێت دڵخۆش بین، چونکە بێ ئومێدی لە خەسڵەتی بێباوەڕانە ﴿إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ﴾ [یوسف: ٨٧]، «هەر ئەوانەی خوانەناسن، لە بەزەیی خودا ناهومێدن»

بێهیوابوون لە سروشتی گومڕایانە ﴿قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلَّا الضَّالُّونَ﴾ [الحجر: ٥٦]، «گوتی: کێ لە بەزەیی خودا بێ هومێدە، مەگین لەڕێ لادەرەکان» بۆیە نابێت نائومێد بین یان بێهیوا بین، بەڵکوو دەبێت دڵخۆش بین، چونکە پێکەنینت بە ڕووی خەڵکیدا چاکەکردنە.

دەبێت پێکەنین و، دڵخۆش بین، چونکە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ [یونس: ٦٢]، «با تێبگەن کە

ئەوانەی دۆستی خودان، هیچ ترسێکیان لەسەر نییە و خەمیش ناخۆن».

دڵتەنگ نابین، بەڵکوو دڵخۆش دەبین، چونکە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَهُمُ الْبُشْرَىٰ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ «مژدە بۆ وان لە دونیا و قیامەت». ئەوە بۆ ئێمەیە کە لە دونیا و پاشەڕۆژدا دڵخۆش بین.

چونکە پەروەردگارێکمان هەیە کە بەدیهێناوین تا ڕەحمان پێبکات و، حەز ناکات سزامان بدات ﴿مَّا يَفْعَلُ اللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَآمَنتُمْ ۚ وَكَانَ اللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا﴾[النساء: ١٤٧]، «ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خودا هەبێ و چاکەی ئەوتان لەبەرچاو بێ، خوا چ کاری بە ئازاری ئێوە هەیە؟ خودا سوپاسی پێزانان قبوڵ دەکا و لە هەموو شت ئاگادارە»

پەروەردگارمان پێویستی بەوە نییە کە داوامان لێکات بەدەستی خۆمان سزای خۆمان بدەین، بەڵکوو حەقە لەسەرمان دڵخۆش بین، چونکە پەروەردگارێکی بەسۆز و بەخشندەمان هەیە و ئەوینی خۆیمان پێ دەبەخشێت و پێمان دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ۚ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ ۚ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا﴾ [الأحزاب: ٤٣-٤٤]، «ئەو کەسێکە دروود بۆ ئێوە دەنێرێ؛ هەروەهاش فریشتەکانی؛ هەتاکوو لە تاریکی دەرتانبێنێ و بەرەو ڕووناکیتان بەرێ. خودا بۆ خاوەن باوەڕان دلۆڤانە. ئەوێ ڕۆژێ کە دێنە بەر بارەگای ئەو، وە سەلام بەخێریان دێنێ و پاداشتێکی پڕ بایەخی بۆ داناون».

بۆیە حەقە ئەوەی بڕوای بە پەروەردگارێک هەیە ئەمە سۆز و بەخشندەیی و ئەوینەکەیەتی کە دڵخۆش بێت، چونکە ئێمە بڕوامان بە خوایەکە کە لە ساتێکدا لێی دەپارێینەوە لە هەموو گوناهەکانمان خۆش دەبێت و باکی نییە لێی، بۆیە دەبێت دڵخۆش بین.

ئەی ئەو کەسەی خەمی ئومەتەکەت هەڵگرتووە، پێبکەنە! دەزانم ڕەنگە

ئەمە قورس بێت لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە پێیدا تێدەپەڕین، بەڵام بیرت بێت کە گرژ و مۆنییت نابێتە هۆی ڕزگارکردنی لێقەوماوێک و دوورخستنەوەی دوژمنێک و ڕێنموییکردنی سەرپێچیکارێک، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی پانتاییەکی زۆر لەنێو دڵی موسڵمانان لەدەستدەین لەبەرژەوەندی دوژمنانمان و دوژمنانیان.

دوژمنەکەمان کارێکمان پێدەکات کە هەموو دڵێکی زیندوو دەهەژێنێت، پاشان دیمەنی گرژ و مۆنی ڕووخسارمان نیشان خەڵکی دەدات تا وا وێنامان بکات کە خەڵکێکی توند و تیژ و وشک و ڕەقین و پێیان دەڵێت: لەگەڵ ئایین و هەڵگرانی خەم و خەفەت و نارەحەتی هەیە، لای منیش خۆشی و شادومانی، بۆیە وەرن بەرەو لای من، ئیدی شوناسی منداڵانی موسڵمان دەشواتەوە و ئەقڵیان دەشێوێنێت و ئەخلاقیان تێکدەدات.

هەل بە دوژمنەکەت مەدە، بەڵکوو زەردەخەنە دروست بکە، چاوەڕێی پاداشتیش بکە لەم ئیشەتدا وەک چۆن چاوەڕێی دەکەیت لە کاتی گرنگیدانت بە کاروباری ئوممەتەکەت بێگومان هەژموونی ستەمکاران بەرەو نەمان دەڕوات، سەرەنجامیش هەر بۆ کەسانی لەخواترسە.

لەکۆتاییدا، لەبەرئەوەی پەروەردەگارمان فەرمانمان پێدەکات کە دڵخۆش بین و دەفەرموێت: ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾ [یونس: ٥٨]، بۆیە دەبێت و هیچ گومانی تێدا نییە و، بژاردەیەکی ترمان نییە جگە لەوەی کە دڵخۆش بین.

باری لەناکاو!

زۆرێک لەوانەی کە گرنگی بە کاروباری ئوممەتەکەیان دەدەن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە بارێکی کتوپڕی بەردەوامدا دەژین، بەشێوەیەک لە ئیشێک بەردەوام نابن کە بەوپەڕی قەناعەت و پشوودرێژی و هۆشداربیەوە ئەنجامی بدەن، چونکە هەمیشە لەگەڵ دیتنی هەواڵە ئازاریەخشەکان هەست دەکەن کە «دەبێت زۆر بەخێرایی شتێک بکرێت»، «دۆخەکە بەرگەی لەمە زیاتر ناگرێت». «زریانەکە بەڕێوەیە»، «نۆرەی ئێمەیە»، گەر ڕۆیشتە زانکۆ بۆ ئەوەی پسپۆڕی لە بەشێک بێنێت لە ناخی خۆیدا وا هەست دەکات کە «کات بەفیڕۆ دەدات»،

ئەگەر ناوی خۆی تۆمار کرد لە خولێکی شەرعیدا، یان کتێبێکی خوێندەوە لەبارەی پەروەردەکردنی منداڵان واهەست دەکات کە "لە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر ئوممەتەکەی هەڵدێت" و، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: موسڵمانان لەم وڵاتە، یان ئەو وڵاتە لێیان قەوماوە، منیش سەرقاڵم بەم بابەتەوە؟! ئەمە چ سوودێکی هەیە بۆیان؟ چۆن هاوکار دەبێت لە ڕزگارکردنیان؟!

خۆ ئەگەر لەگەڵ منداڵەکانی یاری کرد ئەوە هەست بە "خیانەتکردن دەکات بەرانبەر منداڵی موسڵمانانی لێقەوماو"!

ئیدی بەم شێوەیە، زۆرینەی جاران قەناعەتی نییە بەو ئیشەی کە دەیکات،

بۆ دەربازبوون لەم هەستانەش خۆی سەرقاڵ دەکات بە گوێگرتن لە هەواڵەکان گەرچی خۆ سەرقاڵکردنێکی بێسوودیش بێت، چاودێری دۆخی دونیا دەکات، خەمبار دەبێت، جنێو دەدات، تورە دەبێت، پاشان، هیچ!

سەرەنجام، پەکخستنی بیرکردنەوە و، باری لەناکاو کە ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆی و مامەڵەکردنی لەگەڵ دایباب و هاوسەر و منداڵەکانی و تێکڕای

خەڵکی بە گشتی دەبێت، هەروەک کاریگەری خراپی لەسەر خوێندن و ئیشەکەشی دەبێت، بەڵکوو لەسەر ئایین و پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگاری، خاوەن دڵ و دەروونێکی کراوە و ئەرخەیان نابێت، گەر ڕووخساری وەک کەسێکی دیندار دەرکەوێت ئەوە خەڵکی لە دینداری دوور دەکەونەوە!

ئیدی سەرکەوتن و پێشکەوتن جێدێڵێت بۆ کەسانی دیکە کە بیرکردنەوەیەکی شێواویان هەیە بەرانبەر دۆسیە چارەنووسسازەکان لە ژیانی ئومەمتدا، وەک دانانی ئیسلام وەک سەرچاوەی بەڕێوەبردنی ژیان و ڕووبەڕووبونەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکاندا، تەنانەت لە شتە بنچینەییەکانی ئیسلامدا وەک بوونی خودا و ڕاست و دروستی پەیامبەرێتی و قورئان، لەو کەسانەی کە بیرکردنەوەیەکی شێواویان هەیە، یان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە لە گرتنەبەری ڕێی چەوتدا بە تەواوی! یان خۆیان داوەتە پاڵ هێزەکانی خراپەکاری لەسەر زەویدا، ئیتر ئا ئەمانە دەبنە سەرمەشقە "سەرکەوتووەکانی" کۆمەڵگە لە لای خەڵکی و پێیان کاریگەر دەبن، کە دواتر ئەو کەسەی لە "باری لەناکاو دا" دەژی، پێویستی پێیان دەبێت لە کاتی خوێندن و، چارەسەرکردن و دامەزراندنی و، منداڵەکانیشی ڕۆمانەکانی ئەو کەسانە دەخوێننەوە و کاریگەر دەبن بە کەسایەتییان!

لەم بارودۆخەی ئێستادا چەند پێویستمان بەوەیە کە لە نموونەی وەک ئیبن تەیمییە و قوتابییەکەی ئیبنولقەییم (خوای گەورە لێیان خۆش بێت) فێر بین.

سەردەمەکەیان لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی سەردەمی ئێمە بووە، تەتارەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە (وەک ڕوسیای ئێستا) و، خاچ پەرستان لە خۆراواوە (وەک وڵاتە خۆراواییەنی ئەمڕۆ) و، ڕافیزە و قەرامیتە و حەشاشییەکان لەنێو وڵاتانی موسڵمانەوە (وەک گروپە جیاوازەکانی رافیزە) لەسەر موسڵمانان کۆبوبونەوە، لەکاتێکدا موسڵمانان پەرتەوازەبوون و لە ناکۆکیدا بوون. تەتارەکان ویستیان

موسڵمانان فریو بدەن بەکارکردن بە یاسای (الیاسق) کە شەریعەتی ئیسلامی بە "یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان" دادەنێت وەک لە ڕۆژگاری ئێستادا دەیبینین.

جگە لەوەش لادانە هزریی و عەقیدەییەکان گەشتبووە چڵەپۆپە لەو سەردەمەدا، کە بەریەککەوتنی هەبوو لەگەڵ بانگەوازە "عەلمانی" و "هاوچەرخ"ەکانی ئەمڕۆ، فەیلەسوفانیش شوبهەکانی خۆیان لەسەر ئیسلام بڵاوکردبوویەوە و شتەکانیان لە خەڵکی تێکدابوو وەک چۆن لەنێو بانگەوازە گومانگەرا و ئیلحادییەکانی ئەمڕۆدا دەیبینین.

دۆخەکە زۆر مەترسیداربوو و مرۆڤی بێهیوا دەکرد، بەڵکوو ئیبن تەیمییە لەگەڵ خانەوادەکەی بە هۆی هێرش و پەلاماری مەغۆلەوە زێدی خۆیان جێهێشتبوو.

ئایا ئیبن تەیمییە تووشی پەککەوتنی هزریی بوو؟

بەڵکوو بەرهەنگاری هەموویان بوویەوە، خەڵکی فێر دەکرد و دەینوسی لەبارەی هەموو ئەو شتانەی کە سوودی بۆ موسڵمانان هەیە! هەرکێ نوسینەکانی ئەو بخوێنێتەوە لەبواری عەقیدە یان، فیقهەوە، یان تەفسیر، هەست دەکات لەبەردەم کەسێکی خۆشگوزەراندایە کە هیچ ئیش و کارێکی نەبووە جگە لە نوسین و قوڵ بوونەوە لە بابەتە زانستیەکاندا، کە بە تێڕامانێکی قوڵ و پشوو درێژیەوە دەنوسێت، لەکاتێکدا هەموو ژیانی لەنێو گرتن و هەڕەشەلێکردنی دەسەڵاتداران و تۆمەت دروستکردنی نەیارانی و هاندانی خەڵکی عەوام لێی، بەسەربرد. لەکۆتاییشدا لە زیندانداوەفاتی کرد.

ئیبن تەیمییە ڕووبەڕووی هەموو لادانە هزرییەکانی سەردەمەکەی بوویەوە و چوو بەگژ هەموو تاقمە گومڕاکاندا(بەڕەچی مولحیدەکانی دایەوە لە سەردەمی خۆیدا)، نەیوت: (چۆن لەم بارەوە شت بنووسم لەکاتێکدا دۆخی

موسلمانان ئاوایە و دوژمنان لە هەموولایەکەوە پەلاماریان دەدەن؟)، تووشی پەککەوتنی هزریی نەبوو، بەڵکوو توراسێکی گەورە و بەپیت و ناوازەی لەدوای خۆی جێهێشت کە موسڵمانان تا ئێستاش بە تامەزرۆییەوە ڕووی تێدەکەن و سوودی لێ دەبینین و ماوەی هەشت سەدەیە تا ئێستا دەستبەرداری نەبوون، بەم شێوەیە شایەنی ئەوە بوو کە ناوبنرێت: شێخی ئیسلام.

هەڵبەت ئیبن تەیمییە لایەنی جیهادی فەرامۆش نەکرد، بەڵکوو خودی خۆی جیهادی کردووە و خەڵکی هانداوە بۆ جیهاد کردن، بەڵام بەرلەوە پاڵی لێنەداوەتەوە و بە کەم تەماشای کارکردن بکات لە لایەنەکانی دیکەی ئیسلام وەک حاڵی زۆرینەمان لە ڕۆژگاری ئێستادا.

هەروەها قوتابییەکەشی ئیبنولقەییم، وەختێ پەیڤە ناسکەکانی دەخوێنیتەوە سەرت سوڕ دەمێنێت کە چۆن توانیویەتی لەو دۆخە سەخت و ناهەمواردا ئەم نوسینە ناسک و جوان و واتا قوواڵانە بنووسێت!

بەڵێ، دەبێت گرنگی بە کاروباری ئومەتەکەد بدەیت، بەڵام غەمەکانت بگۆڕە بە هیمەت، هەستکردنت بە بەرپرسیاریەتی بگۆڕە بۆ دەرچوون لە غەفڵەت، لە هەر زانستێک کە فێری دەبیت، هەر زەردەخەنەیەک لەسەر ڕووخساری خەڵکی دەمکێشیت گەرچی خۆت ئازار بچێژیت، لە هەموو یاریەک کە لەگەڵ منداڵەکانت ئەنجامی دەدەیت بۆ ئەوەی پەیوەندیتان تووندوتۆڵ بێت و کاریگەریت لەسەریان زیاتر بێت و بەشیوەیەکی تەندروست گەورەیان بکەیت، لە هەر حەقێک کە بەو کەسەی دەدەیت شایەنیەتی، چاوەڕێی پاداشتی خودا بکە و بە خزمەتکردن" بزانە.

بزانە کە جەنگەکە زۆر دەخایەنێت، پێویستت بە پشوو درێژی هەیە، بە کاری پڕۆژەیی، بە بونیادنانی هێواش، بۆ هەموو ئەمانەش پێویستت بە دەروونێکی هاوسەنگ هەیە، بە "باری لەناکاو" مەیسوتێنە.

دوژمنەکانت وازت لێناهێنن، پەلامارت دەدەن و بیناکەت بەردباران دەکەن، لەمپەر دەخەنە بەردەمت، هەموو هەوڵێک دەدەن کە خۆت و ئومەمتەکە دووچاری قەیرانی یەک لەدوای یەک بنەوە تا بێ ئومێد بیت و دەست هەڵگریت لە هەوڵ و کۆشش،

لێمەگەڕێ سەرکەون بەسەرتا! بەڵکوو ئارام بگرە، خوای گەورەش فرت و فێڵەکانیان لە بەرژەوەندی تۆ کۆتایی پێدێنێت ﴿فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ﴾ [الأنفال: ٣٦]. «ئەو ماڵ بەخت کردنەیان دەبێتە کەسەرێک بۆیان و پاشان هەر ژێر دەکەون. خڕوپڕی خوانەناسان لە دۆژە کۆ دەکرێنەوە»

ئیدی بە ئیزنی خودا تۆ سەردەکەویت بەسەریاندا: ﴿وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [یوسف: ٢١]. «خوا لەسەر کاری خۆی زاڵە؛ بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە لێ نەزانن».

خاڵێکی گەورەی وەرچەرخانی ژیانم بوو!

خۆم زۆر سوودم لێ وەرگرت، حەزەکەم ئێوەش سوودی لێ وەرگرن، بۆیە پێتان دەڵێم: "پێشتر تووشی هەر نارەحەتی و دژوارییەک ببومایە لە ژیانم، یان کەسێکم دیتبا کە بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە، پرسیارێک بە میشکمدا دەهات: بۆچی؟ بۆچی تووشی ئەم قەدەرە بوو؟ گەر هیچ بەڵگەیەکی نەقڵییم پێ نەبوایە کە سووکنایی بە دڵم بدات، گەورەیی و حیکمەتی پەروەردگارم بیر خۆم دەهێنایەوە و بە خۆم دەگوت: بێگومان وەڵامێک هەیە گەرچی من نەیزانم."

ئیتر پرسیاری "بۆچی" بە میشکمدا نەدەهات تەنیا بۆ ئەوە نەبیت کە تێڕامان

بکەم لە زانینی حیکمەتی خودا لە قەدەرەکانیدا، بەو جۆرە دەرگای پرسیارکردن لەبارەی قەدەرەکانی پەروەردگار داخرا مەگەر بۆ زانینی حیکمەتەکەی نەبێت!

ئیدی دوای ئەم خاڵی وەرچەرخانە: تووشی خەیرێکی گەورە بووم و سوودەکەشی تێپەڕی کرد بۆ خەڵکی دیکە. ئەم وەرچەرخانەش دوای ڕووبەڕووبونەوەی تاقیکردنەوەیەکی سەخت و گران ڕوویدا، لەگەڵیدا فێری مانای بەندایەتی بووم و، لە پلە و پێگەی ئولوهییەت حاڵیی بووم، لە پێویستی بەندەی بێچارە بۆ خودایەکی مەزن باش تێگەشتم.

تاقیکردنەوەیەک کە لەگەڵیدا حاڵی بووم لە ﴿وَظَنُّوا أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ﴾ [التوبة: ١١٨]. «تێگەشتن هیچ پەنایەکیان نەماوە، مەگین هەر پەنا بەو بەرن»، بێزاری دەربڕین ڕزگارت ناکات، گومان بردن سوودی نییە، بەڵکوو دەبێت هانا ببەی بۆ پەروەردگار و خۆت ڕادەست بکەیت! خودا خۆی دەزانێت چەن دەرگای خێری بەڕوومدا کردەوە دوای ئەوە!

گەر شتێکم تووش بووایە کە ئازاری پێ بگەیاندمایە و خەمباری کردبام، تەماشام دەکرد کەمتەرخەمیم لەچیدا کردووە و، بەرپرسیاریەتی هەڵەکانم لەئەستۆ دەگرت و، ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەکان دەبوومەوە بە هۆکارە ڕەواکان و، چاوەڕێی پاداشتم دەکرد و، پشتم بەخودا دەبەست تا ناڕەحەتییەکە بگۆڕم بە بەبەخشش، خۆ گەر جەور و ستەمم بدیایە بەرانبەر خەڵکی دیکە، تەنیا یەک پرسیار سەرقاڵی دەکردم: "چۆن دەتوانم هاوکاریان بکەم و باری سەر شانیان سووک بکەم؟"

کار و کردەوەکانی خودا: ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ﴾ [الأنبياء: ٢٣]، «چی ئەو بیکا ناشێ پرسیاری لێ بکرێ». هەمووی حیکمەتێکی گەورەی لەپشتە و شایەنی سوپاس و ستایشە، گرنگ ئەوەیە چی داواکراوە لە من؟

خوای گەورە خۆی دەزانێت کە چەند بەرەکەتم دی لەوەدا! چەند کار و

کردەوە کەمەکان سوود و قازانجی گەورەیان لێدەکەوتەوە، چەندە دڵ دڵنیا و ئەرخەیان بوو لە بەرانبەر خودا و، چەند لە میهر و بەخشندەیی خودام دەبینی.

پێش ئەم وەرچەرخانە بە باسکردنی حیمکەتی پەروەردگار قەناعەتم بە خۆم دەکرد و، لەڕێیەوە بەرپەرچی ئەو پرسیارانەم دەدایەوە لەسەر قەدەر دەکرا و، چیرۆکەکە لەم سنوورەدا دەوەستا و پێم وابوو کە من سەرکەوتووم.

وەلێ ئێستا، پێویستم بە بەرپەرچدانەوەی پرسیارەکان و قەناعەت دروستکردن نییە، ئاخر دەرگای پرسیارکردن لەسەر کار و کردەوەکانی پەروەردگار بە تەواوی داخراوە، گەر پرسیارێکیش بێت ئەوە بەشێوەیەکی لاوەکی و ڕاگوزەرانە دێت و ناتوانێت بگاتە نێو دڵ:

﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ﴾ [الأعراف: ٢٠١]. «ئەو کەسانەی پارێزگارن، هەرگا خەیاڵی خراپیان لە شەیتانەوە تووش دەبێ، گورجێ یادی خوا دەکەن و بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە». بۆ هەموو ئەوانەی بە گومانن لە حیکمەتی پەروەردگاریان.

هەموو بەڵگەکان دەڵێن پەروەردگارت زاناتر و داناتر و مەزنتر و بەسۆزترە. جا گەر ئەوەت بۆ دەرنەکەوتووە ئەوە بە هۆی کەموکورتی لە ئەقڵت و کەم حاڵیی بوونتە لەبارەی پەروەردگارت، دەرگاکە بە تەواوی دابخە، وزەکانت لە شتێک بەکاربێنە کە سوودی هەبێت، ئیدی دوای ئەوە تەماشای بەخششەکانی خودا بکە کە چۆنە!

شەیتان هێرش دەکاتە سەرت تا دەستت بگرێت و لەنێو گۆماوی بەدگومانیدا نوقمت بکات، دووری خەڕەوە و بڵێ: "خوای گەورە زاناتر و داناترە، بەڕەحم و بەسۆزترینە بۆ بەندەکانیشی، گرنگ ئەوەیە کە ڕۆڵی من چییە؟"، ئیدی بە چاوی خۆت دەبینی کە بەکارهێنانی ئەم ڕێگە لە مامەڵەکردن بەرەکەتێکی گەورەی تێدایە.

ئیتر دەبینی کە گوفتار و ڕەفتارەکانت کاریگەرییەکی زۆر باشیان هەیە و، بەرەکەتێکیان هەیە کە هەرگیز چاوەڕێت نەدەکرد! چون ڕێگەت نەدا شەیتان سەرقاڵت بکات بە گومانبردن لە حیکمەت و بەزەیی خودا، بەڵکوو سەرقاڵ بوویت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆت لە بەرانبەر قەدەرەکانی پەروەردگار، پەروەردگاریش بەڵێنەکەی خۆی بۆ جێبەجێکردیت کە دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ۚ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ [التغابن: ١١]. «کەس بەڵای بەسەرنایە، مەگین خودا فەرمان بدا، هەر کێش بڕوای بە خودا بێ دڵی شارەزای خۆی دەکا و خودا هەموو شت دەزانێ».

﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾ ئەوەی باوەڕ دێنێت بە خودا ناو و سیفاتەکانی و، ئەوەی کە خودا هەر شتێک دەکات لەبەر حیکمەتێکی تەواوە، ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ [الأنبياء: ٢٣]، «چی ئەو بیکا ناشێ پرسیاری لێ بکرێ و ئەوانن کە بەرپرسیارن».

پاشان سەرقاڵ دەبێت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، ئەوە خوای گەورە ڕێنمویی دڵی دەکات، سووکنایی پێ دەبەخشێت و ئەرخەیانی دەکات و، ڕێنمویی دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە خراپە و ستەمی لێ دوورەدەخاتەوە و، ڕێنمویی دڵی دەکات بۆ دەرککردنی ئەو حیکمەتانەی لەنێو تاقیکردنەوە و قەدەرە ئازاربەخشەکاندا داینەوە، کە نەیدەتوانی بیاندۆزێتەوە گەر دانیشتایە و گومانی خراپی بەخودا بردبا و لۆمەی قەدەری کردبا! ئەوە ساتی چارەنووسسازە لە کاتی دیتنی خراپە و ستەمدا. یان تێکدەشکێی یاخود سەردەکەویت.

بانگەوازکردن چ مانایەکی هەیە لام؟

دەپرسیت: "ئایا دەتوانم بەبێ بانگەوازکردن بۆ خودا بژیم؟"

بەسادەیی: بانگەواز منی گۆڕی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە:

١. لە مرۆڤێکەوە کە هەمیشە ئەو پرسیارە لە دڵیدا بوو: "بۆچی خوای گەورە کەسانی غافڵ و بێئاگای گومڕا کردووە؟"، بۆ مرۆڤێک کە چێژ ببینێت و دڵخۆش بێت لەوەی دەستی ئەو کەسە غافڵانە بگرێت و ڕێگەی ڕاستیان نیشان بدات.

٢. لە مرۆڤێکەوە کە بەخۆی بڵێت: "بۆچی بە فیتنە و ناخۆشی تاقیدەکرێمەوە و داواش کراوە لێم کە ئارامگر بم بەرانبەریان"، بۆ ئەو مرۆڤەی کە سەرنجی کارلێکی جوانی ئەو فیترەتە دەدات کە خوای گەورە لە مرۆڤەکاندا چاندوویەتی لەگەڵ ئەو وەحییەی کە لە ڕێیەوە بانگەوازیان دەکەین.

٣. لە مرۆڤێک کە خەڵکانی گوناهبار و سەرپێچیکار بە نەیاری خۆی دەزانێت و دەیەوێت لە خراپەیان ڕزگاری بێت، بۆ مرۆڤێک کە بە سەرمایەی خۆی دایان دەنێت و دەیەوێت بیانکاتە کێڵگەیەک بۆ چاندنی نەمامەکانی، بە ڕێنموویکردنی ئەوان لە خودا نزیک دەبێتەوە.

٤. لە مرۆڤێک کە چەقی سەرنجی لەسەر خۆ جیاکردنەوەیە لە کەسانی غافڵ و کشوفشکردن بەسەریاندا بە هۆی دینداربیەوە، بۆ مرۆڤێک کە دەیەوێت ئەوانیش لەگەڵی بێنە ناو کەشتی ڕزگاربوون و بەرزیان بکاتەوە نەک خۆی بەرزکاتەوە بەسەریاندا.

٥. لە مرۆڤێک کە دیاردەی گوناە و سەرپێچی لەنێو خەڵکیدا تووشی نائومێدی دەکات بۆ مرۆڤێک کە سەرچاوە مەزنەکانی خێر و چاکە دەدۆزێتەوە تێیاندا.

٦. لە مرۆڤێک کە "قسە بە بەختی خۆی دەڵێت" کە لەم سەردەمە سەختەدا

لەدایک بووە، بۆ مرۆڤێک کە سوپاسی خودا دەکات کە لەم سەردەمە پڕ لە "هەل"ەدا بەکاریهێناوە.

دوای ئەوە دەپرسی ئایا دەتوانیت بێ بانگەوازکردن بژیت؟ ژیانی بێ بانگەواز، ژیانێکی بێ ژیانە!

(علیهُم!)

شێخ عەلی تەنتاوی دەڵێت: "لە ساڵی ۱۹۲۰ کە ڕووداوی میسلون لە شام ڕووبدا و فەرەنسییەکان سەرکەوتن و چوونە نێو دیمەشقەوە، دەیمەنێکم دی کە تا ئێستاش لەنێو یادگەمدا ماوەتەوە. بۆ قوتابخانە دەچووم، لە سەرەتاکانی قۆناغی ئامادەیی بووم، سێ سەربازی فەرەنسیم دی بەشوێن ئافرەتێکی موسڵمانی بالاپۆشەوەن، توانجی لێ دەدەن و دەستی بۆ دەبەن، ئەویش لەترسا هاوار دەکات و ئەوانیش پێدەکەنن، خەڵکیش دڵیان وەختە پارچە پارچە بێت لە مەراقا و دەشترسن. ئا لەم کاتەدا بەقاڵێکی بەتەمەن لە قووڵایی دڵییەوە و پڕ بە گەرووی هاواری کرد وەک ئەوەی دەنگی مرۆڤ نەبێت: "ئەوە چیتانە؟ ئایین نەما؟ پیاوەتی نەما؟ هێرش کەنە سەریان!"

ئیدی هەڵمەتی بۆ بردن و بە چوار هەنگاو گەشتە ناویان، بەدەستی هێرشی کردە سەریان بێ ئەوەی چەکی پێ بێت، ئیدی خەڵکیش خرۆشان و دوای کەوتن. بیرمە ئەو کاتە منداڵ بووم جانتاکەم فڕدا و هێرشم کردە سەریان. خەڵکەکە هیچ پارچە ئاسنێکیان پێ نەبوو و، سەربازەکان چەکیشیان پێبوو، کەچی دۆڕان و کەوتنە سەر زەوی و خەڵکی بە شەق و بۆگز کەوتنە گیانیان و، بە جلی دڕاو و جەستەی تێکشکاوەوە دەرچوون.

ئەم هێزە شاراوەیە سەرچاوەی عیزەتە کە خوای گەورە موسڵمانانی پێ

وەسف کردووە. ئەمە تا ئێستاش لەناوماندایە، سەرباری لاوازی و دووبەرەکی و پەرتەوازەیی، بەڵام پێویستی بە یەکێکە خەبەری بکاتەوە. ئەم هێزەش تەنیا باوەڕ بە خەبەری دێنێتەوە". لە پەرتووکی (نور وهداية) ی (شێخ علي الطنطاوي-بەشی یەکەم). هەمووان چاوەڕێی ئەو کەسە دەکەن کە زەنگەکە لێ بدات، خۆشبەختی بۆ ئەوانەی دەستپێشخەری دەکەن.

خەمۆکی قەناعەتپێکەر

زۆرێک لە ئێمە بەدەست "خەمۆکی قەناعەتپێکەر"ەوە دەنالێنێت، کە چەند نیشانەیەکی هەیە، وەک زۆر خەوتن،

- "ئەی چی بکەم گەر لە خەو هەستام؟"

+ "بخوێنە! خۆت فێرکە! یاری بکە"

- "لەسەر چی؟ چ سوودێکی هەیە؟ وازم لێبێنە با بخەوم"

هەڵهاتن لە کار و کردەوە سوودبەخشەکان کە پشوودرێژی دەوێت بۆ خوێندەوەی نامەی فەیسبووک و واتس ئەپ، ڕاکردن لە گرنگیدان بەوەی ماندوومان دەکات بۆ تەماشاکردنی گرتە ڤیدیۆییە کورتەکان، پشتگوێخستنی گرنگیدان بە تەندروستیمان، کەڵەکەکردنی ئەرکەکانی خوێندن و شوێنی ئیش کردن.

ڕاکردن لە هەستکردن بە شکستهێنان لە چاککردنی ماڵەکانمان و پەروەردەکردنی منداڵەکانمان بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن وەهمی لە "جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان" لەڕێی دڵخۆشبوون بە لایکی خەڵکی و کۆمێنت و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانمان کە خۆمان پابەند نابین بە زۆربەی ئەو شتانەی کە دەینوسین.

بەشێوەیەکی گشتی: ڕاکردن لە «شتە بەسوودەکان» بۆ «ئەو شتانەی کە چێژی لی دەبینین»، لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەمەش: «خەمۆکی قەناعەتپێکەرە».

ئەمە ئەو دەروونەیە کە دوژمنانمان هەموو ڕێگەیەکیان گرتووەتە بەر تا لەنێوماندا ڕەگ و ڕیشە داکوتێت، ئەمە کەڵەکەبوونی هەزاران دیمەنی سووکایەتیکردن بە موسڵمانان و هەستکردن بە کەم نرخییانە، کە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی بەربڵاو پەخشی دەکات، بە پاساوی خستنەڕووی واقیع! لەکاتێکدا هەوڵ و کۆششی ڕاگەیاندن و لایەنە سەرکوتکەرەکان یەکیگرتووە بۆ شاردنەوە و لەباربردنی هەوڵ و کۆششەکان بۆ چاککردنی ئەم واقیعە. بۆ ئەوەی ئەم دەستەواژانە "سوودی نییە"، "وێرانە وێران"، "هیچمان پێناکرێت" لە دڵ و دەروونی موسڵمانان بچەسپێنن.

وەک ئەوەی ڕاگەیاندن چەند زەبرێک بدات لەسەرمان، ئیدی سەرمان لێدەشێوێت و نۆقرەناگرین لەسەر کار و کردەوەیەکی سوودبەخش! مەترسیدارتر لەوە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان ڕۆحییەتی شکست و خەمۆکی لەناو خۆماندا دەچەسپێنین، بەشێوازی گوتارەکانمان کە لۆمەی کەسانی غافڵ دەکەین لەسەر تاوان و گوناهەکانیان و لۆمەی موسڵمانانیش دەکەین لەسەر سەرنەخستنی برا ستەملێکراوەکانیان بە شێوازێکی نەرێنی ناشرین کە ئەو پەیامەی لەڕێی ئەم گوتارەوە دەیگەیەنین بریتیە لە: «ئێوە کەسانی خراپ و دۆڕاون!».

بەڵکوو دەزانن برایانم؟ من پێم وایە کە ئێمە هەڵە دەکەین وەختێ وا گومان دەبەین کە کەسانی گوناهبار ڕازی بوون بە ژیانی دونیا و دڵیان پێی خۆشە. بەڵکوو زۆربەی جار هۆکاری خەمۆکی قەناعەتپێکەریان، هەستکردنیانە بە کەم نرخیان و، کەمی جیاوازی نێوان ژیانی باوەڕدارانە و ژیانی پڕ لە گوناە و تاوان، ئەوانە وەختێ بەشێوەیەکی نەرێنی لە سەریان دەدەین ئەوە دەبینە

پشتیووانی شەیتان لە بەرانبەریان، کە ئیرادەیان پەک دەخات بۆ چاککردنی خۆیان و وا دەکات کە هەست بە دووری لە خودا و بێتوانایی خۆیان بکەن.

ئەوانە، واباشترە کە لە کاتی قسەکردن بۆیان وابکەین کە قەدری خۆیان لەبەرچاو بگرن و نرخی خۆیان بۆ بگێڕینەوە، هەست بە گرنگی و ڕێزداریان بکەن لەلای خودا کە ئەوان بەندەی ئادەمن و موسڵمانیشن، بیریان بخەینەوە کە خوای گەورە بە پەرستش و تەویەکردنیان دڵخۆش دەبێت و، سەریان دەخات و پشتیوانیان دەکات، گەر پشتی پێ ببەستن ئەو کاتە هیچ شتێک ناتوانێت لە ڕوویاندا بوەستێت، ئیدی ئەو کاتە کە بوونە خاوەنی ئەم نەفسیەتە بەرز و ڕێزدارە خۆیان لە گوناە و تاوان دوورەکەونەوە و خۆڕسکانە هۆگری عیبادەت دەبن!

یەک هەڵوێستی نەرێنی لە ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) نادۆزیتەوە کە سەرزەنشتی هاوەڵانی کردبێت لەسەر شتێک و چارەسەر و دەرچەی پێ نەدابن! هەرگیز، بۆ نموونە تەماشاکە چ هەڵوێستێکی ئەرێنی هەبوو لەدوای جەنگی ئوحود و حونەین، لەگەڵ ئەوەی هاوەڵانی تووشی هەڵە بوون.

زۆر پێویستمان بە بەهێزکردنی لایەنی خێر و هێزە لەناوماندا، لەگەڵ پێداچوونەوە بۆ پەیوەندیمان لەگەڵ پەروەردگار دا و زیاتر پتەوکردنی، هەروەها بۆ شکشتهێنان بە پلانی بێباوەڕ و دووڕووەکان کە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَذُوا مَا عَنِتُّمْ﴾ [آل عمران: ١١٨]، یانی حەزەکەن تووشی ناڕەحەتی و شکست بین و مەعنەویاتمان تێک بشکێت.

﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٩] «با سستی ڕووتان تێنەکا و خەمیش مەخۆن، هەر ئێوەن کە سەردەکەون، ئەگەر بڕواتان بە خوا هەبێت».

چەسپاوی

«دامەزراوی» گەورەترین کەراماتە

هەندێ جار تەمەنای ئەوە دەکەین کە خوای گەورە کەراماتێکی ئاشکرامان پێ ببەخشێت، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە گرفتارن، تا هەست بکات کە خودای لەگەڵە.

بەڵام پاش وردبوونەوە، وەک زانایانمان گوتوویانە: "دامەزراوی لەسەر دینداریی گەورەترین کەراماتە"، کاتێ لەم سەردەمە سەخت و دژوارەدا دەژی، کە شەیتانە مرۆیی و جنۆکەکان بەشوێن یەکدا شاڵاوت بۆ دێنن، ﴿مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ [سبأ: ٣٣]، «شەو و ڕۆژ گەڕتان تێ دەهاڵاندین»، هەندێک دەزگا و سەنتەر هەن کە سێ (شفتە) کاری تێدا دەکرێت و شەو و ڕۆژ خەریکی پلاندانن بۆت.

بابەتەکە لە سنووری توانا مرۆییەکان نەوەستاوە، بەڵکوو ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ﴾ [الأنعام: ١٢١]، «شەیتانەکان دنەی دۆستانی خۆیان دەدەن»، وەک دەڵێن: شەیتان لەبری ئەوان بیردەکاتەوە!

ملیاران دۆلار لە ڕاگەیاندنەکاندا خەرج دەکەن و سەدان سەنتەریشیان هەیە لە جیهاندا، بۆ پلاندانانی ستراتیژی بە بودجەیەکی زۆرەوە کە ترۆپکی ئامانجەکانیان بریتیە لە ﴿لِيَصُدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾ [الأنفال: ٣٦] «ڕێگەی بەرەو خودا بگرن».

ملیاران دۆلاریش خەرج دەکەن لە جەنگەکاندا ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ

يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا﴾ [البقرة: ۲۱۷]، «ئەوان دەستو لێ بەرنادەن، هەر دەگەڵ ئێوە بەشەڕ دێن هەتا-ئەگەر بۆیان بلوێ- ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەربگێڕن».

خەڵکێکی ناو وڵاتی خۆت و بەناوی موسڵمانانە وەک ناوی خۆت هاوکارییان دەکات و ئایەتەکانی قورئان دەکاتە بەڵگە بۆ کارەکانیان بە شێواندنی ماناکانی، بەڵام تۆ لەگەڵ ئەم هەموو ئەمانەشدا دامەزراو و چەسپاویت لەسەر ئایینەکەت و ڕێگەی ڕاستت گرتووەتە بەر! ئیتر چ کەراماتێکت دەوێ گەورەتر لەم کەراماتە؟!

چاوەڕێی چ شتێکی نائاساییت کە لەمە نائاساییتر بێت؟! ﴿وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ ٱلْجِبَالُ﴾ [سبأ: ۳۳]، «هەرچەندە ئەو مەکرەی ئەوان کردیان، چیاشیان پێ هەڵدەتەکان». کەچی هەموو فرت و فێڵەکانیان ئیمانی لە دڵت دەرنەکردووە! ئاخر ئیمانی تۆ چەسپاوتر و سەنگینترە لە چیاکان!

لەبەر هەموو ئەوانە: بەردەوامی لەسەر چەسپاوی و دامەزراوی گەورەترین کەراماتە. بنچینەی بیرۆکەی ئەم گوتارەش، گفت و گۆکردنم بوو لەگەڵ برایەک کە هاوڕێم بوو لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، کاتێ پێم وت حەزەکەم خەونێکی دڵخۆشکەر ببینم ئاماژە بێت بەوەی خودام لەگەڵ، ئەویش خودا پاداشتی بداتەوە ئەم گوتەیەی بیرخستمەوە: «دامەزراوی گەورەترین کەڕاماتە».

ئایا هیچ هیوایەک هەیە؟

لێم دەپرسێت: "هیچ هیوایەک هەیە؟"

- "بێگومان!"

+ "بەڕاست؟!"

- "لەپاش تاقیکردنەوە ئیدی کاتی دەرووی خێرە، ئەمە سونەتی پەروەردگارە"

+ "دەزانیت شتەکان بەرەو کوێ دەڕۆن؟"

ئێمە لە سەردەمی تاقیکردنەوە و جیاکردنەوەی پاک و پیسداین، ﴿وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٤١]، «هەتا خودا باوەڕداران هەڵاوێرێ و بێباوەڕان لەناوبەرێ»، ئاڵتوونی ئوممەت تێکەڵ بە کەف بووە، ڕۆژێک کە ئاوی ئاسمان دادەبارێت کەفەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات، ئەوەی کە سوودی بۆ خەڵکی هەیە ئەوە لەسەر زەوی دەمێنێتەوە.

گومانم نییە لەوەی خودا دەرووی خێرمان لێکاتەوە، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا دەیبینم، دەچمە دەرەوە و چاوەڕێی دەکەم وەک چاوەڕێکردنی ئەو ڕێبوارەی کە دەگەڕێتەوە، خۆ ئەگەر پێی ڕانەگەم ئەوە ئەو کەسە ئامادە دەکەم کە چاوەڕێی بکات و بچێتە ناو کەژاوەکەی، ئاڵاکەشیان ڕادەست دەکەم پێش مردن. هەموو خەمێکم ئەوەیە کە خۆم ڕزگارکەم پاشان ئەوەی لەتوانامدا بێت دەیکەم بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی و گەیاندونیان بە کەشتی ڕزگاربوون بەر لە هاتنی ئەو زریانەی کە کەفەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات.

"وشەکانم کاریگەری نییە، خەڵکی لە من باشترن"

گوتوبێژم لەگەڵ برایەک کرد کە لەبەرخودا زۆرم خۆشەوێت، باسی خەیاڵاتێکی کرد کە دەیێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی بانگەواز بۆ خودا بکات و هەوڵی چاککردنی واقیع بدات، ئەو خەیاڵاتە تووشی منیش دەبوو، ڕەنگە تووشی زۆرێک لە ئیوەش بوو بێت.

"بۆچی قسە دەکەم؟ بۆچی هەوڵ دەدەم بگۆڕێم؟ وشەکانم هیچ جیاوازییەک دروست ناکات، خەڵکی لە من باشترن، فلان کەس لە من خواناسترە، ئەوی

تر لە من زاناترە، فیسار کەس ئیخلاسی لە من زیاترە. ئایا خودا دەرگای خۆی بەڕوومدا دەکاتەوە زیاتر لەوەی کە بەڕووی ئەواندا کردوویەتییەوە؟! ئایا کاریگەری وشەکانم لە وشەکانی ئەوان زیاتر دەکات؟! لەپای چی؟!".

بەڵێ، ئەمە خەیاڵاتێک بوو بە میشکمدا دەهات هەندێ جار زاڵ دەبوو بەسەرمدا و ساردی دەکردمەوە لە نووسینی گوتارەکان و وێنەگرتنی زنجیرە باسەکان، بڕێ جاریش زاڵ دەبووم بەسەریدا و کارەکانی خۆم ئەنجام دەدا، بەو برایەم گوت، بە هەموو ئەوانەش کە ئەم خەیاڵاتانەیان بۆ دێت ئەوە دەڵێم کە بە خۆمم گوت:

"ئیشی تۆ نییە! خوای گەورە دەرگای خۆی دەکاتەوە بەڕووی هەر کێدا بیەوێت بەوەی کە خۆی دەیەوێت، هەرکێشی بوێت سەری دەخات بۆ ئەو شتەی کە خۆی دەیەوێت. ڕەنگە فلان کەس و فیسار کەس لە تۆ باشتر بن و زانست و ئیخلاسیان لە تۆ زیاتر بێت و پلە و پێگەیان لای خوا لە تۆ گەورەتر بێت، بەڵام خوای گەورە دەرگای خۆی بەڕووی تۆ، یان هەر بەندەیەکی دیکەدا دەکاتەوە بە ڕەحم و بەزەیی خۆی، ئیدی خێر و چاکەیەکی زۆر لەسەر دەستی تۆ بەدی دێنێت کە لەسەر دەستی خەڵکی لە تۆ باشتر نایهێنێتە دی".

ئەوەی پێت وایە "خاکیی بوونە" لەم حاڵەدا بریتییە لە مەیلی شەیتان کە ساردت دەکاتەوە لە گەیاندنی خێر بۆ ئەوانی دیکە! دەروازەیەکی شاراوەی شەیتانە بۆ ڕۆشتنە نێو دەروونت وریای بە! هەر تورەبوونێک لەسەر ئایین و غیرەکردنێک لەسەری، هەر وێستێکی خێرێک بۆ خەڵکی و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا لەوەی شوێن باتڵ بکەون، هەر چرکەساتێک کە دڵت تژی دەبێت لە خۆشەویستی خودا و پەیامبەرەکەی و کتێبەکەی و بەرنامەکەی، پاڵت پێوە دەنێت بۆ وتنی وشەیەکی باش و بانگەوازکردن بۆ خێر و چاکە، ئەم شێوە ژیانەی نێو دڵت نوورێکە خوای گەورە پێی بەخشیویت، مافی ئەوەت نییە کە

لای خۆت بیوەستێنیت! بەڵکوو بیگوێزەرەوە بۆ ئەوانی دیکە.

بەڵێ، مافی ئەوەت نییە (وەک فەتوادانێک ئەم قسەیە ناکەم، بەڵکوو وەک ئامۆگارییەک بۆ هاندانت)، مافی ئەوەت نییە خێرەکە لای خۆت بوەستێنیت. لێمەگەڕێ شەیتان ساردت بکاتەوە لەژێر پەردەی خاکیی بووندا!

بەڵام پابەندی دوو شت بە:

١. نیەتت تەنیا بۆ خوا بێت، لەگەڵ ڕاستگۆیی و ڕاگرتنی هاوسەنگی، بەشێوەیەک ڕێزی پێشەوە نەگریت بۆ بانگەوازکردنی خەڵکی کەچی خۆت و خانەوادەکەت لەبیرکەیت کە مافیان هەیە بەسەرتەوە.

٢. لەو بابەتانەی کە قسەی تێدا دەکەیت با زانستت هەبێت، هەموو هەوڵ و کۆششیکیش بدە کە حەق بپێکیت، ﴿وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ ۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ [التوبة: ١٠٥] «بێژە: دەسا وەکارکەون، کاری ئێوە بەزووبی لەلای خودا و پێغەمبەری و خاوەن باوەڕان دیار دەدا و بەم زووانە دەبرێنەوە بۆ لای زانا بە نادیاری و دیاراب؛ ئەوسا ئاگادارتان دەکاتەوە کە چۆن کارێکتان کردووە».

گرتنەبەری هۆکارەکان

گەر هۆکارەکان بگرینە بەر ئەوە پەروەردگار بەرەکەت دەخاتە ئەو کار و کردەوە کەمەی کە توانیمان ئەنجامی بدەین و، هەوڵ و کۆششی خۆمان بە خەرجدا بۆی و، بە هۆیەوە شتی سەرسوڕهێنەرمان بۆ دێنێتە دی، چونکە ئێمە گوێڕایەڵیمان کردووە بەوەی هۆکارەکانمان گرتووەتە بەر و ئەوەی لە تواناماندا بووە ئەنجاممان داوە.

لە جەنگی خەندەقدا پێغەمبەر تا کۆتا سنوور هۆکارەکانی گرتە بەر:

١. سوودی لە ئەزموونی گەلانی دیکە وەرگرت بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سەلمانی فارسی.

٢. بەشێوەیەکی باش پلانی دانا.

٣. ئارامگر بوو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە کارکردن بۆ هەڵکەندنی خەندەق و دواتریش لەبەر پەرچدانەوەی بێباوەڕان لە کاتی هێرش کردنیان.

٤. مەعنەویاتی موسڵمانانی بەرزکردەوە و مژدەی پێیان دا دەربارەی فەتحکردنی چەن شوێنێکی گرنگ.

٥. سەرقاڵ نەبوو بە جەنگی لاوەکی لەگەل دووڕووەکان کە بەڵێنەکەیان نەبردە سەر.

٦. زۆر بە باشی وزە مرۆییەکانی بەکارهێنا وەک «نعيم بن مسعود».

٧. زانیاری بەدەست هێنا لەبارەی پلانی موشریکەکان و بەنی قورەیزە.

٨. پارێزگاری لە یەکڕیزی کرد و خۆی جیانەکردەوە لە هاوەڵەکانی، بەڵکوو وەک ئەوان برسی بوو و وەک ئەوانیش بەشداری کرد لە هەڵکەندنی چاڵەکەدا، وەختێ عبدالله بن جابر بانگهێشتی کرد کە نان بخوات نانی نەخوارد تا هاوەڵەکانی نانیان نەخوارد.

٩. لە هەموو ئەوانەدا جەختی لەسەر کار و کردەوەی دڵ و دوعا کردن دەکردەوە.

سەرباری گشت ئەوانەش سەرکەوتنی خودایی بەشێوەیەک هات کە چاوەڕوان نەدەکرا! ﴿وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا ۚ وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ ۚ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ [الأحزاب: ٢٥]، «خودا دوژمنانی دینی- وێڕای ئەو ڕقەی کە بوویان- کشاندەوە و هیچ بەهرەشیان دەست نەکەوت، لە جەنگدا خاوەن باوەڕان خودایان لایە، بەسیانە، خوا توانای بەدەستەڵاتە».

ساردبوونەوە هەر ڕووت تێدەکات!

هەندێ جار ساردبوونەوە هەر ڕووت تێدەکات و بڕێ جاریش غافڵ دەبیت، بەڵام: جیاوازی هەیە لەنیوان ئەوەدا کە هەست بکەیت لە لوتکەی چیاکانەوە کە خوای گەورە پێی ڕازییە بۆت دابەزیویت و هاتوویتە خوارەوە، ئیدی زۆری پێناچێت کە هەست بە ئازاری وێژدان و کەمتەرخەمی خۆت دەکەیت و سەرلەنوێ هەڵدەکشێیتەوە بۆ سەرەوە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام بی لە دانیشتن لەناو شیوەکاندا و بیر لە هەڵکشان نەکەیتەوە بۆ بەرزاییەکان.

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (هەموو کار و کردەوەیەک چالاکی و گەرم و گوڕییەکی هەیە، هەموو چالاکی و گەرم و گوڕییەکیش ساردبوونەوە و لاوازی بەدوادا دێت، ئەوەی لە کاتی سارد و سڕیدا لە سونەتەکەم نزیک بوو ئەوە ڕێی هیدایەتی گرتووە، ئەوەش لە کاتی سارد و سڕیدا بۆ لای شتی دیکە ڕۆشت ئەوە لەناو چووە).

ساردبوونەوە هەر ڕوو دەدات، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە کاتی ئەو ساردبوونەوەیەدا لە سونەت دانەبەزیت، کە لێرەدا مەبەست لێی پابەندبوونە بە فەرزەکان و دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان. بەندەی ژیر سوود لە فەترەی چالاکی و گەرم و گوڕبوونی وەردەگرێت بۆ ئەوەی بەرز بفڕێت، بەجۆرێک گەر تووشی ساردبوونەوە بوو لە ئاستی پێویست دانەبەزێت.

چیمان لەدەست دێ ئەنجامی بدەین؟

ڕەنگە ئەم سەردەمە باشترین سەردەم بێت کە بتوانین کار و کردەوەیەک ئەنجام بدەین کاریگەری لەسەر ژیانی ئوممەتەکەمان هەبێت و بە هۆیەوە ترازووەکەمان لای پەروەردگارمان قورس بکەین. چۆن؟

شکستی دەروونی دزەی کردووەتە ناو دڵی ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان، کە دەگەڵ خۆیدا گومان و شوبهەشی بۆ پەیداکردوون، زۆرێک لە گەنجانمان شارەزایی نییە لەبارەی سادەترین زانیارییە ئایینیەکان و هیچ پارێزەندییەکی فیکریی نییە لە بەرانبەر شوبهە و گومانەکان.

هەندێ زانیاری سادە بەنیسبەت تۆوە ڕەنگە ژیانیان بگۆڕێت و تێڕوانینیان بۆ شتەکان بە تەواوی بگۆڕێت، لەگەڵ کەمێک چاودێریکردن و گرنگیدان پێیان. ئەمە جیهادە بە هەموو ئەو مانایەی کە ئەم وشە لەخۆی دەگرێت. بۆ ئەوانەش کە سکاڵای ئەوەیان دەکرد کە تامەزرۆی جیهادن بەڵام قورسە ڕێگەی گەشتن پێی. ئا ئەوەتا ڕێگە کراوەیە لەبەردەمتان! کوا هیمەتەکانتان؟

گرنگیدانت بە گەنجێک کە لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ و، یەقینبە ئایین دەچێنیت تێیدا و گومانەکانی دەڕەوێنیتەوە و مەعنەویاتی بەرزدەکەیتەوە و ڕۆڵی خۆی بۆ ڕوون دەکەیتەوە، ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ ڕزگارکردنی لە ئاگری دۆزەخ! وە دەیگۆڕیت بۆ سەربازێکی دیکە لە سەربازانی ئیسلام، هەر ئەوە، گەر وازی لێبێنی، ئەوە دەبێتە نێچیری شەیتانە مرۆیی و جنۆکەکان و دەبێتە دوژمنێکی نوێ بۆ ئیسلام و خەنجەرێکی تازە لەسەر پشتی ئوممەت.

هیچ کار و کردەوەیەکی چاک بە کەم مەزانە، پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانە). ئوممەتەکەمان وەک نەخۆشێک وەهایە کە جەستەی گشتی زام و برینە بەڵام گرەنتیمان پێیە لە پەروەردگارەوە کە نامرێت. هەر دەرمانێکی بەسوود کە پێشکەشی بکەیت یارمەتیدەر دەبێت لە چاک بوونەوەی و گەڕانەوەی هێز بۆی گەر پاش ماوەیەکیش بێت.

بونیادنانی پڕۆژەکەت کە بە هۆیەوە خزمەتی ئوممەتەکەت بکەیت پێویستی بە پشوودرێژی و تێکۆشان لەگەڵ دڵ و تەمەڵی و ئارەزووەکانی

هەیە ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا﴾ [العنكبوت: ٦٩]، «ئەوانەی لەڕای ئێمە چوونە غەزا، ئێمەش ئەوان بەڕێگەی خۆماندا دەبەین».

فێربوونی ئەو زانستە سوودبەخشەی کە بە هۆیەوە منداڵی موسڵمانان دامەزراو و چەسپاو دەکەیت لەسەر باوەڕ لە گەورەترین پرۆژەکانە. ملیۆنان منداڵی موسڵمان هەیە کە بۆشاییەکی گەورەی هزرییان هەیە، ئەوەی زووتر دەگات پێیان کاریگەری لەسەریان دروست دەکات، ئەگەر ئەهلی ئارەزوو و شوبهەکان پێشتر گەشتن پێیان ئەوە لەگەڵ خۆیان پەلکێشی دۆزەخیان دەکەن، خۆ گەر تۆ پێش ئەوان گەشتی پێیان ئەوە دەستیان دەگریت بۆ بەهەشت بە ئیزنی خودا.

پێش ڕۆشتنە ناو مەیدانی کارکردنەوە، بەشداری بکە لەو خولە عەقیدەیی و هزریی و مەنهەجیانەی کە دەکرێنەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر ئومەمەتەکەمان، چەن زۆرن ئەم خولانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و چەندە بەسوودیشن بە فەزڵی خودا، کارنامەکانیشیان بەرچاوڕوونی تێدایە بەرانبەر واقیع و ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی کە هاتونەتە کایەوە.

تەنانەت ئەو کارە ڕۆتینیانەی کە بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئامانجی دونیایی ئەنجامت دەدان وەک خوێندن و کارکردن پاش بێداربوونەوەت چاوەڕێی پاداشت وەرگرتن دەکەیت لەسەریان و هەوڵ و کۆشش دەکەیت کە بە وردی ئەنجامیان بدەیت بە نیەتێکی باش و ئامانجێکی مەزنەوە کە دەتەوێت بەشداربیت لە ڕزگارکردنی ئومەمەتەکەت.

شتی زۆر لەبەردەمانە کە ئەنجامی بدەین، ئەوەشی کە تێیداین بەشێکە لە قەدەرەکانی پەروەردگار تا تاقیمان بکاتەوە کێمان کار و کردەوەی باشتر دەکات، ﴿فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾ [البقرة: ١٤٨]. «دەسا ئێوە بۆ چاکە کێبەرکێ بکەن»، ﴿سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾

[الحدید: ٢١]. «کێبەرکێ بکەن بۆ بەخشینی پەروەردگار و ئەو بەهەشتەش کە پانایی، بە پانایی ئەم ئاسمان و زەمینەیە».

﴿وَسَارِعُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٣]. «پەلە بکەن بۆ گەیشتن بە بەخشینی پەروەردێنتان و بەهەشتێ کە پانایەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەمینە و سازکراوە بۆ ئەوانەی لەخواترسن».

بە ڕۆحییەتێکی تێکۆشەرانە بژی

ئایەتەکانی جیهاد و شەهیدی دەخوێنیتەوە و ئاواتەخوازی کە بەنسیبت بێت؟ دڵت دەسوتێ بۆ حاڵی موسڵمانان و هەست دەکەیت کە هیچت پێناکرێت؟ نەکەی بێهیوا بیت و بشکێیت، بەڵکوو بە ڕۆحییەتێکی تێکۆشەرانە بژی.

فێری زانستە سوودبەخشەکان بە لە بواره جیاوازەکاندا، سروشتی و شەرعییەکان، بە هیمەتێکی تێکۆشەرانە و، هێز و گوڕی تێکۆشەرێک، وا بێنە بەر چاوت کە ئەم زانستانە مەیدانی جەنگی تۆیە، کە بە هۆیەوە پانتاییەکی زۆر لە دڵ و ئەقڵی خەڵکی پاک دەکەیتەوە لە گومان و شوبهەکان، لە بێهیوایی و شکست، وە شورای خۆشەویستی و بەرز ڕاگرتنی خودا بونیاد دەنێی کە نارمێت. دڵخۆشیت بەم کارەت کە هیچی کەمتر نییە لە ڕزگارکردنی خاک و زەوییەکان.

ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانت وەک باوک، کوڕ، مێرد، برا، مامۆستا، دراوسێ، خاوەن پیشە بەجوانی جێبەجێ بکە، بە ڕۆحییەتێکی تێکۆشەرانە، کە بەجوانی کارەکەی ئەنجام دەدات و مافی هەموان دەدات و، دەزانێت وەختێ ڕۆڵەکەی بەجوانی دەگێڕێت وەک ئەوە وایە لە جەنگەکان بردبێتیەوە. وە کاتەکانی لە

جەنگی لاوەکی یاخود گەمەی بێ ئامانج بەفیڕۆ نادات.

وتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بهێنەوە یاد خۆت کە بەو کەسەی وت هاتبوو بۆ جیهاد: (دایک و باوکت زیندوون)، گوتی بەڵێ، ئەویش فەرمووی: (جیهاد و تێکۆشانی تۆ لەگەڵ ئەوانە).

ناچارنیت خۆت ناڕەحەت کەی لەبەرئەوەی جیهاد و تێکۆشانت نەکردووە، ئیدی بێهیوا بیت و خەڵکیش بێهوا کەیت، تووڕە و گرژ و مۆن بیت لەگەڵ دایبابت، هاوسەر و منداڵەکانت، بیان تۆرێنیت و خەڵکیش بتۆرێنی و،ببیتەخەمێکی نوێ بۆ ئۆممەتەکەت و خزمەتکاری دوژمنەکانت بێ ئەوەی هەستی پێبکەیت!

بەڵکوو با دەروونت هاوشێوەی دەروونی ئەو تێکۆشەرانە بێت کە خوای گەورە خۆشی دەوێن: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾ [سورة المائدة: ٥٤]. «لە حاندی خاوەن باوەڕان نەرم و نیان دەبزوونەوە و لە بەرانبەر دین دوژمنان، سەربڵند و توند و تیژن؛ خەزا لە ڕای خوا دەکەن و لە تەشەری سەرکۆنەکەران ناترسن»، تێکەۆشەرێکی بە عیززەت و بەشکۆ بەرانبەر بێباوەڕان و نەرم و نیان لەگەڵ موسڵمانان.

بە ڕۆحییەتێکی تێکۆشەرانە بژی، ئەو دەمە بەرگەی هەموو ئەو نازار و خەنجەرانە دەگریت کە دووچاری دەبیتەوە لەپێناو کۆشش و چەسپاوییت، چونکە تۆ: تێکۆشەریت، تێکۆشەریش بریندار دەبێ و خەنجەری بەردەکەوێت، بەڵام بەردەوامە لە پێشکەوتن بەوپەڕی دڵنیاییەوە، هەر چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکرێت، چۆن نا؟! ئەو تێکۆشەرە.

بەڵێ، بە ڕۆحییەتێکی تێکۆشەرانە بژی، داواکارم لە پەروەردگار کە ئەمە ببێتە هۆکارێک کە جیهاد و تێکۆشانمان بەنسیب کات بە گیان و مالّ و شەهید بوون لەپێناویدا بە من و ئێوەش ببەخشێت.

گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی سەرەتا

سەرباری هەموو ئازارەکان بەڵام من گەشبینم بەرانبەر ئەوەی بەسەر ئوممەتەکەماندا ڕادەبورێت، لە هۆکارەکانی گەشبینیم ئەوەیە کە ئەم ڕووداوانە هەڵگرانی خەمی ئوممەت ناچار دەکات کە زمانی قسەکردنیان لەگەڵ خەڵک ڕاست بکەنەوە.

"برام نوێژەکان بکە"، "خوشکم باڵاپۆش بە"، "واز لە گوێگرتن لە گۆرانی بێنە"، "واز لە تەماشاکردنی زنجیرەکان بێنە"، ئەم جۆرە گوتارە لەسەر ئەو گریمانە بونیادنرا بوو کە ئەوانەی گوێبیستی ئەم گوتارە دەبن هیچ کێشەیەکی عەقیدەییان نییە، ئەوەی کە پێویستیانە ئەوەیە بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە لەبارەی ئەوەی ئەنجامی بدەن یان وازی لێبێنن، لەگەڵ کەمێک هاندان لەسەر دینداریی و ترساندنیان لە سەرەنجامی دوورکەتنەوە لە ئایین.

ئەم گوتارە بەوە تێکەوتبوو کە ئەو کەسانەی قسەیان بۆ دەکرێت موسڵمانن و لەناو خانەوادەی موسڵمانانن، لە ئوممەتی یەک ملیار و نیو، بۆیە پرسی بابەتە یەقینییەکان دەبێ یەکلایی بووبێتەوە لەلایان. من سااڵنێکی زۆرە هەستم بەوە کردووە کە ئەم گوتارە باز بەسەر کێشە بنچینەییەکەدا دەدات، کێشەی لاوازی لەبارەی بابەتە یەقینییەکان لە دڵ و دەروونی خەڵکی، بۆیە ئەو دەرەنجامەی کە چاوەڕیدەکرا بەدی نەدەهات.

ئێستا، لەگەڵ توندی هێرشەکە، قەناعەتی زۆرێک تووشی لەرزین بووە، کۆمەڵێک گومان سەر ئاو کەوتوون، بەنداوی یەک ملیار و نیو درزی تێبووە و ئەوەی دەیەوێت دزە دەکاتە دەرەوە، چاکەخوازانیش گلەیی ئەوە دەکەن کە ئەوانەی وا گومان دەکرا کە موسڵمان بن دەستیان کردووە بە پرسیارکردن لەسەر شتە سەلمێنراوەکانی نێو ئایین و گومانی لێدەکەن، یانی گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی سەرەتا و، دەستمان کردووە بە بانگکردنی ژمارەیەک لە

"موسڵمانان" بۆ ناو ئیسلام!

دەزانن براکانم: ئەمە خەیرە! بەڵێ، خەیر، بگەڕێیتەوە عەقیدە لە خشتەکانی سەرەتاوە بونیادبنێیتەوە و بیچەسپێنیت بەرلەوەی دەستکەیت بە باسکردنی حوکمەکان و حەرام و حەڵاڵ، ئەمە ئاڕاستەی گوتاری وەعزیی ڕاست دەکاتەوە کە بازی بەسەر کێشە حەقیقیەکەدا دەدا.

هەروەک بانگەوازیش دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی دامەزراندنی نەبەوی کە دایکی باوەڕداران عائیشە (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) باسی دەکات: (یەکەم شت کە دابەزی لێی -یانی لە قورئان- سورەتێک بوو لە المفصل، کە باسی بەهەشت و دۆزەخ کرابوو، تا ئەو کاتەی کە خەڵکی گەڕانەوە بۆ ئیسلام ئیدی حەڵاڵ و حەرام دابەزی، خۆ ئەگەر یەکەم جار، ئایەتی (ئارەق مەخۆنەوە) دابەزیبا، ئەوە دەیانوت: هەرگیز واز لە ئارەق خواردن ناهێنین، وە ئەگەر: ئایەتی (زینا مەکەن) دابەزیبا، ئەوە دەیانگوت: هەرگیز واز لە زیناکردن ناهێنین). (البخاری)

لەگەڵ بەشێک لە بانگخوازان گەڕاینەوە بۆ بابەتە یەقینیەکان: «الله، پەیامبەرێتی، پاشەڕۆژ»، لەوانەیە شتێکی ئازاربەخش بێت کە گەڕاوینەتەوە بۆ چوارگۆشەی سەرەتا، بەڵام بڕوام پێکەن بونیادنانی تووندوتۆڵ لێرەوە دەست پێدەکات، نەک لە خەڵەتاندنی خۆمان بە باسکردنی ژمارە و ملیار و ئەوەنە کە پێغەمبەر (ﷺ) بەم شێوە باسی دەکات: (بەڵکوو ئێوە ئەو ڕۆژە گەلێک زۆرن، بەڵام وەک بڵق و کەفی سەر گۆماو وان)!

ئەم گەڕانەوەش بۆ چوارگۆشەی سەرەتا بە ئیزنی خودا ئەنجامی مەزنی دەبێت، لەسەر ئیمانی خۆمان و ئیمانی ئەوانەش کە بانگەوازیان دەکەین. گرنگ ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ئەوە ببینەوە بەوپەڕی هیمەت بەرزی و یەقینەوە، تا سەرکەوین لەم تاقیکردنەوەدا و، ئەوەی دەتوانین ڕزگاری کەین ڕزگاری بکەین.

مژدەتان لێبێت ئەوەی کە ئێمە بە شەڕ و خراپە دەیبینین ڕەنگە ئەوە بێت کە ئاوی خێری مەنگ بشڵەقێنێت و، ببێتە مایەی دەرکردنی گەوهەر لە دەروونی بڕوادارانی، ئەنجامی کۆتاییش: هێنانی خێر بێت بۆیان و بەدەستهێنانی دەرەجەی عالی و، سەشۆڕیش بۆ بێباوەڕ و دوورووەکان، ئەمانە کۆمەڵە ڕووداوێکن کە کۆمەڵێک بەرز دەکەنەوە و کۆمەڵێکی دیکە نزم دەکەنەوە، ﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ﴾ [الأحزاب: ٦٢]. «شێوەی کاری خوا لەناو پێشینەکانی ڕابردووشا هەروابووە».

(لا حول ولا قوة إلا بالله!)

کۆمەڵە دەستەواژەیەک گوێبیستی دەبین و دەیخوێنینەوە: "تەماشاکە چۆن گاڵتە بە موسڵمانان دەکەن، لا حول ولا قوة إلا بالله!"، "بنواڕە چۆن خراپە بڵاودەکەنەوە، حسبي الله ونعم الوكيل!"

-هاوڕێکەم، چ سوودێکت بینی لەم قسەیەت؟

+"تا خەڵکی بزانن چی ڕووەدات"

- دواتر چی؟ ئایا کۆمەڵێک هەنگاوی کردەییت بە خەڵک گوتووە بۆ بەگژدا چوونەوەی ئەم خراپەیە؟ ئایا گۆڕانی حەقت بە بەڵگە و زانستەوە فڕداوە تا هەموو ئەوە بێچێتەوە کە گومڕایان بڵاوی دەکەنەوە و جادووەکە بەسەر خۆیاندا قڵپکاتەوە و خەڵکی لە گومڕاییەکانیان ڕزگارکات؟ یان تەنیا ئاخ و حەسرەت کێشانە؟

بواڕەکانی سەرخستنی ئیسلام لەبەردەمماندا والّایە، بەشێوەیەک کە هاوشێوەی نەبووە لە ڕابردوودا، بەش بە حاڵی خۆم جەنگی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و ڕاستکردنەوەی چەمکەکانم هەڵایساندووە، چیدیکە کاتم نییە بۆ

ئاخ و حەسرەت کێشان بۆ بارودۆخی خەڵکی! ئازار دەچێژم، تورە دەبم لەپێناو خودا، پاشان ئەو ئازار و تورەییەم دەگۆڕم بۆ هۆشیارکردنەوە و بەرگریکردن لە حەق و هەڵمالێنی باتڵ و خەڵکەکەی، دواتر دەرەنجامەکە دەبینم لە بیر و هزری خەڵکی و خۆشەویستییان بۆ خودا و شانازیکردنیان بە ئایینیانەوە، ئیدی دڵخۆش دەبم و هیمەتم زیاتر دەبێت و بەردەوام دەبم.

ئەگەر خەم لە شتێک بخۆم، ئەوە بۆ ئەو کاتانەی تەمەنمە کە کەمتەرخەمیم کردووە لە سوود وەرگرتن لێیان، گەر لە شتێکیش بترسم، لەوەیە کە مردن یەخەم بگرێت بەرلەوەی ئەو ئەرکانە تەواو بکەم کە بۆ خۆم داناوە. سەرمەشقی من پێغەمبەرە (ﷺ) کە هیچ دەستەواژەیەکی ئاخ و حەسرەت کێشان پاشان دانیشتن و نائومێدبوون لەناو ژیاننامەکەیدا نابینیت! تەنانەت لە قۆناغی پڕ ئازار و دژواری مەککەشدا.

لە قۆناغی خەم خواردندا مەوەستە. بڵێ (لا حول ولا قوة الا بالله) و لەڕێیەوە هێز و کۆمەکی وەرگرە لە خودا بۆ جەنگەکەت بەرانبەر باتڵ و شوێنکەوتووانی، بڵێ (حسبی الله و نعم الوکیل) کە مەبەستت ئەوە بێت کە تەنیا پەروەردگارت بەسە و، دڵخۆش بێت بەوەی یار و پشتیوانتە ﴿وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ﴾، «چاکترین پشت و پەنامان تەنیا ئەوە».

سەردارانی ئەوان، ئەو پردەن کە داواکارین لە خودا بەسەریدا بپەڕینەوە بۆ بەهەشت و ئەوانیش بکەونە ناو دۆزەخەوە! ڕامکراون بۆمان تا بە تێکۆشان بەرانبەریان لە خودا نزیک بینەوە و بێبەش نەبین لە شەرەفی تێکۆشان و جیهادکردن بە قورئان ﴿وَجَٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا﴾ [الفرقان: ٥٢]، «هەموو هێز و تواناوە هەر بە گژیاندا وەرەوە!

پشت بەخودا ببەستە و دڵتەنگ مەبە، ﴿وَقُلْ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَانْتَظِرُوا إِنَّا مُنْتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ

وَالْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الْأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [هود: ١٢١-١٢٣]. «بەو کەسانەش کە باوەڕیان نییە بێژە: هەرچیتان لە دەست دێ بیکەن؛ وا ئێمەش کاتی خۆ دەکەین. چاوەڕوا بن ئەوە ئێمەش چاوەڕێین. هەر شتێکی بەرپێوارە -لە ئاسمان و زەمیندا- گشتی بۆ خودان؛ هەموو هۆکارێک هەر سەربەوە، سا تۆ هەر ئەو بپەرستە و چارەنووست بەو بسپێرە، هەر کارێ ئێوە دەیکەن، پەروەردگار لیی بێ ئاگا نییە».

لاوازی چێندراو

پاش ماوەیەکی زۆر پشکنین و بەدواداچوون، بۆم دەرکەوت کە گەورەترین سەرکەوتن دوژمنانمان بەدەستی بێنن بەسەرماندا ئەوەیە کە لاوازی بچێنن تێماندا، و برۆن! هەر خۆمانین، نە شمێرەکانیان لەسەر گەردنمانە، نە قامچییەکانیان لەسەر پشتمانە، نە کۆت و زنجیریان لەدەستمانە، نە لەژێر چاودێریانداین.

سەرباری ئەوەش هەست بە شکست دەکەین، بە لاوازی، بە بچووک تەماشاکردنی خۆمان، بێکەڵکی هەر ئیشێک کە بیکەین، هەر دەستپێشخەرییەکیش بکەین بۆ چاککردنی بارودۆخمان ئەوە پێش لەدایکبوونی لەباری دەبەین، بۆیە هەر هەوڵ نادەین! بەڵکوو هەندێکمان گەشە بەم هەستە لەناوبەرە دەدات لەوانی دیکەدا، لەڕێی ئەو قسە نەرێنیانەی کە دەیهاوێژین.

بۆ ئەوەی تۆوی لاوازی بەزیندوویی تیاماندا بمێنێتەوە تەنیا ئەوە بەسە کە دوژمنانمان هەموو فەترەیک ئاوی بدەن، بە فشار خستنەسەر دەستپێشخەرییەکی هیوابەخش لێرە و داخستنی دەرگایەکی خێر لەوێ، بە سوود وەرگرتن لە خراپ پێناسەکردنمان بۆ سەرکەوتن، کە بیرمان دەچێت هەموو کارێکی خێر

موسڵمانێک بە نیەتێکی باشەوە ئەنجامی بدات سەرکەوتنە و، ئەجرێکە کە چاوەڕی دەکرێ بە کەڵەکەبوونی بەرەکەتی ئەو کارە و هاوشێوەکانی خوای گەورە دەرووی خێر لەم ئومممەتە بکاتەوە و، دەرچەیەکی بۆ بکاتەوە گەرچی ئەو خێرەش وا دەرکەوێت کۆتایی هاتووە.

وریای ئەم تۆوی لاوازییەی ناوت بە، سوێند بەخودا زیانی زیاترە بۆت لە هەموو چەکەکانیان، بۆیە دەبینیت خوای گەورە وریایی دەدات لەبارەی ئەم لاوازییە: ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٩]، «با سستی ڕووتان تێنەکا و خەمیش مەخۆن، هەر ئێوەن کە سەردەکەون، ئەگەر بڕواتان بە خوا هەبێ».

هەوڵبدە وەک ئەوانە بیت کە پەروەردگار لەبارەیانەوە دەڵێت: ﴿فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا ۗ وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٦]، «هەرچەند بەڵا لەڕێی خوا تووشی هاتن، نە هیچیانی سست کرد و نە زەبوونی ڕووی تێکردن. لەوانەی کە خۆڕاگرن، خوا خۆشی دێ».

ئارام بگرە، یەقینت بێت، کار بکە بێ بێزاربوون و، دڵخۆش بە بە ڕەحمەت و بەزەیی خودا، و ﴿سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾ [الطلاق: ٧]، «خوا زوو لە پاش تەنگانە فەرحانی دێنێ».

سوپاسی خودا دەکەم کە لەم سەردەمەدا لەدایک بووم!

لە نوێژگەی جەژندا، تەماشای گوتارێژەکەم کرد کە لە ئاستێکی کەمێک بەرزتر وەستابوو و لەبەردەمیشیدا ژمارەیەکی زۆر خەلکی لێبوو، وێنای دیمەنێکی هاوشێوەی ڕۆژی قیامەتم کرد: وام خەیاڵ کرد کە پێغەمبەری خودا محمد (ﷺ) وەستاوە و لەچواردەوریدا ئەو کەسانەی نێو

ئوممەتەکەی وەستاون کە دەچنە بەهەشتەوە.

لە دڵی خۆمدا وتم: "ئوممەتی محمد، هەیە چەندین سەدەیە مردووە، خەڵکی ئەم سەردەمەش، ئەوانەش کە لەدوای خەڵکی ئێستاوە دێن، ژمارەیان بە ملیاران کەسە! خۆ ئەگەر بازنە بە بازنە بەدەوری پێغەمبەردا ڕیز ببەستن، من لە کام بازنەیان دەبم؟! ئاخۆ من لەپەڕی پەڕەوە دەبم؟ پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەبینم وەک چۆن ئەستێرە پرشنگدارەکان دەبینم لە دوورەوە؟ یان نزیکتر دەبم، وەختە شێوەی جیاکەمەوە و گوێم لە دەنگی بێت، بێ ئەوەی وشەکانی لێک جیاکەمەوە؟

یان نزیک دەبم لێوەی، تاسەم دەشکێت بە دیتنی ڕووی موبارەکی کە دەدرەوشێتەوە بە ڕزگاربوونی ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت لە ئوممەتەکەی، ئەوە ڕووخساری ئەوە کە گەر دڵخۆش بێت وەک پارچەیەک لە مانگ دەدرەوشێتەوە وەک لە فەرموودەدا هاتووە، ئەوسا ڕووخساری بە تەواوی دەبینم و هەموو وشەکانی بەباشی دەبیستم."

لەوانەیە یەکێک بڵێت: "ئایا کۆبوونەوە دەبێت لەچواردەوری پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی قیامەتدا؟" منیش دەڵێم: "ئایا گوێبیستی ئەو فەرمایشەی نەبووی کە دەفەرموێت: (لە خۆشەویسترین و نزیکترین کەستان لێمەوە لە شوێنی دانیشتندا ڕۆژی قیامەت، و لە بێزراوترین و دوورترین کەستان لێمەوە لە شوێنی دانیشتندا لە ڕۆژی قیامەت)، دووری و نزیکی هەیە."

"من لەکوێی ئەو بازنەیەدا دەبم؟"

گەر لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی شکۆداری ئوممەت و بەهێزبیدا لەدایکبوومایە، ڕەنگە خواستم بۆ ئەوەی لە بازنەیەکی نزیک لە پێغەمبەر بم کەمتر بووایە! بەڵام کە لەم سەردەمە دژوارەدا لەدایک بووم، گەر خوای گەورە دامەزراوی پی بەخشیم لەسەر ئایینەکەم و بەکاریهێنام بۆ چەسپاندنی

خەڵکی دیکە و، بڵاوکردنەوەی شانازیکردن بە ئیسلام لەنێو دڵ و دەروونی منالّی موسڵمانانداا، ئیدی بۆچی تەماحم نەبێت؟!

بۆچی تەماحم نەبێت کە گوێ لە پێغەمبەر (ﷺ) دەگرم دەفەرموونت: (عیبادەتکردن لە سەردەمی فیتنە وکوشتار و شەڕ و ئاشوبدا وەکو کۆچکردن وایە بۆلای من) (صحیح الجامع)، بەمەش کارکردنم لە دونیا کە وەک کۆچکردن وەهایە هۆکارێکە بۆ ئەوەی «کۆچ بکەم» بۆ بازنەیەکی نزیک لە پێغەمبەر لە ڕۆژی قیامەتدا.

سوپاسی خودا دەکەم کە لەم سەردەمەدا لەدایک بووم، سەرباری دژواری و، خەمەکانی و، هەموو ئەوانەی کە تێیدایە، ئەمانە هەمان ئەو هۆکارانەن کە تەماحم پێدەدەن لەوەی نزیک بم لە پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی قیامەت. ئەم دڵنیاییەم بەسە لەم بارەوە کە ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٨٦]. «هاوکاری دێت لە خواوە بەپێی توانا و پێویستی ئەو کەسە بۆ کارەکە».

جا ئیتر لە چی بترسم؟ دڵتان خۆش بێت برایانم، وازبێنن لە دەستەواژەی ئازاربەخش و سکاڵاکردن لە واقیع، لەکاتێکدا ئەو واقعەی ئێستا هەڵێکە بۆ ئێوە! بۆ ئەوەی شوێنێکی نزیک لە بازنەیەکی نزیک لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆ خۆتان بەدەست بێنن .

حوکمی نوێژنەکەر چییە؟

لە شێخ محمد غەزالیان پرسی: "حوکمی نوێژنەکەر چییە؟" وەڵامیدایەوە: "ئەوەیە کە دەستی بگریت و لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ نوێژ".

وەڵامێکی جوانە پێویستی بە هەڵوێستە لەسەر کردنە. شێخ دەیزانی مەبەستی ئەو کەسە چییە کە پرسیارەکە دەکات، دەیەوێت شێخ بڵێت: "نوێژنەکەر

کافرە"، یان "کافر نییە" یان " گومڕایە"، بەڵام شێخ ئەو کەسەی ئاڕاستە کرد بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆششی لەپێناو چاککردنی حاڵی کەسی نوێژنەکەردا بێت بە نەرمکردنی دڵی و تەماع خستنەر بەردەمی و ترساندنی تا لەگەڵی بڕوات بۆ مزگەوت.

گەنجانی ئوممەتی محمد (ﷺ) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەناعەتم پتر دەبێت بە باشی و نزیکییان لە چاکە و داننانیان بە ڕێساکانی پەروەردگاریان گەر بە بێ میکیاژ و شێواندن و خاترگرتن بانگەواز بکرێن بۆ ئیسلام، لەهەمان کاتدا لەگەڵ دەرککردنی ئازار و هیواکانیان و ئەو سەرلێشواندنەی کە دووچاریان دەبێتەوە و، متمانەبوون بەو فیترەتەی کە خوای گەورە لە دڵ و دەروونیاندا چاندوویەتی.

هەندێ هەڵسوکەوت و گوفتاری ترسناک دەربارەی ئایین لەلایەن هەندێکیانەوە دەردەچێت. کە ڕەنگە ئەوەی دەیانبینێت وا گومان ببات کە گومڕایی ڕەگ و ڕیشەی داکوتیووە تێیاندا.

بەڵام، تۆز و گەردی سەر فیترەتیان بتەکێنە، وەحییان بەبیرێنەوە، بەجوانی قسەیان لەگەڵ بکە، ڕەچاوی شتە لەپێشینەکان (ئەولەویات) بکە، خۆشەویستی خودا و پەیامبەرەکەی بوروژێنە لە دڵ و دەروونیان، بۆیان دەرخە کە تۆ چاکەی ئەوانت دەوێت و، هیچ پاداشتێکت لێیان ناوێت و ڕێگەش نادەی گوتارەکەت ملکەچی هەوا و ئارەزووی وان بێت، ئیتر تەماشاکە چ شتێکی سەیر و سەمەرە ڕوودەدات لەپاش ئەوە! دوورکەوتنەوەیان لە شەریعەت دەگۆڕێت بە خۆشویستن و بەرز ڕاگرتنی، گەرچی هەندێ جار درەنگ بڕیار بدەن، بەڵام دان دەنێن بەوەدا کە بە هۆی لاوازیی خۆیانەوە بووە کە دواکەوتوون.

کار و کردەوەی خراپ کە ڕاهاتوون بە ئەنجامدانی، لە چرکەساتێکدا سوێند دەخۆن کە ئیدی نەگەڕێنەوە بۆی بە هۆی گەورەبوونی خۆشەویستی

خودا لە دڵیان ئیدی ئەم خۆشەویستییە زاڵ بووە بەسەر خۆشویستنی ئەو گوناهانەدا، ڕەنگە سوێنەکانیان بشکێنن و بگەڕێنەوە بۆ سەر کار و کردەوە خراپەکانیان، بەڵام گەر قسەیان بۆ بکرێتەوە تەوبە و پەشیمانی دەردەبڕن و ڕێگەی خودا دەگرنە بەر بە شەڵەشەڵ و قاچی شکاوەوە.

من وەختێ تەماشای ئەو نموونە و نموونەی تر دەکەم و ئەم هەڵوێستە و ئەو هەڵوێستی دیکە دەبینم ئەو دیمەنەی پێغەمبەرم (ﷺ) دێتەوە یاد کە فەرمووی: (پەروەردگارم ئوممەتەکەم ئوممەتەکەم) و گریا. خوای گەورەش جوبرەئیلی نارد لای تا ئەرخەیان بێت: (بڕۆ بۆ لای محمد، پێی بڵێ: ئێمە ڕازیت دەکەیت لەبارەی ئوممەتەکەت و، دڵگرانت ناکەین) (رواه موسلیم).

ئوممەتی محمد تووشی گومڕابوونێکی وەها نابێت کە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دڵگران بێت لەبارەی سەرەنجامییەوە لەڕۆژی قیامەتدا، بەڵکوو لە هەموو سەردەمێک لە سەردەمەکانیدا خەڵکێکی زۆری تیا دەبێت کە دڵخۆش دەبێت پێیان و پیایانا دەنازێت لەلای ئوممەتەکانی دیکە.

بەڵێ، زانینی حوکمی ئەو کەسەی ئەوە و ئەوە دەکات و، لەوەی کە ئایا یەکێک لە هەڵوەشینەرەکانی ئیسلامی ئەنجامداوە یا نا، زانینی ئەوە گرنگە چونکە حوکمی شەرعی و شێوازی مامەڵەکردنی لەسەر بونیاد دەنرێت. بەڵام دەبێت هەنگاوی یەکەم بێت بۆ چاککردنی حاڵی هەڵەکاران بە چاولێکردن لە دڵسۆزی ئەو پێغەمبەرەی کە شوێنکەوتەی ئەوین و دەیگوت: (پەروەردگارم ئوممەتەکەم ئوممەتەکەم).

وەلێ وەستان لە ئاست دەرکردنی حوکم بۆ خەڵکی کەلێنێکی گەورەی دروستکردووە و پاڵی بە زۆر تاقمەوە ناوە کە ڕۆبچن لە کافرکردن و گومڕاداناني خەڵکی و، بووە هۆکاری ماندووکردن و تۆراندنی گەنجانی ئوممەت، لە بەرانبەردا چەن تاقمێکی دیکە دەستیان کرد بە شڵەوی و کەم

ڕوانین لە گوناهە گەورەکان و لەناوبەرەکان (الموبقات). خەسارەتمەندیش لە هەردوو حاڵەکە: گەنجان و لاوانی ئومەتن!

کاربکەن بۆ چاککردنی حاڵی ئومەت، دڵنیاش بن کە سەرکەوتوو دەبن، چون ئەمانەتان لەگەڵە: فیترەت کە خوای گەورە لە دڵ و دەروونیاندا چاندوویەتی و، وەحی پارێزراو کە بانگەوازی ئەم فیترەتە دەکات و، مژدەی پەروەردگار کە ئەم ئومەتە نابێتە هۆی دڵگرانی پەیامبەرەکەی (ﷺ): ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ۝ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ [الصف: ٨-٩]، «گەرەکیانە تیشکی خودا هەر بە فووی دەم وەکوژێنن. خواش تیشکی خۆی هەر سەردەخا؛ جا با خودانەناسانیش خۆشیان نەیە. ئەو خودایە پێغەمبەری خۆی بەڕێکرد، بۆ ڕێبەری و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، تا سەری خات بەسەر هەموو دینەکاندا؛ جا با بی پەرستەکانیش خۆشیان نەیە».

لە سەرەتاکانی تەمەنی لاویمدا

لە سەرەتاکانی لاویمدا ترس و خۆشەویستی خودا لە دڵمدا بوو. بەڵام لایەنی ترس زاڵ بوو بەسەرمدا، هەردەم ترسی کەوتن لە تاقیکردنەوە مێشکی داگیرکردبووم، خوای گەورە تووشی تاقیکردنەوەی کردم، لە هەموو ئەو جارانەشدا لەگەڵم بوو و ئارامی پێ دەبەخشیم، بە ڕەحم و بەزەیی خۆی دایدەپۆشیم، بە ئەندازەی ئەوە تاقیدەکردمەوە کە بەرگەی بگرم، ئەگەر توند و تۆڵتر ببومایە ئەوە ئامادەی دەکردم بۆ تاقیکردنەوەی گەورەتر و، لەناواخنی تاقیکردنەوەکانیشدا مژدە و بەخششی دادەنا بۆم، پاشان ئەو لایەنەمی نیشانی خەڵک دەدا کە شایەنی ستایشکردن بێت و لاوازییەکانی دادەپۆشیم.

ئەو ساتە چاوەڕوانکراوەی کە لێی دەترسام هەر نەهات، ساتێک کە خوای

گەورە بە هۆی تاوان و خراپە و سەرپێچییەکانمەوە وازم لێبێنیت، بەڵکوو ڕۆژەکان تێدەپەڕین و میهر و سۆز و بەزەیی زیاترم لە خوداوە بۆ دەهات، ئیتر بۆم دەرکەوت کە ئەو میهرەبانتر و بە بەزەییتر و بەسۆزترە لەوەی کە گومانم دەبرد، ئیدی خۆشم ویست لەبەر ئەو سیفاتە مەزنانە و خۆشویستنی لەدڵمدا هاوتای ترسانم بوو لێی.

منداڵ دەبینێ باوکی فڕێی دەداتە ناو ترسەوە، لەسەر قاچی دەیوەستێنێت تا فێری ڕۆشتن بێت لەپاش سنگەخشکێ، فڕێی دەداتە ناو ئاوەوە تا فێری مەلەکردن بێت، هەموو جارێکیش کە دەکەوێت دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکات و هەڵی دەستێنێتەوە، ئیتر منداڵ باوکی خۆشدەوێت کە دەیترسێنێت تا فێر بێت و بەهێز بێت و پلەکان ببڕێت، دەست دەکات بە ڕۆشتن و لەسەر ڕووخساری ترسێکی تێکەڵ بە پێکەنین و دڵخۆشی هەیە، لە سینەشیدا دڵێک هەیە کە بۆ خۆشەویستی باوکە پەروەرشیارە مامۆستاکەی لێدەدات. وللە المثل الأعلى.

وانەیەک کە فێری نەدەبووم و، خۆشەویستییەک کە نەم دەچەشت گەر تاقیکردنەوەکان نەبوایە، نەبەخودا حەزم نەدەکرد ببەخشرامایە لەو تاقیکردنەوانە، بەڵام ئەو بەخششانەم بەدەست نەهێنایە. خەڵکینە، پەروەردگارتان خۆش بووێت و متمانەتان بە ڕەحمەت و حیکمەتی هەبێت.

خێرێکی زۆر لە ئوممەتدا هەیە

لەگەڵ کەڵەکەبوونی ئەزموونەکاندا، زیاتر و زیاتر بۆم دەردەکەوێت کە خێرێکی زۆر لە ئوممەتدا هەیە و، زیاتریش لەو وەسفە نەڕێنییە گشتیگرانە دووردەکەومەوە کە خەڵکی بە ترسنۆکی و ئامادە نەبوون بۆ قوربانیدان و کەمی جوامێری وەسف دەکەن!

خێرێکی زۆر لە ئوممەتدا هەیە، زۆر گەورەتر لەوەی بەدەردەکەوێت لە کشوفشی باتڵ و شوێنکەوتووانی و سەرئاو کەوتنی کەف و بڵقیان، خەڵکی ئامادەن بۆ هەوڵ و کۆشش و بەخشین و قوربانیدان، بەڵام لەپێناو دۆسیەیەکی ڕوون و قایلکەردا، لە ناخیشیان سەرچاوەی خێر و وزەی شاراوە هەیە کە چاوەڕێی هاندان و بەرزکردنەوەی هیممەت دەکەن، لە کەسانی سەرمەشقی چاکەکارەوە کە ڕەفتارەکانیان پێچەوانەی گوفتارەکانیان نەبێت.

وەسفە نەرێنییە گشتگیرەکان کە بەرانبەر خەڵکی بەکاریان دێنین زۆرجار گوزارشتە لەو شکستەی کە تێیکەوتووین، لە بەرزکردنەوەی هیممەت و بژارکردنی دۆسیە ڕوونە قایلکەرەکان و نیشاندانی نموونەی باش بۆیان لەڕێی کار و کردەوەکانمان، ئیدی ئەو کاتە بەدوای پاساوێکدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی بۆ شکستەکانمانی بهێنینەوە.

زۆر جار باسی فەرموودەکانی کۆتا زەمان دەکەین کە خێر و چاکە زۆر کەم دەبێتەوە لەناو خەڵکەکەیدا، بەڵام هێشتا نەگەشتووینەتە ئەو قۆناغە و مەرجەکانیشی نەهاتووەتە دی.

کە ئەم قسانە دەکەم ئاگاداری هەموو ئەو خراپەیەم کە لەناو ئوممەتدا تەشەنەی سەندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا خێر و چاکەیەکی قوواڵتر و ڕەگ و ڕیشەدارتر لە دەروونی ئەوانەدا دەبینم کە بە ڕواڵەت بێئاگاییەکی زۆر زاڵە بەسەریاندا!

نەرێنی بوون کۆتا شتە کە ئوممەت و ڕۆڵەکانی ئوممەت پێویستیانە! کاربکە لەسەر هێنانە دەرەوەی خێر لەڕێی گوفتار و ڕەفتاری باش، خۆ گەر ئەوەت پێنەکرا ئەوە بێدەنگ بیت باشترە، بەجێبەجێکردنی فەرموودەی پێغەمبەر: (ئەوەی بڕوای بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی باش بکات یان بێدەنگ بێت).

خوای گەورە بتپارێزێت وا چۆن پێغەمبەرەکەیت پاراست

پێغەمبەر (ﷺ) وا بەسوار حوشترێکەوە لە یەکێک لە گەشتەکانیدا، خەریکە خەو دەیباتەوە دوای ئەوەی شەو و ڕۆژی خستبوویە سەریەک بۆ کارکردن و فێرکردن و پەرستش و تێکۆشان،

وەختە لەسەر حوشترەکە بکەوێتە خوارەوە، «أبو القتادة الانصاری» دەیبینێت، دێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشت بۆ پێغەمبەری خودا بەبێ ئەوەی خەبەری کاتەوە، پاشان شتەکە دووبارە و سێبارە دەبێتەوە، أبو قتادەش بەنەرمی پاڵپشتی لە پێغەمبەر دەکات و نایەڵێت بکەوێت، پێغەمبەر خەبەری بوویەوە لەنێو تاریکی شەودا- دەفەرموێت: (ئەوە کێیە؟)

وتی: "أبو قتادة"

فەرمووی: (لە کەیەوە بەم شێوەیە لەگەڵمدایت؟)

ابو قتادة گوتی: "لە شەوەوە بەم شێوەیە لەگەڵتام"

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خودا بتپارێزێت وەک چۆن پێغەمبەرەکەیت پاراست). فەرموودەکەش موسلیم ڕیوایەتی کردووە.

نزایەکی چەن جوانە! تەنیا بۆ ابی قتادة نییە، بەڵکوو هەر کەسێک کە پێغەمبەری پاراستووە پشکێکی بەر دەکەوێت: (خودا بتپارێزێت وەک چۆن پێغەمبەرەکەیت پاراست). لەم سەردەمەدا کە تیری دوژمنانی ئیسلام ئاڕاستەی سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکرێت.

لەم سەردەمەدا کە کەناڵ لەدوای کەناڵ دەکرێتەوە، کەسایەتی لەدوای کەسایەتی فووی پیا دەکرێت، نەزان لەدوای نەزان دەهێننە پێشەوە لەسەر شاشەکان، ئامانجەکەش یەکە شتە: دژایەتیکردنی سونەت، هەندێ جاریش: دژایەتیکردنی خودی پێغەمبەر (ﷺ)، بەهیوای ئەوەی لەڕێی ئەمەوە ڕەگ

و ڕیشەی موسڵمانان لە بن دەرێنن و وەک پەڕێکی بەر ڕەشەبایان لێبێت، بیرت بێت ئەی ئەو کەسەی کە کتێبەکەی پەروەردگارت بەتوندی گرتووە، ئەی ئەو کەسەی کاتەکانت تەرخانکردووە بۆ هەوڵ و کۆشش بۆ فێربوونی زانستی ڕاست و دروست کە لەڕێیەوە بەرگری لە پێغەمبەر و سونەتەکەی بکەیت، گەر نیەتت پاک بکەیتەوە بۆ خودا، ئەوە إن شاء الله ئەم نزایە تۆش دەگرێتەوە: (خودا بتپارێزێت وەک چۆن پێغەمبەرەکەیت پاراست).

"من لەوە کەمترم کە بانگەوازی خەڵکی بکەم"

لە فرت و فێڵەکانی شەیتان ئەوەیە کە دێتە لات و پێت دەڵێ: "تۆ لەوە کەمتریت کە خەریکی بانگەوازکردنی خەڵکی بیت بۆ لای پەروەردگار. جارێ خۆت چاک بکە، ئەگینا سەرقاڵ بوونت بە بانگەوازکردنی خەڵکی لەکاتێکدا خۆت ئەو هەموو گوناە و هەڵەت هەیە ئەوە دەردەخات کە کەسێکی دووڕوویت".

بەڵام لە ڕاستیدا مادەم تۆ سەر بە ئوممەتی محمدیت (ﷺ) ئەوە داواکراوە لێت کە بانگەواز بکەیت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ [آل عمران: ١١٠]. «ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دونیادا سەرهەڵدەدا؛ فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێ لە ناڕەوا دەگرن، باوەڕیشتان بەخوا هەیە».

گەرچی پەروەردگار دەزانێت کە ئەم ئوممەتە خەڵکانێکی تێدا دەبێت کە ستەم لە خۆیان دەکەن: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ [فاطر: ٣٢]. «جا ئەوسا ئەم کتێبەمان کردە میرات بۆ ئەو عەبدانەمان کە هەڵمان بژاردن. لەناو ئەوانیشدا کەسانێک هەن غەدر لە خۆیان دەکەن بڕێکیشیان مام ناوەنجین، هەر لەوانیش کەسانێک هەن -بەئیزنی خوا- سەبارەت بە کاری چاکە پێشبەڕێ لە

هاوەڵان دەبەڕنەوە». بەڵام پێویستە لەسەر هەموویان کە بانگەواز بکەن. بەڵکوو ئەوەی کەمتەرخەمە لە هەمووان زیاتر پێویستی بەوەیە بانگەوازی خەڵکی بکات: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ [هود: ١١٤]. «چاکەکان خراپەکان لە بەین دەبەن» گرنگ ئەوەیە لەگەڵ خۆت ڕاستگۆ بیت، نیەتت پاک بێت، بانگەواز بکەی بۆ شتێک کە دەیزانیت نەک هیچی لەبارەوە نەزانی.

ئەو کاتە ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕزگاربوونت لە گوناھ و کەمتەرخەمییەکانت تا هەست بە هاوسەنگی لەنێوان گوفتار و ڕەفتارەکانت بکەیت.

خودی خۆم کۆمەڵێک کەموکورتیم هەبوو، سوپاس بۆ خوا وەختێ هاتمە پێشەوە بۆ بانگەوازکردن خۆم ڕزگارکرد لە هەندێکیان. ئەو ڕۆژانەی کە لەبەر سێبەردا دەژیام و هیچ کاریگەرییەکم نەبوو خۆم سەرقاڵ کردبوو بە شتە بچووکەکانەوە کە ئەمەش زۆر گونجاو بوو بۆ دڵ و دەروونە بچووکەکان. وەختێ خوای گەورە ویستی لەسەر ئەوە بوو ڕێی بانگەواز بگرینە بەر بینیمان ئەو شتە بچووکانە وەک کۆت و بەند وەهایە و لەناو قوڕ و چڵپاو دەتهێڵێتەوە و ڕێگری دەکات لەوەی کە بفڕیت. ئاسانە وازلێهێنانی بە فەزڵی خودا. تا ئێستاش هەندێ کەموکورتی لە دەروونمدا هەیە، داوا لە خوا دەکەین یارمەتیمان بدات لە چاککردنیان.

براکەم، خوشکەکەم، مەکەوە ناو داوی شەیتانەوە، خاکیی بە بەڵام بەشێوەیەکی نەڕێنی نا کە بڵێی "من هیی ئەوە نیم بانگەوازی خەڵکی بکەم". چون ئەمە مانای تەواوکردنی کەموکورتییە بە کەموکورتیەکی دیکە! بەڵکوو بە بانگەوازکردن لە خودا نزیک ببەوە تا یارمەتیدەرت بێت لە چاککردنی کەموکورتییەکانت.

پەروەردگارا حەزدەکەیت من چی بکەم؟

وەختێ تەماشای ئەو هەموو خێر و چاکەیە دەکەم کە خوای گەورە لەسەر دەستی دکتۆر «عبدالرحمان السميط» هێنایە دی دەڵێم: "سبحان الله!"

زۆرێک لە خەڵکی کاتێ ئەو برسێتی و قات و قڕیانە دەبینن کە لە جیهاندا ڕوودەدات دەپرسن: "خوایە بۆچی؟"، بەڵام د. عبدالرحمان السميط پرسی: "خودایە حەزدەکەیت من چی بکەم؟" مەبەستی و نەهامەتییەکان کە بە هۆیەوە خەڵک بێزاری دەردەبڕن یان تووشی بەدگومانی دەبن هەمان ئەو شتەیە کە پاڵی بە دکتۆرەوە نا دابەزێتە نێو مەیدان، چارەسەری هەژاران بکات بەو زانستە پزیشکییەی کە فێری بوو بوو، بانگەوازی دەکردن بۆ ئیسلام، تینوێتی دەشکاندن، خواردنی پێدەدان، مزگەوت و قوتابخانەی بۆ دەکردنەوە، خوای گەورە بەرەکەتێکی گەورەی لەسەر دەستی بڵاوکردەوە.

ئەوەی دەبێتە هۆی گومان و کوفر بۆ هەندێک کەس مایەی خێر و بەدەستهێنانی پاداشتێکی گەورەیە بۆ ئەوانی دیکە. کلیلەکە ئەوەیە کە مانای پێگەی بەندایەتی حاڵیی بیت، ئیتر بزانیت کە خودا پرسیاری لێناکرێت لەبارەی ئەوەی کە دەیکات، ئیدی پرسیارە دروستەکە دەکەیت: "خودایە حەزدەکەیت من چی بکەم"، ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [المائدة: ٥٤]. «ئەوە زێدە خەڵاتێکە لە خوداوە بە هەر کەسێ خۆی حەز بکا پێی دەبەخشێ».

سەرکەوتنی ڕاستەقینە

کاتێ کێشمەکێش و ململانێی نێوان تاقمێکی باوەڕداران و تاقمێک لە دوژمنانیان دەبینین زۆر جار دەڵێین باوەڕداران لەم قۆناغەدا شکستیان هێنا.

ئایا پێناسەکردنمان بۆ سەرکەوتن وشکست پێناسەکردنێکی ڕاست و دروستە؟

ئێمە وەک موسڵمانان بڕوامان بە پاشەڕۆژ هەیە و بڕواشمان بەوە هەیە کە کەسی چاکەکار و خراپەکار پاداشتی خۆی لەم دونیایە وەرناگرێتەوە، سەرکەوتنیش بەو شێوەیە پێناسە دەکەین کە خوای گەورە پێناسەی کردووە. خوای گەورە چۆن پێناسەی سەرکەوتنی کردووە؟ ئایەتێکت وە بیردێتەوە پێناسەی بکات؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ﴾ [آلعمران: ١٨٥]. «کێ لە ئاگر دەرکرێ و ببرێتە نێو بەهەشتەوە، دەیباتەوە و بەختەوەرە».

پێویستمان بەم تێگەشتنەیە وەختێ تەماشای ناڕەحەتی موسڵمانان دەکەین، ئەوانەی لەسەر باوەڕداری دەکوژرێن بەپێی ئەم تێگەشتنە لە سەرکەوتوانن بە ئیزنی خودا.

ئەهلی ئەخدوود سزادران و بە زیندووبی سوتێنران، لەگەڵ ئەوەدا خوای گەورە لە سورەتی البروج وەختێ لەبارەی سەرەنجامیانەوە دەدوێت دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ﴾ [البروج: ١١]، «بۆ ئەوانەش دیندار و ئاکار چاک بوون، باغاتێ هەس جۆباریان بە بەردا دەڕوا، ئەمەیە سەرکەوتنی مەزن».

لەو فەرموودەیەی کە بوخاری ڕیوایەتی کردووە دەڵێت حرام بن ملحان لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بووە، یەکێک لە موشریکەکان بە ناپاکی ڕمێکی کرد بە پشتیا کە لە سنگییەوە دەرچوو، حەرام دەستی دەخستە سەر خوێنەکە و دەموچاوی پێ دەسڕی و دەیگوت: "سوێند بە خودای کەعبە بردمەوە، سوێند بە خودای کەعبە بردمەوە"!

گرنگترین شێوازەکانی بردنەوە و سەرکەوتن لە ئایینەکەی ئێمەدا ئەوەیە بە چەسپاویی و دامەرزاوی لەسەر ئایینەکەت بمریت.

تەماشای فەرمایشی خوای گەورە بکە: ﴿وَلَن يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا﴾ [النساء: ١٤١]. «خودا هەرگیز هیچ ڕێگایەک نادا بە خودانەناسان کە دژی باوەڕداران بێ»، ئەوەی خۆی پرچەک بکات بە ئیمان و باوەڕ هەموو هێزی کوفر ڕێگەیەک نادۆزنەوە لە لە ئایینەکەی هەڵیگێڕنەوە، ئیتر با دوای ئەوە هەرچی دەکەن بیکەن لە لاشەکەی، ڕۆحەکەی لەژێر پارێزگاری ئەو پەروەردگارەدایە کە نایەڵێت دەستیان پێی بگات. ئایا ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن نییە؟!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِّيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا﴾[الفتح: ٥]، «هەروەها پیاو و ژنانی خاوەن باوەڕ بەڕێکاتە ناو باغاتێک، جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن و خەتا و نالەباربیەکانیان عەفوو دەکا. لەلای خودا، ئەم ڕووداوە سەرکەوتنێکی مەزن بوو»

سەرکەوتنێکی مەزن، بەو شێوەیە لای پەروەردگار. بۆیە لە ڕاستیدا هەر ئاوایە: ﴿وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ﴾ [الاحزاب: ٤]، «خودا ئەوی ڕاستە دەڵێ و هەر خۆی ڕێگە نیشان دەدا». لای باوەڕدارانیش بە پەروەردگار هەر وایە: سەرکەوتنێکی مەزنە.

لە بەرانبەردا، خراپترین شێوەی شکست ئەوەیە کە واز لە ئایینەکەت بێنیت لەبەردەم پیلان و جەنگی دوژمنانی ئایین. ساغی و سەلامەتی جەستەت چ سوودێکی هەیە ئەو دەمە گەر تووشی شکستی دەروونی و ڕۆحی بیتەوە؟!

دەست بگرە بە ئایینەکەت، با ئەم ئایەتەی پەروەردگار تۆش بگرێتەوە ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ﴾ «با سستی ڕووتان تێ نەکا و خەمیش مەخۆن. هەر ئێوەن کە سەردەکەون»، کەوابێ ئێوە براوە و سەرکەوتوون، بەڵام سەرنجی مەرجەکە بدە: گەر باوەڕدارین ﴿وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾

[آل عمران: ۱۳۹]. «ئێوەن کە سەردەکەون، ئەگەر بڕواو بە خوا هەیە». ئەمە مەرجی بااڵنواڕی و سەرکەوتنتە: گەر بە باوەڕداری بژی ئەوە پەروەردگار ڕێگە نادات دەسەاڵتیان بەسەرتا هەبێت، بە باوەڕداریش دەمرێت ئیدی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارت دەبێت و دەچیتە نێو بەهەشتەوە.

بانگخوازی ڕاستگۆ!

بانگخوازی ڕاستگۆ ئەو وەهمە لای خەڵک دروست ناکات کە خۆ ئامادەکردن بۆ کاری بانگخوازی شتێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە لەبەرکردنی مەتن و تێگەشتن لە شیکارییەکان و خوێندنی زانستە شەرعییەکانە، هەروەک دەست ناکات بە قسەکردن دەربارەی خۆی تا وا نیشان بدات جیاوازە لەوان و قەناعەتیان پێ بکات بەوەی ڕێزی لێبگرن و شوێن بیر و بۆچونەکانی بکەون.

بانگخوازی ڕاستگۆ هیممەتی خەڵکی بەرزدەکاتەوە و وایان لێدەکات کە هەست بکەن بانگەوازکردن ئاسانە و لەبەردەستیانە:

۱. نیەتت خاوێن بکەوە تا خوای گەورە بەرەکەتی تێ خات.

۲. پاراستنی بیستن و بینین و دڵ، لە شتە حەرامەکان تا خوای گەورە بەرچاوڕوونیت پێ بدات.

۳. جوواڵە کردن بەو زانستەی کە فێری بوویت، لێمەگەڕێ بوەستێت تا نەمرێ تیادا.

٤. پابەند بیت بەوەی کە تەنیا قسە لەبارەی ئەو شتانەوە بکەیت کە دەیزانیت، شەرمیش مەکە لەوەی خەڵکی وا گومان ببەن زانیاری زیاترت پێیە لەوەی کە دەیزانی بۆیە کە لێیان پرسیت بڵێ: "نازانم".

٥. هەوڵ و کۆشش بکەیت بۆ تێگەشتن لەو بابەتەی کە بانگەوازی خەڵکی بۆ دەکەیت وەک چۆن هەوڵ و کۆشش دەکەیت بۆ حاڵیی بوون لە بابەتێکی دونیایی کە بەلاتەوە گرنگە.

٦. هەوا و ئارەزوو و سەرخستنی نەفسی خۆت تێکەڵ بەکاری بانگخوازی نەکەیت و بەردەوام نیەتت پاک بکەیتەوە.

ئەوەی ئەمە بکات خوای گەورە دەرگای خێر بەڕوویدا دەکاتەوە و خێر و چاکەیەکی زۆر لەسەر دەستی بڵاو دەکاتەوە. کۆمەڵێک کاری ئاسانە، لەبەردەستی زۆرینەی خەڵکیدایە، بەڵام کەمن ئەوانەی ئارام دەگرن لەسەری.

بۆ ئەوەی بانگخوازێکی ڕاستگۆ بیت مەڵێ بە خەڵکی "با بچمە پێشەوە چونکە هەندێ شتم بڕیوە نێوە نەتان بڕیوە"، بەڵکوو بڵێ: "وەرن بۆ نێو مەیدان، ئێوە ئەهلی بانگەوازکردنن، با پێکەوە کارەکان ئەنجام بدەین".

﴿وَالْعَصْرِ﴾﴿إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ﴾﴿إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾ [العصر: ١-٣]، «سوێند بە هەڕەتی ئێوارە. مرۆ گشتی زیانبارە؛ مەگین ئەوەی بۆتە خاوەن باوەڕ و کار چاک بوون و یەکتریشیان بۆ کاری ڕاست دنە داوە و بۆ خۆگری ڕاسپاردوە»

﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ [آل عمران: ١١٠]، «ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دونیادا سەرهەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێ لە ناڕەوا دەگرن، باوەڕیشتان بەخوا هەیە».

بەراوردی بکە!

وەختێ هاوشێوەی ئەم وێنانە دەبینم ئەو کەسانەم دێتەوە یاد کە لەسەر ئیسلام حساب دەکرێن و توڕەیی و بێزاری بەرانبەر بڕیار و قەدەرەکانی پەروەردگار نیشان دەدەن گەر تایەی ئۆتۆمبێلی یەکێکیان بتەقێت! موسڵمانان لە وڵاتانی لێقەوماودا خانووەکانیان وێران بووە، باوک و دایک و خوشک و براکانیان کوژراون، منداڵەکانیان هەر لە منداڵییەوە تووشی کەم ئەندامی بوون، کەچی دێن لەنێو مزگەوتە وێران بووەکاندا زۆر بە ملکەچی و ڕازیبوون بەوەی کە تووشیان بووە نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن، لەوانەوە فێر بن ئەی ئەوانەی هەمیشە گلەیی و سکاڵا لە قەدەر دەکەن!

هیچ مارەیی لەم چەشنەمان داوە؟

سەردانی برایەکی ئازیزم کرد کە بەدەست نەخۆشی و ئازارەوە دەینااڵند، چەن ئایەتێکم بەسەردا خوێندەوە، هەندێ لەو ئایەتانەی کە خوێندمەوە کۆتا ئایەتەکانی سورەتی آل عمران بوو، ئایەتێکی وەستاندمی: ﴿فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾ [آل عمران: ۱۹۵] «ئەو کەسانەی لە زێدی خۆ دەرکراون و لە

ڕای من ئازاریان دیوە و چوونە خەزا و دژی منیان کوشتبێ یان بە کوشت چووبن، بێ گومانە گوناهیان دەکوژێنمەوە و لە پاداشی کردەوەیان دەیانخەمە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا؛ کە ئەمە چاکەی خودایە دەربارەیان؛ کە پاداشی هەرەباشیش وا لای خوایە». ئیدی چەن وشەیەکم پێ وت کە حەزەکەم بە خۆم و برایانیشم بڵێم تا هەموومان سوودی لێوەرگرین، بەتایبەت ئەوانەی بەدەست تاقیکردنەوەی قورسەوە دەنااڵێنن و وەختە ئارامی لەدەست بدەن.

تەماشای ئەو باوەڕدارانە بکە کە لە ئایەتەکەدا باسکراون و مارەیی بەهەشت کە داویانە، پێنج شتە:

١. هیجرەتیان کردووە (لەپێناو پەروەردگار).

٢. لە نیشتمان و خاکی خۆیان دەرکراون.

٣. لەپێناو خوای گەورەدا ئازار و ئەشکەنجە دراون.

٤. جەنگاون.

٥. کوژراون.

پاداشتەکەیان چی بوو؟

﴿لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾ [ال عمران: ١٩٥]، «بێ گومانە گوناهیان دەکوژێنمەوە و لە پاداشی کردەوەیان دەیانخەمە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا؛ کە ئەمە چاکەی خودایە دەربارەیان؛ کە پاداشی هەرەباشیش وا لای خوایە». لە بەرانبەردا، ئێمە چیمان کردووە؟ چەن لەم پێنج مارەییەی بەهەشتمان پێشکەش کردووە؟

ئایا هیجرەتمان کردووە؟ لە نیشتمانی خۆمان دەرکراوین؟ لەپێناو خوای گەورە

ئەشکەنجە و ئازار دراوین؟ جەنگاوین؟ کوژراوین؟ دەشمانەوێ خۆشییەکانی بەهەشت بەدەست بێنین کە فراوانییەکەی هێندەی فراوانی ئاسمانەکان و زەویە و بە هەتا هەتایی تێیدا دەژین؟ چما ئەگەر خوای گەورە تاقیکردینەوە تا مارەییەکی بەهەشت بدەین بێزاری دەردەبڕین و دڵمان توند دەبێت و پێت زۆرە ئەو مارەییە بدەیت؟

﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنْكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ﴾[آل عمران: ١٤٢]، «ئاخۆ ئێوە لاتان وایە هەر سەربەخۆ دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا خودا خەباتکاران و خۆڕاگرانی ئێوەی دیاری نەکردووە» گەر ئارام نەگرین ئیتر دەمانەوێ لەسەر چی بچینە نێو بەهەشتەوە؟! (ألا إن سلعة الله غالية، ألا إن سلعة الله الجنة).

چاکەیەک بەدەست بێنە بە زەردەخەنە خستنە سەر لێوی براکەت!

ڕۆژێک پێشەوا عومەر بێتاقەتی بە ڕووخساری پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەبینێت، بۆیە دەڵێت: "شتێک دەڵێم پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتە پێکەنین."

ئیبن حەجەر لە ڕوونکردنەوەی ئەم فەرموودەدا دەڵێت: "بۆیە وا باشە گەر کەسێک بینی هاوەڵەکەی خەمبارە قسە و باسێکی بۆ بکات کە خەمەکەی لابات و دڵی خۆش کات"

کاتێک دەبینین برایەکمان خەمبارە و پرسیاری لێدەکەین لەبارەی هۆکاری خەمباربیەکەی و ئەویش دەیدرکێنێت بۆمان، زۆر جار لەبری ئەوەی دڵی خۆشکەین خەمەکەی زیاتر دەکەین بە قسەی نەرێنی: "خاوەن کارەکە سوکایەتی پێکردن"، "برا هەموویان ئاوان، یەکێک دەناسم بەڕێوبەرەکەی لەوە خراپتری پێکردووە"

چ سوودێک دەبینین لە زیادکردنی خەمی سەرشانی یەکدی؟ گەر "ڕەزای خۆت سووک کەیت" لای هاوڕێ خەمبارەکەت بە قسەی خۆش و گاڵتەی ڕێگەپێدراو کە درۆی تێدا نەبێت، بە مەبەستی دڵخۆشکردنی ئەوە پاداشت وەردەگریت لەسەری، لەگەڵ ئەوەشدا دڵی پێت دەکرێتەوە و بە بینینت خەمەکانی نامێنێت. بۆیە، چاکەیەک بەدەست بێنە بە زەردەخەنە خستنە سەر لێوی براکەت!

گەڕ و خولیان بە شاراندا، نەکا تۆ هەڵخەڵەتێنێ

ئایا ئەوانە دەبینی کە وەک شێت هەڵس و کەوت دەکەن؟ وەک ئەوەی لەنێوان ئەوان و ئیسلام و پێغەمبەرەکەیدا کۆنە قین و تۆڵە هەبێ؟!

دەبینی چۆن دژایەتی زانایان و بانگخوازان دەکەن کەچی دەرگای وڵاتانی موسڵمان بەڕووی هەموو دەنگێکی ناساز و، گشت پێنوسێکی دوژمن بە ئیسلام و، هەموو ئاهەنگێکی قێزەوندا والا دەکەن.

هەموو نەفامییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا هاوردە دەکەن، شێوە و بنچینە و بڕی تێچوونی گرنگ نییە بەلایانەوە، گرنگ ئەوەیە نەفامییەک بێت بەکاربێنن بۆ تێکدانی فیترەتی گەنجان و فشەڵکردنی کەسایەتییان و لەکەدارکردنی شوناسیان و بیربردنەوەی ئایینیان.

چرکە بە چرکە و، ڕۆژ بە ڕۆژ تین دەدەن بە جەنگەکەیان دژ بە ئیسلام، وەک ئەوەی بڵێن: "ئەی محمد، مەشخەڵەکانی ئایینەکەت دەکوژێنینەوە و خەڵکی بێباوەڕ دەکەین پێی!"

ئا ئەوانە دەبینی؟ بە گەڕ و خولیان لە شاراندا نەخەڵەتێی، گەر یەکێک لەجێگەی خۆیەوە فووی لە ڕووناکی خۆر کرد بۆ ئەوەی بیکوژێنێتەوە دەزانی

کەسێکی گەمژەیە، ئەوانەش ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ﴾ [الصف: ٨]. «گەرەکیانە تیشکی خودا هەر بە فووی دەم وەکوژێنن. خواش تیشکی خۆی هەر سەردەخا»!

خۆیان و فرت و فێڵەکانیان لەناودەچن، هیچ نین جگە لە پەڕەیەکی نێو کتێبێکی گەورە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە: ﴿فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَحَادِيثَ ۚ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ﴾ [المؤمنون: ٤٤]. «بە شوێن یەکا بە دەردێکی وامان بردوون کە بە چیرۆک بیانگێڕنەوە. با دوورکەون ئەوانەی بڕوا ناهێنن».

ئەوەتا دەکەونە خوارەوە، خەریکە بچنە نێو زبڵدانی مێژوو، قاچی خەڵکیش ڕادەکێشن تا لەگەڵیان بکەونە خوارەوە. گرنگ ئەوەیە وریا بیت نەیەڵێت ڕاتکێشن! لەوانەیە بە نینۆکیان بریندارت کەن و ئازارت پێبگەیەنن، ئارام بگرە ئەوان هەر لەنێو دەچن، ئارام بگرە و بێئومێد مەبە.

﴿وَقُلْ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَانْتَظِرُوا إِنَّا مُنْتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الْأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [هود: ١٢١-١٢٣]. «بەو کەسانەش کە باوەڕیان نییە، بێژە: هەرچی لە دەستوو دێ بیکەن؛ وا ئێمەش کاری خۆ دەکەین، چەمەڕاش بن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین، هەر شتێکی بەرپێوارە - لە ئاسمانان و زەمیندا - گشی بۆ خودان؛ هەموو کارێک هەر سەربەوە. سا تۆ هەر ئەو بپەرستە و چارەنووست بەو بسپێرە. هەر کارێ کە ئێوە دەیکەن، پەروەردەت لە هیچی بێ ئاگا نییە».

خۆت مەشکێنە

ڕاستە ئێمە کەمتەرخەمین، بەڵام -وەک هاوسەنگی ڕاگرتنێک- دەبێت ڕێز و گەورەیی ئەوەمان لەیاد بێت کە موسڵمانین.

گەر خەڵکی زۆر قەدرمان نەگرن -چون ئوممەتێکی لاوازین- ئەوە نابێ وا گومان ببەین کە لای خوداش بەو شێوەین، چون ئەوە هیمەتمان لاواز دەکات و ئومێدمان کەم دەکاتەوە لەوەی پەروەردگار وەڵامی نزاکانمان بداتەوە. دەبێ لێپرسینەوەی دەروونی خۆمان بکەین و بڕاری بکەین، نەک تەواو بیشکێنین و سەرکوتی کەین.

سەرباری خراپە و گوناهەکانت، تۆ خاوەن تایبەتمەندییەکی گەورەیت: تۆ موسڵمانیت دان بە تاک و تەنیایی پەروەردگار دەنێیت و بەرنامەکەی بەرز ڕادەگریت و بەهیچ جێگرەوەیەکی تر بۆی ڕازی نابیت، ئەمەش هۆکاری بەدەست هێنانی ڕێزێکی گەورە و نزیک بوونەوەیە لە خودا.

بەو خێرەی کە لە خۆت گرتووە بەردەوام بە لە بونیادنان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکورتییەکان، بە چاوێکی کەمیش لە خۆت مەڕوانە.

براکەم، دەزانی تۆ موسڵمانیت یانی چی؟ خوشکەکەم دەزانیت تۆ موسڵمانیت واتە چی؟ تۆ دان بە گەورەترین حەقیقەتدا دەنێیت کە لەپێناویدا خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە و کتێب و پەیامبەرانی ڕەوانەکردووە و بەهەشت و دۆزەخی دروستکردووە.

لەبەرئەوە پێغەمبەرمان (ﷺ) فێریکردووین کە گەورەترین تەوەسول کردن بۆ خودا ئەوەیە تەوەسول بە یەکتاپەرستییتەوە بکەیت و بڵێیت: (اللهم إني أسألك بأني أشهد أنك أنت الله لا إله إلا أنت الأحد الصمد الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد).

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە لە ڕۆژی قیامەتدا بەندەیەک دەهێنن تۆماری گوناهەکانی بڵاو دەکەنەوە هەر تۆمارێکی ئەوەندەی چاو بڕ بکات دەڕوات، پاشان پسولەیەک دادەنرێت کە لەسەری نووسراوە (أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله)، بەندەکە دەڵێت: "خوایە ئەم پسوولّە چییە لەگەڵ ئەم تۆمارانەدا؟"،پێی دەڵێن: "تۆ ستەمت لێناکرێت"، تۆمارەکان لەسەر تایەکی تەرازوویەک دادەنرێن و پسولەکەش لەسەر تاکەی دیکە، تای پسوولەکە قورستر دەبێت و تۆمارەکان بەرز دەکاتەوە.

ئەو سێ کەسەی کە دەرگای ئەشکەوتەکەیان بەسەردا داخرا، هەریەکەیان لەڕێی باشترین کار و کردەوە کە بۆ خودا ئەنجامیانداوە لە خودا پارانەوە، خۆ منەت ناکەن بەسەر خوادا بەم کار و کردەوەیان، بەڵکوو وەک بێژی تەوەسول بکەن بۆ خودا و داوای ڕەحم و بەزەیی لێبکەن کە ئەم کار و کردەوە چاکانەیان کردووە ئیدی هەستیان کردووە کە لای خودا ڕێزلێگراون و تەماعیان بۆ دروست بووە کە خوای گەورە ڕەحمیان پێ کات.

مەرج نییە ئەو سێ کەسە کەسانی چاک و بۆ خوا سوڵحاو بوو بن بە تێکڕای ژیانیان، بۆ وێنە سەیری کەسی دووەمیان بکە کە خەریک بووە ئاتاج بوونی کچە ئامۆزاکەی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاری خراپی لەگەڵ بکات، بەڵام لە کۆتا چرکەدا لەبەر ترسی خودا پاشگەزدەبێتەوە، خۆ ئەمە حاڵی کەسێکی زاهید و خواناس نییە، سەرباری ئەوەش خوای گەورە وەڵامی نزاکەی دایەوە و دەروازی خێری لێکردەوە.

ئایا ئێمە هیچ کار و کردەوەیەکی باشمان نییە کە بە هۆیەوە تەوەسول بکەین لای پەروەردگار؟ لە دڵی خۆتدا بڵێ "من خودام خۆشەوێ، من غیرە دەکەم بەرانبەر بەزاندنی سنوورەکانی خودا، من بەو شێوە خراپ نیم کە شەیتان بۆم وێنا دەکات تا لە خودا دوورکەومەوە، بەڵکوو پەروەردگارم خۆشەوێ و تکام وایە ئەویش منی خۆش بوێت".

بەڵام دەبێ وریابیت! تووشی ئەو شتانە نەبیت کە لەم سەردەمەدا بەربڵاون لە وێنەی کەم ڕوانین لە شەرعی خودا و پێشخستنی بەرنامە و ڕێبازە مرۆییەکان بەسەریدا، زیان لە گەوهەرە گەورەکەت (یەکتاپەرستی) بدەن.

وەختێ ئایەتی ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ [الاعراف: ٥٦]. «ئەو کەسانەی چاکە کارن، لە بەزەیی خودا نزیکن» دەخوێنیتەوە، مەڵێ: "ئاخر من لەکوێی چاکەخوازانم (ٱلْمُحْسِنِينَ) کە ئەو حەمکە گوناە و سەرپێچییەم هەیە؟" بەڵکوو بڵێ: "بە تاک و تەنیا زانینی خودا و بەرزڕاگرتنی ئایینەکەی لە ئیحسانە، خۆ من بە تەواوی بێبەش نەکراوم لە بەزەیی خودا لەم ئایەتەدا، بەڵام دەبێ خۆم ڕزگارکەم لە گوناهەکانم تاکوو ڕەحمەتی خودا زیاتر و زیاتر لێم نزیک بێت".

دەبێت دڵت بەم شێوە پڕ کەیت لە وەرزەکانی خێر و بەزەیی خودادا وەک ڕەمەزان و ڕۆژی عەرەفە، تا بە یەقین و ئومێدەوە لە خودا بپارێیتەوە.

عبدالله بن مبارک دەڵێت: ئێوارەی عەرەفە هاتم بۆ لای سفیان الثوری، بینیم کەوتووەتە سەر ئەژنۆ و چاوەکانی فرمێسکی لێ دەبارێت، ئاوڕی دایە بەلامدا و پێم وت: "کێ خراپترین حاڵی هەیە لەنێو ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا؟" گوتی: "ئەوەی کە وا گومان دەبات خوا لێی خۆش نابێت".

لێمەگەڕێ تێڕوانینت دەربارەی خۆت بگۆڕن!

تۆ شکۆداریت بە باوەڕ و ئیمانەکەت، ڕێگە مەدە ئەم حەقیقەتەت بیربەنەوە، گەرچی دەستت کۆت و بەند کەن و چاوت ببەستن، هەرچەند قسەت پێ بڵێن و گاڵتە و قەشمەریت پێکەن، نەکەی ڕێگە بدەی ئەمە کار بکاتە سەر تێڕوانینت بۆ خۆت و تێڕوانینت بۆیان!

چۆن هەست بە کەمی دەکەیت لەکاتێکدا پەروەردگات لەگەڵە؟! ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ [المنافقون: ٨]. «دەستەڵاتیش هەر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری و ئاپۆرەی باوەڕدارانە» چۆن نرخیان بۆ دادەنێیت لەکاتێکدا خوای گەورە سەرشۆڕی کردوون؟!

﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ﴾ [الحج: ١٨]. «خودا هەرکێ تووشی سووکایەتی بکا، تازە کەس ڕێزی لێ نانێ» تەرازووەکانیان پوچە وەک پوچی دونیا کە لای خودا هێندەی باڵی مێشوولەیەک سەنگ و قورسایی نییە.

لە ڕۆژی قیامەتیش هەمووان تەرازووی حەقیقی دەبینن:

﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ [الأنبياء: ٤٧]. «ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکار دەخەین» باوەڕ و ئیمانەکەت چ سوودێکی هەیە گەر بە نووری ئیمان ئەم تەرازووە نەبینی لە دونیادا؟!

چەن جوان بوو ئەوەی کە برایەکی ئازیز گوتی: "مانای (لا اله الا الله) لە دڵتا بێنە دی و، دڵنیابە لە چەسپاندنی، دواتر بنواڕە چواردەورت، ئەو کاتە شتەکان بە قەبارەی ئاسایی خۆیان دەبینیت!"

ئوممەت نەخۆش دەکەوێت، بەڵام نامرێت!

وەختێ پێشوازی سەرسوڕهێنەرانەی موسڵمانان دەبینم لە وەرزەکانی خێر و چاکە لە وێنەی نوێژی تەراوێح سەرباری ئەو هەموو هێرشەی دەکرێتە سەر عەقیدە و بیرویاوەڕیان لەڕێی بانگەشەی ئیلحاد و بڵاوکردنەوەی شوبهە و ژەهراویکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

وە سەرباری ئەو هەموو هێرشەی دەکرێتە سەر ئەخلاق و خوڕەوشتیان

لەڕێی هەزاران کەناڵەوە کە ئارەزووەکان دەڕازێننەوە، وە سەرباری بۆردومانی سەربازی چڕوپڕ بۆ سەر مزگەوتەکانیان لە هەندێ وڵاتدا، وە سەرباری ئەوەی کە سەرانی کوفر هەمووان پێکەوە کۆنەبوونەتەوە بۆ سەر موسڵمانان.

ئیدی درکی گەورەیی ئەم ئایینە دەکەم کە خوای گەورە ویستی لەسەر ئەوە بووە کە بمێنێتەوە گەرچی بێباوەڕان پێیان خۆش نەبێت، درکی قوولّیی ڕەگ و ڕیشەی دەکەم لەنێو فیترەتی خەڵکدا هەرچەن شەیتانەکان بیانەوێت لە ڕیشەوە دەری بێنن.

ڕەنگە یەکێک بڵێت: "بەم زۆر و بۆرییە مەخەڵەتێ"، ئیبن عەقیل گوتوویەتی: "گەر بتەوێت پێگەی ئیسلام لای خەڵکی بزانیت، ئەوە تەماشای قەرەباڵغیان مەکە لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکان، یان هاتوهاواریان بەوتنی (لبیک)، بەڵکوو بنواڕە هاوسۆزیان بۆ دوژمنانی شەریعەت".

ڕاستە، بەڵام ئێستا لەنێو شەڕێکی وجوودی داین کە دەیانەوێت ئیسلام لە ڕیشەوە دەربێنن و موسڵمانان بە تەواوی لە ئایین هەڵگێڕنەوە. دەکرێ دڵخۆش بین بەوەی پەروەردگار شکست بە دوژمنان و پیلانەکانیان بێنێت و شادومان بین بە دیمەنی خۆشەویستی موسڵمانان بۆ پەروەردگار و ئایینەکەیان و دیمەنی ژیان لەم ئومەتەدا، کە پێویستی بە یەکێکە ئەو خێرە شاراوەیەی تێیدایە ئاڕاستە بکات، ئەوسا شتی سەرسوڕهێنەری لێ دەبینین و، هیچ شتێک ناتوانیت لەبەردەمیدا بوەستێت، «ئومەت نەخۆش دەکەوێت، بەڵام نامرێت».

خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) چ سوودێکی هەیە؟

زۆرجار ئەوە دەبیستین کە دەڵێن: "خۆشویستنی پێغەمبەر چ سودێکی هەیە بۆت گەر فەرمانەکانی جێبەجێ نەکەیت و واز لەوە نەهێنیت کە

ڕێگری لێکردووە؟"، منیش دەڵێم: "بەڵکوو سوود بە موسڵمان دەگەیەنێت! زۆر سوودیشی پێدەگەیەنێت!"

ڕەنگە ئەو دەستەواژەیە "خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) چ سوودێکی هەیە بۆت" بەکاربێنین لە کاتی گوتوبێژکردنمان لەگەڵ ئەوانەی خاوەن باوەڕێکی چەسپاون بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هیمەتیان بۆ زیاتر بەندایەتیکردنی خودا و گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر، وەلێ جەنگەکە ئێستا لەسەر خودی ئیسلامە: موسڵمان بێت یان نا!

ئێمە ئێستا بانگی هەموو ئەوانە دەکەین کە خۆی بە موسڵمان دەزانێت:

خاڵی هەرە لەپێشینە، کەمترین ڕادەی ئیمان بەدەست بێنە کە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارت دەکات، بەوەی بە گەورەیی تەماشای خودا و پێغەمبەرەکەی بکەیت و خودا و پێغەمبەرەکەیت خۆش بوێت و خۆت بەری بکەیت لە دوژمنانی خودا و پێغەمبەرەکەی و نەچیتە ڕیزی ئەوان و دۆستایەتییان نەکەیت، گەرچی -سەرپێچیکار، ئارەقخۆر، سفووریت، هتد- نەکەی بڵێی: "من گوناهبارم، ئەوە چ سوودێکی هەیە بۆم؟"

بەڵکوو سوودت پێدەگەیەنێت بەوەی دەتکاتە ناو ئەو تاقمەی کە ئیمان و باوەڕ لە دڵیاندایە و لە ئاگر ڕزگارت دەکات و دەچیتە ناو ئەو مژدەیەی لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ [النساء: ٤٨]. «لەمە بەدەر هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ، لێی دەبووریّ».

پێشەوا بوخاری دەگێڕێتەوە کە یەکێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی «النعیمان» بوو و قامچی لێدەدرا بە هۆی خواردنەوەی ئارەقەوە، ڕۆژێک هێنایان جەڵدی لێدەن، یەکێک لە موسڵمانان گوتی: "خوای گەورە بیخە بەر نەفرەتی خۆت، چەند زۆر ئەیهێنن -یانی بۆ جەڵد لێدانی-"، پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: "نەفرەتی لێمەکەن، سوێند بەخودا ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە خودا و

پێغەمبەری خودای خۆشەوێت." تەماشاکە چۆن ئەم خۆشەویستییە سوودی هەبوو بۆی.

هەنگاوی دووەم: ئەم خۆشەویستییە بگۆڕە بۆ پاڵنەرێک کە ببێتە هۆی ئەوەی گوێڕایەڵی خودا بکەیت و بە گەورە تەماشای بکەیت، هەروەک گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەشت بکەیت کە خۆشتدەوێت و بە گەورە تەماشای دەکەیت و خۆشت ڕزگار دەکەیت لە گوناهەکانت بە پشتبەستن بەخودا، پاش ئەوەی لەسەر هەنگاوی یەکەم شتێکت بونیاد ناوە و تێڕوانینت بۆ خۆت بەهێز کردووە.

محمد (ﷺ) پێغەمبەری گشت موسڵمانان، گوێڕایەڵ و گوناهباریان. هەروەک پێشەوا و خۆشەویستی هەموومانە. دەسا پەروەردگارا خۆمان و ئومەتەکەمان لەسەر خۆشەویستی پێغەمبەر و سەرخستنی ئایینەکەی بژێنە و بمرێنە و، لەژێر بەیداخ و ئاڵاکەیدا حەشرمان بکە.

تەنیا یەک نەفحەیە!

گەر کەسانێکی گەوج و گەمژە پێیان وتی: "بۆچی ئەو خودایەی کە دەیپەرستن تۆڵەی خۆی لەوانە ناکاتەوە کە گاڵتەی پێدەکەن گەر ئەوەندە گەورە و بەهێزە وەک ئەوەی ئێوە وەسفی دەکەن؟"

پێیان بڵێ: "چونکە خۆی دەفەرموێت: ﴿وَأُمْلِي لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ﴾ [الأعراف: ١٨٣]. «ماوەیەک مۆڵەتیان دەدەمێ، چونکە تەگبیرم پتەوە»، ئەوانەی پێش ئەمانیش هەر ئەو قسەیان دەکرد: ﴿وَإِذْ قَالُوا اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ هَٰذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [الأنفال: ٣٢]. «ئەوساش گوتیان: ئەی خودایە! ئەگەر بە ڕاستییە و لە لایەن تۆوە هاتووە، لە حەواوە وەبەر تەوەن بارانمان دە، یان ئازارێکی بەژانمان بۆ بنێرە»."

خوای گەورە هەموو ئەوەی ئەنجامی دەدات حیکمەتێکی لەپشتە و بەرنامەی خۆی تێک نادات بۆ کەس. دونیاشی نەکردووە بە شوێنی پاداشت دانەوە، بەڵکوو دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَـٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّـٰلِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَـٰرُ﴾ [ابراهيم: ٤٢]. «پێت وانەبێ خودا لە کردەی زاڵمان بێ ئاگایە؛ بەڵام دەیانهێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە لەویدا هەموو چاو مۆڵەق دەوەستن».

یەکێک لە حیکمەتەکانی لە مۆڵەت دان بە گاڵتەچییان ئەوەیە کە خوای گەورە نیشانی بدات کێ پشتیوانی ئایینەکەی دەکات و غیرە لە شکاندنی سنوورەکانی دەکات، ئیدی پلەوپایەی دۆستانی لە بەهەشت بەرز دەکاتەوە و دوژمنانیشی دەخاتە نێو قوواڵیی دۆزەخەوە.

هۆ ئەوانەی گاڵتە و سوکایەتی دەکەن، ﴿ٱعْمَلُواْ مَا شِئْتُمْ﴾ [فصلت: ٤٠]. «ئەوکەسەی دەخرێتە ئاگر، یان ئەوکەسەی ڕۆژی قیامەت بێ ترس دێ؟ چی خۆتان حەزدەکەن بیکەن»، تەنیا بە یەک نەفحەی دۆزەخ هەموو نەفامییەکانتان بیردەچێتەوە و لوتبڵندی و کشوفشتان دەگۆڕێت بە سەرشۆڕی و پەشیمانی.

﴿وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ ﴿٤٦﴾ وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَاسِبِينَ﴾ [الأنبياء: ٤٦-٤٧]. «خۆ ئەگەر هەر سۆزەیەکیان لە ئازاری پەروەردەت وەلەش کەوێ، ئێژن: ئەی هاوار لەمە، ئێمە هەر لەسەر ناهەق بووین. ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکار دەخەین. ئەوسا بە قەد سەنگی تۆمی وردیلەی دانە خەردەلیش دەخەینە ڕوو ناهەقی لە کەس ناکرێ. ئەوسا بەسە کە هەر خۆمان پێ ڕادەگەین».

ئەم ئایەتە بخوێنەوە، وێنای ئەوانە بکە کە هەموو تەمەنیان لە دژایەتیکردنی

ئایینی ئیسلام بەسەر دەبەن. ڕەنگە یەکێکیان چەندین کتێب و گوتاری نووسیبێت لەسەر بانگەوازکردن بۆ ئیلحاد و، بڵاوکردنەوەی شوبهە و، گاڵتەکردن بە ئایین و، نووسینی ڕۆمان و زنجیرەگوتار بۆ ناشرینکردنی ڕێبازی ئیسلام.

ئەقڵێکی پڕ لە پۆخڵەواتی باتڵ و بۆ دەیان ساڵ، لەگەڵ یەکەم چرکەساتی سزای خوایی، کە ڕەنگە یەکەم بەرکەوتنی ناگر بێت بە جەستەیان کە هەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە. ڕاستەوخۆ هەموو ئەم باتڵە لە ئەقڵ و دڵیان بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هەڵم. خێرا! لوتیان دەشکێت کە کشوفشیان بەسەر ئایینداا لێدەدا، لوتبەرزیان دەشکێت و هەموو ئەو قاقای پێکەنینانەیان بیردەچێتەوە کە وەک گاڵتەکردن بە کەسانی بۆ خوا سوڵحاو لێیان دەدا، تەنیا یەک شت دەڵێن: ﴿قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ﴾ [الأنبياء: ١٤]. «وتیان: هەی ماڵ وێران خۆمان! دیارە کە ئێمە ناهەق بووین».

تەختی زەوی بن!

لە ژیانیاندا مکوڕ بوون لەسەر لووتبەرزی و خۆبەگەورەزانین، پێیان گوترا ﴿لَّا تَعْلُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ﴾. «لەحاند خودا خۆتان بەزلتر مەبینن»، کەچی خۆیان بە گەورە زانی بەرانبەر پەروەردگار.

پێیان گوترا: ﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا﴾ [القصص: ٨٣]. «ئێمە ماڵەکەی دواڕۆژ هەر بۆ ئەوانە دادەنێین، کە لەم عەرزە نایانەوێ خۆ بە زلتر بزانن و بەدفەڕی کەن» کەچی سەرقاڵی خراپەکاری بوون و کشوفشیان دەکرد بەسەر بەندەکانی خوادا. خۆزگەی ئەوەشیان دەخواست کە ماوەیەکی زۆر لەم خۆبەگەورە زانییەدا بمێننەوە: ﴿يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ [البقرة: ٩٦]. «تەنانەت لەو کەسانەش کە شەریک بۆ خوا دەناسن. هەرکام لەوان پێی خۆشە هەزار ساڵ بژی».

بەڵام، ڕۆژی قیامەت تەنیا یەک ناواتیان هەیە: ﴿يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَعَصَوُا الرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ الْأَرْضُ﴾ [النساء: ٤٢]. «ئەوێ ڕۆژێ ئەو کەسانەی لە ڕێی خودا گلا بوون و بە قسەی پێغەمبەریان نەکرد، حەز دەکەن ڕێکی ڕووکاری زەوی بان».

واتا ناوات دەخوازن کە بەناو زەویدا ڕۆچن و تەختی زەوی بن! لەکاتێکدا لە دونیادا مکوڕ بوون لەسەر دەرکەوتن و خۆبەگەورەزانین، کەچی لەوێ حەزناکەن ببینرێن!

خۆزگە بە لەناوچوون دەخوازن: ﴿يَقُولُ الْكَافِرُ يَا لَيْتَنِي كُنتُ تُرَابًا﴾ [النبأ: ٤٠]. «هەر کەسیش خودای نەناسی هەر دبێژە: ئەی کاشکایە ئاخ بوومایە». هەتا دەتوانن کشوفش بکەن، خۆتان بەگەورە بزانن، چی دەکەن بیکەن، ئەمە ناواتی ئێومیە لە ڕۆژی قیامەت، بەدەستیشی ناهێنن!

لە بەرانبەردا باوەڕدار دەڵێت: ﴿أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ [الصافات: ٥٨، ٥٩]. «تۆ بزانە کە ئێمە تازە نامرین؛ جیا لە مردنی پێشوومان. هیچ ئازاردانیشمان نییە». زۆر بە دڵخۆشییەوە دەیڵێت کە ئیدی لەمڕۆ بەدواوە مردن و سزا نییە، بەڵکوو مانەوەی هەتاهەتاییە لە بەهەشت. خوای گەورە بیکاتە نسیبمان.

﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾

«لە تەشەری سەرکۆنەکەران ناترسن»

وەختێ بۆچوونی خەڵکی و لۆمە و قسە و قسەڵۆکیان کاریگەی دەبێت لەسەرت، وەختێ قیبلەنماکە ون دەکەی، ئیش دەکەی، یان هەڵوێستێک دەنوێنی، خەڵکی ستایشت دەکەن دڵخۆش دەبی، خەڵکی لۆمەت دەکەن پەشیمان دەبیتەوە

و، هەڵوێستێکی تر دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی دۆخەکە ڕێککەیتەوە، خەڵکێکی تر لۆمەت دەکەن و ئەوانەی دوێنێش ستایشیان دەکردیت سەرزەنشتت دەکەن، پەرێشان دەبی و بیر و هزرت پەرت دەبێت و نازانیت چی بکەیت.

ئەو دەمە ئەم فەرمایشەی پەروەردگار بخوێنەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [المائدة: ٥٤]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر کەس لە دینی خۆی پاشگەز ببێتەوە، خوا لەمەولا کۆمەڵێ وا دەخاتەڕوو، خۆشی بوێن؛ ئەوانیش خوایان خۆش بوێ و لە حاندی خاوەن باوەڕان نەرم و نیان دەبزوونەوە و لە بەرانبەر دوژمنانی دین، سەربڵند و توند و تیژن؛ خەزا لە ڕای خوا دەکەن و لە تەشەری سەرکۆنەکەران ناترسن. ئەمە زێدە خەڵاتێکە لە خوداوە بە هەر کەسێ خۆی حەز بکا پێی دەبەخشێ. خوا زانایە و -لە بەخشین- زۆر دەس گوشادە»

(يُحِبُّهم): گەر خوای گەورە بەندەگەلێکی خۆی خۆشویست ئەوە نیشانەی ئەو خۆشەویستییەیان نیشان دەدات، ئیدی بەندەکانی ئولفەتی پێوە دەگرن چ ئولفەتێک، هەستکردنیان بەو خۆشەویستییە سەرچاوەی دڵنیایی و چەسپاوی و هێزیان دەبێت.

ئامادەشن بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک بۆ پارێزگاریکردن لێی و، زۆر بە تونديش ئەنجامدانی هەر شتێک ڕەتدەکەنەوە کە خۆشەویستی خودا بۆیان و هەستکردنیان بەوەی کە لەگەڵیانە لەدەست بدەن.

(وَيُحِبُّونَهُ): خۆشەویستییەک کە دڵیان پڕ دەکات، ئیدی بیر کردنەوە لە تێڕوانینی خەڵک جێ لێڕ ناکات پێی و، ڕازیکردنی هیچ کەسێک یان نەهێشتنی تورەیی و لۆمەکردنی ناخەنە پێش ئەوەوە.

بەڵکوو خۆشەویستییان بۆ خودا زاڵ دەبێ بەسەر هەستەکانیان و هەڵوێست و تێڕوانینیان بۆ هەموو شتێک و هەموو کەسێک و، لەسەر ئەو بنچینەیە خۆشەویستییان یان ڕقیان بۆ خەڵکی دیکە بونیاد دەنێن. ئەمەش خۆشەویستییەکی زاڵی بااڵدەستە، نەک هاوبەشی تەنگ پێهەڵچراو!

﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾: چونکە خۆشویستی باوەڕداران لە دڵیاندا ڕەنگدانەوەی خۆشەویستییانە بۆ پەروەردگار. خۆ بەکەمزانییان لە ئاست باوەڕدارانیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حساب نەکردنیان بۆ لۆمەی لۆمەکاران لە غرور و خۆبەگەورە زانییەوە نییە.

﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾: گەرچی وادەرکەوێت کە بێباوەڕان سەرکەوتوون و شکۆمەندی بۆ ئەوانە، ئەوە خۆشەویستی خودا لە دڵی باوەڕدارانا سەرچاوەی باڵانواڕی و متمانەیە، دڵ و دەروونیان شکست ناهێنێت و ناشکێت.

﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾: بەدڵ و زمان و دەستیان تێدەکۆشن دژ بە بێباوەڕان و دووڕووان و باتڵ و خراپەکارییەکانیان، دەشزانن کە ئەم تێکۆشانەیان ڕەنگە مەلەکردن بێت بە پێچەوانەی شەپۆلەکانەوە و تووشی قوربانیدانێکی زۆریان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا: ﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾.

ئەو لۆمەکارە ڕەنگە لە ئەهلی باتڵ بێت، لۆمەت دەکات تا ساردت کاتەوە یان پەشیمانت کاتەوە یان وەک توانج دان لێت. ڕەنگە لەو موسڵمانانەش بێت کە خۆشیان دەوێی، لۆمەت دەکات لەبەرئەو شتانەی "لەدەستت داوە" بە هۆی ڕێگریکردنت لە خراپە و جەنگان دژ بە باتڵ، لۆمەت دەکات لەبەرئەوەی خۆشی دەوێیت و دەترسێت تووشی شتێکی خراپ بیت.

سەرباری ئەوە، گشت ئەو لۆمەکردنانە، هەرکێ بیکات و پاڵنەرەکەی هەرچی بێت، کاریگەری نابێت لەسەر هەڵوێستی باوەڕدارە دڵسۆزەکان، ناشیان ترسێنێت، هیچ پەشیمانی و پاشەکشێیەک لە هەڵوێستەکانیان ڕوو نادات کە

هەمووی لەپێناو خودا ئەنجامیان داوە و قوربانیشیان لەو پێناوەدا داوە، ئیدی لۆمەکانیش با لۆمەی کەسانێک بن کە ئەمانیان خۆش بوێت، چون لە تەرازووی پەروەردگاردا شایەنی ئەوە نییە لۆمە بکرێن. لەبەرئەوە سەرنج بدە بە گشتی باسکراوە: ﴿لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾.

مکوڕ بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان و پشتگوێخستنی لۆمەی لۆمەکاران بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە یەقینیان هەیە بەو ئایینەی کە لەپێناویدا قوربانی دەدەن، هەروەک بەڵگەیە لەسەر بەهێزی ئیرادەیان.

﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾: کۆبوونەوەی دڵ لەسەر خۆشەویستی خودا، کە پەرت و بڵاو نەبێتەوە و، لەت و پەت نەبێت لە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی ئەم و ئەو و، پەشیمان نەبێتەوە لەبەر لۆمەی ئەم و گازندەی ئەو، بەڵکوو ئیتر باوەڕدار کاریگەری لەسەر هەڵوێستی لۆمەکاران دروست دەکات و ڕێچکەکەیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، سوپاسی دەکەن لەسەر ئەو شتەی کە دوێنی لۆمەیان دەکرد لەسەری، هەموو ئەمەش فەزڵی خودایە، چەن بەختەوەرە ئەوەی ئەم پلە و پێگەیە بەدەست دێنێت.

﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾، فراوانییەک کە بالاترە لەوەی کاریگەر بێت بە هەڵوێستی ساتەوەختانە لە خۆشەویستی خەڵکی و ڕق و ستایش و لۆمەکردنیان و، بوونی زانست و زانیاری بە سەرەنجامی یەقین و قووڵی خۆشەویستی خودا لە دڵی باوەڕداران.

﴿فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥٓ﴾؟!

لە کاتی مشتومڕی لەگەڵ گەلەکەی پێغەمبەر صالح (علیه السلام) فەرمووی: ﴿فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥ ۖ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ﴾

[هود: ٦٣]. «ئەگەر لە فەرمانی دەرچم، کێ هەیە بە فریام بگا؟ لەنگۆش هیچم نایەتەبەر غەیرەز زەرەر»

کە هەموو بانگخوازێکی ڕاستگۆ دەبێت ئەو قسە بکات بەرانبەر ستەمکاران، کە دەیانەوێت بە تەماع خستنە بەری یان هەرەشەلێکردن بچێتە ژێربارییان و، پشتگیریان بکات لە خراپەکاری و بە کۆیلەکردنی خەڵکی و شێواندنی بانگەوازەکەی کە لەگەڵ هەوا و ئارەزووی وان بگونجێت: کێ لە دەست خوای گەورە قوتارم دەکات گەر سەرپێچیم کرد و گوێڕایەڵێ ئێوەم کرد؟

کێ لەدەست خودا ڕزگارم دەکات گەر سەرپێچیم کرد بەوەی بێبەشم بکات لە سەرخستنی خۆی و بەرچاوڕۆشنیم نەهێڵێت ئیدی تووشی کۆمەڵێک کاری سەرشۆڕانە بم کە لەبەرچاوی ئەو و خەڵکی بکەوم بۆ هەمیشە؟ کێ لەدەست خودا رزگارم دەکات گەر سەرپێچیم کرد ئیدی وام لێکات کە ڕێزم نەمێنێت لای منداڵ و نزیکترین کەسەکانم و بەڵکوو لای خۆشم؟

کێ لەدەست خودا ڕزگارم دەکات گەر سەرپێچیم کرد تووشی نەخۆشییەکی دریژخایەنی پڕ ئێش و ژانم بکات کە بە هۆیەوە خۆزگە بە مردن بخوازم و نەشمرم؟ کێ لەدەست خودا ڕزگارم دەکات گەر سەرپێچیم کرد ئێوەی ستەمکار زاڵ کات بەسەرمدا و ستەمم لێبکەن گەرچی ئێوەم لە خۆی ڕازیکردبێت بە تووڕەکردنی پەروەردگار؟

چ سوودێکم پێدەگەیەنن لە هەموو ئەم هەڵوێستانەدا؟ بەڵکوو ﴿فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ﴾ جگە خەسارەتمەندی زیاتر هیچی دیکەم تووش ناکەن، من و ئێوەش لەژێر دەسەڵاتی پەروەردگاردا ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ﴾، بڕۆن هەڕەشە لەیەکیك بکەن و تەماع بخەنە بەردەمی کە ئەم حەقیقەتە نەزانێت لەبارەی خۆی و ئێوەوە!

خۆشەویست ناتوانێ بیشارێتەوە

ئەوە حەقیقەتێکی بینراوە: «خۆشەویست ناتوانێ بیشارێتەوە» دەبینی دەیەوێت بۆ هاوڕێکەی، دایکی، براکەی یان خوشکەکە بدرکێنێ، لەگەڵ یەکێک بابەتێک دەکاتەوە کە مەبەستی خودی بابەتەکە نییە، بەڵکوو دەیەوێت لەڕێیەوە ئەو خۆشەویستییە بدرکێنێ کە لە دڵیدایە. چاوەڕێ دەکات هاوڕێکەی پرسیاری لێکات تا زیاتر لەسەری بڕوات و شتی زیاتر بدرکێنیت.

چێژ وەردەگرێت لە دەربڕینی خۆشەویستییەکەی، وا دەزانێت بەو درکاندنە سوکنایی بۆ دێت، کەچی بە خۆشەویستی زیاتر ئاگری تێبەردەبێت! هەر لەو پێناوەدا پەخشانەکان نووسراون و هۆنراوەیان گوتووە ئەوانەی کە هونەرمەندیش نین!

لێرەدا مەبەستم قسەکردن نییە لەسەر خۆشەویستی کە ئایا ڕەوایە یان نا، ئایا دەبێتە هۆی هاوسەرگیری یان نا، بەڵکوو چەسپاندنی حەقیقەتێکە: کە «خۆشەویست ناتوانێت بیشارێتەوە» ئیتر خۆشەویستی پاکی خودایی چۆن بێت؟! ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾ [البقرة: ١٦٥]. «ئەوانەی خاوەن بڕواشن خودایان لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێ».

ئایا خەیاڵ دەکەی خوات خۆشبوێ و بتوانیت ئەم خۆشەویستییە بشاریتەوە؟! ئایا حەقیقەت ئەوە نییە کە خۆشەویستی دەبێ دەرکەوێت؟ ئایا وا باشتر نییە بۆت کە هەمیشە ئەم خۆشەویستییە دەرخەیت و چێژ و تامێکی زۆر لە دەرخستنی ببینیت؟ وەختێ باسی ئەوە دەکرێت کە موسڵمان دەبێ لە ڕواڵەتدا لە خەڵکی جیاواز بێت هەندێکمان وەک بارێکی قورس لێی دەڕوانین! وەک باجێکی گرانی دینداریی تەماشای دەکەین، لەکاتێکدا ئەویندار وەک چێژێک لێی دەڕوانێت کە ئەم ئەوینەی پاڵی پێوە دەنێت بۆی، ڕایدەگەیەنێت کە خودا و پیغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشدەوێت.

ئاخر موسڵمانینە ئەوە کەی ماقوولّە کە نەتوانرێت جیاوازی لەنێوان بەندەی ڕەحمان و بەندەی شەیتان بکرێت! مەبەستم بەندەی شەیتان بەشێوەیەکی مەجازی نییە، بەڵکوو بە حەقیقی! مەبەستم تاقمی شەیتان پەرستەکانە! ئایا هەردوو لا نوێترین پۆشاکەکان ناپۆشن و سەر و ڕیشیان بە نوێترین مۆدێلەکان چاک ناکەن و هاوشێوەی یەکدی ڕەفتار ناکەن وەختێ لە دوورەوە دەیانبینی؟

ئاخر کچی موسڵمان ئەوە کەی ماقوولّە کە نەتوانرێت لە خەڵکێک کە باوەڕیان بە قورئان و پێغەمبەرەکەت نییە جیابکرێیتەوە؟! کەی ماقوولّە لەپێش چاوت خراپە بکرێت و قسەی خراپ بکرێت و تۆش بێدەنگ بیت و هیچ هەڵوێستێکت نەبێ؟!

هەبوونی ڕواڵەتێکی دیندارانە و شانازیکردن بە شوناسی ئیسلام داخوازییەکی گران نییە، بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک دەربڕی خۆشەویستییەکی ڕاستگۆیانەیە.

ئایینەکەتان دەرخەن

نیشاندانی شانازیکردن بە ئیسلام، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکان لەم سەردەمەدا، گەرچی کەمتەرخەم بیت. بەڵێ، ئەو هێرشەی لەسەر ئیسلامە ئەوە لە کوڕان و کچانی دەخوازێت کە بە هەموو شێوەیەک بەرەنگاری بنەوە، سەرباری ئەو گوناە و سەرپێچیانەی کە هەیانە.

سیستەمی نێودەوڵەتی و کلکەکانی لە وڵاتانی موسڵمان هەموو ڕۆژێک هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ کوژانەوەی مەشخەڵێک لە مەشخەڵەکانی ئیسلام و، دژایەتیکردنی دروشمەکانی و، هێرش کردنە سەر پیرۆزییەک لە پیرۆزییەکانی و، شێواندنی پرۆگرامی خوێندن، ئامانجەکەشیان ڕوونە:

﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا ۚ﴾ [البقرة: ٢١٧]. «ئەوان دەستوو لێ بەرنادەن، هەر دەگەڵ ئێوە بەشەڕ دێن هەتا -ئەگەر بۆیان بلوێ- ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەربگێڕن».

چی دەبێتە هۆی ئەوەی پەلە بکەن لە داماڵینی ئایین لە خەڵکی یان خاوە خاو بکەن و دوودڵ بن؟ ئەوەی کە دەیبینین لە پاشماوەی ژیان، گەر تینی ئیمانیان لە دڵی خەڵکیدا بینی ئەوە دەست لە هەندێک لە خراپەکانیان هەڵدەگرن، خۆ ئەگەر سارد و سڕی خەڵکیان بینی ئەوە بەردەوام دەبن.

لەبەردەم ئەم هێرشەدا، دەبێ هەمووان بەرەنگاریان بنەوە، تەنانەت ئەوانەش کە گەورەترین گوناهەکانیان کردووە و هێشتا لەسەر ئیسلام ماونەتەوە، لەناوخۆی خۆماندا وەک موسڵمانان ئامۆژگارییان دەکەین و، ڕەنگە توندی بنوێنین بەرانبەر یەکدی لە ئامۆژگاریکردنا، بەڵام یەک سەنگەرین بەرانبەر دوژمنانمان.

ئیسلامەکەتان نیشانی خەڵکی بدەن، شانازیکردن و خۆشەویستیتان بۆ ئایینەکەتان نیشان بدەن و ئامادەیی خۆتان بۆ قوربانیدان لەپێناویدا بخەنەڕوو...

تۆ مامۆستای لە قوتابخانە؟ دکتۆری لە زانکۆ؟ بەڕێوبەری کۆمپانیای؟ وانەکەت، کۆبوونەوەکانت بە ناوی خودا و سڵاوکردن لە پێغەمبەری خودا دەست پێبکە، سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر بدە و داوا لەوانەی چواردەورت بکە لە قوتابی، هاوڕێ کە سڵاوات بدەن لەگەڵت، وەختێ گاڵتە بە ئایین دەکرێت، یان سنووڕەکانی دەبەزێنرێت لەبەردەمتا تووڕەیی خۆت نیشان بدە، هەرچەند کەمتەرخەم و گوناهبار بیت، ئەمە ڕیایی و فریودانی خەڵک نییە بەڵکوو جێبەجێکردنی ئەرکێکی سەرشانتە گەرچی کەمتەرخەمیت هەبێ لەلایەنەکانی دیکەدا.

قوتابیت؟ دروشمەکانی ئایین دەرخە گەرچی کەمتەرخەم بیت، ئارەق خۆر بیت، سفوور بیت، ئاوا بیت کەچی دروشمەکانی ئایین دەرخەیت؟! بەڵێ. لەوانەیە بڵێی: ئەوەی شانازی بە ئایینەکەیەوە دەکات ئەو گوناهانە ئەنجام نادات کە باست کرد. بەڵێ! چاکە و خراپە و خێر و شەڕ لە یەک کەسدا کۆدەبێتەوە، ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا﴾ [الأنعام: ١٣٢]. «بۆ هەر کەسێ بەرانبەر بە ئاکاری خۆی- پلەوپایەگەلێک هەیە».

تۆ ئایینداری نیشان دەدەیت نەک لەبەرئەوەی قەناعەت بەخۆت بکەیت کە ئەوەی لەسەرت بووە ئەنجامت داوە و خۆت بدزیتەوە لە وازهێنان لە گوناهکردن، بەڵکوو ئەوە مانای ئەوەیە کە:خراپەت کردووە لەلایەک ئەوە لەلایەکی دیکە چاکەت کردووە، دەخوازیت بەمە خوای گەورە ڕەحمت پێکات و هاوکارت بێت لە چاککردنی خۆت و، یەکێک بیت لەوانەی ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە: ﴿وَآخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلًا صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ﴾ [التوبة: ١٠٢]. «هی تریش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خۆیاندا، کارێ باش و یەکێ خراپیان تێکەڵ کرد؛ شایەت خودا تەوبەیان لێ قبووڵ بکا».

ئاوڕمەدەوە بۆ گاڵتە و توانجی گاڵتەچییان و قسەی ئەوانەی کە دەڵێن: "چییە بوێتە مەلا، مەلاژن؟!"، بەڵکوو چەسپاو و دامەزراو بە و هیمەتت بەرزبێت.

خوای گەورە بانگدان و تەکبیراتی جەژن و دڵخۆشی بە جەژنەکانی بۆ بەیان کردووین، تا ئایینداری خۆمان نیشان بدەین و بە هۆیەوە شکۆمەندی و دامەزراوی لەسەر ئیمان و هیممەت بەرزی وەدەست بێنین، دوژمنانی ئیسلام دەیانەوێت وەک نامۆیەک لە وڵاتی خۆمان بژین، گوێڕایەڵییان مەکەن و بزانن کە ئێوە بە گوێڕایەڵیکردنی خودا خەڵکی ڕەسەنن و ئەوان مشەخۆرن،

﴿إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [الأعراف: ١٢٨]. «ئەم زەمینە هی خودایە؛ بە هەر کەسێ لە عەبدانی خۆی حەز بکا، پێی دەبەخشێ و دواڕۆژیش بۆ ئەوانەیە کە لە خودا ترسیان هەیە»، «ئایینەکەتان دەرخەن».

قوربانی دان لە سیاقێکی جیاوازدا

برایەکی خۆشەویست، پزیشکێکی بلیمەت و لێهاتووە، پاش تەواوکردنی کۆلیژی پزیشکی چەندین بڕوانامەی بەرزی لە زانکۆ بیانییەکان بەدەست هێنا لە کۆمەڵێک پسپۆڕی دەگمەندا و، هەلی کاری لە چەندین وڵاتی عەرەبی و بیانی بە موچەی بەرزەوە پێشکەش کرا، بەڵام ئەو لەلای باوک و دایکی مایەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان و، ڕووی کردە کەرتی تەندروستی کە لەڕێیەوە دەیتوانی خزمەتی تێکڕای خەڵکی بکات.

پیرۆزباییم لێکرد و لێم پرسی: "ئایا موچەکەت لەو بڕە زیاترە؟" بۆ ئەوەی بزانم هەوڵ و ماندووبوونی لەبەرچاوگیراوە بەلای کەمەوە، چونکە دەزانم کە موچە لێرە زۆر کەمە، بەڵام ئەو بەم پەیامە کاریگەرە وەڵامی دامەوە: "بڕواناکەم لەوە زیاتر بێت. ئێرە پێگەی سوپاس و ستایشکردنی پەروەردگارە، پاشان سوپاسکردنی باوکمە، باوکم هاویەشە لە هەموو ئەمانەدا، ئامۆژگاری دەکردم: بزانە بەرژەوەندی ئوممەتەکەت و وڵاتەکەت و خەڵکەکەت لەکوێدایە و تۆش لەوێ بە، منیش ئەوەی پێویستت بێ بۆت دابین دەکەم، ئێمە لە پێگەی قوربانیداندایین دکتۆر، قوربانیدان لە سیاقێکی جیاوازدا، داواکارین خوای گەورە لێمان قبوڵ بکات و هاوکاریمان بکات، نزامان بۆ بکە"

چەن تێگەشتنێکی مەزنە!: قوربانیدان بە پێگە و موچەیەکی بەرز لەپێناو

خزمەتکردنی ئوممەتدا، قوربانیدانێک لە سیاقێکی جیاوازدا کە بە خەیاڵماندا نایەت! چ باوکێکی جوانە کە ئەو کەڵێنە پڕ دەکاتەوە بە سەرقاڵکردنی کوڕەکەی بۆ خزمەتی ئوممەتەکەی، پاڵی پێوەنام کە بە هاوڕێکەم بڵێم: "دەستی باوکت ماچکە لەجیاتی من"، ئەمە وانەیەکە بۆ هەموومان، هاوڕێکەم و باوکی پشتیان بەوە بەستبوو کە خودایەکی بەخشندە هەیە ئاگای لە قوربانیدانەکانیانە و پاداشتیان دەداتەوە.

دەرهێنانی پەرستشەکان

پەروەردگارمان بۆ ئامانجێک دروستی کردووین: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦]. «من هەربۆیە جندۆکەو مرۆم دروس کرد، بمپەرستن».

بە حیکمەتی خۆی ویستی لەسەر ئەوەبووە کە لە ڕێگەی گەشتن پێی تووشی کۆمەڵێک دوژمنی ئایینەکەی بینەوە کە وەک ڕێگر بەرانبەرمان دەوەستن، نەک بۆ ئەوەی تووشی نەهامەتی بین: ﴿مَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لِتَشْقَىٰٓ﴾ [طه: ٢]. «ئەم قورئانەن بۆ نەناردی تووشی چەوسانەوە بی»، یان تووشی دڵتەنگی بین: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾ [المائدة: ٦]. «خوا نایەوێ بتانخاتە تەنگانەوە؛ بەڵام گەرەکیە خاوێنتان بکاتەوە و بە تەواوی چاکەتان دەربارە بکا»، یان خەم و خەفەت بخۆین بە هۆی ئەوە کە دوژمنانی ئیسلام ئەنجامی دەدەن: ﴿وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ﴾ [النحل: ١٢٧]. «لەو گزی و فێڵانەش دەیکەن، دڵتەنگ مەبە».

بەڵکوو وەک خۆی دەفەرموویت: ﴿ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ﴾ [محمد: ٤]. «ئەگەر خودا بیویستبا، بۆ خۆی تۆڵەی لێ دەستاندن؛ بەڵام ویستی بە یەکتریتان بئەزموێ» بۆ ئەوەی

پەرستشی و هەوڵ تێکۆشان لەپێناویدا و پشتبەستن پێی و پاڕانەوە لێی و هانابردن بۆی و قوربانیدان لەپێناویدا بێنێتە دەر تیاماندا و بیخاتە ڕوو.

لەکۆتاییشدا لەبەردەم پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویدا دەوەستین، با هەموومان ئەوەمان لەیادبێت کە هەوڵ و کۆششەکانمان دەبینرێت ﴿ثُمَّ يُجْزَىٰهُ ٱلْجَزَآءَ ٱلْأَوْفَىٰ﴾ [النجم: ٤١]. «لەپاشانیش -بە باشترین شێوە- پاداشی پێدەدرێ»

﴿وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾

کاتێ ناڕەحەتی موسڵمانان دەبینین لە وڵاتە لێقەوماوەکاندا ڕەنگە بێتاگا بین لەبارەی حیکمەتێکی گەورە لە حیکمەتەکانی پەروەردگار لە دروێزکردنەوەی کاتی تاقیکردنەوە، ئەویش ئەوەیە کە پەروەردگار بەندەکانی تاقیدەکاتەوە تا پەرستشی ملکەچی بۆ پەروەردگاریان تێدا دەرکات و، هەست بە لاوازی خۆیان بکەن و، پەروەردەیان بکات و دڵیان نەرم کات، هەموو ئەمانە بەرلەوەی کە سەریان خات. ئیدی لە تاقیکردنەوە و ناڕەحەتییەوە بەرەو سەرکەوتن بڕۆن و بەهێز بن، بەڵام لەگەڵیدا بەسۆز بن، سەربەرز بن بەڵام خاکیی بن. لەخۆیان بایی نەبن و بەخشش و نیعمەتی پەروەردگار لەبیر نەکەن، ستەم لە خەڵکی نەکەن و بە کشوفشەوە بەسەر زەویدا نەڕۆن کاتێ لە لوتکەی سەرکەوتن دان.

خوای گەورە دڵی باوەڕدارانی هەژاند لە جەنگی ئەحزابدا، ئەمەش بەشێک بوو لە نیعمەت و بەخششی خودایی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ۝ إِذْ جَاءُوكُمْ مِنْ فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا ۝ هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا﴾ [الأحزاب ٨-١١]. «لەو شوێنەدا ئەزموونی خاوەن باوەڕان هاتە گۆڕێ و بە لەرزینێکی زۆر بەهێز، دڵی

هەموان کەوتە لەرزە. لەو عانەشدا ئەو کەسانەی دوورووبوون و ئەوانەش کە دەغەزێکیان لەدڵدا بوو، هەر دەیانگوت: ئەو بەڵێنەی خودا و پێغەمبەر دەیاندا هەر بۆ فریوی ئێمە بوو. هێندێک لەوان گازی دەکرد: ئەی دانیشتوانی مەدینە! ئێرە جێگای ئێوە نییە، دەی وەگەڕێن. هێندێکیشیان دەهاتن ئیزنیان لە پێغەمبەر دەخواست: کەسمان لەسەر ماڵەکانمان دانەناوە ئاگای لێ بێ. ماڵیان بێ پارێزگار نەبوو، هەر نیازی ڕاکردنیان بوو».

بە ئەندازەی ئەم هەژاندنە ملکەچی و هانابردنی باوەڕداران بۆ پەروەردگاریان هاتە دی، هەر بە ئەندازەی ئەم ملکەچی و هانابردنەش شکۆمەندیان بەدەست هێنا: ﴿وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا ۚ وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ ۚ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ [الأحزاب ٢٥]. «خودای دین دوژمنەکانی -وێڕای ئەو ڕکەی کە بوویان- کشاندەوە و هیچ بەهرەشیان دەس نەکەوت. لە جەنگدا خاوەن باوەڕان خودایان لایە، بەسیانە. خوا توانای بە دەستەڵاتە»، جەنگی بەدریش هەر بەو شێوە بوو کە ژمارە و چەک و تفاقیان کەم بوو.

کۆچەرییەکان تووشی جەور و ستەم و سزادان بوونەوە و ناچار بوون خاک و خەڵکی خۆیان جێبێڵن و هانا بۆ مەدینە ببەن، بەپێی ئەم وەسفە بێت ئەوان ژێردەستە و زەلیل بوون، گەرچی لە دڵ و دەروونداو بەشکۆ بوو بن: ئیدی خوای گەورە دوای ئەم ژێردەستەییە سەری خستن: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [آل عمران: ١٢٣]، «وا دیتیشوو کە خودا لە شەڕی بەدرا سەری خستن؛ هەرچەند کەم و بێ هێزیش بوون. سا هەر لە خودا ترس و بێ؛ بەشکەم شوکری بەجێ بێنن».

لەکاتێکدا لە جەنگی حونەین موسڵمانان سەرسام بوون بەزۆری ژمارەیان و غرور گرتبوونی بەڵام هیچ سوودی نەبوو بۆیان، ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا﴾ [التوبة: ٢٥] «ڕۆژی حونەینیش هەروەها؛

که هەرچەندە بەزۆری خۆتان دەنازین، که چی هیچ بەهرەی بۆ نەدان».

لە سەرەتادا تووشی شکست هاتن تا ژمارەیەکی کەم لەچواردەوری پێغەمبەر (ﷺ) مانەوە و تالّاوی ئەوەیان چەشت کە خوای گەورە بیانداتە دەست هێز و پەنای خۆیان، پەشیمان بوونەوە و زانییان کە تەنیا خودا سەریان دەخات، ئیدی خوای گەورە سەرباری کەمی ژمارەیان سەری خستن.

کەوابێ دڕێژکردنەوەی ماوەی تاقیکردنەوە لەسەر موسڵمانان چەند حیکمەتێکی تێدایە لەوانە، ملکەچ و گەردنکەچ بن بۆ خودا، تاکوو کاتێ سەربخستن و دەرووی خێری لێکردنەوە بیری ئەو کاتەیان بکەوێتەوە کە چەند لاواز بوون، ئیدی فەزڵی خودا لەبیرنەکەن و، جەور و ستەم نەکەن لەو میللەتانەی کە دەکەونە ژێر دەستیان.

ئێ باشە، ئەی چی دەربارەی ئەوانەی کە دەمرن پێش ئەوەی بگەن بە چرکە ساتی سەرکەوتن؟

ئەوانە ئەو کاتەی چەسپاو و دامەزراو بوون و ملکەچی پەروەردگاریان بوون و بە پاک و بێگەردی پەرستشەکانیان بۆ خودا بووە، ئەوە ئەرکی خۆیان جێبەجێکردووە و ئەوەیان بەدەست هێناوە کە ئەوانەی دوای ئەوان ماونەتەوە درەنگتر بەدەستیان هێناوە. چما نابینی خوای گەورە لە گێڕانەوەی هەمان چیرۆکی الاحزابدا دەفەرموێت: ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾، [الأحزاب:٢٣]. «پیاوی وا هەن لە ناو خاوەن باوەڕاندا، ئەو پەیمانی بەخوایان دا، پێکیان هێنا؛ جا لەوانە هەیانە گیانی بەخشیوە و هێندێکیشیان چاوەنواڕن و تۆزقاڵێکیش -سۆزی خۆیان- نەگۆڕیوە».

ئەوانە نەگەشتن بە چرکەساتی سەرکەوتن، بەڵام بە چەسپاوی و دامەزراویی مردوون و ڕەزامەندی خودایان بەدەست هێناوە کە ئەوانەی دوای ئەوان ماونەتەوە

و چرکەساتی سەرکەوتنیان بینیوە، هێشتا ئەم ڕێزلێنانەیان بەدەست نەهێناوە و ناشزانن ئاخۆ ئاقیبەتیان بەو شێوە بەخێر کۆتایی دێت. داواکارین لەخوای گەورە کە شکۆ و عیززەت بە موسڵمانان ببەخشێت لەپاش ملکەچی گەردنکەچییان و ڕەحم و بەزەیی خۆشی بڕژێت بەسەر ئەوانەدا کە وەفاتیان کردووە.

پشتێنەی سەلامەتی

هیچ کەس هێندەی چاکەخوازان پارێزگاری لە ئاسایشی وڵاتان ناکات. خوێ گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ [هود: ۱۱۷]. «پەروەردەت -بە ناهەقی- چ جار قڕانی نەخستە ئەو شارانەی ئاکارچاک بوون».

سەرنج بدە: نەیفەرموو (پیاوچاکان) ئەوانەی کە خۆیان چاکن بەڵام، بەڵایانەوە گرنگ نییە کە خەڵک چاک بێت، بەڵکوو (چاکەخوازان) کە فەرمان بە خەڵکی دیکە دەکەن چاک بن.

لە ئەبو بکرەوە (خوای گەرە لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: گوێمان لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: (خەڵکی گەر ستەمکاریان بینی و دەستیان نەگرت ئەوە نزیکە خوای گەورە گشتیان سزا بدات)، هەروەها گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەیفەرموو: (هەر گەل و هۆزێک خراپەی تێدا بکرێت، پاشان بتوانن ئەو خراپەیە بگۆڕن و نەیگۆڕن، نزیکە خوای گەورە سزای هەموویان بدات).

گەر فەرمانت بە چاکە کرد و ڕێگریت لە خراپە کرد و، تەنیا دانت بەو هێڵە سوورانەدا نا کە خوای گەورە کێشاوێتی، پاشان پێت وترا: "تۆ فیتنە و ئاشووب دەنێیتەوە"، نەکەی هەست بە شکستی دەروونی بکەیت و بڕوا بەوە بکەیت! بەڵکوو تۆ پشتێنی سەلامەتیت، پاداشتی تۆ تەنیا لای پەروەردگارە

و، بە هۆی هاوشێوەکانی تۆوە خوای گەورە سزای خۆی بۆ خەڵکی نانێرێت، حەقی خۆیەتی شانازی بەوەوە بکەیت. نیەتت خاوێن بکەوەوە و پشت بە خودا ببەستە، ﴿وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ﴾ [الروم: ٦٠]. «نەکا ئەوانەی دڕدۆنگن، تۆ لە ڕێی هەق بترازێنن».

لەگەڵ جەنجاڵی ژیان

لەگەڵ جەنجاڵی ژیان و، پەرتبوونی هزری مرۆڤ و تێکەڵ بوونی نیەتەکان و تێکچوونی پێوەرەکان و سنووردارببوونی ڕوانینەکان تەنیا بۆ ژیانی دونیا و غافڵبوون لە مەبەست و ئامانجە مەزنەکان، تا لەم ساتەوەختەدا ئایەتێک دێت تا بیدارت کاتەوە و سەرلەنوێ قیبلەنماکەت بۆ ڕێکخاتەوە: ﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢٨١]. «ترسیشوو لەو ڕۆژە هەبێ کە دەهێننەوە لای خودا؛ ئەوێ ڕۆژێ هەر کەس هەرچی کردوویەتی -بە تەواوی- دێتەوە ڕێی و ناهەقی لە کەس ناکرێ».

شکستت نەهێناوە!

کارەکەت بە باشی ئەنجام داوە، بەجوانی مامەڵەت کردووە، بە فەرمایشی خودا و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) قسەت لەگەڵ چواردەورەکەت کردووە، کەچی لە ڕواڵەتدا هیچ شتێک نەگۆڕاوە! هاوڕێکانت، قوتابییەکانت، موشتەرییەکانت، دراوسێکانت، ئەوەی کەمتەرخەم بوو لە نوێژەکانی هەر وەک خۆیەتی، ئەوەیان کە باڵاپۆش نەبوو هەر باڵاپۆش نەبووە، ئەوی دیکەش هەر وەک جاران خەریکی گوێگرتنە لە گۆرانی و بەدواداچوون بۆ هەواڵی ئەکتەر و گۆرانیبێژان و هیچ گرنگی بە باسوخواسی ئوممەت نادات.

خەمبار مەبە، تۆ شکستت نەهێناوە! مادەم ئەوەی کە لەسەرت بووە بە ڕاستگۆیی و ئیخلاس و باش شوێنکەوتنی سونەتی خۆشەویست لە بانگەوازدا ئەنجام داوە.

سەرکەوتنێکی گەورە هەیە لەوەیە هەستی پێنەکەیت، ئەویش پاککردنەوەی دڵی کەسانی چواردەورتە لە «کار و کردەوەی لەناوبەری دڵ»، کە زۆر مەترسیدارترە لە گوناە و تاوانی ئاشکرا.

ئەو، پێشتر ڕقی لە ئافرەتانی بالاپۆش دەبوویەوە، بە هۆی ڕاگەیاندن و ژینگەی خێزانەکەی، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە دوای ئەوە شتەکانی لێ تێکەڵ بوو و ئیتر ڕقی لە بالاپۆشییش دەبوویەوە وەک دروشمێکی ئایینی، تەنانەت ڕەمەزانان وەختێ خەریکی خوێندنەوەی قورئان بوو، حەزی بەو ئایەتانە نەبوو کە باسی بالاپۆشی دەکەن، یان پێی وابوو کە ئیتر کاتی بەسەرچووە!

تۆی ناسی، نموونەیەکی جیاوازتری دی لەوەی کە لە مێشکیدایە، خۆشی ویستی، ئەو قەناعەتانەی پێشووی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، گەشتە قۆناغێک کە شەیدای بالاپۆشی بوو و قەناعەتی کرد بەوەی کە بالاپۆشی بژاردە دروستەکەیە، ئیدی کاتێ ئایەتەکانی پەروەردگاری دەخوێندەوە لەسەر بالاپۆشی شەرمی لە خودا دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "من هەڵەم، من لاوازم، خوایە گیان لێم خۆش بە، هێز و توانام پێ ببەخشە".

بالاپۆش نەبووە، بەڵام، ئاخۆ دەزانیت چ گۆڕانکارییەکت تیا دروستکرد؟!

ڕۆژگارێک کە ڕقی لە شتێک بوو لەنێو ئایینەکەی خودا، ترسی ئەوەی هەبوو لەو کەسانە بێت خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ﴾ [محمد: ٩]. «چونکە ئەوان لەمەی کە خودا ناردوویە، خۆشیان نایە؛ ئەوسا ئەویش کارەکانی لێ تێک داون». ڕق لێبوونەوە لەو فەرمانانەی کە خودا داینناوە دەچێتە چوارچێوەی ئەو کار و

کردەوانەی دڵ کە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام دەکاتە دەرەوە پەنا بەخوا.

بەڵام ئەمڕۆ لەڕیزی ئەو کەسانەیە کە پەروەردگار لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَآخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلًا صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [التوبة: ١٠٢]. «هی تریش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خۆیاندا، کارێ باش و یەکێ خراپیان تێکەڵ کرد؛ شایەت خودا تەوبەیان لێ قبوڵ بکا. خودا لە گوناهـ دەبووردێ و دلۆڤانە».

دوێنێ، شتێ لە دڵیدا بوو کە ئیمان پوچەڵ دەکاتەوە، ئەمڕۆ لە حیکمەتی فەرمانەکانی پەروەردگاری حاڵی بووە، هێشتا بەردەوامە لەسەر گوناهێکی گەورە، بەڵام دەچێتە چوارچێوەی ئەو گوناهانەی کە خودا لێیان خۆش دەبێت: ﴿وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ [النساء: ٤٨]. «لەمە بەدەر هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ، لێی دەبووردێ». ئیتر دوای ئەمە چۆن گومان دەبەیت کە شکستت هێناوە؟!

براکەم تۆش وایت، بە فەزڵی خودا بوویتە هۆی گۆڕینی کەسێک کە پێشتر توانجی لە چاکەخوازان دەدا و گاڵتەی بە دروشمە ئایینیەکان دەکرد ئێستا ڕێز لە چاکەخوازان دەگرێت و قەدری دروشمە ئایینیەکان دەزانێت و خۆی بە کەمتەرخەم دەزانێت کاتێ گوێڕایەڵی خودا ناکات.

ڕەنگە لە ڕواڵەتدا نەگۆڕێت، بۆ ماوەیەکی درێژیش هەر بەو شێوە بمێنێتەوە، بەڵام تۆ گۆڕانکارییەکی گەورەت لەنێو دڵیدا دروست کرد کە ببێتە هۆی ڕزگارکردنی لە مانەوەی لە دۆزەخدا بۆ هەمیشە بۆ مانەوەی لە بەهەشتدا بۆ هەمیشە! ئیدی دوای ئەوە چۆن دەڵێی شکستم هێناوە؟! بەڵکوو ئەوە لە گەورەترین سەرکەوتنەکانە.

خەڵکی زەوی و مشەخۆرەکان

"ئەگەر زۆر ناڕازیت لەم وڵاتە بڕۆ دەرەوە"

ئەم دەستەواژە زۆر جار بەو موسڵمانە دەوترێت کە خەریکی چاکسازی و ڕێگریکردنە لە خراپە لەناو کۆمەڵگەکەی و، بە پێچەوانەی ئاڕاستەی شەپۆلەکانەوە مەلە دەکات.

ئەوانەیش کە ئەم قسەیە دەکەن کەسانی لوت بەرزن، کە خۆیان بە خاوەن خاک دەبینن، چونکە هیچ لای ئەوانە، بۆیە کاتێ ڕێگە دەدەن لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەوان بژیت ئەوە بەخشش و فەزڵێکە لەوانەوە! سەرپێچێکردنی یاساکانیان -بە بانگەوازە قورئانییە سونەتییەکەت- تاوانێکە شایەنی گرتن و ڕاوەدونانە، لەسەر شێوازی ئەوانەی پێش خۆیان: ﴿لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا﴾ [إبراهيم: ١٣]. «ئێمە دیارە لەم سەرزەمینەی خۆمانتان وەدەر دەنێین، یان دێنەوە سەر ئایینەکەی خۆمان». سەرنج بدە دەڵێن خاک و زەویەکەمان!

جێی سەرسوڕمان نییە کشوفش لێدانی کەسانی خۆبەزلزان، بەڵام مەترسیەکە ئەوەیە کە ئەم (منطق)ەی ئەوان دزە بکاتە ناو دڵ و دەروونی تۆی موسڵمانەوە و ئەو هەستەت بۆ دروست بێت کە ئەوان خاوەنی زەوین و تۆ بەم شێوازی بانگەوازکردنەت مشەخۆریت! جا ئا ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی شکستی دەروونی.

دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئێمە -کە گوێڕایەڵی پەروەردگار دەکەین و بانگەوازی بۆ گوێڕایەڵیکردنی دەکەین- خاوەنی زەوین و، ئەوانەیش کە دەیانەوێت خەڵکی شوێن هەوا و ئارەزوویان بکەون ئەوانە مشەخۆرن، نەک بەپێچەوانەوە.

وەختێ یەکێک دەڵێت: "گەر یاساکانی ئەم وڵاتەت بەدڵ نییە فەرموو جێی بێڵە" وەڵامی ئێمەش ئامادەیە: "گەر ڕێباز و بەرنامەی بەدیهێنەری وڵات و گەردوونت بەدڵ نییە فەرموو لە گەردوونەکەی بڕۆ دەرەوە"!

گەر خاوەن کارێک تۆ و چەند کەسێکی تر بەکرێ بگرێت تا خانوویەکی بۆ دروست بکەن لە بیستانێکدا و پاشان بۆ ماوەیەک جێتان بێڵێت، تۆش دەستکەیت بە دروستکردنی خانووەکە وەک ئەوەی پێی وتبوویت و، ئەوانی دیکەش دەست بکەنە تێکدانی شوێنەکە و بەرد و داریش بگرنە تۆ و گێچەڵت پێکەن و پێت بڵێن: "ئێمە لە تۆ زۆرترین و لە تۆ بەهێزترین، لەبەرئەوە ئێمە خاوەنی بیستانەکەین، جا ئیتر یان گوێڕایەڵیمان بکە یان بیستانەکە جێ بێڵە".

ڕەنگە بترسی لەوەی ئازارت بدەن و زیانت پێ بگەیەنن، بەڵام دەزانی کە کارەکەی ئەوان نابەجێیە و بیرکردنەوەیەکی هەڵەشیان هەیە، بەتایبەت کە تۆ دەزانیت خاوەنی کارەکە دەگەڕێتەوە و دەبینێت چیان کردووە و، بۆ یەک چرکە ساتیش هەست ناکەیت کە تۆ مشەخۆریت، یان ئەوان مافی ئەوەیان هەبێت تۆ پابەند بکەن بەوەی کە دەیانەوێت!

خوای گەورە ئیمەی نیشتەجێ کردووە لەسەر زەوی تا بە ڕێباز و بەرنامەکەی ئاوەدانی بکەینەوە. جا ئەوەی پابەندی ڕێبازەکەی بێت ئەوە لە خەڵکەکەیەتی و ئەوەش پێچەوانەی ڕێبازەکەی بێت ئەوە لە مشەخۆرەکانە.

لەبەر یەقینم بەم بابەتە هەست بە قوونڵی ڕەگ و ڕیشەم دەکەم لە هەموو زەوییەک کە بۆی دەچم، گەرچی بۆ ئەمریکا یان چینیش بچم، هەست دەکەم وەختێ چاکسازی لە کۆمەڵگەکەمدا دەکەم بەو شێوەیەی کە خودا لێی ڕازیە، ئەوە خەڵکی دەگەڕێنمەوە بۆ بنچینە و ڕەسەنی خۆیان، هیچ نەنگییەکیش لەوەدا نابینم.

بەم یەقینەوە وا هەست دەکەیت کە بە پێچەوانەی شەپۆلەکانەوە مەلە دەکەیت،

شەپۆلەکان بە ئاڕاستەیەکی هەڵە دەڕۆن، لەکاتێکدا تۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ هەموو گەردوون ڕێدەکەیت، لە جۆڵەی گەردیلەکانەوە تا دەگات بە جۆڵەی ئەستێرەی هەسارەکان. ئەوسا کاتێ تەماشای ئەوانە دەکەیت کە گێچەڵت پێدەکەن و دەیانەوێت سەرت لێ بشێوێنن و لەسەر ڕێگەکەت لاتدەن هەرچەن هێزیشیان هەبێت- وەک مشەخۆرێک دێنە بەرچاوت.

ئەوکاتە پێیان بڵێ: "من لێرەم بۆ ئەوەی بە ئەرکی خۆم هەستم لەناو ئەو گەردوونەی کە خودا دروستیکردووە، هەرکێش ڕێبازی پەروەردگاری ئەم گەردوونەی بەدڵ نییە با لێی بچێتە دەرەوە گەر دەتوانێت!"

دڵنیایی حەق بەچێژترە

یەکێک لەو شتە خراپانەی کە خوی پێوە دەگریت ئەوەیە کە بۆ ئەوەی دڵنیابیتەوە لەسەر حەقیت تەماشابکەی بزانیت خەڵکێکی زۆر هاوڕاتن. زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ هاوڕان لەگەڵت کاتێ لە حەقدا پشتگیریت کردوون، ئەگەر سبەی لە ناحەقیدا دژیان بیت ئەوە دوژمنایەتیت دەکەن، گەرچی لەهەردوو بارەکەشدا تۆ لەسەر حەق بیت.

باشترین شت کە خۆت ڕابێنیت لەسەری ئەوەیە کە هانابەیت بۆ خودا ڕێی ڕاستت نیشاندا و ئیخلاست پێ ببەخشێت تا دڵنیایی بەدەست بێنیت، پاشان بە حیکمەت و ئامۆژگاری باش شتەکان بۆ خەڵکی ڕوون کەیتەوە، ئیدی تەماشای ئەوە ناکەی ئاخۆ خەڵکی هاوڕاتن یان دەوەستنەوە دژت.

تۆ ئەوەی کە لەسەر شانتە لەبەر ڕەزامەندی خودا کردت ئەوە ئەو دڵنیاییەی کە بە هۆی بوونت لەسەر ڕێگەی حەق بەدەستی دێنیت زۆر لە وەسف و سەنای ئەوانە بەچێژترە کە هاوڕاتن. ئیدی ئەو کاتە گەر ژمارەی ئەوانەی کە هاوڕاتن کەمیش بن عەیبە نییە بۆ بانگەوازەکە.

خەڵکی چی دەڵێن لەبارەمەوە؟

ئەی ئەو کەسەی کە نەرمی دەنوێنی لەسەر حسابی ئایینەکەت. ئەی ئەو کەسەی کە گەورەترین خەمت ئەوەیە خەڵک بە تووندڕەو تۆمەتبارت بکات، گەر لەسەر ناحەقیش بن،

بزانە کە هیچ هەستێک لەوە جوانتر و گەورەتر نییە لە ژیاندا کە هەست بە خۆشەویستی پەروەردگار و بەرز ڕاگرتنی بکەیت و غیرەتت هەبێت بۆ ئایینەکەی.

بەمە تۆ هەماهەنگ دەبیت لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە لەپێناویدا دروستکراویت، هەست بە نزخ و ڕێزی خۆت دەکەی بە ئەندازەی هاتنەدی ئەم ئامانجە، خۆت بێبەش مەکە لەم پلە و پێگەیە لەبەر ترس لەوەی کە "خەڵکی چی دەڵێن"!

دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگارت، خۆت تەنیا بەڕووتی و بێ بوونی هیچ پشتوپەنایەک دەچیتە حزوری.

هیچ یەک لەوانەش سوودت پێناگەیەنن، ﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ [الشعراء: ٨٨-٨٩] «ئەو ڕۆژە کە مالّ و منالّ بەکار نایە، مەگین ئەوەی وەل دڵی پاک، بچێتە بارەگای خودا». دڵێکی ساغ و سەلامەت کە ڕەزامەندی خەڵک پێش ڕەزامەندی خودا نەخات.

دڵێکی زیندوو کە لەپێناو خودا تورە دەبێت، خودا بەرز ڕادەگرێت، خودای خۆشەوێت، ﴿وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ [التوبة: ٦٢]. «سوێندوو بە خودا بۆ دەخۆن، کە ئێوەیان لێ ڕازی بن. با ئەگەر خاوەن باوەڕن، کارێ بکەن خوا و پێغەمبەری خودایان لێ ڕازی بن».

«نوقتە، سەری دێڕ»

زۆر جار سەیر دەکەیت لەناو قوڕ و چڵپاودا گیرت خواردووە (کەمی دەستکەوت)، بە خەبەر دێی، بیردەکەیتەوە ڕۆژەکانی ڕابردووت تێپەڕیون بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆت بەدەست هێنابێت لەڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجەکانت، پەشیمان دەبیتەوە لەسەر بەفیڕۆدانی کاتەکانت و پەرت وبڵاویت، بێهیوا دەبی، دەڵێی: "ئەمڕۆ جیاواز دەبێت"، ڕۆژەکە تێدەپەڕێت و هیچ جیاواز نابێت لە ڕۆژەکانی دیکە، زیاتر نائومێد دەبی و، دەچیتە نێو بازنەیەکی بەتاڵەوە.

دەستکەوتێکی کەم و پاشان نائومێدبوون و ئەوجا دڵ و دەروونێکی بێهیوا لە بەدیهێنانی دەستکەوت و تێپەڕینی ڕۆژەکان بەدوای یەکدا بێ بوونی هیچ دەستکەوتێک! لەم حاڵەدا پێویستت بەوەیە کە بەخۆت بڵێی: "نوقتە، سەری دێڕ" لەناو قوڕ و چڵپاوی ڕابردوودا نامێنمەوە، ئاوڕنادەمەوە بۆ دواوە، ناچمە ناو بازنەیەکی بەتاڵەوە. چاوم لە ئاسۆ دەبێ و پشت بەخودا دەبەستم.

بەش بە حاڵی خۆم، هەوڵدەدەم سەرنجی ئەوە بدەم بزانم کە چ سوودێک لەو دواکەوتنانەدا هەیە و دەڵێم: "لەوەیە کارێکی چاکم ئەنجام بدایە، شتێکی زۆرم بکردایە و دەستکەوتێکی زۆرم هەبووایە بەڵام ئیخلاسم نەبوایە"، ئەوسا دەستکەوتی زۆر چ سوودێکی هەیە کە بە ئیخلاسەوە نەبێت؟ ڕەنگە ئەم پەرێشانحاڵییە ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر هانا بۆ پەروەردگار ببەم و یەقینم زیاترکات بە ئاتاج بوونم پێی و ئەوەی کە من بێ کۆمەکی و یارمەتی ئەو هیچ نیم، ئیدی ئیخلاسم زیاتر بێت و ئەم کارە دواکەوتووەشم پاداشتەکەی چەن قات زیاتر بێت.

بە شێوازێکی ئەرێنی لە شتەکان بڕوانە، نابێم پاساو بۆ کەمی دەستکەوت بێنەوە، بەڵام لەم بازنە بەتاڵە خۆت دەرکە. لەوانەیە بڵێی: "من ئەوەم کردووە،

نەک دوو جار زیاد لە سەد جار لە دڵی خۆمدا وتوومە «نوقتە، سەری دێڕ» بەڵام هیچ".

کێشە نییە! هەزار جار بیڵێ و، مەچۆ ناو بازنەی بەتاڵەوە و ئاوڕمەدەوە بۆ دواوە. مەزنترین فەرموودەت بیرکەوێتەوە کە ئەم مانایەی لەخۆ گرتووە، کە پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (جەخت لەو شتانە بکەوە کە سوودت پێدەگەیەنن، پشت بەخودا ببەستە و سارد مەبەوە، گەر شتێکت تووش بوو، مەڵێ نەگەر وام بکردایە وا و وا دەبوو، بەڵکوو بڵێ قەدەری پەروەردگارە و ویستی لەسەر چی بێت ئەوە دەبێت، چونکە وتنی نەگەر دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە) (موسلیم). لەبەر ئەوە «نوقتە، سەری دێڕ».

سڵاوت لێ بێت خوشکی نیقاب پۆشم!

بەدوور لە باسکردنی حوکمی نیقاب و بێ کەمکردنەوە لە نرخ و سەنگی ئەو خوشکانەی کە پابەندن بە پۆشاکی شەرعی جیاواز لە نیقاب، زۆر پەرۆشم بۆ ئەوەی بڵێم: "سڵاوت لێ بێت خوشکی نیقاب پۆشم"، بەتایبەت ئەو نیقاب پۆشەی کە کار و کردەوەکانی ساز و تەبایە لەگەڵ ڕواڵەتی دەرەوەی و گوێڕایەڵی پەروەردگاری دەکات لە ڕەفتار و گوفتاریدا.

سڵاوت لێ بێت ئەی نیشانەی حەیا و حیشمەت و پاکیزەیی، سڵاوت لێ بێت ئەی ئەو کەسەی کە لە ڕێی ڕووخسارتەوە خودا بە بیر خەڵکی دێنیتەوە کە ئەمەش بۆ خۆی بانگەوازێکە لە سەردەمی غەفڵەت و بێ ئاگاییدا، سڵاوت لێ بێت کە ئەو هەموو ڕاگەیاندنە خراپەکارە دەبینی هەوڵی شێواندنی نیقاب دەدات، کەچی تۆ بەردەوامی لە ئارامگرتن.

سڵاوت لێ بێت کاتێ دەبینی عەمامە پیسەکان قسەی ناڕەوا بە نیقاب

دەڵێن و پشتت تێدەکەن و بە شێوەیەکی توند ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن، کە بەو شێوە توند نین لەگەڵ ئەوانەی کە زۆر سفوورن، لایان بۆ ناکەیتەوە و ئارام دەگریت، سڵاوت لێ بێت کە دەبینی کچانی چواردەورت خەریکی خۆڕازاندنەوە و پێچ لێدانن بەسەر باڵاپۆشی و سەرنجی خەڵک بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام تۆ جوانییەکەی خۆت دەشاریتەوە و ئارام دەگریت.

سڵاوت لێبێت کاتێ لە ناو زانکۆ و کۆمەڵگە بەتەنیا ڕێدەکەیت و زۆرێک لە هاوڕێکانت لێت دوورکەوتوونەتەوە و، بە زمانی حاڵ دەڵێی: "تەنیا خودام بەسە یار و یاوەرم بێت" و، ئارام دەگریت.

سڵاوت لێبێت کاتێ دەبیستی ئەو دەوڵەت و ئەم دامەزراوە نیقاب قەدەغە دەکات، لەکاتێکدا هانی سفووری دەدەن، لەگەڵ ئەوەدا ئارام دەگریت، سڵاوت لێبێت کە خۆت ڕادەگریت بەرانبەر ئەم هێرشە تونده بەجەستەیەکی لاوازەوە، بەڵام ئیمان و باوەڕت وەک چیاکان بەرز و بڵندن.

سڵاوت لێبێت خوشکەکەم، بزانە کە ئێمەمانان لە تۆوە فێری ئارامگری و بەهێزی و چەسپاوی و هۆگربوون بە پەروەردگارەوە دەبین و، لەڕێی ڕووخسارتەوە کۆمەڵە پەیامێکت گەیاندووە کە دەم و پێنوسی کەسانی هاوشێوەی من ناتوانن بیگەیەنن.

سڵاوێک بۆ تۆ لە من و لە هەزاران برا و خوشکەوە کە وا گومان دەبەم هەمان هەستی منیان هەبێ بۆت، هەستی ڕێز و خۆشەویستی بۆت لەپێناو خوادا. گەر پێنوسە ژەهراوییەکان و، شاشە ڕەشەکان و، عەمامە پیسەکان بە ناشرینی لەسەرت دوان و بەیەک کەوان تیریان تێگرتی، ئەوە ئێمە هەموومان خوشك و برای تۆین و لە خوا دەپارێینەوە کە هاوسەر و خوشک و کچەکانمان وەک تۆ بەرگی نیقاب بپۆشن. سڵاو لە تۆ ئەی خوشکی نیقاب پۆش.

کەی دەفڕین؟!

براکەم، خوشکەکەم، گەر بەهاری تەمەن و فەترەی جۆش و خرۆشی و زەین سافی و لەش ساغیمان هەمووی لە زۆرانبازی لەگەڵ فیتنەکان و کەوتنە نێو چاڵی فیتنە و دەرهاتنەوە لێی بەسەر ببەین، گەر لە دوودڵی لە چاو پاراستن لە تەماشاکردنی حەرام و ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لە کاتی خۆیدا و خوێندنەوەی قورئان و پۆشینی پۆشاکی شەرعی و کات بەفیڕۆ نەدان لە زنجیرە و گۆرانی بەسەر ببەین...

گەر ئێمە هیشتا لە چوارچێوەی ئەم بابەتانەدا بخولێینەوە، ئیدی کەی لە ئاسمانی نزیکی لە خودا و خزمەتکردنی ئایینەکەی دەفڕیت؟! کەی لەبارەی پرسە گەورەکانی ئوممەتەکەمانەوە قسە دەکەیت و تۆز و گەردی لەسەر لادەدەین؟ کێ بەهانای ئوممەتی نوقم بووەوە دەچێت، گەر ئێمە خۆمان نوقم بووبین؟!

کەی هەست بەوە دەکەین کە تەواو خۆمان پەروەردە کردووە و دڵ و دەروونمان پڕ کردووە لە ئیمان و ئیتر کاتی ئەوەیە بەرەوە خەڵکانی غافڵ بچین و بانگەوازیان بکەین بۆ ئەو بەهەشتە ڕۆحییە زەمینییەی کە خودا پێی بەخشیوین؟! کەی ڕێگەی هەستانەوە بۆ ئوممەتەکەمان دەدۆزینەوە لەڕێی ئەو خوێندنەوە مەنهەجیانەی کە ڕۆشنبیریمان زیاد دەکات، پاشان لەڕێیەوە کارلێک لەگەڵ ژینگەی چواردەورمان دەکەین؟

کەی بە ئاگادێینەوە و کۆمەلگەکەشمان بەئاگادێنینەوە سەبارەت بەو پیلانگێڕیانەی کە دژی ئەنجام دەدرێت لەلایەن ئەوانەوە کە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا ۚ﴾ [البقرة: ٢١٧]. «ئەوان دەستوو لێ بەرنادەن، هەر دەگەڵ ئێوە بەشەڕ دێن هەتا -ئەگەر بۆیان بلوێ- ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەرگێڕن».

کەی دەستپێشخەری دەکەین کە ئێمە بکەری کاریگەر بین لەبری ئەوەی کێلگەی تاقیکردنەوەی خەڵکی دیکە بین؟ کەی دەست دەکەین بە بانگەوازکردنی هاوڕێ و دراوسێ نەسڕانییەکانمان بۆ ئایینی ئیسلام بەرلەوەی دەست بە یەخەمانەوە بگرن لە ڕۆژی قیامەتدا؟

کەی هەست بە بەرپرسیاریەتیمان دەکەین بەرانبەر مرۆڤایەتی و هەست بەو ئەرکانە دەکەین کە لەسەر شانمانە بە هۆی ئەندامبوونمان لەو ئومەتەی کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ [آل عمران: ١١٠]. «ئێوە چاکترین کۆمەڵن لە ناو مەردمی دونیادا سەروو هەڵدا». ئیدی کاتی ئەوە نییە وەڵامی فەرمانی خودا بدەینەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا أَنْصَارَ اللَّهِ﴾ [الصف: ١٤]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! یاریکارانی خودا بن». برایانم، بەسە دوودڵی، بەسە سوڕانەوە لە بازنەیەکی بەتاڵدا.

وەرن پێکەوە بفڕین، پێکەوە بکەوینە ڕێ بەرەو ئاسۆی خزمەتکردنی ئایینی خودا و تام و چێژی هۆگربوون بە خودا تاکوو هەست بەم فەرمایشەی خوای گەورە بکەین: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ﴾ [الأنعام: ١٢٢]. «ئاخۆ کەسێ کە مردوو بوو، ئێمە زیندووومان کردەوە و ڕووناکییەکمان خستە پێشی، بە سەربەستی لە ناو خەڵکا بوخلێتەوە».

من لە وڵاغەکانی ئێوە نیم!

وەختێ دەچیتە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەندێ ڤیدیۆت بەرچاو دەکەوێت کە ملیۆنان خەڵک تەماشایان کردووە، کە تەماشای ناونیشانی ڤیدیۆکەش دەکەیت دەزانیت لەسەر شتی بەدڕەوشتی و خراپەکارییە، بینەرەکانیش زۆرینەیان لە موسڵمانانن!

ئاخر گەنج و لاوی موسڵمان ڕازیت ئەوانە لەڕێی ئارەزووەکانتەوە ڕامت بکەن؟!

ڕازی دەبی لەوانە بیت کە شەیتانی مرۆیی و جنۆکە وەک ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ بکەن؟ گوێبیستی ئەو وتەی شەیتان نەبووی کە قورئان دەیگێڕێتەوە: ﴿قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَـٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا﴾ [الإسراء: ٦٢]. «گوتی: بە من بێژە ئەم تەرح و دیدارەت، لە من بەزلتر زانیوە؟ ئەگەر هەتا ڕۆژی سەڵا بەرم بۆ بەرهەڵا بکەی، تۆرەمەکەی -کەمێک نەبێ- سەرلەبەری، دەبێ بخەمە ژێر چنگم».

شەیتان بە خودای گوت: ئەو ئادەمە دەبینی کە دەتەوێت من وەک ڕێزێک کرنوشی بۆ ببەم، هەلێکم بدەرێ بزانە چۆن لغاو دەکەمە دەمی نەوەکانی و سوار پشتیان دەبم و وەک وڵاغ بۆ کوێ بمەوێ دەیان بەم، جگە کەمێک نەبێ کە سەرپێچیم دەکەن! ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ [سبأ: ٢٠]. «شەیتان دی کە گومانی سەبارەت بەوان وەڕاست گەڕا، شوێنی کەوتن؛ هەردەستەیەک لە باوەڕدارەکانیان مان».

گەر ئایینەکەت ڕێگرێت لێناکات، ئەی کوا پیاوەتییەکەت، شکۆ و عیززەتت، مەردایەتیت، لێگەڕێی دوژمنەکانت کە دژایەتی ئایینەکەت دەکەن و سەروەت و سامانەکەت دەدزن و کەرامەتت دەشکێنن، ئا بەم شێوەیە بە سووکی لێت بڕوانن؟! پێت دەڵێن: "وەرە با فریوت دەین و سەرت لێشێوێنین و غافڵت کەین"، تۆش دەڵێی: "بەقوربانتان بم!"، سوێند بەخودا گەر عنترەی سەردەمی نەفامی بووایە ڕازی نەدەبوو!

بەدڕەوشتە تاوانبارەکان و پیلانچییان وا نیشان دەدەن کە ئەم گرتە ڤیدیۆییانە پاڵێوراون بۆ ئەوەی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی زۆرترین تەماشاکەریان هەبێت، تۆش ئەمە دەزانیت و چاوت دەکەیتەوە بۆیان تا هەرچی پۆخڵەوات

هەیە فڕێدەنە نێو دڵتەوە؟!

ئاخر ناترسیت لەو دوڕووانە بیت کە لە ڕۆژی قیامەت لە ڕیزی موسڵمانان جیادەکرێتەوە و دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە و یەکەم شتیش کە پێیان دەوترێت ئەوەیە کە: ﴿فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ [الحديد: ١٤]. «ئێوە خۆتان تووشی بەڵا کرد»؟! خۆتان خستە بەردەم فیتنەوە تا تووشی فیتنە بوو و ڕقی لە شەرعی خودا کەوت و بەدڕەوشتی و خراپەکاری و سەرپێچی خۆشویست؟! هەر ئێستا تەوبە بکە و بڵێ: "من یەکێک نیم لە ولاغەکانتان ئەی دوژمنانی خوا! خوا ڕێزی لێناوم و ئەو ڕێزە لە دەست نادەم."

"برام، فیتنە بەردیش لە جێی خۆی دەجوڵێنێ!"

کاتێ پاساو دێنێتەوە بۆ تەماشاکردنی حەرام و دەڵێی: "برام منیش لە گۆشت و خوێنم، فیتنە زۆرە و بەرد لەجێی خۆی دەجوڵێنێ، ناتوانم خۆم ڕاگرم! فیتنەکان لە سەروو وزە و توانای منەوەن!"، ئایا خوای گەورە ئەمەی نەدەزانی وەختێ فەرمووی: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ [النور: ٣٠]. «تۆ بە باوەڕداران بێژە؛ چاو داخەن و شوورەیی خۆ بپارێزن. ئەمە بۆ ئەوان باشترە و خوداش ئاگای لە هەموو ئاکاریان هەیە»؟!

وە فەرمووی ﴿قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ﴾ [البقرة: ١٤٠]. «بێژە: خودا چاکتر دەزانێ یان ئێوە؟»، ئایا پەروەردگار لەبارەی غەریزە و ئارەزووەکانتەوە نازانێت؟ ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ [الملك: ١٤]. «ئاخۆ کەسێ ئافراندوویە، چۆن نازانێ؟ وردیلەبین و ئاگادار، هەر خۆیەتی».

برای خۆشەویستم، وەختێ پاساو بۆ خۆت دێنێتەوە بۆ تەماشاکردنی حەرام

بەم جۆرە دەستەواژانە ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێی: "خوای گەورە فەرمانی شتێکی پێکردووم کە ناتوانم بیکەم"! ئاخۆ ئەمە لەگەڵ دانایی و دادپەروەری و سۆز و ڕەحمەتی خوادا دەگونجێت؟ ئایا ئەم پاساوە لە گوناهی ڕوانین لە شتە حەرامەکان خراپتر نییە؟ چونکە ئەمە پێکدژە لەگەڵ ئیمان بە دانایی و سۆز و ڕەحمەتی پەروەردگار.

ئەو پێغەمبەرە لاوە یوسف (سڵاوی خودای لێبێت) هەموو هۆکارەکانی فیتنە کۆبوونەوە لەسەری، بەڵام ئەو گوتی: ﴿قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ﴾ [یوسف: ٣٣]. «گوتی: ئەی پەروەردەی من! زیندانەکەم پێ خۆشترە لەوەی ئەوان لێم دەخوازن».

لە سورەتی النساء، پاش ئەوەی خوای گەورە حوکمی هەندێ پەیوەندی نێوان نێر و مێی ڕوون دەکاتەوە، تەماشاکە دەفەرموێت چی؟ وشە بە وشە لە ئایەتەکان وردببەوە: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾ وَاللَّهُ يُرِيدُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾ يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُخَفِّفَ عَنْكُمْ ۚ وَخُلِقَ الْإِنْسَانُ ضَعِيفًا﴾ [النساء: ٢٦-٢٨]. «خوا گەرەکیە ڕێتان بۆ ڕوون بکاتەوە و لە ڕێوشوێنی پێشینییانیش شارەزاو کا و پەژیوانیو لێ قبوڵ کا. خودا زانای لەکارزانە، خودا دەیەوێ تەوبەتان لێ قبوڵ کا. ئەوانەش وا ئەکەونە شوێن هەوا و هەوەس، دەیانەوێ -بە تەواوی- ئێوە لە ڕێگە لا بدەن، خوا گەرەکیە ئەرکتان لەسەر سووک بکا و مرۆش بێهێز و پێزی دروست بووە». کەوابێ پەروەردگار دەزانێت کە لاوازیت، بۆیە ئەم ڕێسایانەی بۆ داناویت کە وەک کۆت و بەند دەردەکەون، بەڵام لە حەقیقەتدا سووککردن و ڕزگارکردنە لە کۆڵ و باری ئارەزوو و وەسوەسەی شەیتان، خوای گەورە بە دانایی و زانایی خۆی بۆی داناویت. پەروەردگارا بە هۆی گوناهەکانمەوە بێبەشم مەکە لە شەرەفی خزمەتکردن ئایینەکەت.

وەختێ میژوو دەخوێنینەوە دەبینین ئەو کەسایەتییانەی کە کاریگەری گەورەیان هەبووە، هەمیشە لەوە ترساون کە گوناهەکانیان ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەی خوای گەورە بۆ سەرکەوتنی ئایینەکەی بەکاریان بێنێت، وەک ئەوانە نەبوون کە غرور گرتوونی بەرانبەر ئەوەی کە پێشکەشیان کردووە وەک ئەوەی منەت بەسەر خودا بکەن کە خزمەتی ئایینەکەیان کردووە!

«نورالدین محمود زەنگی» لەبەردەم گردی حارم یتسنصر الله کڕنوشی برد و وتی: "پەروەردگارا ئایینەکەت سەرخە و مەحمود سەرمەخە، مەحمود کێیە تا سەرخرێت". (کتێبی الروضتین في أخبار الدولتین النوریة والصلاحیة)، خوای گەورە سەری خست و لە چەندین شوێندا بە هۆی ئەوەوە شەڕ و خراپەی خاچپەرستانی لە کۆڵ موسڵمانان کردەوە.

دکتۆر «عبدالرحمان السمیط» خوای گەورە لێی خۆش بێت لەبارەی یەکێک لە گەشتە بانگخوازییەکانی دەدوێت کە چۆن لە خودا پاڕاوەتەوە و گوتویەتی: "پەروەردگارا ئەم ئایینە تووشی شکست مەکە بە هۆی ئەو هەڵانەوە کە من ئەنجامم داوە"، ئیدی پەروەردگار دەرگای خێری خۆی بەڕوودا کردوەتەوە و هەموو ئەوانە بانگەوازی کردوون بۆ ئیسلام موسڵمان بوون.

پەروەردگار پشت لە ئایینەکەی بەر نادات، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەو تێگەشتنە ناوازەیەیە کە هەموومان ئاتاجین پێی: بترسین لەوە کە گوناهەکانمان هۆکار بێت بۆ ئەوەی خوای گەورە بێبەشمان کات لەوەی بەکارمان بێنیت بۆ خزمەتکردنی ئایینەکەی.

خزمەتکردنی ئایینی خودا منەتێک نییە کە بەسەر کەسدا بیکەیت، بەڵکوو شەرەفێکە کە دەترسی لەوەی پەروەردگار بە هۆی گوناهەکانتەوە بێبەشت کات لێی، سەرنجی ئەم ئایەتەی سورەتی آل عمران بدە لەگەڵم کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا

لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا ۗ وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٦]. «بەشی زۆر لە پێغەمبەران دەگەڵ گەلی خواپەرستانی هەڤاڵیان چوونە خەزا، هەرچەند بەڵای لەڕێی خودا تووشی هاتن، نە هیچیانی سستەوە کرد نە زەبوونی ڕووی تێکردن. لەوانەی کە خۆڕاگرن، خوا خۆشی دێ».

تەماشای ئەم سیفاتە مەزنانە بکە! باوەڕدارن بە پیغەمبەران، پێکەوە لەگەڵیان دژ بە دوژمنانیان دەجەنگن و ئارام دەگرن بێ ئەوەی لاوازی ڕوویان تێکات و خۆیان بەدەستەوە بدەن، کەچی لەگەڵ ئەوەدا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّا أَن قَالُوا رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٧]. «هەر ئەوەندەیان درکاند، دەیانگوت: ئەی پەروەردگارمان! تۆ لە گوناهان و لە ئەندازە لادانمان ببووڕە و جێ هەنگاومان پتەوتر کە و بەسەر خودانەناساندا زاڵمان بکە».

ملکەچی و گەردنکەچی بۆ خودا و داوای لێخۆشبوون بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان خۆش بێت، بە زمانی حاڵیش دەڵێن: "پەروەردگارا بە هۆی گوناهەکانمانەوە بێبەشمان مەکە لە شەرەفی خزمەتکردن بە ئایینەکەت"، نەنجامەکەی چی بوو؟ ﴿فَآتَاهُمُ اللَّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ الْآخِرَةِ ۗ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٨]. «ئەوسا خودا پاداشی ئەم دونیا و چاکەپاداشی ئەو دونیای پێدان. خوا کارچاکانی خۆش دەوێ».

شێوازێکی ناسک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و فیتنەکان

خۆشەویستانم، وەختێ لەبارەی تاوان و کاریگەریەکەی قسە دەکەین هەمیشە خەڵکی لە سزا دونیایی و پاشەڕۆژییەکەی دەترسێنین. ئەمە گرنگە. بەڵام حەقیقەتێک هەیە کە نابێت لەبیری بکەین: کە خوای گەورە بڕیارێکی هەتا

هەتایی دەدات کە تۆ فلان کەس، یان فیسار کەس لە پێگەیەکی بەرزی بەهەشتدا دەبیت. ڕەنگە ئەوە بە هۆی بەرەکەتی کار و کردەوەیەکەوە بێت لە ڕابردوودا ئەنجامت دابێت، یان گوفتارێک کە کردووتە و لەبیرت چووەتەوە، بەڵام خودای ستایشکراو لەبیری نەکردووە.

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (یەکێک لە ئێوە لەبەر ڕەزامەندی خودا قسەیەک دەکات کە گومان ناکات بگاتە ئەو ئاستە بە هۆیەوە خوای گەورە ڕەزامەندبوونی خۆی بۆ بنووسێت بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگات بە دیداری). ئەم پێگەیە لە بەهەشت بۆ تۆ نوسراوە، هەل لە دوای هەلت پێدەبەخشێت تا ڕزگارت بێت لە تاوانەکانت و پابەند بیت بە ئەرکەکانتەوە تا دەگەیت بەم پلە و پێگە. بەڵام تۆ تەنبەڵ و لاوازیت! دەستت هەڵنەگرتووە لە گوناهکردن. ئیدی خوای گەورە لەڕێی موسیبەت و ناڕەحەتییەکانەوە گوناهەکانت دەشواتەوە تا شایەنی ئەم پلە و پێگە بیت.

لەو فەرموودەدا کە «الهیتمی المکی و الالبانی و المنذری» بە صحیحیان داناوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (بەندە لای خوای گەورە پلە و پێگەیەکی هەیە کە بە کار و کردەوەکانی پێی ناگات ئیدی بەردەوام خوای گەورە تووشی ناڕەحەتی و تاقیکردنەوەی دەکات تا دەگات بەو پلە و پێگەیە). گەر تۆ لەوانەبیت کە ئەم فەرموودە دەیگرێتەوە ئەو پلە و پێگە بۆ تۆیە و تۆش بۆ ئەویت.

حەزت بە کامەیانە؟ بە پەرستش و عیبادەت بگەیت پێی یان بە تاقیکردنەوە و ناڕەحەتی؟ لە خوا دەپارێمەوە کە پلە و پێگەی بەرز و بڵندمان پێ ببەخشیت لەگەڵ لەش ساغی و سەلامەتی لە ئایین و دونیادا.

ئێمە لە خەڵک کەمترنین لە هەڵسەنگاندنی جوانیدا

هیچمان لەو خەڵکە کەمتر نییە لە هەڵسەنگاندنی جوانیدا و، بێ هەست نین و، هێندەی ئەوانەی کە شوێن سۆز و عاتیفەیان کەوتوون هەست ناسکیین بەڵکو زیاتریش، وەلێ گەوهەرێک ها لە دڵمانا کە زۆر گەورەترە لەوەی کە ئەوان چنگیان دەکەوێت و، چێژێکیش زۆر باڵاتر لەوەی کە ئەوان بەشوێنیدا دەگەڕێن، ئەویش خۆشەویستی پەروەردگار و تاسەمەندی و تامەزرۆیی بۆ گەشتن بە دیداری و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بە وازهێنانمان لەو شتانەی کە لەپێناو ئەودا دەستبەرداری بووین.

بۆمان دەرکەوت کە چێژی سەرنجدان لە جوانییەک کە حەڵاڵ نییە بۆمان، دەبێتە هۆی دورخستنەوەی ئەم چێژەمان و، زانیاریمان لەبارەی ئەوەی خوای گەورە غیرە دەکات، کە هۆگربوون بەو و بە شتە حەرامکراوەکان لەیەک دڵدا کۆبێتەوە، ئیتر دەبوو هەڵبژێرین، نەدەبوو ئەوەی کە باش و خێرە بگۆڕینەوە بەوەی کە نزمە و، خەمباریش بین بۆ لەکیسچوونی نەزەرێکی حەرام یان کارێکی خراپ، گشت ئەوانە قوربانیین پێشکەشمان کردووە تاکوو خۆشەویستی پەروەردگار بمێنێتەوە: ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ﴾ [طه: ١٣١]. «چاوت مەدە سەر ئەو شتەی کە داومانە بە دەستەگەلێ لەوانە، کە ئەمە هەر خۆشی ژیانی دونیایە و هەر ویستوومانە بییان ئەزموین. بژیوی پەروەردەی تۆ چاتر و بەردەوامترە».

﴿إِلَّا وُسْعَهَا﴾

ئەم فەرمایشەی پەروەردگار مانایەکی گرنگی لەخۆ گرتووە: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٨٦] .«خوا ئەرکی لە توانا بەدەر، بە سەر کەسدا

ناسەپێنێ»، هەرچەند هەندێک کەس بە بەڵگە دەیهێننەوە بۆ ئەوەی بیکەنە پاساو بۆ تەنبەڵی کردن لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەروەردگار. لەکاتێکدا لە ماناکانی ئەم ئایەتە: خوای گەورە هیچ ئەرکێکی بەسەرتا نەداوە مەگین بزانێت کە توانای ڕاپەڕاندنت هەیە، بۆیە بیانوو مەهێنەوە بەوەی کە توانای ڕاپەڕاندنت نییە.

﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ [الملك: ١٤]. «ئاخۆ کەسێ ئافراندوویە، چۆن نازانێ؟ وردیلەبین و ئاگادار، هەر خۆیەتی»، کاتێ فەرمانی بە تۆی گەنج و لاو کردووە کە خۆت لە تاوان بپارێزیت و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک مامەڵە بکەیت لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر ئەوە دەزانێت کە دەتوانیت ئەوە ئەنجام بدەیت گەر پشت بە خودا ببەستیت، کە ئەمەشی کردووە بە ڕێسا و بەرنامە بۆت، چونکە دەزانێت کە چۆن بە هۆیەوە تووشی فیتنە و دەردەسەری دەبیت.

لە ڕاپەڕاندنی هەندێ لەو ئەرکانەدا سەختی و دژواری هەیە، بەڵام: (ومن يتصبر يصبره الله)، ڕێنمویی دەکات و کاری بۆ ئاسان دەکات. کەوابێ، نابێ پاساو بۆ خۆمان بێنینەوە و خۆمان لەو ئەرکانە بدزینەوە کە لەسەر شانمانە لەکاتێکدا دەزانین کە: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾.

"خوایە لێم مەگرە، بەس ئەم جارە!"

﴿وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ﴾ [يوسف: ٩]. «لە پاش ئەویش ئێوە ببن بە کۆمەڵێکی بەرکەتی». براکانی یوسف (سڵاوی خودای لێبێت) وایان گوت کاتێ خۆیان ئامادەکردبوو تا ستەم بکەن. بە زمانی حاڵ دەیانگوت: "ئێمە حەزمان لە چاکەکارییە. بەڵام ناتوانین چەسپاو و دامەزراو بین لەسەر فەرمانی خودا و پابەندبوون بە بەرنامە و ڕێبازەکەی دەرهەق بە براکەمان لەم

بارەدا کە تایبەتمەندی کردووە بە سۆز و خۆشەویستی خۆی. با جارێک ستەم بکەین، تا ئەوەی دەمانەوێت بەدەستی بێنین، ئیتر تۆزێک هێور دەبینەوە و، خۆمان یەکلایی دەکەینەوە بۆ چاکەکردن کە پاشماوەی ستەمکردنەکەمان بسڕێتەوە".

ئەمە "مەنتق"ی هەندێکیشمانە! کاتێ دەمانەوێت ستەمێک بکەین، لەوانەیە ئەو ستەمکردنە ناوزڕاندنی هاوڕێیەکت بێت لەشوێنی کارکردن، تا لەسەر پشتی ئەو خۆت بەرزکەیتەوە و ئەو پۆستە کارگێڕیە بەدەست بێنیت کە خەونی پێوەدەبینی، ڕەنگە ئەو ستەمکردنە فرتوفێڵ و کێبڕکێیەکی ناشەریفانەی بازرگانی بێت تا "«خۆت بسەلمێنیت لە بازاڕدا».

دەشێ غەشکردن بێت لە تاقیکردنەوەکاندا تا "سەرکەوێت" لە وانەکاندا و بڕوانامەی زانکۆ بەدەست بێنیت، دەکرێ ستەمکردن بێت لە موسڵمانان لە یەکێک لە مەیدانەکانی کارکردن تاکوو ئەو کۆمەڵەیە کە تێیدا کاردەکەیت بەهێز بێت و بەرفراوان بێت دواتر هەموو ئەوانە بەکاربێنیت بۆ خزمەتکردنی ئیسلام!

هەموو ئەوانە بە زمانی حاڵ دەڵێن: "حەزم لە چاکەکارییە و ڕقم لە ستەم کردنە، بەڵام دڵ و دەروونم لەسەر ئەم بارودۆخەی ئێستا هێورنابێتەوە و ئۆقرە ناگرێت. گەر بگەم بەو پێگەیەی کە خەونی پێوە دەبینم ئەوە دڵم ئاو دەخوات و بێخەم دەبم و، دەست دەکەم بە کاری چاکە و خێر کە ئەم ستەمە بسڕێتەوە و ئەو پەڕەی پێشوو بپێچێتەوە، خوایە لێم مەگرە، تەنیا ئەم جارە و تەواو"!

ئەمە فێڵێکە لە دەروونی فەرمانکەر بە خراپە، کە لەڕێیەوە بانگەوازی دەروونی لۆمەکار سەرکوت دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەت لە ستەمکردن. هەرکێش ڕاهاتبێت لەسەر سەرکوتکردنی بانگخوازی خێر و چاکە لە دەروونی خۆیدا و سنووردارکردنی، ئەوە بەڕاستی بچووک دەبێتەوە و، توانای پاساو

هێنانەوە بۆ ستەمکردن لەسەر حسابی ئەو گەورە دەبێت، ئیتر دوای ئەوە چۆن دەتوانێت ببێتە یەکێک لە چاکەکاران؟!

فێڵی "تەنیا ئەمە و بەس!"

لە ژیاندا وەختێ تووشی فیتنە و تاقیکردنەوە دەبین ڕەنگە بەرانبەر هەندێکیان نەرمی بنوێنین و سازش بکەین و لە دڵی خۆماندا بڵێین: "تەنیا ئەمە و بەس، من کەمتەرخەمم لەم گوناهەدا، بەڵام ناکەومە ناو فیتنەی گەورەترەوە"، لەوانەیە مەبەستمان لە فیتنەی گەورەتر کەوتنە نێو گوناهە گەورەکان و هاوەڵ پەیداکردن بێت بۆ پەروەردگار،بۆیە وا دەزانین خۆمان پاراستووە مادەم ئەو هێڵە سوورانەمان نەبڕیوە. ئەوە لەبیر دەکەین کە ئەم تاقیکردنەوانە ئامادەکارییە بۆ تاقیکردنەوەی گەورەتر و، ئەوەی لەم فیتنانەدا دەکەوێت خاڵی ڕەش دەخاتە سەر دڵی، کە ئەمەش بەشێوەیەکی پلەبەندی قێزەونی فیتنە گەورەکە لەنێو هەستیدا کەم دەکاتەوە و، ئیمانی لاواز دەبێت و چیدی خۆی ناگرێت لەبەردەم باقوبریقی ئەو فیتنانەدا.

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: (بەندە کاتێک هەڵەیەک یان گوناهێک دەکات خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێت، ئەگەر پەشیمان ببێتەوە و داوای لێخۆشبوون بکات، دڵی پاک دەبێتەوە ئەگەر زیادەڕەوی کرد لە گوناهکردن خاڵە ڕەشەکە زیاتر دەبێت، دەبێتە ئەو (رَانَ)ەی کە خودا لە قورئاندا باسی دەکات ﴿كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ [المطففين: ١٤]. «کە واش نییە؛ بەڵکوو ئەوان ژەنگی کارەکانی خۆیان بۆتە تۆزێکی سەر دڵیان».

وا باشترە ئەو کەسەی بەخێرایی بەرەو فیتنە هەنگاو هەڵدەگرێت لە خۆی بپرسێت: ئەو تاقیکردنەوانە کامەنەن کە پێشتر تێیدا کەوتووە تاکوو ئەقڵی لە جێی خۆی نەماوە لەم تاقیکردنەوەدا کە لەوانەی پێشووی گەورەترە؟

کاتی تووشبوونت بە فیتنەی ئافرەت، فیتنەی پارە و سامان، فیتنەی پلە و پێگە، کە دەروونت ئێفرات دەکات تا کەمێ سازش بکەیت، نەکەی فێڵ لە خۆت بکەیت و بڵێی: "نەرمی دەنوێنم لەمەدا و خۆم ڕادەگرم لە ئاست ئەوەدا کە لەمە گەورەترە"، ئەو کات ئەمە دەبێتە نوکتەیەکی ڕەش لەسەر دڵت و وێقاری ئیمان لە دڵت دەردەکات و ئەقڵت لە جێی خۆی نایەڵێت بەرانبەر باقوبریقی فیتنە گەورەکان و بەرەو ڕووی دەچیت بەبێ ئەوەی هەست بکەیت.

ئەو خەڵاتەی کە لە بیری دەکەین!

زۆرجار دەڵێین ئەوانەی دەکەونە نێو فیتنە و ئارەزوەوە دڵیان ڕەش دەبێت، بەڵام ئەوە نیوەی حەقیقەتەکەیە! نیوەکەی تری کە بایەخی لەم کەمتر نییە: ئەوەی بەرهەنگاری دەبێتەوە دەستبەجێ خەڵاتێک بەدەست دەهێنێت: «پەڵەی سپی!».

وەختێ تووشی فیتنەیەک دەبیت دوو دەرهەنجام هەیە و سێیەمی نییە: یان پەڵەی سپی یاخود پەڵەی ڕەش. ئەگەری دیکە بوونی نییە. لێرەدا خەڵاتەکە دەستبەجێ بەدەست دێنی! وەختێ کە دووچاری فیتنە و ئارەزووبازی دەبیتەوە تەنیا بە هۆی ئەوەوە ئارام ناگریت کە پاداشتی پاشەڕۆژ بەدەست دێنیت، یان ئەوەی کەسێک واز لە شتێک بێنێت خوای گەورە دواتر بە باشتر بۆی قەرەبوو دەکاتەوە، بەڵکوو پەڵەی سپی هەیە کە دەستبەجێ بەدەستی دێنیت، کە ئامادەسازت دەکات تاببیتەیەکێک لەو کەسانەی خاوەنی دڵێکی پاکن و دەتوانن پاک و پیس لێک جیابکەنەوە لەم جیهانە حەیرانکەرەدا.

کاتێ دەبینی خوای گەورە تووشی فیتنە و تاقیکردنەوەت دەکات و ئارامگرتنت پێ دەبەخشێت ئەوە بزانە تۆی بۆ بەدەست هێنانی ڕێز و گەورەیی لە ئایندا دەوێت کە پێویستی بە دڵێکی پاکە. هەڵبەت ئەمەش مانای ئەوە نییە کە چواردەوری ئارەزووەکان بدەین و هەڵپەی بۆ بکەین، بەڵکوو ئارام

بگرین وەختێ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

لە بەرانبەردا، بیرت بێت کە قبوڵکردنی فیتنە و چێژوەرگرتن لێی سزایەکی بەپەلەی هەیە: نوقتەی ڕەش کە بێبەشت دەکات لەو هەستە ناوازانەی کە باسکران و، بیرپەرتی و ڕۆچوون لە فیتنەی ئارەزوو و شوبهەدا جێی دەگرێتەوە.

ئەمە زۆر بە جوانی لەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە پیشەوا موسلیم ڕیوایەتی کردووە ڕوونکراوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (بەڵاو فیتنە وەک تۆڵی قامیشی ناو حەسیر، تۆڵ تۆڵ تووشی دڵەکان ئەبێت، هەر دڵێك پێی پاراو بوو ئەوا خاڵێکی ڕەشی لەسەر جێ دەهێڵێ، هەر دڵێکیش نکۆڵی لێ کردوو نەچووە ژێر باری، خاڵێکی سپی لەسەر جێ دەهێڵێ، هەتا شوێنەوار لەسەر هەر دوو دڵەکە بەجێ دەهێڵێ، لەسەر دڵە سپییەکە وەک بەردێکی ساف و لوس کە هیچ جۆرە بەڵا و فیتنەیەک زیانی پێ ناگەیەنێ هەتا ئاسمانەکان و زەوی بمێنێ، ئەو دڵەی تریان ڕەشێکی تێر و تۆخ وەک گۆزەیەکی سەر بەرەو خواری لێدێت کە نە دەزانێت چاکە چییە و نە نکۆڵیش لە خراپە ئەکات، ئەوە ئەبێ کە حەز و ئارەزوی خوازیاریەتی).

وەختێ بەرهنگاری فیتنەکان دەبیتەوە و خۆت دەپارێزیت لێیان بیرت بێت کە بەهۆی فەزڵی خوداوە لەم سەرهنجامە ترسناکە پارێزرایت و، دەستبەجێ خەڵاتێکت بەدەست هێنا بە سپێکردنەوەی دڵت، لەبیری مەکە و بە کەمی مەزانە.

پارێزگاری لە پاکێتییت بکە!

کوڕانی لاو، کچانی لاو، تکایە پارێزگاری لە پاکێتیتان بکەن!

بەم قسەیە: "دوایی تەوبەدەکەم و خوای گەورە لێم خۆش دەبێت" فریو مەخۆن. گەر فریاش بکەون تەوبە بکەن و تەوبەش بکەن، ئەوە تاڵاوی گوناە

و تاوان ناسڕێتەوە، ئەگەر تەوبە لە سزای پاشەڕۆژ ڕزگاریشت بکات، ئەوە مەرج نییە کە ئاسەوارە ئازاربەخشە دونیاییەکانی بسڕێتەوە، لە دڵ و دەروونی خۆت، یان ئەوانەی کە بە تاوان و گوناهەکەت ئازارت پێگەیاندوون.

بۆیە ئەمە دەڵێم، چونکە دەزانم حاڵی هەندێک کەس چۆنە، خێزانە پاک داوێنەکەی تووشی یەکێک لە نەخۆشییە بەربڵاوەکان دەبێت کە لەنێو کەسانی لادەردا بڵاوە، ئەویش تووشی سەرسوڕمان دەبێت! هۆکارەکەش: ئارەزووبازی ڕابردووی خۆیەتی کە تەوبەی لێکردووە و پاشماوەکەی ماوەتەوە بێ ئەوەی بزانێت! نیشانەکانی نەخۆشییەکەی لەسەر دەرنەکەوتووە، بەڵام ڤایرۆسەکان لەنێو لەشیدا ماونەتەوە گواستوپەتییەوە بۆ دایکی منداڵەکانی و نیشانەکانی پاش چەندین ساڵ لەسەر خێزانەکەی دەردەکەوێت کە ڕەنگە لەسەر خۆی دەرنەکەوێت.

تووشی چ پەشیمانییەک دەبێت -گەر هەستی هەبێت- کاتێ دەبینێت ئەو ئافرەتە بەستەزمانە بەدەست ئازاری ئەو نەخۆشییەوە دەتلێتەوە و، لەسەروو ئەوانەشەوە کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو پەڵە ڕەشەی کە هیچ گوناهی ئەمی تیا نەبووە! بەهەمان شێوەش گەر ئافرەتەکە نەخۆشییەک بگوازێتەوە بۆ مێردەکەی.

جا ئەمە بۆ کەسێک کە گریمانەی ئەوەمان کردووە بڵێت: "دوایی تەوبە دەکەم و خوای گەورە لێم خۆش دەبێت" کە بەڕاستی تەوبەی تەواوەتی دەکات، بەڵام بەم شێوە گوناهکردن بەلایەوە ئاسانە! لەگەڵ هەموو ئەمەدا دەبێت ئەوەمان بیر بێت گەورەترین ڕێگر لەبەردەم گوناهکردنی کەسی باوەڕدار بوونی سزای پاشەڕۆژە، سەرباری هەموو ئەو شتانەی لە دونیا دووچاری دەبێت. لەبەرئەوە تکایە گەنجان و لاوان: پارێزگاری لە پاکێتییتان بکەن!

هەر کاتێ نەفست بانگی کردی بۆ تاوان

هەر کاتێ نەفست بانگی کردی بۆ تاوان، وەبیر خۆت بێنەوە: ئوممەتەکەت بریندارە و چاوەڕێی یەکێکە خەمەکانی هەڵگرێت؛ بەشوێن ڕێگەی شکۆمەندی و عیززەتی بگەڕێت، تاوانکردن و غافڵبوونت دەتکاتە کۆڵێکی دیکە بۆ سەر شانی ئوممەتەکەت، لەخوا بترسە، کۆڵ و بارەکە وەختە پشتی بشکێنێت!

ئەم وشانەی سەرەوە لەژێر ناونیشانی "هەر کاتێ نەفست بانگی کردی بۆ تاوان" هۆکار بوو بۆ چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش کە برایەک بۆی گێڕامەوە گوتی: ماوەیەک پێش ئێستا هاوڕێیەکم چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی بۆ گێڕامەوە کە تۆ بەشێک بووی لە چیرۆکەکە، حەزم کرد ئەمڕۆ بۆت بگێڕمەوە:

پێی گوتم: کەسێکی متمانەپێکراو باسی گەنجێکی فەلەستینی بۆ کردووە کە ئافرەتێکی هاوسەرداری ناسیوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و، پەیوەندی دروست بووە لەنێوانیاندا و، نامەیان بۆ یەکدی ناردووە و پەیوەندیان بەیەکەوە کردووە و، ئافرەتەکە داوای لە گەنجەکە کردووە کە بێتە لای، سبحان الله! هەر کاتێک ویستویەتی بڕوا شتێک هاتوەتە پێشەوە و نەیتوانیوە بڕوات!

تا جارێک ژنەکە پێی دەڵێت هاوسەرەکەم گەشتی کردووە و خۆم تەنیا لە ماڵەوەم، داوای لێکردووە کە بێت بۆ لای، گەنجەکەش خۆی ئامادەکردووە و تاکسیەکی گرتووە و بەرەو ماڵی ئافرەتەکە کەوتووەتە ڕێ، لەڕێگا -چی بیرکەوتبێتەوە دکتۆر؟- دەڵێت: "ئەو قسەیەی دکتۆرە ئیاد قونەیبیم بیرکەوتەوە کە دەڵێت: «هەر کاتێ نەفست بانگی کردی بۆ تاوان بیربکەوە ئوممەتەکەت بریندارە و چاوەڕێی یەکێکە خەمەکانی هەڵگرێت و،بەشوێن ڕێگەی شکۆمەندی و عیززەتدا بگەڕێت، تاوانکردن و غافڵبوونت دەتکاتە کۆڵێکی دیکە بۆ سەر شانی ئوممەتەکەت، لەخوا بترسە، کۆڵ و بارەکە وەختە پشتی بشکێنێت».

ئیدی بەهۆش خۆم هاتمەوە و گەڕامەوە، ئافرەتەکەم بلۆک کرد و لای خۆم سڕیمەوە". بنواڕە دکتۆر کە چۆن یەک وشە دڵی باوەڕدارێکی هەژاند و ڕێگری کرد لەوەی تووشی تاوان و سەرپێچی بێت.

منیش دەڵێم: "دەبینن کە بۆچی نابێت هەرگیز بێ ئومێد بین؟! دەبینن بۆچی بە تەواوی بڕوام بەوە هەیە کە قسە کاریگەری هەیە و دەبێ بێ ماندووبوون و بێزاربوون بەردەوام بین لە ئیش کردن؟ دەبینن بۆچێ ئومەتی محمد (ﷺ)مان خۆشەوێت و هیچ کات نائومێد نابم لە گەنج و لاوەکانی هەرچەن وا دەرکەون کە لە ئایین دوورکەوتونەتەوە؟"

لەم پێناوەدا دۆسیەکانی ئومەتەکەمان بڵاودەکەینەوە، تا لە خەمەوە ببێتە هیمەت و پشتکردن لە حەرام. پەروەردگارا ئەم بەندەیەت چەسپاو و دامەزراوکە و لە حەرام بپارێزە، لەگەڵ هەموو کوڕ و کچانی موسڵمانان.

ئیسلام پێویستی بە تۆیە، بەڵام!

هەندێ جار کە خزمەتی ئایینی پەروەردگار دەکەین ئەو هەستەمان بۆ دروست دەبێ کە ئێمە بە ئەرکێکی گەورە هەڵدەستین و هیچ کەسێکی دیکە لە گەرەک و شوێنی کار و شارەکەمان پێی هەڵناسێت. لەبەرئەوە لەوانەیە وا هەست بکەین کە بە هۆی گوناهەکانمانەوە تووشی گومڕایی نابین و، ڕێگریمان لێ ناکرێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانمان و نامرین تا ئەو ئەرکە گرنگە بە تەواوی جێبەجێ بکەین بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بێبەش نەبن لەو خێرەمان. یانی وا هەست دەکەین کە خەڵکی پێویستی پێمانە، بەڵکوو ئیسلامیش پێویستی پێمانە.

ئەم هەستە ئەرێنییە ستایشکراوە بە ئەندازەی ئەوەی کە پاڵمان پێوەدەنێت

بەرپرسیاری هەڵگرین و بە تەواوی ڕوو لە دونیا نەکەین و واز لە ڕۆڵە بانگخوازییەکەمان بهێنین، هەستێکی بەسوودە بە ئەندازەی ئەوەی کە دوورمان دەخاتەوە لەو فیتنانەی کە دەیانەوێت پەلکێشمان کەن بۆیان.

بەڵام ئەم هەستە هەندێجار بەرەو ترسناکی دەڕوات! بەرەو ترسناکی دەڕوات گەر ببێتە مایەی شلبوونەوەمان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەروەردگار و بە کەم ڕوانین لە گوناهەکانمان، کە دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە بەوەی خودا بە هۆی ئەو گوناهانەوە دڵمان لە ڕێگەی حەق لانادات و ئەو دەرگای خێرەمان بەسەردا داناخات کە لەسەری کار دەکەین، چونکە وەک ئامرازێکی پەروەردگار لە خۆمان دەڕوانین بۆ سوودگەیاندن بە خەڵکی و ڕێنموویێکردنیان، بۆیە فەوتانی ئێمە فەوتانی ئەوانیشە.

بۆیە ڕوونکردنەوەی خودایی دێت کە خوای گەورە پێویستی بە کەس نییە، بەڵکوو ئێمە پێویستیمان بەسەرخستنی ئایینەکەی هەیە،خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾ [محمد: ٣٨]. «ئەگەر پشتیشی تێ بکەن، چینێکی تر بە ئێوە دەگۆڕێتەوە، کە هەرگیز وەک ئێوە نەچن». بەو سادەییە.

ئەم گوتارە ئیلاهییە بە پلەی یەکەم ئاڕاستەی ئەو هاوەڵانەیە کە هەوەڵین هەڵگری ئاڵای ئیسلام بوون و، ئەوانەی کە وادەردەکەوت بە لەناوچوونیان ئیسلامیش بفەوتێت، سەرباری ئەوە خوای گەورە پێیان دەفەرنوێت: ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْاْ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمْثَلَكُم﴾.

بەڵکوو خۆشەویسترین مرۆڤ لەلای پەروەردگار محمد (ﷺ)خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا أَنْ ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا ﴿٧٤﴾ إِذًا لَأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا﴾ [الإسراء: ٧٤-٧٥]. «ئەگەر خۆمان تۆمان توند ڕانەگرتایە، لەوانەبوو کەمێک بە

لای ئەواندا بێی. ئەگەر واش با، سوور بزانە هەر لە ژیندا دوو قات جەزرەبەمان دەدای؛ لە مەرگیشدا ئازارەکەت دوو سەرە بوو. ئەوسا کەسی واشت نەبوو -دەسەر مە ڕا- بێتە هانات».

لەژیانمدا هەندێ کەسم ناسی کە وا گومانم دەکرد خوای گەورە نایان مرێنێت تا ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە جێبەجێی بکەن. بەڵام هەر بە گەنجی وەفاتیان کرد و خوای گەورە شوێنەکەیانی بە کەسانی دیکە پڕکردەوە. لەو فەرموودەدا کە ألبانی بە حەسەنی زانیوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لا يزال اللهُ يغرسُ في هذا الدِّينِ غَرْساً يَستعمِلُهم في طاعتِه)، (بەردەوام خوای گەورە کۆمەڵێک مرۆڤ لە هەنای ئەم دینەوە بەدی دێنێت کە بۆ گوێڕایەڵێکردنی و پەرستشی بەکاریان دێنێ).

کەوابێ خوشک و براکانم، لە خودا بپارێنەوە کە لە پەرستش و عیبادەتکردنی بەکارت بێنێت، پەروەردگار پێویستی بە کەس نییە، بەڵکوو ئێمە پێویستمان پێیەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ ۖ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ۝ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ۝ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾ [فاطر: ١٥-١٧]. «ئەی خەڵکینە! ئێوە بە خودا ئاتاجن؛ هەر خودایە بێ نیازە و هێژایە پەسندی بدرێ. ئەگەر حەزکا، هەموتان لە بەین دەبات و سەرلەنوێ، دەستەیەکی تر پەیدا دەکا؛ ئەمەش لای خوا دژوار نییە»

ئیسلام سەردەکەوێت بە تۆ یان بێ تۆ، خوای گەورە ڕووناکی خۆی دەگەیەنێت گەرچی بێباوەڕانیش حەز نەکەن و پێیان ناخۆش بێت. ئەوە تۆی کە پێویستت بە سەرخستنی ئایینی خودا هەیە تا ڕزگارت بێت و ڕێز و شکۆ بەدەست بێنیت. ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾ [محمد: ٣٨]. «ئەگەر پشتیشی تێ بکەن، چینێکی تر بە ئێوە دەگۆڕێتەوە، کە هەرگیز وەک ئێوە نەچن».

بەهەشت خۆشترە

نەفست بانگت دەکات بۆ نەزەرکردن و دروستکردنی پەیوەندی ناشەرعی "تا جەوێ بگۆڕیت"، بە نەفست دەڵێی: "بەڵکوو ئارام دەگرم تا بەهەشت بەدەست بێنم، کە ئەم جۆرە خۆشییانە لەوێ بە حەڵاڵی بەدەست دێنیت"، لێرەدا هەستێکی شاراوەت بۆ دێت کە بۆ کەست نەدرکاندووە: "حەڵاڵی بەهەشت هێندەی حەرامەکانی دونیا جوان نییە!"

توخمی سەرکەشی، ئاڵنگاریی، نیگاکردن، هۆگریوون، چاوەڕێکردنی دیداری داهاتوو، کۆمەڵێک شتن کە لەنێو "حەرامی دونیا"دا هەن، بەڵام لە حەڵاڵی پاشەڕۆژدا نین! بۆیە، وا هەست دەکەین کە ئارامگرتن لەبەر پاداشتی پاشەڕۆژ بەس نییە و ئەو پەرۆشییەت کەم ناکاتەوە بۆ حەرامە دونیاییەکە!

لێرەدا پێویستت بە دوو شتە:

١. بیرکردنەوە لەوەی کە ئەم هەستە لە شەیتانەوەیە کە خراپە و سەرپێچی دەڕازێنێتەوە لە بەرانبەر گوێڕایەڵیکردن و، شتەکان لە حەقیقەتی خۆیان لادەدات.

٢. گومانی باش بردن بە خودا، لە گومانی باش بردنیش ئەوەی کە گومان باش بەو بەخشش و خۆشیانە ببەی کە خوای گەورە بۆ بەندە ئارامگرەکانی داناوە، کە خۆشییەکی جوانتر و بەچێژترە لە خۆشییەکانی دونیا، لە هەموو ڕووەکانەوە بەبێ جیاوازی، پەروەردگاریش زاناترە بە نهێنی و ڕازەکانی نەفس و ئەوەی دڵخۆش و شادومانی دەکات: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ [الملك: ١٤]. «ئاخۆ کەسێ ئافراندوویە، چۆن نازانێ؟ وردیلەبین و ئاگادار، هەر خۆیەتی».

ناشرینکردنی پەرستشەکان

هەموومان دەزانین شەیتان شتە حەرامکراوەکان دەڕازێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کە بەهەمان پلە باسیَ ناکەین ئەوەیە کە پەرستش و شتە ڕێگەپێدراوەکان ناشرین دەکات لامان. گەر سەرنجی ئەو ئایەتانە بدەین کە وتەی شەیتانی گێڕاوەتەوە بۆمان ئەمەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت: ﴿لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾ [الأعراف: ١٦] «منیش بۆیان ڕۆدەنیشم، ڕاستە ڕێی تۆیان لێ دەگرم» و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): (شەیتان لە سەرەڕێی هەموو ڕێگەکاندا دانیشتووە بۆ مرۆڤ) دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) باسی ڕێگەی ئیسلام و ڕێگەکانی پەرستشی کرد.

بیرهێنانەوەی ئەمە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ تێگەشتن لە هەندێ لە دیاردە بێزارکەرەکان. بۆ وێنە، زۆرێک لەو کچانەی کە کاتی شووکردنیان هاتووە سکاڵای ئەوە دەکەن کە جێی سەرنج ڕاکێشانی کوڕان نین. ڕەنگە ئەمە لێکدانەوەیەکی دەروونی هەبێت، بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتەش باس بکرێت کە شەیتان پەیوەندی حەرام بۆ کوڕان دەڕازێنێتەوە لە هەمان کاتدا پەیوەندی شەرعی و ڕێپێدراو ناشرین و بێزراو دەکات.

ڕەنگە پیاو لە ژنەکەی دوورکەوێتەوە گەرچی جوان و قەشەنگ بێت، بەڵام شەیتان دەستی شل دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ ئافرەتێک کە حەڵاڵ نییە بۆی لە شوێنی ئیشەکەی بۆ نموونە.

دەبێت لەیادمان بێت پەرستش و شتە ڕێپێدراوەکان لە حەقیقەتدا جوانن، خوای گەورە بە شتە پاکەکان تاریفی کردوون: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ «پاکژ بە ڕەوا دەزانێ»، گەر بێزراو بوو لامان ئەوە بە هۆی ئەوەیە کە شەیتان لای ناشرین کردووین، بەڵام تاوان و سەرپێچی و شتە حەرامکراوەکان -وەک پەیوەندی ناشەرعی- لە خودی خۆیدا ناشرینن: ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ﴾

[الأعراف: ١٥٧]. «گەماری پێ ناڕەوایە»، گەر جوان هاتە بەرچاومان ئەوە شەیتان بۆی ڕازاندوینەتەوە. دەرککردنی ئەمە یارمەتیمان دەدات لە گونجاندنی هەستەکانمان لەگەڵ حەقیقەتەکان و، لادانی تۆز و غوباری شەیتان لەسەری.

پەککەوتنی ئیرادە

زۆر جار مرۆڤ دەگاتە قۆناغێک چیدی چێژ لە گوناە و ژیانی غەفڵەت نابینێت، بەڵام «ناتوانێ وازی لێبێنێت» بە پێی قسەی ئەوانەی کە گیرۆدەی بوون.

بۆچی وازی لێناهێنێ مادەم چێژی لێنابینێ و جگە گوناە و لۆمەکردنی نەفسی خۆی هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە؟ ئەوە پەککەوتنی ئیرادە و، هۆگربوون بە تاوان و، ترس لە نادیار گەر وازی لێهێنێت و، نەبوونی یەقینە بەوەی کە پەروەردگار قەرەبووی بۆ دەکاتەوە و ژیانی باشتر دەکات.

مرۆڤ دەگاتە حاڵەتێک کە هاوشێوەی هەندێ جۆری ئالوودەبوونە، کە مرۆڤ هیچ چێژێکی بەهێز لە کێشانی ماددەی هۆشبەر نابینێت، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە هەر هۆگریەتی و دەترسێ لەوەی وازی لێبێنێت و واز لە ماڵ و سامان و ئەخلاقی دێنێت لەپێناو بەدەست هێنانی!

بۆ گوناهەکانیش ئالوودەبوون هەیە، وەک ئەوەی کەسی ئالوودەی گوناە و تاوان بەندەیەکی بێهیوا و خەمباری کۆت و بەند کراوە بە زنجیری وەهمی کە شەیتان بەدوای خۆید ڕایدەکێشێت! وەهمییە، بەڵام بوێری ئەوەی نییە کە هەوڵی پشتگوێخستنی شەیتان بدات تا بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستە بڕوات کە شەیتان ڕایدەکێشێت بۆی.

وەک ئەوەی کەسی ئالوودەبوو پشکی خۆی لەم ئایەتە بەدەست هێنابێت:

﴿ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ﴾ [المجادلة: ١٩]. «شەیتان لەسەریان زاڵ بووە و یادی خودای لە بیر بردوون»، ئەمە دەست بەسەرداگرتنی مرۆڤە لەلایەن شەیتانەوە بەشێوەیەک شەیتان دەبێتە خاوەنی ئەو مرۆڤە بە بێ بەرانبەر! تەنانەت لەبەرانبەردا خۆشییە کاتییەکانی دونیاشی چنگ ناکەوێت!

ئەوەی بۆ ئەو بەندەیە دەمێنێتەوە لەم دەست بەسەرداگرتنەی شەیتان: ﴿فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ﴾ «یادی خودای لە بیر بردوون» وەک ئەوەی بەندەکە بیری چوویێتەوە کە خوایەکی هەیە دەتوانێت پشتی پێببەستێت بۆ ئەوەی لەم دۆخە ڕزگاری بکات.

ئەی کەسی ئالوودەبووی خەمبار! ئایا نەتدی کە شەیتان دەتوانێت تەنیا لە چوار لاوە بۆت بێت: ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَنْ شَمَائِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ﴾ [الأعراف: ١٦ - ١٧]. «گوتی: چونکە لە ڕێت لا دام، منیش بۆیان ڕۆدەنیشم، ڕاستە ڕێی تۆیان لێ دەگرم، ئەوسا لە پێش و پاشەوە بۆیان دەچم، ڕاست و چەپیشیان لێ دەگرم؛ جا دەبینی زۆرینەیان شوکر ناکەن» توانای ئەوەی نییە کە لە بانەوە بۆت بێت و بێنە نێوان تۆ و ڕەحمەت و بەزەیی خودا.

ئادەی سەرت بەرزکردەوە و وتت: (پەروەردگارا)؟! بێگومان: ﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا﴾ [فاطر: ٢]. «هەرگا خودا دەروی خێرێ لە ڕووی مەردم بکاتەوە، کەس ناتوانێ گاڵەی بدا».

بێبەشبوونی شاراوە!

مرۆڤ زۆر جار فریو دەخوات بەوەی کە دۆخی ئایینیمان «سەقامگیر»ە، سەرباری کەمتەرخەمی لە پەرستشەکان، گەردنکەچی، سەرخستنی ئایین، داواکردنی زانستی شەرعی بەسوود، وەڵامدانەوەی گومانکەران، نزیک کردنەوەی خەڵکی لە پەروەردگاریان، ئەمە جگە لە کار و کردەوەی تێکەڵ بە حەرام، نەزەری حەرام.

سەرباری هەموو ئەوانە خوای گەورە تووشی فیتنەی نەکردووە لە ئایینەکەیدا، تا ئێستاش نوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێت و خۆی لە گوناهە گەورەکان دەپارێزێت، بۆیە خوای گەورە بێبەشی نەکردووە و سزای نەداوە لە ئایینەکەیدا بە هۆی کەمتەرخەم بوونی. ئەم داماوە بێ ئاگایە لەو بێبەشبوونە گەورەیەی کە تێیکەوتووە!

دەکرا خاوەن کاریگەرییەکی گەورە بێت لە میژووی مرۆڤایەتیدا، دەکرا لە پشتیوانانی خودا بێت لە زەویەکەیدا، هەموو ساڵێک سونەتێک زیندوو کاتەوە و فیتنەیەک بمرێنێت و شوبهەیەک وەلام بداتەوە و ڕێگری لە ناحەقییەک بکات و غافڵێک بەئاگا بێنێتەوە و دڵ و دەروونێک زیندوو بکاتەوە کە نەفامی و ئارەزوو مراندوویەتی.

دەکرا لەو کەسانە بێت کە خوای گەورە لەنێو فریشتەکان باسی کات و دانیشتوانی ئاسمان پێشوازیان لێکردبا بە هۆی ئەوەی لێی دەبینن لە سەرخستنی ئایینی خودا و خۆشەویستی بۆ خودا، دەیتوانی هەموو ئەوانە بێت، بەڵام بە شتی نزمتر لەوانە ڕازی بوو، بەڵکوو ئەم شتانەی هەر بە خەیاڵدا نەهاتووە، یان ماوەیەک بە خەیاڵیدا هاتووە و دوایی لەبیری کردووە! ئیدی هەموو ژیانی بریتیبووە لە ململانێی دواکەوتن لە نوێژی بەیانی و، ئارەزووی زۆر خۆری و ئەوەی کە بەدوایدا دێت لە تەنبەڵی و خەواڵوویی و، فیتنەی تێکەڵی لەگەڵ

هاوەڵە کچەکان لە خوێندن و شوێنی ئیش.

لەکاتێکدا کەسانی دیکە خوای گەورە بە هۆیانەوە ئایینەکەی سەردەخات و پلەی بەرزی بەهەشتیان پێ دەدات و ڕەزامەندی پەروەردگار بەدەست دێنن،جێگەی خۆشیان لە فیردەوسی نەعلا گرتووە.

گەر ئەمە بێبەشبوون نەبێت ئیدی چی بێبەش بوونە؟! ئەگەر ئەمە سزا نەبێت ئەی پێم ناڵێی چی سزایە؟! ڕەنگە لە کۆتاییدا بچێتە بەهەشت، بەڵام لەپاش تاڵاوی هەستکردن بە لاوازی لەو ڕۆژەی کە خوای گەورە ناوی ناوە (یوم التغابن)، ئەو ڕۆژەی کە خراپەکار پەشیمان دەبێتەوە لە خراپەکاریەکانی، چاکەکاریش پەشیمانی دەردەبڕێت لەوەی کە چاکەی زیاتری نەکردووە.

ئاسۆیەکی مەزن چاوەڕێتە، غەفڵەت و بێ ئاگاییەکان نەیشارنەوە لێت، تام و چێژی ئاسمانی هەیە، بە جێگرەوەی ئەوانە ڕازی مەبە. پلە و پێگەی بەرز هەیە، بە پلەی نزمتر قایل مەبە. تەمەنیش کورتە، بە هیوا درێژی مەخەڵەتێ. پەروەردگارا سۆز و ڕەحمەتی خۆت بڕژێنە بەسەرمانا بەرلەوەی پەشیمان بینەوە.

تەنیا ئەو سزایە بەسە!

وا گومان دەبەیت گەر چاکەکانت لە گوناهەکانت زیاتر بێت ئیدی لە سزا ڕزگارت بووە؟ وا دەزانیت گەر خودا ڕەحمت پێکات و سزات نەدات ئەوە لە سزا ڕزگارت بووە؟ ئەی داماو! کۆمەڵێک هەلت دێتە بەردەم، کە هەر دانەیەکیان لە دونیا و ئەوەی تێیدایە باشترە:

گەنجێک پێت دەڵێت: "قەناعەتم نییە بەم شتە بە دیاریکراوی لە ناو ئیسلامدا و، گومانم بۆ دروست بووە لەسەر ئیسلام بەتێکڕا، یارمەتیم بدە".

لاوان و گەنجانی کەم تەمەن سەربان لێشێواوە و قسە و گوفتاری کوفر و گاڵتەکردن بە ئایین لەسەر زاریان دەردەچێت، لە چرکە ساتێکی سینە سافیدا بەلایاندا ڕەو بوویت کە شەیتان کەمێک لێیان دوورکەوتوەتەوە!

دەتتوانی سوود لەم چرکە ساتە چارەنووسسازانە وەربگریت، دەکرا غیرەتت بۆ ئایینەکەت بجوڵێت، ئەوسا فرمێسک لە چاوانت دەباری و لێوەکانت دەلەرزی و کۆمەڵێک وشە ڕاستگۆیانە لەسەر زارت دەردەچوو کە مەشخەڵی ئیمانی لەنێو ئەو دڵانەدا هەڵدەگیرساند، لەو چرکە ساتانەدا کە دڵیان وەک پەڕەی سپی لەبەردەمت والا بوو، ئیدی غافڵ و گاڵتەچی دەگۆڕا بە بەندەیەکی باش و بۆ خوا سوڵحاو و، دەست دەکرا بە ژماردنی کار و کردەوە چاکەکانی بۆ نێو تەرازووی چاکەکانت، گەر تەنیا بە بوونی ئەو چاکانە لەنێو تەرازووی کردەوەکانت بگەشتیتایە بە دیداری خودا ئەوە ئومێدت هەبوو کە ڕەحمت پێکات.

دەکرا ئەم ڕێزە بەدەست بێنیت، بەڵام! کۆمەڵێک گوناهت لەخۆت کۆکردەوە و بە کەم لێت دەڕوانی، تا هەڵی کوتایە سەر دڵت و مەشخەڵەکەی نێوی کوژاندەوە و زاری بەستیت! ئیدی چەند وشەیەکی مردوو لەسەر زارت دەرچوو کە کاریگەری نەبوو لەسەر خۆت چ جای بگات بە خەڵکی! بەم شێوە ئەم چرکەساتە مێژوویە تێپەڕی و لەکیست چوو، لەوانەیە، بۆ هەتا هەتایە!

ئەو کاتە بە باشی لە مانای زەرەرمەند بوون حاڵیی دەبیت! گوناهەکانت بە کەم دەزانی و، فەزڵی ئەو ئارەزووانەی کە شەیتان بۆی ڕازاندیتەوە دا بەسەر ئەو دەرگای خێرانەی کە خوای گەورە بۆی کردیتەوە و، لەدڵی خۆتا وتت: "خوای گەورە لێمان خۆش دەبێ، کار و کردەوەی چاک دەکەین کە ئەو گوناهانە داپۆشێت، خوای گەورە میهرەبانە بەشکو بەر سزا نەکەوین"، ئیتر بیرت لای ئەو هەموو هەلە نەبوو کە لەدەست چوو، ئەو سزایەت بەسە!

خۆت بێبەش مەکە، ئەوەی لای پەروەردگارە ئەوە باشترە بۆت. ژیانی دڵت خۆشتر و باشترە لە ژیانی غافڵانە و ئەوەی کە تێیدایە لە خۆشی کەم و کاتی، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ [الأنفال: ٢٤]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا خودا و پێغەمبەر لێو داوا دەکەن کارێ بکەن ئێوەی پێ بژووژێنەوە، گورجێ بیکەن؛ ئێوەی پێ دەبووژێنەوە. بشزانن خوا دەبێتە لەمپەر لەنێوان مرۆ و دڵی؛ هەموو لاشتان لە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە».

ئایا بەم نزیکانە لە ئەقسا نوێژ دەکەین؟

هەندێ ڕووداو ڕوودەدەن کە نیشانی دەدەن خێرێکی زۆر لە ئوممەتدایە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا گەر ئوممەت سەرکەوتنی بوێت ئەوە ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە کە ناتوانێت تێپەڕێنێت. "گەشبین بن بە خێر و چاکە دەیدۆزنەوە" نە فەرموودەیە و نە یاسایەکی دروستیشە، بەڵکوو وتە دروستەکە: «کار بکەن بۆ خێر و چاکە و گەشبین بن پێی دەیدۆزنەوە».

بەڵام کە لاواز بین لە گرتنەبەری هۆکارەکان پاشان تەنیا سەیری ڕووداوەکان بکەین بێ ئەوەی بە جیددی هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کاریگەری دروست کەین لەسەری و، سەرباری ئەوەش مژدە بە یەکدی بدەین بە نزیک بوونەوەی سەرکەوتن، ئەوە تەوەکول کردنێکی کەم و کورت و لۆمەکراوە، نەک گومانی باش بردن بێت بە خودا وەک ئەوەی هەندێک دەیڵێن، لاوازیش ئەوەیە کە دوای هەوا و ئارەزووی خۆی دەکەوێت و خوازیاری بەدیهێنانی خەون و خەیاڵە لە پەروەردگار.

پێشتریش تاقیمان کردەوە ئەوانەی ڕادەمێنن لە شتەکان و هیچ کارێک ناکەن دوایی دڵ و دەروونیان ئاوەژوو دەبێتەوە و سکاڵا لە بەڵێنی خودا دەکەن!

هۆکاری ئەم قسەیەم ئەو هیوا دروستکردن و قسەکردنەیە لەسەر نزیکی کاتی سەرکەوتن، کە لەسەر زمانی زۆرێکە، تەنانەت لەسەر ئاستی هەندێ لە بانگخوازەکانیش (خوای گەورە لە ئێمە و ئەوانیش خۆش بێت).

هەر کۆمەڵێک کە جیهاد و تێکۆشان دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئایینەکەی خودا و بەرگریکردن لە کەسانی ستەمدیدە ئەوە پاداشتەکەیان لای پەروەردگارە، بەڵام تێپەڕاندنی ڕێساکانە گەر وایدابنێین نوێنەرایەتی هەموو ئوممەت دەکات و وا گومان ببەیت سەرکەوتن بۆ ئوممەتێک بەدی دێنێت کە ئایینی خوای وەک پێویست سەرنەخستووە.

دەبێت ئەم تێگەشتنە بیر خۆمان بێنینەوە بەر لەوەی یەکێک بپرسێت: بۆچی ئەوەی خوازیاری بووین نەهاتەدی؟ ﴿قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ﴾ [آل عمران: ١٦٥]. «بێژە: لە خۆتانەوە بوو». ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە بەم نزیکانە لە مزگەوتی ئەقسا نوێژ ناکەین؟

بەڵکوو ئەمە یانی چاوەڕێ نەکەین یەکێک پێمان بڵێ: "فەرموو ئەوە ئەقسامان بۆ ڕزگارکردن، وەرن نوێژی تیا ئەنجام بدەن!"، ئەمە واتە ڕۆڵی بینەرێک نەبینین لە دوورەوە بەس تەماشا بکات، بەڵکوو بەدوای ڕێگەیەک بگەڕێین تا ئایینی خودای پێ سەرخەین بەوەی کە لە توانامانداید.

وەک وتراوە: سەرکەوتنی خودا نزیکە، بەڵام ئەوە ئێمەین کە نزیک یان دوورەدەکەوینەوە لێی، ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ [الأعراف: ٥٦]. «ئەو کەسانەی چاکە کارن، لە بەزەیی خودا نزیکن». هاوکێشەکەش ڕوونە: ﴿إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ﴾ [محمد: ٧]. «ئەگەر یاری خودا بکەن، خوداش یاریدەتان دەدا».

گەر پارێزگاریمان لەم هێزە کرد، وەختێ نەفسی موسڵمانان وەخەبەر دێت و، هیممەتمان سارد نەبوویەوە وەک چۆن هەموو جارێک سارد دەبوویەوە و،

ئازارەکانمان گۆڕی بە تەوبە و بێداریی و کار و هیممەت وەک ئەوەی خودا فەرمانی کردووە، ئەوە سەرکەوتنی خودا نزیکە، ئەو کاتە خوای گەورە بەرەکەتی خۆی دەنێرێت و هۆکارەکان دێنێتە پێشەوە و سەرکەوتوو و سەربەرزمان دەکات، ئەو دەمە کۆتا خەممان بەهێزی دوژمنان و پێشکەوتنیانە لەڕووی سەربازیەوە، چون خوای گەورە فرتوفێڵ و پیلانەکانیان پوچەڵ دەکاتەوە، ئیتر ئەو کاتە لەو کەسانە نین کە سەرکەوتن بە دوور دەزانن و پێیان وایە چەند سەدەیەک دوادەکەوێت.

کاتێ کۆمەڵێک ڕووداو ڕوودەدا کە گرێ لە هەستەکان بەردەدات، هەندێ لە گەنج و لاوان دەبینی خەریکە تەوبە بکەن، چونکە هەستدەکەن سەرکەوتنی خودایی نزیکە. بەڵام دەست دەکاتەوە بە تەنبەڵی و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارەی پێشووی گەر هەستی کرد کە سەرکەوتن ڕێسا و هۆکاری خۆی هەیە کە دەبێت بگیرێتەبەر و هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بکرێت، پێیان دەڵێین: ﴿وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ﴾ [آل عمران - ١٤٤]. «هەرکەس پاشگەز ببێتەوە، زیانێک بە خودا ناگەینێ. خودا پاداشی سوپاسگوزارانی دەدا»، ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾ [محمد: ٣٨]. «ئەگەر پشتیشی تێ بکەن، چینێکی تر بە ئێوە دەگۆڕێتەوە، کە هەرگیز وەک ئێوە نەچن».

دە وەرە! نزیک بەرەوە و پشت هەڵمەکە، تەوبەکەت بکە بە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو سەرکەوتنەی کە خوای گەورە ڕۆژێک دێت پێمان دەبەخشێت و ئێمە یەقینمان پێیەتی.

ئەوەی پێویستە کاری لەسەر بکەین سوود وەرگرتنە لەو ڕووداوانەی کە گرێ لە هەستی موسڵمانان بەر دەدات، سوودی لێوەرگرین بۆ بارگاویکردنی ئیمانی و بەرزکردنەوەی هیممەت بۆ کارکردن و جیاکردنەوەی حەق و

شوێنکەوتووانی لە ناحەق و شوێنکەوتووانی و سەرخستنی خەڵکی ستەمدیدە بەوەی لە تواناماندایە و، بە پشوو درێژی و هیممەت بەرزی. پێویستت بەوەیە کە پرۆژەیەکت هەبێت خزمەتی ئایینەکەتی پێ بکەیت.

"چۆن؟ لەکوێوە دەست پێکەم؟ ئایا دەتوانم؟"

برایانم بەخوا بە چاوی خۆم دەبینم کە چۆن دەکرێت بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری لەسەر خەڵکی دروستکرێت تا پەروەردگاریان خۆش بوێت و شانازی بە ئایینەکەیان بکەن، بەرەکەتی خودا لە هەموو ئەوانەدا دەبینین. ئەوەش سەرەتا رێگەی سەرکەوتنە، کلیلی هەموو ئەوەش لە چەسپاندنی خەمی ئایینەکەتە لە دڵتا، ئەو بێداربیەی کە غافڵبوونی بەدوادا نایەت، ئیدی تێکۆشانی نەفس و ئارەزووی خۆت دەکەیت و خوداش بەرچاوڕوونت دەکات بە رێگەکانی گەشتن: ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ﴾ [العنكبوت: ٦٩]. «ئەوانەی لە ڕای ئێمەدا چوونە خەزا، ئێمەش ئەوان بە رێگەی خۆماندا دەبەین. دیارە خودا لایانگری کارچاکانە».

پوختەکەی پرسیار: ئایا بەم نزیکانە لە ئەقسا نوێژ دەکەین؟ پرسیار نییە دەربارەی زانیاریەک کە هیچ ڕۆڵێکمان نییە تێیدا وەک بڵێی کەی نەیزەک بە ئاسماندا دەڕوات! بەڵکوو ئێمە بەشێکین لە وەڵامەکە. دەسا پەروەردگارا یارمەتیمان بدە لە تاعەت و پەرستش کردنت تا شایەنی سەرکەوتنت بین.

چی بکەم بۆ ڕزگارکردنی ئەقسا؟

ئەم پرسیارە هاوشێوەی ئەوەیە بڵێی: "چی بکەم بۆ ئەوەی قاتی چوارەمی بینایەک دروستکەم؟" وەڵامەکە بە سادەیی: "سێ قاتی یەکەم دروست بکەیت".

- "بەڵام ئیشەکە زۆر بەپەلەیە، لەوانەیە لە هەر چرکەیەکەدا بیڕوخێنن!"

+هیچ کات نەمدیوە قاتی چوارەم بەپەلە دروستکرابێت بەر لە قاتەکانی خوار خۆی!

داگیرکردنی ئەقسا ڕەمزیەتێکی گرنگی هەیە، ئەو کاتە داگیرکرا کە دڵ و دەروونی موسڵمانان بە ئارەزوو و شوبهە و غەفڵەت داگیرکرا، ئیدی قەوارەکەیان داڕما و پەرشوبڵاو بوون.

ئەوەی لە ئەقسادا ڕووەدات ڕاستە کە زەلیلی و سەرشۆڕیە بۆ ئومەت، بەڵام دەرەنجامە نەک هۆکار، لەو شێوانەی زەلیلییە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرموێت: (خوای گەورە زەلیلی و ڕیسوایتان بەسەردا زاڵ دەکات و لەسەرتان لانابات هەتا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە بۆلای ئایینەکەتان).

هەروەک داگیرکردنی ئەقسا دانانی تاجە لەسەر داگیرکرنی ڕۆح و وڵاتانی موسڵمان، ئازادکردنیشی تاج دانانە لەسەر هەوڵوکۆششکردن بۆ ڕزگاربوون لەم بە کۆیلایەتیکردنە. لە خودا دەپارێینەوە کە بمانکاتە سەربازی ئەم دوو ڕزگارکردنە.

پرسیار: "کوا کۆمەکی خودا بۆ موسڵمانان؟"

یەکێک لەوانەی تەماشای بەرنامەکانم دەکەن نامەیەکی بۆ ناردم و پرسیاری هەبوو و، دەیگوت: "پەروەردگارمان لەکوێیە بەرانبەر ئەو جەور و ستەمەی لە غەزە دەکرێت؟ کوا سەرکەوتن و ئەو فریشتانەی کە لە ڕیزی باوەڕداران دەجەنگن؟ ئەوە ماقوولە لە کۆتاییدا جوولەکە لەسەر حەق بێت و موسڵمانان ستەمکار بن؟ تخوا وەڵامێکی قایلکەرم بدەوە چونکە قەناعەت و باوەڕم بە هەموو شتێک لەرزۆک بووە، خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە".

ئەوەی لەم نامەیەدا بوو قسەی دڵی بەشێک لە خەڵکە و، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە هیشتا لە ئیسلامەکەمان حاڵیی نەبووین!

سێ خاڵ هەیە کە وەڵامی بدەینەوە:

١.بۆچی خوا ڕێگری لە ستەم ناکات؟

٢.کوا سەرکەوتن؟

٣.ئایا سەهیۆنییەکان لە موسڵمانان باشترن وا سەردەکەون بەسەریاندا؟

یەکەم: کاتێک دەپرسیت "خوا لە کوێیە بەرانبەر ئەو جەور و ستەمەی کە دەکرێت؟" لێت دەپرسم: ئایا پەروەردگار بەڵێنێکی داوە نەیباتە سەر؟ ئایا پێی وتوویت کە ئەم دونیایە شوێنی پاداشتە و دەبێت ماڤی ستەم لێکراو لە ستەمکار وەرگیرێتەوە؟ سورەتی (البروج)ت نەخوێندوەتەوە؟ خەڵکێک باوەڕیان بە خودا هێنا و بێباوەڕان چاڵیان بۆ هەڵکەندن و بە زیندوویی سوتاندونیان و خستنیانە ناو چاڵەکەوە، کەچی خوای گەورە دەربارەی ئەو باوەڕدارانە فەرمووی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ﴾ [البروج: ١١]. «بۆ ئەوانەش کە دیندار و ئاکارچاک بوون، باغاتێ هەس جۆباریان بە بەردا دەڕوا. ئەمەیە دەسکەوتی مەزن».

(ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ)، ئەوانەی لەسەر عیبادەت و پەرستش دەمرن سەرکەوتوون، بەڵکوو سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێناوە، دوژمنەکەیان ویستی لەسەر ئایینەکەیان پاشگەزیان بکاتەوە، بەڵام هیچی لەدەست نەهات ناچار کوشتنی، کوژران، بەڵام پاش ئەوەی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بە شکاندنی ئیرادەی و شکستْ هێنان بە پیلانەکانی.

گەر درکی ئەم حەقیقەتانەت نەکردووە ئەوە هەڵەکە لە شێوازی تێگەشتنتە بۆ ئیسلام نەک خودی ئیسلام، بۆیە بگەڕێوە بۆ ئیسلام و لێی حاڵیی بە،

بەشێوەیەکیش لەسەر پەروەردگار قسە مەکە وەک ئەوەی بەڵێنی خۆی نەبردبێتە سەر -پەنا بەخوا-، بەڵکوو هەر خۆی دەفەرموویێت: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَـٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَـٰرُ﴾ [إبراهيم: ٤٢]. «پێت وانەبێ خودا لە کردەی زاڵمان بێئاگایە؛ بەڵام دەیانهێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە لەویدا هەموو چاو مۆڵەق دەوەستن»، خۆ ئەگەر هەموو ئەمانە قەناعەتت پێنەکەن ئەوە کێشەی خۆتە، ناتەوێ گوێبیستی ئەو حەقیقەتە بیت کە ئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوەیە نەک پاداشت وەرگرتن و، ناتەوێ ئەو حەقیقەتە قبوڵ کەیت کە باوەڕدار چەقی سەرنجی لەسەر پاشەڕۆژە لە ژیانیدا.

زۆر سەیرە موسڵمان بیت و بەشێوەیەک قسە بکەی وەک ئەوەی چیرۆکی ستەمکردن لەم ژیانە کۆتایی دێت و ستەمکار و ستەملێکراو دەبنە خۆڵ و هیچ زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەیەک نابێت! کوا پاشەڕۆژ لەناو حساباتەکانت؟ کوا فەرمایشی خودا: ﴿وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ [آل عمران: ١٨٥]. «ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت».

ئایا پەروەردگار هیچ بەڵێنێکی داوە کە تووشی تاقیکردنەوە نەبین؟ بەڵکوو بەڵێنی داوە کە تووشی تاقیکردنەوە دەبین و فەرموویەتی: ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا أَذًى كَثِيرًا ۚ وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ [آل عمران: ١٨٦]. «ئێوە لە گیان و دارایی بەر تاقیکاری دەکەون و لەوانەی ئەهلی کتێبن و لەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دادەنێن، زۆر قسەی ناخۆش دەبیسن و ئازاری زۆریشتان دەدەن. جا ئەگەر خۆڕاگر بن و لە ناڕەوا بە پارێز بن، کارێ جامێرانە دەکەن».

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَـٰكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ ۗ﴾ [محمد: ٤]. «ئەگەر خودا بیویستبا، بۆ خۆی تۆڵەی لێ

دەستاندن؛ بەڵام وێستی بە یەکتریتان بئەزموێ» خەڵکی غەزە و هاوشێوەکانیان لە موسڵمانانی ستەمدیدە لە جیهاندا ئارام دەگرن کەچی تۆ لێرەوە گومانت بۆ دروستبووە؟! بە چاوی خۆمان دەبینین ئەوان لە چ ناڕەحەتییەک دان بەڵام هەر چەسپاو و دامەزراون کەچی تۆ لێرەوە تەماشایان دەکەیت و وەک ئەوانیش تووشی ناڕەحەتی نابیت، سەرباری ئەوەش ئیمان و باوەڕت دەهەژێت؟!

باشە ئیمان و باوەڕت لە خۆت دامالّی، چ سوودێکت بە براکانت گەیاند؟ هیچ، بەڵکوو دەبیتە خەمێکی نوێ و خەنجەرێکی دیکە بۆ سەر پشتی ئوممەتەکەت، لەکاتێکدا گەر سەرقاڵی پرۆژەیەک بیت بۆ ئەوەی بارودۆخی ئوممەتەکەتی پێ باشترکەیت و ساڕێژی زامەکانی بکەی لەڕێی بانگەواز و زیندووکردنەوەی ڕۆحی عیزەت و شکۆمەندی ئەوکاتە سەریان دەخەیت و ستەملێکراوانیش سەردەخەیت گە پاش ماوەیەکیش بێت.

سوپاس بۆ خودا هەندێک لە گەنجان و لاوانی کەرتی غەزە تەماشای بەرنامەکانم دەکەن و، ژمارەیەک منداڵیش بەشداربیان لە پێشبڕکێکانی قورئان لەبەرکردن کرد لە کەرتی غەزە. منیش لەڕێی خۆشەویستکردنی ئایینی خوا لایان خۆم لە پەروەردگار نزیک دەکەمەوە بۆ ئەوەی بە چەسپاویی بمێنێنەوە تا ئەو کاتەی دەگەن بەدیداری پەروەردگاریان، لە خودا دەپاڕێمەوە کە یارمەتیمان بدات لە سەرخستنیان و لادانی بەڵا و ناخۆشی لەسەریان و لەسەر ئوممەتی ئیسلام.

ئەی ئەو کەسەی کە گرنگی بە دۆخی براکانت دەدەی لە غەزە، سەرقاڵی شتێک بە کە سوود بە وان و بە هەموو ستەملێکراوان دەگەیەنێت، نەک بە سکاڵا کردن بەرانبەر پەروەردگار بە هۆی ئەوەی لە ئایینەکەی حاڵیی نەبوویت و دانت بەو حەقیقەتەدا نەناوە کە دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە نەک پاداشت وەرگرتن.

دووەم: "کوا سەرکەوتن بۆچی موسڵمانان لە غەزە سەرناکەون؟"

+ سەرکەون بەسەر کێدا؟

بەسەر سەهیۆنییەکاندا؟

+ سەهیۆنییەکان تەنیا نوێنەری دوژمنانی موسڵمانان. هەموو ململانێیەکیش لەنێوان موسڵمانان و دوژمنانیان ئەوە ململانێیە لەگەڵ هەموو هێزی کوفر بەتێکڕا، کە ئەگەر پەرشوبڵاو و جیاواز بن ئەوە هەموویان کۆدەبنەوە بۆ جەنگکردن دژ بە موسڵمانان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. ئەم جۆرە شەڕەش نە غەزە و نە غەیری غەزە لە ئوممەتی ئیسلامی جیانا‌کرێتەوە.

باش، یانی خەڵکی غەزە خۆیان باجی پشتیوانی نەکردنیان لەلای موسڵمانانەوە دەدەن؟ ئەی ئەم ئایەتە چییە ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ [الأنعام: ١٦٤]. «هیچ کەس باری گرانی هیچ کەسێکی تر ناگرێتە کۆڵ»؟

ئێمەش دەڵێین: هەر کەس لە خەڵکی غەزە لەسەر ئیمان بمرێت ئەوە خوای گەورە هەڵیبژاردووە: ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٠]. «ئێمە ئاوا لە ناو خەڵکا زەمانە دەستاودەس دەکەین، هەتا خودا خاوەن باوەڕان بناسێ و کەسانێکیش بۆ شایەتی لە بەینتانا هەڵبژێرێ. خودا خۆشی لە ناهەقیکاران نایە».

ئەو باوەڕدارەی لەپێناو خوای گەورە دەکوژرێت پاداشتی خۆی بە تەواوی و بێ کەموکورتی بەدەست دێنێت، بەڵکوو خوای گەورە ڕێزی لێ دەنێت و فەزڵی خۆی دەدات بەسەریدا. بەڵام زۆرینەی ئوممەت هێشتا ئامادەساز نین بۆ سەرکەوتن تا وەک پاداشتێک پێیان بدرێت. ئوممەت هێشتا مامەڵەی لەگەڵ ئەو حەقیقەتە نەکردووە کە لە جەنگی ئیمان و کوفردایە تا شایەنی

سەرکەوتن بێت. سەرکەوتن کۆمەڵێک هۆکارێکی هەیە و، ئێمە وەک موسڵمانان گرنگیمان بەو هۆکارانە نەداوە.

ئەگەر موسڵمانان بیانوو بێننەوە کە شتەکە بەدەست ئەوان نییە و ئەوانەی دەسەڵاتدارن لە وڵاتەکانیان لە خوا ناترسن، ئەوە ئەو دەسەڵاتدارانە بە هۆی گوناە و تاوانی ئەوانەوە باڵادەست بوون و فەرمانڕەوایی وڵاتیان گرتوەتە دەست. ﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا ۗ إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ [آل عمران: ١٢٠]. «ئەگەر ئێوە خۆڕاگر و پارێزگار بن، گزی و فێڵیان هیچ زیان لە ئێوە نادا. خوا بە کردەیان دەزانێ». ئەوەی لەسەر ئیمان و باوەڕ بمرێت و، ئەوەی لەپێناو ڕێگەی خودا و بەرزکردنەوەی بەرنامە و ڕێبازی ئیسلام بجەنگێت، بەبێ تێکەڵکردنی نیەت و مەبەستی بە شتی تر، ئەوە لەلایەن پەروەردگارەوە بەڵێنی پێدراوە کە وەک شەهیدەکان پاداشت بدرێتەوە.

بەڵام ئوممەت هێشتا ئامادەساز نەبووە بۆ سەرکەوتن. بەڵکوو زۆرێک لەوانەی کە دەڵێن "کوا سەرکەوتنی خوایی؟" دەبینیت خودی خۆی پشتیوانی دوژمنانی ئیسلامە، پشتگیری ستەمکاران دەکات و دووڕوویان بۆ دەکات بە مەبەستی بەدەست هێنانی سامان و پلە و پێگە، پەروەردەی منداڵەکانی پشتگوێ دەخات و دوور لە بیروباوەڕی دروستی ئیسلامی گەورە دەبن و دەبنە ئامڕازێک بەدەست دوژمنانی ئیسلام و بۆ لێدانی ئیسلام بەکاریان دێنن.

دواییش دێت دەڵێت: "کوا سەرکەوتنی خوایی؟!" زۆر سەیرە بەخوا! ڕەنگە بڵێی: "هەرچەن کەموکورتی و کەمتەرخەمیمان هەبێت، یانی ئێمە خراپترین لە سەهیۆنییەکان کە ئاوا سەردەکەون بەسەرماندا؟"

پرسیارێکت لێدەکەم: لە جەنگی ئوحوددا وەختێ هاوبەش پەیداکەران توانیان لە کۆتایی جەنگەکە سوود لە هەڵەی هەندێک لە هاوەڵان وەرگرن و زەبر لە سوپای پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان بوەشێنن و زیانیان پێ بگەیەنن، ئەمە مانای

ئەوەیە کە هاوبەش پەیداکەران لە پێغەمبەر و یارانی باشتربوون؟ پەنا بەخوا. باشە ئەی بۆ خوای گەورە پێغەمبەر و یارانی سەرنەخست؟ چونکە سەرکەوتن کۆمەڵێک هۆکاری هەیە و، هەندێ لە هاوەڵان بێفەرمانی پێغەمبەریان کرد و ئەمەش بووە هۆی تێکدانی هۆکارەکانی سەرکەوتن.

باوەڕداران وەک ئوممەت بەڵێنی سەرکەوتنیان پێدراوە گەر هۆکارەکانی بگرنە بەر، گەر هۆکارەکان نەگرنە بەر یەوە سەرکەوتن بۆ ئەوەیە کە لەڕووی ماددی و سەربازیەوە باشترە.

بەڵام سەرباری ئەمەش ئەوانەی لەناو سوپاکەی پێغەمبەر (ﷺ) کوژران، شەهیدن و خوای گەورە ڕێزی لێناوە و لەبارەیانەوە ئایەتی دابەزاندووە: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ [آل عمران: ١٦٩]. «ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێ بە مردوویان حیساب بکەن؛ هەر زیندوون و خودا بژیویان دەداتێ» وە هەر کەسێکیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەپێناو خوای گەورە بکوژرێت.

لەکۆتاییدا: لە هەر ڕووداوێکی نێو وڵاتانی موسڵمان، هەر کەسێک کە دەکوژرێت گەر ئارامگر و یەکخواپەرست بوو بێت و چەسپاو و دامەزراو بوو بێت لەسەر ئایین و ڕێباز و، بەرنامەی ئیسلامی بە گەورە زانیبێت ئەوە سەرکەوتوو و براوە بووە و ئیرادەی نەشکاوە لەبەردەم پیلانی دوژمنانی ئیسلام. لە پەروەردگار دەپارێینەوە کە ڕەحم و بەزەیی خۆی بڕژێنێت بەسەر موسڵمانانی ستەملێکراو و هاوکار و پشتیوانمان بێت لە سەرخستنیان.

هیچ جێگەیەک نییە بۆ نائومێدی

یەکێک لەو برا بەڕێزانەی کە هەوڵ و کۆششێکی گەورەی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی و بەرگری کردن لە ئایینی ئیسلام، نامەیەکی بۆ ناردم باسی حاڵی هەندێک لە منداڵی موسڵمانانی دەکرد کە گەشتوون بە چ ئاستێکی خراپ لە نەفامی و نەبوونی زانیاری بە ئایین و ڕەتکردنەوەی یاسا و بەرنامەکانی، لە کۆتایی قسەکانیدا ئەم وتەی نوسیبوو: "لێت ناشارمەوە ئیتر وام لێهاتووە هەست بە نائومێدی دەکەم".

بەو برا بەڕێزە و هەموو خوشک و برایانم دەڵێم: "هیچ جێگەیەک نییە بۆ نائومێدی"، بەڵکوو خۆم و ئێوەش «بە بەختی» دەبینم یان بەخشش و نیعمەتمان بەسەردا ڕژاوە کە خوای گەورە لەم سەردەمە دایناوین تا کار بکەین و ئەوەی لە توانامانداید چاکی بکەین و بە هۆیەوە کردەوەی چاکە بەدەست بێنین گەر نیەتمان پاکوخاوێن بێ و جگە لە ڕەزامەندی پەروەردگار هیچ مەبەستێکی دیکەمان نەبێت.

هیچ جێگەیەک نییە بۆ نائومێدی! بەڵکوو من کۆمەڵێک ئایەتی زۆر دەبینم کە خوای گەورە نازڵیکردووە تا ڕێگری بکات لەم نائومێدبوونە و هیممەت بەرزی جێگەی بگرێتەوە، کۆمەڵێک ئایەت کە ڕێگریمان لێدەکات ناخ و حەسرەت هەڵکێشین بۆ خەڵکی، نابێت لە ئاست خەم و بێزاری و ترس لە داهاتوو بوەستین، هەرچی ئەوەی ئێستا ڕوودەدات و لە داهاتووشدا ڕوودەدات لەناو زانست و زانیاری پەروەردگارە و بە ئەندازەگیری ئەوە، ڕوودانی لەبەر کۆمەڵێک حیکمەتە کە ڕەنگە هەندێک بزانین و زۆرێکیشی لامان شاراوە بێت.

لە کۆمەڵێک ئایەتی زۆر حاڵیی دەبی گەر لەم گۆشەنیگایەوە تەماشای بکەیت: ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ﴾ [فاطر: ٨]. «نەکا لەبەر خەمی

ئەوان، تێدا بچی». ﴿لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ [الشعراء: ٣]. «لەوانەیە بەو خەمە خۆت لە بەین بەری، کە ئەوانە نایانەوێ بڕوا بێنن» ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ﴾ [الأنعام: ١١]. «پەروەردەت ئەگەر حەزی بکردایە، ئەو کارەیان بۆ نەدەکرا». ﴿أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا﴾ [الرعد: ٣١]. «بۆچی خاوەن باوەڕان ئەوە نازانن، ئەگەر خودا حەزی لێ با، گشت مەردمی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد؟».

لەوانەیە لە خۆت پرسی بێت: "بۆچی قورئان زۆر جەخت لەسەر ئەم حەقیقەتە دەکاتەوە، هەموو پشتهەڵکردنێکی ئەوانە لە ئەندازەگیری خوا دەرناچێت؟ هیچ شتێک نییە کە خوای گەورە نەتوانێت ڕێگری لێکات؟"

دەڵێم: ئەو ئایەتانە هەموو بانگی من و تۆ دەکات: کە ئائومێد و خەمبار مەبە، بەڵکوو وەک هەڵێک بیقۆزەوە و، سوپاسی خوا بکە کە ڕێنمویی کردی لەکاتێکدا خەڵکی دیکە سەریان لێشێواوە و، پشت بەخودا ببەستە بە ڕۆحییەتێک کە سەرشۆڕی تێدا نەبێت و پێداگرییەک کە ساردبوونەوەی نەبێت و هیممەتێک کە تێک نەشکێت، بەشێوەیەک تەماشای ئەم واقیعەش بکە کە زەوییەکی بە پیتە و تۆوی بانگەوازی تێدا بچێنە ئیدی بە ئیزنی خودا بەرهەمەکەی دەچنیتەوە و لە پاشەڕۆژیشدا کێوێک لە چاکەت بەدەست هێناوە.

بەم ڕۆحییەتەوە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکەم، کە دان دەنێم بە سەختی و دژواریدا، بەڵام لەهەمان کاتدا وەک هەڵێک دەیبینم و، ئازارەکان دەگۆڕم بە ئومێد و کارکردن، سوپاس بۆ خودا ئاسەواری ئەم ڕۆحییەتەش دەبینم کە پاڵنەرێکی بەردەوامەم بۆ بانگەوازکردن و، کارلێکی زۆرێک لەو گەنجانەی کە سەریان لێشێواوە لەگەڵ ئەو شتانەی کە بڵاوی دەکەمەوە و، گەڕانەوەیان پاش سەرگەردانییان.

هیچ جێگەیەک نییە بۆ نائومێدی، بەڵکوو هەڵێکی مێژوویە، بەخششێک کە خوای گەورە تایبەت بە ئێمەی داوە، بە زانست و دانایی و کەرەم و بەخشندەیی خۆی. سوودی لێ ببینە.

باوەڕدار تەنیا لە خودا دەترسێت

باوەڕدار تەنیا لە خودا دەترسێت. ئایا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ناترسێت لە جەور و ستەمی ستەمکاران، یان دوژمنان لە کاتی جەنگدا بۆ نموونە، یان لە ئاژەڵە درندەکان؟

با، ئەوانە هەمووی ترسێکی سروشتییە و لە فیترەتی مرۆڤدایە و پێچەوانەی ئیمان و باوەڕ نییە، تەنانەت لەناو پێغەمبەرانیشدا (سڵاوی خوای گەورەیان لێبێت) ئەم جۆرە ترسە هەبووە، وەک چۆن قورئان لەسەر زمانی پێغەمبەر موسا ئەم ترسەمان بۆ باس دەکات: ﴿فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ﴾ [القصص: ٢١]. «بە ترسەوە لەوێ ڕۆیی و بە نیگەرانی دەڕوانی»، ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ﴾ [القصص: ٣٣]. «گوتی: ئەی پەروەردەی من! من یەکم لەوان کوشتووە؛ لەوە دەترسم بمکوژن».

ئەو ترسەی کە پێکدژە لەگەڵ ئیمان و باوەڕ لە دوو حاڵەتدایە:

١. گەر باوەڕت وابێت ئەو شتەی کە دەترسیت سوودت پێ بگەیەنێت، یان زیانت پێ بگەیەنێت بە ویست و ئیرادەی خۆیەتی بەبێ خودا.

٢. گەر ئەو ترسەت ببێتە هۆی وازهێنان لە ئەنجامدانی فەرزێک یان ئەنجامدانی کارێکی حەرام، وەک ئەوەی گوێڕایەڵی ئەو کەسە بکەی کە لێی دەترسی لە سەرپێچیکردنی پەروەردگاردا، لەکاتێکدا زۆریشت لێ نەکراوە.

ئەمەش خوای گەورە نەهی لێکردوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا

ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٧٥]. «له ڕاستیدا ئەوە شەیتانەڤۆ -گەرەکیە ئێوە- لە هاوەڵەکانی خۆی بترسێنێ. ئێوە لەوان ترسوو نەبێ و ئەگەر بڕوادارن دەبێ هەر تەنیا لە من بترسن»

یانی باوەڕداران شەیتان دەتان ترسێنێت لە دۆستەکانی. ئەمەش تەنیا وەسوەسەی شەیتانە و نابێت ئاوڕی لێبدەنەوە. نابێ ترسی کەس ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەیت و پەیامەکانی خودا بگەیەنیت بەپێی وزە و توانای خۆت:

﴿ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا﴾ [الأحزاب: ٣٩]. «ئەو کەسانەی هەر فەرمانەکانی خودا دەگەیێنن و لەو دەترسن؛ غەیرەز خوداش لە هیچ کەسی تر ناترسن. خودا حەسێبگەر بێ، بەسە».

خۆت ئازاد بکە

گەر ویستت ڕێگەی حەق بگریتە بەر لە سەردەمی ڕاجیایی و جیاوازییدا، ئەوە خۆت ئازادکە لە ڕوانینت بۆ خۆت و ئایین و میژووت لە چاوی سیستەمی نێودەوڵەتی زاڵەوە، وە باڵانواڕ بە بەسەر فشاری واقیعی ئازاربەخشدا،

یەقینشت بێت کە خوایەکی باڵادەستت هەیە کە دەسەڵاتی بەسەر بەندەکانیدا هەیە و، کاروباری ئاسمانەکان و زەوی بەدەست ئەوە، خەڵکی بەدیهێناوە تا تاقیان بکاتەوە و هیچ شتێکیش ڕووندات بەبێ ئیزنی ئەو، پاشان خەڵکی هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات. ئایینەکەشی حەقی ڕەهایە، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات پێچ لێبدرێت بەدەوری ئایەتەکانیدا

بە هۆی شکستی دەروونییەوە.

ئیدی بەئیزنی خودا ئەمە بەسە کە عیززەت و شکۆی ئیسلام ئازای ئەندامت داگیرکات، وە پێشوازیش لە فەرمایشی خودا و پەیامبەرەکەی بکەیت بەوپەڕی ڕازی بوون و خۆشەویستییەوە و بێ هیچ شەرم و نارەحەت بوونێک. وە ڕێنمویی بکرێیت بۆ ئەوەی کە خوای گەورە لێت داوا دەکات لەنێو دەریای جیاوازی و گوماندا، ﴿وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ [آل عمران: ١٠١]. «هەر کەس پشت بەخوا ببەستێ، کەوتۆتە سەر ڕاستە ڕێگە».

کۆبونەوەی دڵ لەسەر خۆشەویستی خودا

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی ئایەتێک یان فەرموودەیەکت لەبەر بێت لەگەڵ ئەوەی یەقینت هەبێت پێیان. فەرموودەیەکی مەزن هەیە، کاتێک یەقینت دەبێت پێی ئەوە بەسەر زەویدا دەڕۆیت و دڵت پەیوەستە بە عەرشی پەروەردگارەوە، هیچ شتێکت ناوێ جگە لە ڕەزامەندی پەروەردگار و، جگە لەویش لە هیچی دی ناترسیت.

چونکە دوای ئەوە یەقینت هەیە کە بەڕێوبەرەکەت لە شوێنی کار و، هاوپیشەکەت کە فێڵت لێدەکات و، هەر کارمەندێکی حوکمی کە هەوڵ دەدات باری دارایی سەرشانت قورس کات و، ئەوانەی خۆشیاندەوێی و ئەوانەی ڕقیان لێتە و ئەوانەی پشتیوانیت دەکەن و ئەوانەی دژایەتیت دەکەن، لەسەر عەرزی واقیع و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ملیاران مرۆڤ.

گشت ئەوانە، هەموویان بەبێ جیاوازی، بەندەی ملکەچن بۆ پەروەردگار، دڵیان لەنێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی پەروەردگارە، ناتوانن بەبێ مۆڵەتی ئەو سوود یان زیانت پێبگەیەنن.

گەر خێرت ویست ئەوە لە پەروەردگاری باڵادەست بەسەر بەندەکانی داوا بکە، گەر لە بەندەکانیش ترسایت ئەوە پەنا بگرە بە پەروەردگار و بەدیهێنەریان. ئەمانە حەقیقەتن، ئەو ئایەتانەی باسی ئەمەیان کردووە ئایەتی (محکم) نە (منسوخ)ن، نە (متشابه)، ئەو فەرموودانەش لەم بارەوە هاتوون فەرمووەی سەحیحن.

ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە یەقینت هەبێ پێی، ئیدی کام هێزە لەم هێزە ملکەچانە دەتوانێت بتترسێنێت، یان تەماع بخاتە بەردەمت یان ڕێگەیەک بدۆزێتەوە تا بگاتە دڵت و نیەتت لە ئیخلاسەوە بگۆڕێت بۆ ڕیا و ڕووپامایی بۆ ملکەچکراوان؟! ئەمانە حەقیقەتن، گەر باوەڕت هێنا پێی ئەوە پارچە لەت و پەتەکانی دڵت کۆدەکاتەوە و ئاڕاستەی دەکات بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

بیرمە چەند ساڵێک لەمەوبەر بە دۆخێکی سەختی زۆر ترسناکدا تێپەڕیم، پاشان لەناکاو ئەم فەرموودەیەم بیرکەوتەوە، ڕێک وەک تەقەدان بوو لە دەرگای دڵی پەرشوبڵاوم تا کۆبێتەوە بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

کۆمەڵە وشەیەکی زۆر مەزنن کە وەرچەرخانێکی گەورە لە مرۆڤدا دێنێتە کایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم وشانەی فێری (عبدالله بن عباس) کرد کە تەمەنی بچووک بوو و لە پشت پێغەمبەرەوە سواری وڵاغ بوو بوو، تا لەڕێی ئەم وشانەوە کەسایەتی بونیاد بنێت.

ئێمەی باڵغ و پێگەیشتوو زیاتر پێویستمان بەوەیە کە سەرلەنوێ لەسەر بنچینەی ئەم وشانە بونیادی کەسایەتی خۆمان بنێینەوە، تەمەنێکی زۆرمان لەکیس چوو بە هۆی بێ ئاگاییمان لەبارەی ئەم فەرموودە، کە لەوانەیە لەبەرچاومان کردبێت، بەڵام ئەم جارە پێویستمان بەوەیە کە یەقینمان هەبێت پێی!

ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرمانە (ﷺ): (ئەی لاوی تازە پێگەیشتوو من چەند وشەیەکت فێر دەکەم: تۆ سنووورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خواش تۆ دەپارێزێت، تۆ سنووورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خوا دەبینیت لە پێشتەوە لەگەڵتدا دەبێت، ئەگەر داوات کرد ئەوا تەنها داوا لە خوا بکە و، ئەگەر داوای یارمەتیت کرد ئەوا تەنها داوای یارمەتی لە خوا بکە.

بزانە بەڕاستی ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك سوودت پێبگەیەنن ئەوا سوودت پێناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خوا بۆتی نووسیووە و، ئەگەر کۆیش ببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك زەرەر و زیانت پێ بگەیەنن ئەوا زەرەر و زیانت پێ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خوا لەسەرتی نووسیووە، قەڵەمەکانی نووسینی قەدەر هەڵگیراون و پەڕەکانیش وشك بوونەتەوە).

شیرکی فڕۆکەکان

هەندێ جار جۆرێک شیرک دزە دەکاتە ناو دڵی مرۆڤەوە، بەوەی هەندێک هاوبەش پەیدا دەکات لەگەڵ پەروەردگار کە دەخوازێت سوودی پێ بگەیەنێت، یان دەترسێ لەوەی زیانی لێ بدات، یان وا گومان دەبات لەدەرەوەی دەسەڵاتی پەروەردگارە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بیڕۆکەیەک دزەی کردووەتە نێو دڵی موسڵمانانەوە کە: «سەرناکەوین مادەم دوژمنانمان فڕۆکەیان هەیە! چونکە لەڕێی ئەو فڕۆکانەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن و جەنگەکان دەبەنەوە»!

وریابە! گەر ئەم بیرکردنەوە ببێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی موسڵمانان هۆکارە ماددیەکان بگرنە بەر بۆ سەرکەوتن لەگەڵ پشتبەستنی تەواوەتی و یەقینی تەواوەتی، ئەوە گرتنەبەری هۆکارەکان شتێکی دروستە، بەڵکوو فەرزە لەسەر

موسڵمانان و، نابێ چاوەڕێی سەرکەوتن بین بەبێ ئەوە.

بەڵام لێرەدا لەبارەی "خۆبەدەستەوەدان"ی نەفسی و گومان لە توانای پەروەردگارەوە قسە دەکەم، پەنا بەخوا! گومان! نا هەرگیز، من گومان لە توانای خودا ناکەم.

پشکنینێکی دڵ و دەروونی خۆت بکە، نابینی پێت دەڵێت: "جا چۆن سەردەکەوین -تەنانەت گەر گوێڕایەڵیشی بکەین- مادەم ئەوان فڕۆکەیان هەیە؟" ئایا بە خۆت نالێی: "هەرچەند هۆکارە مادییەکان بگرینە بەر و، خۆمان چاککەین و بانگەواز بکەین بۆ لای پەروەردگار و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەین، نابینە خاوەنی فڕۆکە".

نابینی کە هەمیشە -سیناریۆ-ی چاوەڕوانکراوی سەرکەوتنی خوایی لە میشکی خۆتدا وێنا دەکەیت فڕۆکەی تێدایە؟! وەختێ ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ [محمد: ٧]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر یاری خودا بکەن، خوداش یارییەتان دەدا و لە بەر نەیاران نابەزن» دەخوێنیتەوە، بە خۆت نالێی: "بەڵام ئەی چی دەربارەی فڕۆکەکان؟" وەک ئەوەی فڕۆکەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان هەبێت و لە دەرەوەی ئایەتەکانی سەرکەوتن بن؟! ئەمە شیرکی شاراوەیە کە لەبارەیەوە دەدوێم.

لێرەدا، ئەم ئایەتەی پەروەردگار بیر خۆت بێنەوە: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَىْءٍ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ [فاطر: ٤٤]. «هیچ کەس لە ناو عاسمانەکان و زەمیندا پەیدا نابێ کە هێز لە خودا بستێنێ»، هەروەها ئایەتی: ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ [العنكبوت: ٢٢]. «لە عەرز و لە عاسمانێ بن، ناتوانن خۆ ڕزگار بکەن».

- باوەڕمان بە خوا هێناوە، بەڵام چۆن؟

+ ببورە! شەرمەکەم ئەو ئامڕازانە ڕوونکەمەوە کە خوای گەورە (خودای ئاسمانەکان و زەوی) سەرمان خات بەسەر فڕۆکەکاندا! ﴿إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ﴾ [یوسف: ۱۰۰]. «پەروەردێنم، بۆ هەر کەسێکی خۆی حەز کا دڵاوایە» وەک یوسف (سڵاوی خوای گەورەی لێ بێت) فەرمووی. گەر خوای گەورە ویستی لەسەر شتێک بوو ئەوە بەشێوەیەکی نەرم و ناسک هۆکارەکانی ئامادەساز دەکات.

وەک چۆن ڕزق و ڕۆزی ئادەمیزاد دەدات بەشێوەیەک کە چاوەڕێی ناکات ئاواش دوژمنەکانمان تووشی شکست دەکات و سەرمان دەخات -گەر هۆکارەکان بگرینە بەر- بەشێوەیەک کە چاوەڕێی ناکەین: ﴿مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُواْ وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُواْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾ [الحشر: ۲]. «ئێوە پێتان وا نەبوو کە دەر دەکەون؛ خۆشیان وایان خەیاڵ دەکرد قەڵاکانیان لە خودایان دەپارێزێ. خودا لە شوێنێکی واوە پارێزی بردە سەر ئەوان، کە لە خەیاڵیشیان نەبوو. وای ترس هاویشتە دڵیان، مااڵی خۆیان بەدەستی خۆ و بەدەستی خاوەن باوەڕان، کاول دەکرد. سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان!».

﴿قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ﴾ [النحل: ۲٦]. «ڕاستت دەوێ ئەوی لە پێش ئەمانەش بوون، دەهۆباز بوون. خودا دام و دەزگایانی لە هیمەوە هەڵتەکاند و میچیشیان بەسەردا ڕما و لە شوێنێکەوە ئازاریان بۆ دابارێ، کە هەر هەستیشیان پێ نەکرد».

دەگێڕنەوە کە بە عمر مختاریان گوت: "ئیتالیا فڕۆکەی هەیە بەاڵم ئێمە نیمانە"، وتی: "فڕۆکەکان لەسەر عەرش دێن و دەچن یان لەژێر عەرش؟"، وتیان: "لەژێر عەرش"، وتی: "ئەوەی لەسەر عەرشە لەگەڵ ئێمەیە، ئەوەی

لەژێرەوەیەتی نامان ترسێنێت". ڕاستە عمر مختار لە کۆتاییدا کوژرا، بەڵام ئەوەی ئەم عەقیدە و بیروباوەڕەی هەبێت کوشتی بڕوانامەی (سەرکەوتن)ـە بەئیزنی خودا، لە کۆتاییشدا ئیتالیا بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو و براکانی لە لیبیا کشایەوە.

جیهاد و هەوڵ و تێکۆشانیان نەبووە هۆی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی شکۆدار، بەڵێ، خوای گەورە لەبەر حیکمەتێک دوای خست، بەڵام ئەوان یەکەم خشتیان لە کۆشکی ئیسلام دانا پێش ئەوەی بڕۆن، بێگومان ئەو کۆشکە دەبێت تەواو بێت.

لە کۆتاییدا، خوای گەورە ئەرکێکی داوە بەسەرماندا و گرەنتییەکی پێداوین، با سەرقاڵی ئەرکەکەمان بین، نەک گرەنتییەکە: ﴿إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ﴾ [محمد: ٧]. «ئەگەر یاری خودا بکەن، خوداش یاریدەتان دەدا و لە بەر نەیاران نابەزن».

دەتبینم هەست بە لاوازی دەکەیت

دەتبینم هەست بەلاوازی دەکەیت، تاقەتی ئیشکردنت نەماوە، تێڕوانینت بۆ خۆت گۆڕاوە، ڕۆژەکانت بێهودە تێدەپەڕێت، نیگەرانی لە داهاتوو، هانات بۆ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی چواردەورت برد، سکاڵای خەم و غەمی خۆتت بۆ کردن، وێستت مەعنەویاتت بەرزکەنەوە، بەڵام ئەوەی وێستت دەستت نەکەوت، بازنەی گەڕانت فراوانتر بوو، ئیدی لە کەسانی دوور و نەناسراوت پرسی، وەڵێ هیچ ئومێدێکت لای ئەوانیش چنگ نەکەوت! وا نییە؟!

ئەوجا هەموان لێت دوورد‌ەکەوتنەوە، ئاخر تۆ ئیتر سەرچاوەی دڵخۆشی نیت بۆیان، بەڵکوو بە سکاڵا و گلەییەکانت بوویتە سەرئێشە بۆیان و خەمەکانی

ئەوانیشت زیاتر کردووە! وا نییە؟

بەڵکوو بینیت هەموان وەک تۆن! لە ناخەوە لەرزۆکن، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە کە ئەوان بە درۆ خۆیان دڵخۆش نیشان دەدەن و خۆیان لە گێلی دەدەن و لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانیان دەترسن! چیدی تۆش بەرگە ناگریت، لە گەشتی گەڕانە دوور و درێژەکەت گەڕایتەوە بە خەم و خەفەتێکی زیاترەوە! لە دڵی خۆتدا دەڵێی: "بۆچی خۆم شکاند لەبەردەمیان؟ چ سودێکم بینی لەوەی لاوازیی خۆم نیشاندان، پشتیان تێکردم و هیچ کۆمەکییان نەکردم کاتێ پێویستم پێیان بوو!"

بەڵام دواتر دەڵێی: "بەڵام خۆ ئەوانیش خەم و خەفەتیان هەبوو، ئیتر چۆن یارمەتیم بدەن لەکاتێکدا ئەوانیش لە ناخەوە وەک من لاوازن؟ ئەوانیش وەک من پێویستیان بەوەیە دەرووی خێریان لێکرێتەوە و مەعنەویاتیان بەرزکرێتەوە". شتی وا ڕووینەداوە لەگەڵتا؟

ئامۆژگاری منت دەوێت، بەڵکوو ڕێنمایی پەروەردگارت: ئایا لە هەموو ڕکاتێکی نوێژدا ئەم ئایەتە ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ ناخوێنیت، یانی «تەنیا پشت بە تۆ دەبەستین پەروەردگار»؟ ڕاستگۆیانە بیڵێ! ئامۆژگاری پێغەمبەرت (ﷺ) دەوێ؟ (وإذا استعنت فاستعن بالله)، تەنیا بەو، بە هیچ کەسی دیکە نا!

ئامۆژگاری پێغەمبەرانت دەوێ (سڵاوی خوایان لێبێت)؟ ﴿إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾ [یوسف: ٨٦]. «گازندە و دڵەندیم هەر بۆ خودا ئەدرکێنم» وەک چۆن پێغەمبەر یعقوب (سڵاوی خوای گەورەی لێ بێت) کردی، سکاڵای خۆت لای کەسی دیکە جگە لە پەروەردگار مەکە. ئەو وەختە: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ [الطلاق: ٣]. «هەرکێ خۆی بە خوا بسپێرێ، ئەوی بەسە»، تەنیا خودات بەسە.

ڕاستگۆیانە تەوەکول بە خودا بکە و تەنیا ئومێدت بەو بێت، ئەزانیت چی

ڕووەدات دوای ئەوە؟ خوای گەورە سەرلەنوێ ئیرادەت پێ دەبەخشێت، وە سەرلەنوێ هێزت پێ دەبەخشێت، وە سەرلەنوێ سەرچاوەی وزەکانت دەتەقێنێت، ئەوسا تۆ دەبیتە ڕووناکی بۆ ئەوانەی کە دوێنێ داوای هاوکاریت لێ کردن! دەبیتە پێشەنگێکی باش بۆیان، هیممەتیان زیندوو دەکەیتەوە، دڵنەواییان دەکەیت، جۆش و خرۆشیان پێدەدەیت، سەرلەنوێ تایەی ژیان دەخولێتەوە.

ئەمە پێکدڕ نییە لەگەڵ داواکردنی ئامۆژگاری لەو هاوڕێیانەوەی کە متمانەت بە حیکمەت و داناییان هەیە و گومانت وایە کە قسەکانیان سوودت پێدەگەیەنێت، یان داواکردنی لە چارەسازێکی لەخواترسی بەتوانا گەر نیشانەی تێکچوونی دەروونیت تێدا بێت. بەڵام قسەی ئێمە لێرەدا لەبارەی درکاندنی نەڕێنییە بۆ ئەو کەسانەی سوودت پێناگەیەنن، بەڵکوو ڕەنگە زیانت پێ بگەیەنن، بۆیە وا باشترە خەم و خەفەتەکانت بۆ ئەو جۆرە کەسانە باس نەکەیت تا ڕێڕ و حورمەتت پارێزراو بێت و پەیوەندیت لەگەڵیان تێک نەچێت.

لەبەرخودا بیکە، بەرلەوەی لەبەر خۆت بیکەی

لە زۆرێک لە وڵاتە موسڵمانەکاندا، خەڵکی تا ئێستاش گوێبیستی وتاری بانگخوازە ڕاستگۆ و دڵسۆزەکان دەبن کە ئامانجیان سەرخستنی ئایین و خێر و چاکەیە بۆ خەڵک. ئەمەش هەڵێکە بۆ ئێمە تا بانگەواز بکەین بۆ لای خودا لە دڵسۆزی بۆ ئایینەکەی، نەک تەماع بێت بە خەڵکی یاخود ترس بێت لێیان.

ڕەنگە ڕۆژێک بێت، وەک چۆن هاتووە بەسەر هەندێک لە وڵاتاندا، کەڵەکەبوونی شتەکان کاری خۆی بکات، ئیدی خەڵکی ئەو جۆرە گوتارە قبوڵ نەکەن، بەجۆرێک ئامۆژگارییان دەکەی بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامت دەداتەوە، دەچیتە پێشەوە و داواکاری پێشکەش دەکەیت بۆ ئیشێک، بەڵام بە هۆی سیمای دینداریتەوە داواکەت ڕەت دەکرێتەوە، دەچیتە شوێنێکی

گشتییەوە بە چاوێکی گوماناوییەوە لێت دەڕوانن.

ئەو کاتە، ڕەنگە چالاکییەکانت لە بواری بانگەوازدا دەست پێکەیتەوە پاش تەنبەڵی و ساردوسڕی، بەڵام ئەم چالاکبوونەت تا ڕادەیەکی زۆر بۆ پارێزگاریکردن لە خودی خۆت دەبێت! پێشتر بینینی بەزاندنی سنوورەکانی خودا و دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە ئایین و سونەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هیچ کاری تێنەکردووین، بەڵام گۆڕانی مامەڵەی خەڵکی لەگەڵت و داخستنی دەرگاکانیان بەڕووتدا و بە گومانەوە ڕوانین لێت کاری تێکردیت و گورج و گۆڵ بوویتەوە، هەست کردنت بەوەی لەنێو «مااڵی کەسێتی خۆت» داگیرکراویت کاری تێکردیت و هۆشی بە بەردا هێنایتەوە.

دڵنیابە کە بانگەوازکردن لەپێناو خودا لە دڵسۆزی بۆ ئایینەکەی بەرەکەتدارتر و بەرهەمدارترە لە بانگەوازکردنت بۆ خوا و بۆ نەفسی خۆت «پێکەوە». دڵنیابە خەڵکی هەست بە جیاوازی دەکەن لە شێوەی ڕووخسارت و تۆنی دەنگتدا هەرچەند بتەوێت بیشاریتەوە.

تەواو دڵنیابە لەوەی کە ئەو کاتە لە قوواڵیی دڵتەوە تێک شکاو و شڵەژاوی و بە چاوێکی کەم تەماشای خۆت دەکەیت و لە خەڵکی دەترسیت، لەکاتێکدا دەکرا خوای گەورە هەیبەت و ترست بخاتە نێو دڵی هەموانەوە گەر لە ڕۆژانی خۆشگوزەرانیدا کارت بکردایە لەپێناویدا.

هەموو ئەمانە ئەگەر ڕێگەی بانگەوازت هەڵبژارد و، شەیتان سوود لە تێک شکانت نەبینێ بۆ ئەوەی بە تەواوی لە بانگەواز دوورت خاتەوە، بەڵکوو ڕەنگە لە خشتەت ببات تا واز لە دینداری بێنیت و بچیتە ڕیزی غافڵ و بێ ئاگایان.

گەر بازنەیەک بەردەست بێت بۆ بانگەوازکردن کە تیرەکەی یەک مەتر بێت، نابێت خۆمان قەتیس بکەین لە نیومەتردا! ئەو کاتەش لە ڕۆژانی خۆشگوزەرانیدا لە شتی بەسوودا بەسەری نابەین سبەینێ پەشیمان دەبینەوە لەسەری.

چەنجار ڕوویداوە کە موسڵمانان لە وڵاتانی خۆراوا کەمتەرخەم بوون لە بانگەوازکردنی خەڵکی و سەرقاڵ بوون بە دونیاوە، تا ئەو کاتەی کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویانداوە کە موسڵمانانی کردووەتە نێو بازنەی تۆمەت ئیدی دەستیان کردووە بە چالاکی بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و باسکردنی جوانییەکانی ئیسلام و، هەندێ جاریش لەو پێناوەدا ملی دەقەکانیان شکاندووە تا لەگەڵ سروشت و مەزاجی خەڵکی بگونجێت! کە ئەگەر بانگەوازیان بکردایە بۆ ئایینی خودا بەبێ بوونی تەماع لە خەڵکی و ترس لێیان، ئەوە قبوڵی زیاتری لای خودا و خەڵکی بەدەست دەهێنا و ڕێزیان لێدەگرت.

دەست پێشخەری بکە، بانگەواز بکە بۆ خودا لەپێناو خودا، بە تەنیا و «لە کاتی خۆشگوزەرانیدا خودا بناسە ئەویش لە کاتی ناڕەحەتیدا دەتناسێت». ئەم پەیامە بۆ کەسانی دیندار و پابەند و دامەزراو نییە بە تەنیا، بەڵکوو بۆ هەموو کەسێکە کە خوا و پێغەمبەرەکەی خۆشەوێت و غیرەی بۆ ئایینەکەی هەیە.

لەژێر تاقیکردنەوە

وەختێ دوورکەوتنەوە لە سیمای ئیسلام (ڕیش، باڵاپۆشی، دەستەواژەی ئایینی) تەشەنە دەسێنیت ئەوە خۆشەویستی دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوە. ئەوەی خۆشەویستییەکی کەمی هەیە و نەفسی خۆی لە ئیسلام لا گرنگترە ئەوە دووردەکەوێتەوە لە هەموو سیمایەکی دینداریی تا خەڵکی لێی دوورنەکەونەوە و لۆمەی نەکەن!

ئەوەیش خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی زیاتر لە خۆی خۆش دەوێت، ئەوە پێداگری لەسەر سیمای دینداریی خۆی دەکات و بە خورەوشتی جوان و هیممەت بەرزی و سوود گەیاندن بە خەڵک ئەم سیمایانە لای خەڵک جوان دەکات تا تێڕوانینیان بۆ ئایین بگۆڕێت و دڵیان ڕادەستی بکەن.

وە دەڵێت: "گەر خەڵکی لە سوونەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵبێن ئەوە من ناترسم و پاشکەشە ناکەم، بەڵکوو سوننەت نیشانی خەڵکی دەدەم و بە کار و کردەوەم لەلایان خۆشەویستی دەکەم، چونکە ناوبانگی سونەت و خاوەنەکەی (ﷺ) گرنگترە لەلام لە ناوبانگی خۆم".

نکۆڵی ئەوە ناکەین کە نیشاندانی دروشمەکانی ئایین چەند هۆکارێکی دیکەی هەیە جگە لە هێز و لاوازی و خۆشەویستی و، ڕەنگە مرۆڤ خوا و پێغەمبەرەکەی خۆش بووێت، بەڵام خراپی ژینگەی دەوروپشتی و لاوازی کەسێتی خۆی ڕێگر بێت لە نیشاندنی هەندێ لە دروشمەکان، بەڵام بێشک خۆشەویستی لە گرنگترین هۆکارەکانە.

لەپێناو منداڵەکانمان

کاتێ ڕوبەڕووی زریانی خراپەکاری و دژایەتیکردنی شوناسی ئیسلامی دەبینەوە، باجی مەلەکردنمان بە پێچەوانەی ئاڕاستەی شەپۆلەکانەوە دەدەین و، کێشە و گرفتمان بۆ دروست دەبێت لە ماڵ و سامان و پیشە و کار و کاسپیمان.

سەرباری ئەوە ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە بەرگرتن لە خراپە، بە بوێری لە وتنی حەق و بێزارنەبوون لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، تا کۆمەڵگەیەکی پاک بۆ کوڕ و کچەکانمان جێ بێڵین کە ئایینداری خۆیانی تێدا جێبەجێ کەن، کە ئەگەر باو و باپیریان سەریان شۆڕکردایە بۆ زریانی خراپەکاری و ڕێگریان نەکردایە لێی، ئەو کەشەیان بۆ فەراهەم نەدەبوو کە ئایینداری خۆیان بکەن.

دوو بژاردەت لەبەردەمە، یان بێدەنگ دەبی و ڕۆژانێکی قورس و سەخت بۆ ئەوانەی پاش خۆت جێ دێڵیت، ئیدی بەم جۆرە قەڵەوت کردوون بۆ ئاگر

لەکاتێکدا وا گومان دەبەیت ئەرکی سەرشانت جێبەجێکردووە لە خۆراک پێدانیان و پۆشتەک ردنیان و مانەوە لەگەڵیان! یان دەڵێن -گەر ڕێگەی ئایینداریان هەڵبژارد لەگەڵ ئەو ناڕەحەتی و دژواریانەی کە بە هۆیەوە تووشیان دەبێت-، «بریا دایک و باوکمان ئێمەیان نەبوایە»!

یاخود ڕووبەڕووی زریان دەبیتەوە و ئەوانیش دەڵێن: (خوای گەورە لە دایک و باوکمان خۆش ببێت کە بوونە قەڵغان و ئێمەیان پاراست لە تیری دەستی خراپەکاران و، لەبەردەم زریان و تۆفانی خراپەدا وەستانەوە و چەسپاو و دامەزراو بوون، تا ئێمە بێبەش نەبین لە خێر و بێری ئیسلام و جێبەجێکردنی دروشمەکانی).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا﴾ [النساء: ٩]. «ئەو کەسانەی لەپاش خۆیان منداڵانی سەروپێچکەی بێدەستەڵات بەجێ دێڵن، با لە وەسیەت کردنێدا، ترسی خوایان لە دڵدا بێ و شتێکی وا لەپاش خۆیان ڕاسپێرن، هیچ ناهەقیی تێدا نەبێ» گەر خەمی نەوەکانتە، ئەوە باشترین شتێک پێشکەشیان بکەیت تەقوای خوایە، کە فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و، وتنی حەق لەڕووی خراپەکاران دەگریتەوە گەر لەو پێناوەدا گیانی خۆشت بەخت بکەیت.

نامەیەک لە زیندانییەکەوە بۆ دایکی

دایکی ئازیزم، هیوادارم هەر کاتێ تامەزرۆی بینینی من بوویت تەماشای ئەم خاڵانە بکەیتەوە:

١. ڕۆژەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕن -وەک چۆن زۆر جار بەسەرسوڕمانەوە وا دەڵێین- پاشان دەگەڕێمەوە بۆ لاتان و، ساتە جوانەکانیش دەگەڕێنەوە، پێکەوە

دادەنیشین، پێدەکەنین، دەچینە دەرەوە و، ئازاری دوور و دابڕان لەبیر دەکەین و پاداشتی ئارام گرتنەکە دەمێنێتەوە.

٢. ئەم ڕۆژانە کە زۆر نزا دەکەیت تێیدا و قورئان دەخوێنیتەوە و زیکر و یادی خوا دەکەیت بە ئومێدی دابەزینی ڕەحم و بەزەیی خودا و کردنەوەی دەروازەی خێر، ڕۆژانێک نییە کە لە ژیانمان فەوتابێت وەک شەیتان دەیەوێت وا بیری لێکەینەوە. بەڵکوو ئێمە ئێستا ئەوە ئەنجام دەدەین کە خوای گەورە مرۆڤی لەپێناویدا دروست کرد، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦]. «من هەربۆیە جندۆکە و مرۆم دروس کرد، بمپەرستن».

٣. ئەو کەسەی دەیەوێت کە هیچ چرکەساتێکی جوانی نێو ئەم دونیایە لەدەست نەدا ئەوە لە دوای ئەم ژیانەوە ژیانی دیکە نابینێ، بۆیە مکوڕە لەسەر ئەوەی کە چێژ لە هەموو چرکەیەکی ئەم دونیایە ببینێت. لەکاتێکدا وەختێ بیر لە فەرمایشی پەروردگار ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۖ وَلَلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ [الأنعام: ٣٢]. «ژینی دونیا جگە لە گاڵتەوگەپ نییە و مااڵی ئەولا بۆ ئەوانەی لە خواترس و خۆپارێزن زۆر چاکترە. دەسا بۆ دەبێ تێنەگەن؟!» دەکەینەوە ئەوە دڵ و دەروونمان بە ڕۆژانە خۆش دەبێت کە ئارام دەگرین تێیدا تا بەهەشتێکی نەبڕاوەی پێ بەدەست بێنین.

٤. کاتێک دێی بۆ سەردانم و دڵنیا و گەشبینی بە ڕەحم و بەزەیی خودا و دڵ و دەروونت پاک و بێگەردە بە ئارام گرتن لەپێناویدا، ئەوە منیش دڵنیا و گەشبین دەبم بە ڕەجمی خودا و دڵم خۆش دەبێت بەوەی کە خوای گەورە خێری بۆ من ویستووە، ئەو کاتە تۆش دەبیتە هاویەشی من لە پاداشت و چاکەدا.

دواجار لەوێش لە بەهەشت: نە دابڕان، نە خەم، نە ئازار، نە ترس لە نەمانی نیعمەت، بەڵکوو دڵخۆشی و کەیفخۆشی و ڕەزامەندی و تەماشاکردنی ئەو پەروەردگارەی کە ئارامان گرت لەپێناویدا.

خۆشەویستت و هەمیشە تامەزرۆی دیدارت: «کوڕەکەت: ....».

برای (بیانووگر) و چیرۆکی ژیانی لە چەند دێڕێکدا!

موسڵمانی بیانووگر؛ لەگشت قۆناغەکانی تەمەنیدا، بیانووی هەیە بۆ نەوەی ئاوڕ نەداتەوە بەلای پرسی پاشەڕۆژ و فێربوونی ئیسلام و سەرخستنی...

- لە ساتی لەدایک بوونییەوە بۆ تەمەنی (١٠) ساڵی: بیانووی هەیە، چونکە هێشتا بچووکە.

- لە (١٠ تاکوو ٢٠) ساڵان: بیانووی هەیە، چونکە هەرزەکارە.

- لە (٢٠ تاکوو ٢٨) ساڵان: بیانووی هەیە، چونکە سەرقاڵی خوێندنی زانکۆیە و پێویستە چەقی سەرنجی بخاتە سەری، ناخر ئەمە ئایینەدەی ژیانی دیاریدەکات، پاشان گەڕان بەدوای ئیش و کار و، هەوڵدان بۆ «سەلماندنی خۆی» لە ئیشەکەیدا و، ئالۆگۆڕکردن لە ئیشەکاندا بۆ بەدەست هێنانی موچەیەکی باشتر.

- لە (٢٨ تاکوو ٤٠)ساڵان: بیانووی هەیە، چونکە تێچووی هاوسەرگیری کۆدەکاتەوە، پاشان بیانوو دێنێتەوە چونکە جارێ تازە زاوایە، دواتریش بە هۆی کێشە و ناکۆکی لەگەڵ خێزانی ناپەرژێتە سەر هیچی دیکە.

- لە (٤٠ تاکوو ٥٠)ساڵان: بیانووی هەیە، چونکە سەرپەرشتی منداڵەکانی دەکات و تێچووی خوێندنیان بۆ دابین دەکات و بەدوای کارێکی دیکەدا دەگەڕێت، تاکوو بژێوی ژیانیان دابین کات.

- لە (٥٠ تاکوو ٦٠)ساڵان: بیانووی هەیە، چونکە دەیەوێت لە خەمی هاوسەرگیری منداڵەکانی بێت و خوێندنی زانکۆیان تەواوکەن، هەروەک نەخۆشی ڕووی تێکردووە و هەر فریای سەردانی پزیشک دەکەوێت.

- لە ٦٠ ساڵان ز دواتر: بیانووی هەیە، بە هۆی هەڵگشانی تەمەنی و لاوازیی یادەوەری و زۆر نەخۆش کەوتنی.

- پاشان بیانووی هەیە لەبەرئەوەی کە مرد

ئاخۆ کەی بیر لە پاشەڕۆژ دەکرێتەوە؟ کەی بیر لە فێربوونی ئایین و سەرخستن و خزمەتکردنی دەکرێتەوە؟ کەی بیر لە بونیادنانی ڕۆشنبیرییەکی مەنهەجی دەکرێتەوە؟ کەی بیر لە بانگەوازکردن بۆ خودا دەکرێتەوە؟

"باشە، ئەی هەوڵ و کۆشش و خوێندن و هاوسەرگیری و چاودێریکردنی منداڵەکانم، ئایا ئەمانە گشتی خوای گەورە خۆشی ناوێن ئەنجامی بدەم؟"

بێگومان، گەر تۆ لە ئەنجامدانی هەر یەک لەوانە ئامانجە مەزنەکەت لەبیر بێت کە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار و بەرزکردنەوەی ئایینەکەیەتی، بەجۆرێک کە هەموو ئەم کار و کردەوانەت بەپێی بەرنامەی خودا ڕێکخرا بێت و لەپێناو ئەو ئامەنجەدا بێت، لەگەڵ هاوسەنگی ڕاگرتن و پێدانی ماف هەموو کەسێک و، ئەمەش ئەو ئیشەیە کە نابێت دوابخرێت و پشتگوێ خرێت جا بە هەر بیانوویەک لە هەر قۆناغیکی تەمەندا.

ASTANA

بەرپرسیارێتی

«با ئیسلام پرسی ژیانت بێت» یانی چی؟

منداڵت هەیە؟ کامیانت لە هەموویان زیاتر خۆشەوێ؟ ئێستا لەگەڵ منا بیر لە جوڵە و بەرائەتی بکەوە، لە بەدەمەوە هاتنت کاتێک دەچیتەوە بۆ ماڵ و هۆگربوونی پێتەوە. پاشان وا خەیاڵ بکە، ئەم کوڕە، یان کچەت، فڕێنراوە! ئۆقرە دەگریت؟ دەتوانی بە ئاسایی ژیانی خۆت بکەی بێ ئەوەی هەوڵ و کۆشش بکەی بۆ دۆزینەوە و هێنانەوەی؟ یان دەبێتە خەمی ژیانت؟ خەو و خۆراکت دەبێتە بیرکردنەوە لێی.

ئاوایە وەختێ ئێسلام دەبێتە پرسی ژیانمان. شکۆمەندییەکی ئیسلامی فڕێنراومان هەیە، ڕۆڵێکی ڕابەڕایەتی لەدەست چوومان هەیە، دڵسۆزی ڕاستەقینەی ئایینەکەمان نابین تا ئەوە نەبێتە خەم و پرسی ژیانمان.

ئەو کاتە، کارکردنمان بۆ ئایینی خودا بۆئەوە نییە کە گلەیی نەیەتە سەرمان لە کاتی دەست بەتاڵی و بێ ئیشیدا، هەروەک چۆن گەڕانمان بەدوای منداڵە فڕێنراوەکەمان بۆ ئەوە نییە گلەیی نەیەتە سەرمان، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەک هەوڵی گێڕانەوەی دەدەین بێ ماندووبوون و بێزاربوون، هەرکارتێکیش ساردبوونەوە ڕووی تێکردن و هەستمان بە ماندوو کردن کرد، پەرۆشی بۆ منداڵەکەمان وزەمان پێ دەبەخشێتەوە و بە گوڕوتینێکی زیاترەوە دەست دەکەینەوە بە گەڕان.

گەر زانیت گێڕانەوەی منداڵەکات پێویستی بە پلان و نەخشەکێشانە ئەوە پلانی بۆ دادەنێیت، پێویستی بە فێربوونی زانست بێت خۆت فێر دەکەیت،

پێویستی بە ئارام گرتنە لەسەر ئازار و ناڕەحەتی ئارام دەگریت، چونکە بڕاردەیەکی دیکەت نییە، ئەوە کوڕەکەتە فڕێنراوە!

گەر بزانیت هەموو تەمەنت دەڕوات لە گرتنەبەری هۆکارەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئەوە بێ دوودڵی دەیکەیت، تەنانەت ئەگەر بزانیت تەنیا بۆ یەک چرکە پێش وەفات کردنت دەیبینی، گرنگ ئەوەیە ئازاد بووە.

ئەوەی کەمێک دڵنەواییت دەکات و هۆکارە بۆ ئەوەی شەوان خەوت لێکەوێت هەستکردنتە بەوەی کە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆت کردووە بۆ گەڕاندنەوەی. خاوەن پرس و خەمی گەورە ئاواییە. دەسا خوایە ئیسلام بکە پرسی ژیانمان.

کوا ئەو بەختەوەرییەی ئیسلام بۆ شوێنکەوتووانی بەدی دێنێت؟

بۆچی ئەم بەڵا و تاقیکردنەوانە ڕوو لە موسڵمانان دەکات؟ کەوا ئەو بەختەوەرییەی ئیسلام بۆ شوێنکەوتووانی بەدی دێنێت؟

وەڵام: هەندێ حەقیقەت هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵدێین، چونکە حەزمان پێی نییە. هەڵهاتن لێیان سوودت پێناگەیەنێت، بەڵکوو سەرت لێ دەشێوێنێت و تووشی سەرگەردانیت دەکات وەک چۆن تووشی ئەوانە بوو کە ئەم پرسیارە دەکەن. ڕووبەرووی حەقیقەت ببەوە، قبوڵی بکە، بە گوێرەی ئەویش ئیش بکە، ئیتر خوای گەورە دڵنیاییت پێ دەبەخشێت.

ئەو حەقیقەتەی کە لێی هەڵدێین ئەوەیە کە ئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوەیە نەک پاداشت وەرگرتن و، پەیماننامەی ئیسلام کە ئیمزامان کردووە بەڵێنی ئەوەی تێدا نییە کە تووشی تاقیکردنەوە نەبین، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەیە.

لەنێو دڵ و دەروونمان ئەوە چەسپاوە کە ئیسلام و ئایینداری یانی جێبەجێکردنی حەزە دونیاییەکانمان چونکە سیستەمە پەروەردەییەکە لە ماڵەوە و، قوتابخانە و،

وتاری هەینیشدا بەشێوەیەکی گشتی کەمتر ڕاستگۆیی و جیدییەتی تێدایە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی ئایینداو، گرنگی زیاتری بە دەستکەوتی ڕەفتار داوە بە بەراورد بە چاندنی بەهاکان، لەگەڵ پەلەکردن لە چنینەوەی بەرهەم و ڕاکردن لە کارکردن بۆ پاشەڕۆژ، لە دەرەنجامی لاوازی یەقین و زاڵ بوونی دونیا بەسەر بیرکردنەوەمان.

«نوێژ بکە، تا سەرکەویت لە خوێندنەکەت»، «ببەخشە، تا شەڕ و خراپە لە سەروەت و سامانەکەت بەدوور بێت»، «لە شتە حەرامکراوەکان دوورکەوە، تا سەرکەوتوو بیت لە ژیانت».

هەندێ دەستەواژە هەیە کە کاریگەری کەمە: «تا خوای گەورە لێت ڕازی بێ»، «تا بچیتە بەهەشتەوە»، ئیدی بە هەندێ هاندەری دونیایی پشتگیری دەکەین، یان بەرهەمی ئیشکردنەکە دەبەستینەوە بە دونیاوە: «خوای گەورە لێت ڕازی دەبێت و سەرکەوتنت پێ دەبەخشێت لە ئیش و خێندنەکەت»! وێڕای ئەوەی ئەم هاندەرە دونیاییانە بەشێک نییە لەو پەیمانەی کە لەگەڵ پەروەردگار بەستومانە.

"یانی ئەوەی کە لەبارەی ئایینەکەمان فێر بووین هەڵە بووە؟!" بەڵێ، هەڵە بووە، ئەمەش تاوانی ئیسلام نییە، بەڵکوو هەڵەی ڕشتەبەندییە هزرییە پەروەردەییەکەمانە.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) بەڵێنی لە پشتیوانان (الأنصار) وەرگرت لەپێش کۆچکردن بۆ مەدینە، فەرمووی: (بەیعەتم پێ بدەن لەسەر گوێڕایەڵیکردن لە کاتی چالاکی و تەنبەڵیدا و نەفەقەدان لە خۆشی و ناخۆشیدا و لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و وتنی حەق بەبێ ئەوەی لە لۆمەی کەس بترسن و لەسەر ئەوەی پارێزگاریم لێ بکەن کە هاتم بۆ ناوتان وەک چۆن خۆتان و خێزان و منداڵانتان دەپارێزن، گەر واتان کرد ئەوە بەهەشت

بەدەست دێنن). لە بەرانبەر بەدەستهێنانی بەهەشتدا هەموو شتێکی لێ بردن.

ئەوجا پشتیوانان هەستانەوە تا بەیعەتی پێ بدەن، ئەویش دەستی «أسعد بن زرارة»ی -کە بچووکترینیان بوو- گرت تا لە دەرەنجامەکانی ئەم بەیعەتە ئاگاداریان کاتەوە و گوتی: (پەلە مەکەن خەڵکی یثرب! ئێمە سواری حوشر نەبووین و بێن بۆ ئێرە ئیللا مەگەر لەبەر ئەوە نەبێت کە زانیومانە پێغەمبەری خوایە. دەرکردنی لێرەش ئەمڕۆ مانای پچڕانی پەیوەندیمانە لەگەڵ هەموو هۆز و تیرەکانی دیکەی عەرەب و کوشتنی باشترینتان و تین سەندنی شەڕ و کوشتارە دژتان. جا یان ئەوەتا ئێوە گەل و هۆزێکن بەرگەی ئەوە دەگرن و پاداشتان لای خودایە، یان لە گیانی خۆتان دەترسن ئەوە ئیستا بیڵێن، چونکە ئەمە پاساوێکە بۆتان لای پەروەردگار)

ئەوانیش گوتیان: "واز لەو قسە بێنە اسعد، سوێند بەخوا هەرگیز دەستبەرداری ئەم بەیعەتە نابین و هەرگیز نایشکێنین". ئیدی هەستانەوە و بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لە بەرانبەردا مژدەی بەهەشتی پێدان.

پێغەمبەر (ﷺ) گەر هاوەڵانی هاندایە بۆ ئەنجامدانی شتێک دەیفەرموو: (کێ ئەو شتە و ئەو شتە دەکات و بەهەشت بەدەست بێنێت).

زۆرجار لەم وێنە جیددییە هەڵدێین کە جگە ئەهلی یەقین کەسی دیکە ئارام ناگرێت لەسەری. ئەمە ڕێگەیەکی کەم ڕازاوەیە، بەڵام مەزنە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانت مانادار بێت و کەسانی ژیر جگە لەم ڕێگە بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە قایل نابن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ﴾ [التوبة: ١١١]. «خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە»، ئەمە گرەنتییە بۆ هەموو موسڵمانێک: بەهەشت.

تۆ کە موسڵمان بوویت، ئەمەت نەدەزانی؟ ئایا ئیسلام تووشی شتێکی کردوویت جیاواز لەوەی کە لەسەری ڕێککەوتوون؟ ئایا ئیسلام هیچ بەندێکی دیکەی زیادکردووە دوای ڕێککەوتن و ئیمزاکردن؟! وەختێ وتت: (رضيت بالله ربا وبالإسلام دينا)، ئایا نەتدەزانی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِيٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ﴾ [آل عمران: ١٨٦]. «ئێوە لە گیان و دارایی بەر تاقیکاری دەکەون»؟!

نەتدەزانی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ﴾ [البقرة: ١٥٥]. «دیارە ئێمە جارووبارە بە هێندێک ترس و برچی بوون و لە ناوچوون و کەم بوونەوەی ماڵی دونیا و بەروبووتان، دەتان ئەزموێین. مژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن».

نەتدەزانی دەفەرموێت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَاْ أَخْبَارَكُمْ﴾ [محمد: ٣١]. «تاقیتان دەکەینەوە تا بزانین، کێ لە ئێوە تێکۆشاوە و کێتان خۆڕاگرتر بووە. بەراوردی دەنگویاسی ئێوەش دەکەین»؟!

ئایا ئەم ئایەتەت نەخوێندەوە: ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ﴾ [العنكبوت: ٢]. «ئاخۆ مەردم لایان وایە هەر کە بێژن: ئێمە باوەڕمان هێناوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێ و تووشی هیچ ئەزموونێ نابن؟» ئایا حاڵی پێغەمبەر و هاوەڵانیت نەدەزانی لە قۆناغی مەککەدا؟

ئایا ئیسلام تووشی هیچ شتێکی کردوویت جیاواز لەوەی لەسەری ڕێککەوتوون تا بەو شێوەیە گومان بکەیت و بێزار بیت؟! دەڵێیت: "یانی ئیسلام هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر بەختەوەری ژیانی دونیا؟"

با، کۆمەڵی باوەڕدار بەڵێنی سەرکەوتنی پێدراوە لەسەر زەوی و گۆڕینی ترس و بیمی بە ئاسایش و هێمنی، بەڵام وەک تاک چەندان هەبووە کە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ناڕەحەتی چەشتووە و وەفاتی کردووە پێش ئەوەی

سەرکەوتن ببینێت، بەڵام چەندان قات پاداشتی دەدرێتەوە لە پاشەڕۆدا، سەرباری ئەوەش ئەم کەسانە لە دونیاشدا لە نیعمەتدا بوون نیعمەتی ڕۆح و دڵ.

تەماشای ئەو ئایەتانە بکە کە مژدە بە باوەڕدار دەدات بە ژیانێکی پاک: ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾ [النحل: ٩٧]. «هەر کەسێ کرداری باشە و بە باوەڕە -چ نێر، چ مێ- هەتا دەژی وا دەکەین بە خۆشی بژی»، هەروەها ئایەتی: ﴿لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ﴾ [یونس: ٦٤]. «مژدە بۆ وان کە لە دونیا و لە قیامەتێ گفتی خودا گۆڕانی بەسەردا نایە».

ئەم دوو ئایەتە لە دوو سورەتی مەککی دان (النحل و یونس)، لە سەردەمی چەوساندنەوەی موسڵمانان، بەڵام ئایا هاوەڵان بەڵایانەوە قورس بوو لێی حاڵی ببن؟ ئاخۆ وتیان بە پێغەمبەر "کوا ئەو ژیانە خۆشە کە ئێمە دەکوژرێین و سزادەدرێین؟"

بەڵکوو ئایەتەکانیان خوێندەوە و لێی حاڵیی بوون و زانییان کە پێچەوانەی ئەو واقیعە نییە کە تێیدان بە هۆی ئەو شادومانییەی کە لە دڵیاندا بوو. ژیانی ڕەزامەندی و ئارامگری و چاوەڕێکردنی پاداشت و شەیدابوونی خودا و بەختکردنی گیان و ڕۆح لەپێناویدا و گومانی باش و یەقین پێی.

شادوومانی دڵ هۆکاری ئەوەیە کە جادووگەرانی فیرعەون لە چرکەساتێکدا لە کۆمەڵێک دەجالەوە بگۆڕێن بۆ کەسانی ڕاستگۆ و باوەڕدار کە هیچ گوێ بە هەڕەشەی فیرعەون نەدەن، بەڵکوو پێی دەڵێن: ﴿قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٧٢﴾ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ﴾ [طه: ٧٢-٧٣]. «گوتیان: لە دوای ئەو نیشانانەی دیومانە، سوێند بەو کەسەی کە ئێمەی دروست کردووە، هەرگیز بۆ تۆ دەسمان پێ لەو

هەڵناگیرێ؛ سا هەرچییەکی لە دەستت دێ دریغ مەکە؛ تۆ هەر تەنیا لە ژینی ئەم دونیایەدا دەستت دەڕوا. ئێمە بڕوان بە پەروەردنەن هێناوە؛ هەتا وەکوو لە هەڵەکانمان ببووڕێ و لەو جادووگەرییەشمان خۆش بێ؛ کە تۆ بەسەرتا سەپاندین. خوا چاترە و هەر دەشمێنێ».

دونیاییە گومانگەراکان توانجمان لێدەدەن و دەڵێن: "تۆ سەیری ئەمانە بڕوا بە چی دەکەن و لەبەر چی ئارام دەگرن!" هیچ سەیر نییە وابڵێن، چونکە تام و چێژی ئەم خۆشییەیان نەکردووە بۆیە لێی حاڵیی نابن! خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ۝ يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ﴾ [الروم: ٦-٩]. «خودایە بەڵێنی داوە و لێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن. لە ڕواڵەتی ژینی دونیا ئاگادارن و هیچ ئاگاشیان لە پاشەڕۆژەکە نییە».

تەنیا ڕواڵەتی دونیایان دەوێت لە وێنەی خواردن و پۆشاک و زینەت و شانازیکردن، ژیانێکی ئاژەڵانە، ڕۆژی قیامەتیش دەزانن کە ئەمە هەر ژیان نەبووە، بەڵکوو ئەوەی ئێمە ئارامان گرت لەپێناویدا ژیانە: ﴿يَقُولُ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي﴾ [الفجر: ٢٤]. «ئێژێ: خۆزی بۆ ژیانم چاکەم وەپێش خۆم خستبا»، یانی ژیانی حەقیقی لە پاشەڕۆژ دایە. ﴿فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ الَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ﴾ [الروم: ٦٠]. «سا خۆت بگرە، بەڵێنیَ خودا دێتە جێ؛ نەکا ئەوانەی دڕدۆنگن، تۆ لە ڕێی هەق بترازێنن».

ئەوەی پێمە «هیوا» نییە!

ئەوەی پێمە وەک موسڵمانێک «هیوا» نییە، بەڵکوو «یەقین»ە.

«هیوا» خەیاڵی ڕێتێچوونی ڕووداوانی ئەو شتەیە کە دەتەوێت، بەڵام لەگەڵ

باوەڕدا، ئەوەی کە داواەکرێت بەهەر شێوەیەک بێت دێتە دی: (کارۆباری ژیانی هەمووی خێر و چاکەیە، ئەمەش بۆ هیچ کەسی دیکە نییە جگە بڕوادار).

لەگەڵ باوەڕ، هەرچی ئەوەی لە پەروەردگارەوە بۆمان دێت بەخشش و دیارییە و، جیاوازی نێوانیان تەنیا لە بەرگەکە دایە، بەڵا و تاقیکردنەوە بەرگێکی بێزراوی هەیە و، خۆشییش بەرگێکی خوازراوی هەیە، لەنێو هەردووکیشیاندا دیاریەکی جوان هەیە.

ئەوەی کە بە منە "هیوا"یەک نییە کە ڕەنگە بێتە دی یان نا، بەڵکوو قازانجێکی گرەنتی کراوە، گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدەم بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا بۆ ئەوەی کە هەر شتێکم لەوەوە بۆ هات بە خێر لێی بڕوانم، ئەمەش بەدەست خۆمە کە هەوڵی بۆ بدەم، بێئەوەی چاوەڕێی شتە شاراوەکانی قەدەر بم.

یەقینی باوەڕدار

ئایەتێک هەڵوێستەیەکی پێکردم لە سورەتی الأنعام: ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَـٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ [الأنعام: ١٩]. «بێژە: شایەتی دانی کێ لە هەموو شایەتی دانێک گرینگترە؟ بێژە: خودا شایەتە لەنێوانماندا؛ ئەو بە خەڵات بۆ منی نارەدە خوارەوە، تا بە هۆی ئەو ترس وەبەر ئێوە بێنم و هەر کەسێکیش کە پێ دەگا. ئێوە شایەتی دەدەن کە وەڵ خودا چەند خودایەکی تریش هەیە؟ بێژە: من شایەتی نادەم. بێژە: خودا هەر یەکێکە و من لە شەریک بۆ خوادانانی ئێوە دوور و بێزارم».

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام: ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً

أُخْرَىٰ﴾ [الأنعام: ١٩]. «ئێوە شایەتی دەدەن کە وەل خودا چەند خودایەکی تریش هەیە؟» بەم شێوەیە وانەی باوەڕدار دەدرێت کە بە شانازییەوە ئەوەی پێی حەقە ڕایگەیەنێت و، بە چاوێکی کەم تەماشای باتڵی گومڕایان بکات وەک ئەوەی قسەی شێت و ناتەواوەکان بێت!

ئەم شتە -بانگەوازی ئەوەی کە خوایەکی دیکە لەگەڵ الله هەیە- فەرمانکراوە بە پێغەمبەر (ﷺ) بێنرخ و سووکی کات لای گەل و هۆزەکەی و وا بکات کە هەست بکەن کەسێکی ژیر و ئاقڵ قسەی لەم جۆرە ناکات، لە کاتێکدا لە واقیعدا ئەمە بیروباوەڕێکی چەسپاو بووە لە ناو هۆز و گەلەکەی، بەڵکوو لەنێو نیوە دورگەی عەرەب، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا لەو سەردەمەدا! منداڵ لەسەر ئەو بیروباوەڕە پەروەردە دەکرا و گەورە دەکرا و، چەندین نەوە لەسەر ئەم عەقیدەیە هاتوون و چوون، لەو کاتەدا وەک گەورەترین حەقیقەتی ژیان وەهابوو لای خەڵکی!

لەگەڵ ئەوەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەوترێت کە پرسیاریان لێ بکات لەبارەی ئەم بیروباوەڕە باتڵەوە وەک ئەوەی هەڵێت و پڵێت بوو بێت و مەبەستیان ئەمە نەبووە، یان شێتییە و گەر حەقیقەتەکەی بۆ ئەو کەسانە ڕوون کرێتەوە ئەوە دەستی لێ هەڵدەگرن!

چونکە ئەو واقیعە هیچ شتێک ناگەیەنێت بۆ باوەڕدار مادام پوچەڵە لە تەرازووی پەروەردگاردا، یەقینێک کە هیچ یەقینێکی لەدوا نایەت، شکۆمەندییەک کە هیچ شکۆمەندییەکی لەدوا نایەت! باوەڕدار دەبێت لە هەموو سەردەمێکدا بەم جۆرە بێت کاتێ ئەهلی باتڵ دژی دەوەستنەوە بە بیانووی ئەوەی قسەکانی «بەرککەوتەی لەگەڵ ئەو واقیعە» هەیە کە لەسەر ڕێگەی ڕاست لایان داوە.

نیعمەتی دابڕان لە واقیع!

ئەوەی بە کۆمەڵێک هەست و پێوەرەوە دەژی کە ناگونجێت لەگەڵ داخوازییەکانی لە واقیعدا هەندێ کەس بە دابڕاو لە واقیع ناوی دەبەن. بەش بە حاڵی خۆم ئەم دابڕانە بە یەکێک لە نیعمەتە گەورەکانی خوا دادەنێم لەسەرم و لەسەر هەر موسڵمانێکیش کە ئەم نیعمەتەی پێ بەخشرابێت!

لە واقیع دەڕوانیت، هەندێ خەڵکی هەن دەتوانن ئازادیت کۆت و بەندکەن هەر کاتێک بیانەوێت، دەتوانن چاودێری دەرگاکانی ڕزق و ڕۆزیت بکەن، دەیانەوێت دایخەن لەسەرت تا مکلەچیان بیت! ئەوانە ژمارەیان زیاترە و بەهێزترێشن، لە هەموو لایەکەوە چواردەوت دەدەن بەجۆرێک هیچ هیوایەک نییە خێروخۆشی لەناویاندا بگات پێت!

ئەمە واقیعە تاڵەکەیە، بەپێی ئەم واقیعە، لەکوێ بەختەوەری بەدەست دێنیت؟ لەکوێ ڕزق و ڕۆزیت بۆ دێت؟ بەڵام بیرت دەکەوێتەوە کە ئەم واقیعە لە ڕاستیدا "تەنیا ڕواڵەتی ژیانی دونیایە"، ساختەیە و هیچ نرخێکی نییە، بەرگی دەرەوە کە خەڵکی دوور لە خوا پێی دەخەڵەتێن.

ئیدی جارێکی دیکە پەیوەندی بە حەقیقەتەوە دەکەیتەوە، کە ﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا﴾ [فاطر: ۲]. «هەرگا خودا دەروی خێرێ لە ڕووی مەردم بکاتەوە، کەس ناتوانێ گاڵەی بدا»، ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ﴾ [الأنعام: ۱۸]. «هەرخوداشە لەسەرهەموو عەبدەکانی دەستی دەڕوا»، گەر ئەوان بیانەوێت شتێکت تووش کەن، ئەوە ناتوانن هیچ شتێک بکەن مەگەر ویستی خوای لەسەر نەبێت.

ئەگەر لە هەموو لایەکەوە چواردەوریان دابیت ئەوە پەروەردگار ﴿وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطٌۢ﴾ [البروج: ۲۰]. «خواش لە لای پشتەوەیانڕا دەوری داون».

دەگەڕێتەوە بیرت دەکەوێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر چی پەروەردەی کردین:گەر خەڵکی کۆببنەوە لەسەر ئەوەی زیانت پێ بگەیەنن، ئەوە ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە بۆی نووسی بیت.

دەگەڕێتەوە بیرت دەکەوێتەوە کە ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت ئەوە بەختەوەری دەهاوێتە ناو دڵت گەر لەناو زیندانیشدا بیت و، ویستیشی لەسەر بێت تووشی خەمۆکی و دڵتەنگیت دەکات، گەرچی لەناو کۆشکی بەرز و ڕازاوەدا بیت و ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی لە چواردەوریشت بن!

ئەو وەختە، هەست و هەڵوێستەکانت پەیوەست دەبێت بەم حەقیقەتە گەورانەوە، نەک بە باقوبریقی دونیا، ئیدی پرسیارەکەش دەبێ بە: "ئیتر لە کوێوە تووشی خەم دەبم؟" و "چۆن ڕزق و ڕۆزی نادرێم؟". چەن دابڕانێکی جوانە لە واقیعێکی ساختە و، پەیوەندی بەستنە بە حەقیقەتە چەسپاوەکانەوە!

ئەمە بانگەواز نییە بۆ پەکخستنی دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە، بەڵکوو بانگەوازە بۆ هەڵکشانی ڕۆحت تا نەشکێت و، دڵنیابوونی نەفست کە جگە لە خوا لە هیچی دیکە نەترسێت و، ئومێدی جگە لەو بە هیچ دیکە نەبێت. دەسا خوایە بەردەوامی بدە بەم نیعمەتی دابڕانە و بمانخە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە.

حەقیقەت و کابووس

زۆر جار لە کاتی خەو بینیندا کابوس دەبینم، پاشان -لە خەوەکەدا- دەزانم کە ئەوە تەنیا کابوسێکە، ئیدی هێور دەبمەوە و چیڕۆی لێ وەردەگرم! چونکە دەزانم کە بەخەبەر هاتم واقیعێکی باشتر چاوەڕێم دەکات.

جوانی ژیان لەگەڵ قورئان لەوەدایە کە ئازارەکانی ژیان لەنێو هەستەکانتا وەک ئەو کابووسە لێدەکات و، وات لێدەکات کە لەنێو واقیعێکی جوانی

چاوەڕوانکراودا بژیت، کە ئەویش واقیعی کۆتایی جەنگی حەقە لەگەل باتڵ و، واقیعی ژیانی پاشەڕۆژی هەمیشەیی.

لە قورئاندا ئەم ئایەتە دەخوێنیتەوە: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [المنافقون: ٨]. «دەستەڵاتیش هەر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری و ئاپۆرەی باوەڕدارانە؛ بەڵام ئەو دووڕازانە هیچێ نازانن» وەهەروەها ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ فِي الْأَذَلِّينَ﴾ [المجادلة: ٢٠]. «ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن، لە هەموو کەس زەبوونترن» ئیتر دەزانیت کە زەلیلی موسڵمانان و شکۆمەندی بێباوەڕان کابووسە، تەنیا کابووسێکە، کە لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی دێت و دەگوازرێتەوە بۆ حەقیقەت کە بە هۆی قورئانەوە لەگەڵیدا دەژی لە چرکە ساتی ئێستاتدا!

ئەم ئایەتە دەخوێنیتەوە: ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ۝ وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ﴾ [الانفطار: ١٣-١٤]. «بێ گومان ئاکارچاکەکان لە خۆشیدان، بەدکارانیش جەهەندەمین»، ئیدی دەزانیت کە خۆشی خراپەکاران و دۆزەخی چاکەکاران کابووسە، تەنیا کابووسێکی وەهمییە کە بەخێرایی تێدەپەڕێت و، بەم نزیکانە لەنێو واقیعێکی حەقیقی هەتاهەتایی بەخەبەر دێی، قورئان وات لێدەکات کە ئێستا لەنێویدا بژی!

بەم هەستە -حەقیقییە- ڕەنگە ئازارەکان بگۆڕێت و بۆ چێژ و خۆشی! چونکە تۆ بەراوردی دەکەیت بەو واقیعیە کە چاوەڕێتە ئیدی دەرکی جیاوازیەکانیان دەکەیت و، چاوەڕێی تام و چێژی بەربانگکردنەوەی پاش گرتنی ڕۆژوویەکی دوور و درێژ. ئەمە چێژ و دڵنیاییەکە کە تەنیا لەڕێی ژیانکردنی ڕۆژانە لەگەڵ قورئاندا درکی دەکەیت.

ئەوەیش ڕۆژێک لە ڕۆژان بێبەش بێت لێی ئەوە بێبەش بووە لە خێرێکی زۆر، چون وا لە کابووسی ژیانی وەهمی دەڕوانێت کە واقیعە و لە پشتی ئەوەوە

هیچی دیکە نابینێت، ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ﴾ [آل عمران: ١٨٥]. «ئەم ژیانەی سەر دونیا بنەمای فریوە».

هەتا زیاتریش لەگەڵ قورئان بژیت، بە خوێندنەوە و تێڕامانەوە، ئەوە هەستکردنت بە حەقیقەت زیاتر دەبێت و، گرنگی دانت بە کابووس کەمتر دەبێت.

دونیا بەمانای وشە خەونە، بێئاگاییەکی گەورەیە گەر بەشێوەیەکی جیاواز لەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت و تەنیا لە پاشەڕۆژیشدا درکی ئەم حەقیقەتە دەکەیت، ئەو ڕۆژەی بەوانە دەوترێت کە پشتیان لەم حەقیقەتە کردبوو: ﴿لَّقَدْ كُنتَ فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَـٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ﴾ [ق: ٢٢] «تۆ لەمانە بێ هەواڵ بووی؛ وا سەرپۆشمان لەسەر لادای؛ چاوت ئەمڕۆ زۆر بڕدەکا».

ئەمە پاساو نییە بۆ ئەوەی موسڵمان تەنبەڵی بکات لە کارکردن بۆ چاککردنی واقیع و بەرپەرچ دانەوەی باتڵ و شوێنکەوتووانی و سەرخستنی کەسانی لاواز و ستەمدیدە بەپێی توانای خۆی، بەڵکوو هەموو ئەوە نیشاندانی ئەو حەقیقەتەیە کە بە ڕۆح و دڵ تێیدا دەژی و، ئازار و ناڕەحەتییەکانیش بێ ئومێدی ناکەن، چونکە دەزانێت ئەوانە تەنها: کابووسن و دەڕەوێنەوە.

جا چ پەیوەندییەکی بە منەوەیە کە ئیسلام ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرکەوێت؟

وەختێ گوێبیستی مژدەکانی نێو قورئان و سونەت دەبین سەبارەت بە سەرکەوتنی ئایینی خودا، فەتح کردنی ڕۆما، بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە هەموو ماڵێکدا، لەوانەیە لە دڵی خۆماندا بڵێین: "جا چ پەیوەندییەکی بە

منەوەیە ئیسلام ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرکەوێت؟ من دەمەوێت ڕزگارم بێ لەم دەردەسەریە و، لەم سەردەمەدا بەخۆشی بژیم. قسەم بۆ مەکە لەبارەی هاوسۆزی بۆ ئیسلام و حەزکردن بە سەرکەوتنی، ئەو شتانەم دەزانم بێگومان، بەڵام دەمەوێت خۆشم سەرکەوتوو بم".

بەڵکوو پەیوەندی هەیە پێتەوە!

یەکەم: وا بیهێنە بەرچاوت کە ئەمە جەنگێکی بەردەوامە لەڕووی کات و شوێنەوە، چەندین قۆناغە و جەنگیش سەرکەوتن و شکستی تێدایە، بەڵام ئەوەی کە جێی دڵخۆشییە کە ئەنجامی کۆتایی مسۆگەرە بۆ باوەڕداران و چەندین مژدە دراوە لەو بارەوە: سەرکەوتن بۆ تۆ و سوپاکەت و ئایینەکەتە. ئەوەی کە لەسەر شانی تۆیە ئەوەیە لە ناو «تاقمی سەرکەوتوو»دا بیت کە درێژبوونەوەیەکی مێژوویی هەیە و بێگومان سەرکەوتن لەکۆتاییدا بۆ ئەوە و، نەچیتە نێو تاقمە گومڕاکان.

جەنگە چارەنووس سازەکان کە موسڵمانان سەردەکەون تێیاندا تۆ بەشێکی لێیان، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنیوان ئەوەی تووشی ناڕەحەتی بیت لە جەنگێکدا کە نازانیت کۆتاییەکەی چییە و، گومان ببەیت لەوەی کە سەرکەوتن بۆ دوژمنە، لە بەرانبەردا تووشی ناڕەحەتی بیت، بەڵکوو بکوژرێت، لە قۆناغێکی جەنگەکەدا کە یەقینت هەیە سەرکەوتن لە کۆتاییدا بۆ سوپاکەتە، سوپای تاقمی سەرکەوتوو، بەڵکوو مردنت بەر لە چنینەوەی بەرهەم پاداشتی زیاترە بۆت.

دووەم: ئەم مژدانەی نێو قورئان و سونەت مانای ئەوەیە کە ئەم ئومەتە نامرێت، گەرچی نەخۆش کەوێت و لاواز بێت و دوژمنانی تەڵە و فێڵی بۆ دانێن. موسڵمانان لەناوناچن و خەڵکی لە هەسارەیەکی دیکە بێن بۆ سەرخستنی ئایین! گەر سەرکەوتن لە سەردەمی ئێمە نەیەتە دی ئەوە لەسەر

دەستی نەوەکان یەتە دی. ڕۆڵی تۆ ئەوەیە کە بجەنگیت و ئارام بگریت و چەسپاو بیت لە سەردەمی خۆت، ئەوجا ئالاکە ڕادەستی منداڵەکانت بکەیت تا بەردەوامی بە ڕێبازەکە بدەن، ئەم خەونەشیان تێدا بچێنیت: ﴿وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [الصافات: ١٧٣]. «دوارۆژیش بۆ ئەوانەیە کە لە خودا ترسیان هەیە»، ﴿وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ﴾. «دیاریشە هەر سوپای ئێمە سەردەکەوێ».

لەگەل ئەوانەشدا ئیسلام هەمیشە سەرکەوتووە بە هۆی بەهێزی بەڵگەکانی بەرانبەر باتڵ و، موسڵمانیش براوەیە بردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ گەر لەسەر ڕەزامەندی خوا بمرێت، جا ئەگەر لەلایەن دوژمنەکەشییەوە بکوژرێت، پاش ئەوە مانەوەی هەمیشەیی لە بەهەشت نسیب دەبێت و دوژمنەکەشەی مانەوەی هەتا هەتایی لە دۆزەخ: ﴿فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ﴾ [آل عمران: ١٨٥]. «هەموو کەسێک تامی مردنێ دەچێژێ؛ ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت. کێ لە ئاگر کلاکرێ و ببرێتەوە نێو بەهەشتەوە، دەیباتەوە و بەختەوەرە. ئەم ژیانەی سەر دونیا بنەمای فریوە».

ئیسلام سەرکەوتووە، باش، ئیتر چی؟

لەگەڵ هەر هەواڵێکی دژایەتیکردنی ئیسلام هەندێ کەس دەنووسن: «بێگومان ئیسلام سەردەکەوێت»، «هەرچی بکەن ناتوانن نووری خوا بکوژێننەوە».

هەندێ مژدەش هەن لە سونەتی صحیحدا کە هێشتا ڕوویان نەداوە، کەس ناتوانێ بڵێت ئەوە بۆ ڕابردوو بووە و خۆری ئیسلام لە ئاوابوونداید، بەڵکوو ئێمە چاوەڕێی ئەو مژدانە دەکەین، بێگومان خوای گەورە دەیان هێنێتە دی و، دوژمنانی ئیسلام و ئەوانەی پیلان دادەڕێژن دژ بە ئیسلام هەموویان دەچنە ناو زبڵدانی مێژووەوە و پاشان خوای گەورە لەناو ئاگری دۆزەخدا کۆیان دەکاتەوە، هیچ شک و گومانێکمان لەوە نییە.

بەڵام ئەوە پرسیارەکە نییە! بەڵکوو پرسیارەکە: من و تۆ کە ئەو وتانە دەڵێین، ئەو ڕۆژە لەکوێ دەبین، یان منداڵەکانمان لەکوێ دەبن ئەو وەختە؟ لەناو کەشتی ڕزگاربوون یان لە ڕێگەی ڕۆشتن بۆ زبڵدانی میژوو؟! زۆرێک لە ئێمە بە گەشبینییەوە ئەو وتانە دەڵێت وەک ئەوەی «کێشەکەی» بە سەرکەوتنی ئیسلام چارەسەر بێت.

بەداخەوە کە پێت دەڵێم: ڕەنگە کێشەی تۆ سەرکەوتنی خودی ئیسلام بێتلەڕەنگە کێشەی تۆ و نەوەکانت ئەوە بێت کە دووچاری دۆخێکی ناوایی ببنەوە و خۆت بۆ ئامادە نەکردبێت یان منداڵەکانت ئامادەنەکردبێت، ئەو کاتە لە ڕیزی دوژمنان دەبیت کە ئیسلام پاکیان دەکاتەوە لەسەر ڕێگەکەی!

زۆرێک لە ئێمە ڕەنگە دەستەواژەی گەشبینی بنووسن کاتێ لەڕێگەن بۆ مزگەوت، بەڵام منداڵەکانی یان ئەوانەی کە دەتوانێت کاریگەری دروست کات لەسەریان لە بێئاگاییدا دەژین و، ڕۆژانە خۆیان لە شوناسە ئیسلامییەکەیان دادەڕنن و، دڵ و ئاوەزیان کردووەتەوە بۆ دوژمنانی ئیسلام تا پرێکەن لە شوبهە و گومان لە ئایین و دوورکەتنەوە لە حوکمەکانی!

باسی ئەو گرکانە خامۆشە مەکە کە لە ڕۆژی تین سەندنی جەنگەکە لە دڵی ئەوانەدا کڵپە دەکات! ئیدی بابەتەکە تەنیا ئارەزوو و بێ ئاگایی نییە کە ئیمان و باوەڕی قوواڵ لەناکاو دەیتەکێنێت وەک لە چیرۆکی تەوبەکاراندا هەیە! بەڵکوو جەنگەکە گوستراوەتەوە بۆ ئەو ئیمان و باوەڕە و دەیخنکێنێت و لە ڕیشکەوە لە دڵیاندا دەری دێنێت تا بیانگۆڕێت بە کەرەستەی ڕووخاندنی ئیسلام لە ناوەوە و خەنجەر لە پشتی.

بەڵێ، بێگومان ئیسلام چارەسەرە، بە شکۆ و عیززەتی شکۆمەندێک یان بە زەلیلی چەوساوەیی زەلیلێک، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: خۆمان لە کام ڕیزەدا دەبین ؟ئەی منداڵەکانمان لە کام ڕیزە دەبن؟! ڕێزی شکۆمەندان

یان سەرشۆڕان؟ باوەڕداران یان دووروەکان؟ ئاڕامگران یان سەرشۆڕکردن بۆ دوژمنانی ئیسلام؟ ئاخۆ منداڵەکانت لەوانە دەبێت کە پێغەمبەر (ﷺ) شانازی پێوە دەکات، یان ئاخ و حەسرەت دەکێشی ئەو ڕۆژەی کە بۆت دەرەکەوێت قەڵەوت کردوون بۆ ئاگر؟!

مەترسە! ئایینی خوا هیچ کێشەیەکی نییە، چون: (ئایینی خودایە)! کێشەکە کێشەی من و تۆیە کە کاربکەین بۆئەوەی لەوانە بین سواری کەشتی ڕزگاربوون دەبن ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ ۖ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴿١٥﴾ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٦﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾ [فاطر: ١٥-١٧]. «ئەی خەڵکینە! ئێوە بە خودا ئاتاجن؛ هەر خودایە بێ نیازە و هێژایە پەسندی بدرێ، ئەگەر حەزکا هەمووتان لە بەین دەبات و سەرلەنوێ، دەستەیەکی تر پەیدا دەکا، ئەمەش لای خوا دژوار نییە» سۆز و میهری خودا بڕژێ بەسەر خاوەنی ئەم وتەیە کە دەڵێت: "سوێند بەخوا سەرکەوتن لە بان سەری مرۆڤەکانەوەیە، چاوەڕێی وشەی (کن) دەکات تا بێتە دی، خۆتان سەرقاڵ مەکەن بە کاتی سەرکەوتن، بەڵکوو سەرقاڵی شوێنەکانتان بن لەنێوان حەق و باتڵدا». -وتەی سید قطبە خوای گەورە لێی خۆش بێت-

کلیلەکە لە یەکێک لە کونەکاندایە!

خەیاڵی ئەوە بکە خەڵکێکی زۆر لەناو قەڵایەکدا بەندکراون، قەڵاکە دەرگایەکی هەیە، دەرگاکە کلیلێکی هەیە، کلیلەکە لەناو یەکێک لەو دە کونەدایە کە لە دیواری قەڵاکە دان، باشە بۆ دەری ناکەن؟ پێت دەڵێم: هەر نۆ کونەکەی تر دووپشکی تێدایە کە بە هەر کەسێکەوە بدات خێرا دەیکوژێت! ئەوانیش ئەمە دەزانن، بۆیە هەمووان دەترسن لەوەی تاقی بکەنەوە!

یەکەم کەس هەستا و ئازایانە دەستی کردە ناو کونی یەکەمەوە، دووپشکەکە

پێوەی دا و مرد!

کەسی دووەم هەستا و بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی کەسی یەکەم بۆی دەرکەوت کە کلیلەکە لە کونی یەکەمدا نییە، پارچە پەڕۆیەکی لە دەستی ئالاند و دەستی کردە ناو کونی دووەم، پارچە پەڕۆکە نەپاراست لە دووپشکەکە و دووپشکەکە پێوەیدا و ئەویش مرد!

سێیەم هەستا، دوای ئەو چوارەم، ئینجا پێنجەم، هەریەکەیان هەوڵیدا کە خۆی بپارێزێت لە دووپشکەکە، بەڵام دووپشکەکە پێوەی دان، لە گشت ئەو ڕووداوانەدا خەڵکی لە دوورەوە تەماشای ئەو کەسە دەکەن کە دەمرێت، هەیە تانە و تەشەری لێ دەدات و، هەیە بەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن کلیلەکە بەدەست بێنن دەڵێت گێل و هەڵەشە و، هەشە دڵی بە خۆی خۆشە کە لەژیاندا ماوەتەوە، چونکە هەوڵی نەداوە وەک ئەوان بکات! کەمێکیش لە خوا دەپارێنەوە کە لێیان خۆش بێت.

لە کۆتاییدا، دوای مردنی نۆ کەس، کەسی دەیەم دەستی کردە ناو کونی دەیەمەوە و کلیلەکەی دەرهێنا و، دەرگای قەڵاکەی کردەوە لەناو چەپڵە و دڵخۆشی جەماوەردا!

بە کردەیی، کێ ئەم سەرکەوتنەی دروستکرد؟ ئایا دەیەم کەس بوو وەک زۆرێک لە خەڵک وا گومان دەبەن؟ یان نۆ کەسەکەی سەرەتا پشکێکی گەورەتریان لەو سەرکەوتنەدا هەیە؟ ئایا یەکەم کەس کە لەنێوان دە کوندا دەستی بەناو یەکێکیاندا کرد دەستکەوتەکەی گەورەتر نەبوو لەوەی لە کۆتاییدا بەشداری کرد و بژاردەکەی بەردەمی دوو یان سێ کوون بوو؟ هەروەک ئەمیش دەستکەوتێکی گەورەتری هەبوو بە بەراورد بەو کەسەی کە دەستی خستە ناو کۆتا کونەوە کە مابوویەوە؟!

ئومەمەتەکەمان لەناو زیندانییەکی گەورەدایە، شکست خواردوو، لە

حەقیقەتدا ئەوەیە کە نایەوێت بگەزرێت. حەز دەکات خۆی و ئومەمەتەکەی هەر لەم زیندانییەدا بمێننەوە! بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران بەردەوامن لە هەوڵوکۆششکردن و بەشدارن لەو سەرکەوتنەی کە ئیستاش نەبێت هەر دێت.

بەڵام بە دوو مەرج:

١. دەست نەخەیتەوە کونێکەوە کە شەرع و ڕێساکانی پەروەردگار لە گەردووندا ئاماژەیان بەوە کردبێت کە کلیلەکەی تێدا نییە.

٢. سوود وەرگریت لە ئەزموونی ئەوانەی پێش خۆت کە گەزراون و لەوێوە دەست پێکەیت کە ئەوان شکستیان تیا هێناوە.

نەک تەمەڵی بکەیت لە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانیان و ئازایەتی و نییەت پاکی خۆت بەکاربێنیت، ئیدی لە هەمان ئەو کونەی کە براکەت گەستراوە تۆش بگەسترێی، کە: (باوەڕدار دوو جار لە کونێکەوە ناگەزرێت)! ئائومێدی جێگەی نییە لەگەڵ ئیمان و باوەڕدا!

سووڕی بەرزکردنەوەی مەعنەویات!

برایەکی خۆشەویست پێش دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان پەیوەندی پێوە کردم، هەستی کرد لە شتێک نارەحەتم، بە گرنگییەوە لەبارەی ئەو بابەتەوە قسەی لەگەڵ کردم و ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو لە قسەکردن لەگەڵم و ئامۆژگاریی کردم بەپێی ئەو زانستەی کە پێی بوو، لەگەڵ ئەوەی کە سەرقاڵ بوو چونکە دەیویست هەموو کاروبارەکانی ڕێک بخات بەرلەوەی بچێتە ناو ئیعتیکافەوە. پێش ئەوە قسەیەکی بۆ کردم کە تا ئێستاش بیرمە: "(بەرلەوەی بچمە ناو ئیعتیکافەوە دەمەوێت سووڕێک بکەم بە ناو بانگخوازەکاندا و مەعنەویاتیان بەرزکەمەوە)!

چەن جوان سوود لە کاتەکانی وەرگرتووە و بە کۆمەڵێک شت پڕی دەکاتەوە کە لە خودا نزیکی دەکاتەوە و، چ سەرکەوتنێکی مەزنە و، چەن بەسوودە زانستە پەروەردەییەکان کە مرۆڤ هان دەدەن بۆ ئەم شتانە، کە لە قوتابخانە و زانکۆکانیشدا شتی وامان فێرناکەن!

لە خودا نزیک ببنەوە بە بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی براکانتان، گەر بە وشەیەکی باشیش بێت، یان گوێگرتن لێیان و گرنگیدان بە کێشەکانیان، (پەروەردگار کۆمەکی بەندەکەی دەکات مادەم ئەویش هاوکاری و یارمەتی براکەی دەدات).

ASTANA

وەختێ نەرێنی پۆشاکی حیکمەت دەپۆشێت

هەندێکمان تووشی بەڵا و ناخۆشی دەبین لەپێناو خودا، ئیدی ئەم بەڵا و تاقیکردنەوەیە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر دڵ و دەروونی جێدێڵێت: کشانەوە لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و، سارد‌بوونەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی باتڵ و شوێنکەوتووانی، ئینجا ئەم کشانەوەیە بە حیکمەت دەبینێت.

ڕۆژەکان تێدەپەڕن، دەبینێ وا سنوورەکانی خودا زیاتر و زیاتر دەشکێنرێت و خەڵکی لە ئایین دوور دەکەونەوە و نەوە نوێیەکانیش فیترەتیان دەشێوێنرێت،ئەمیش خۆی دەبینێتەوە لە چوار ڕێیانێکایە:

یان بەردەوام دەبێت لەسەر ژیانی نەرێنی نوێ تا مەشخەڵی غیرە لە ئایینی خودا لەنێو دڵیدا بە تەواوی دەکوژێتەوە و، ماناکانی ڕێز و شکۆمەندی و ڕەتکردنەوەی سەرشۆڕی پەیتا پەیتا لە دڵی دەردەچن، ئیدی دەچێتە ناو گێژەڵووکەی ژیانەوە لەگەڵ ئەوانەی کە چوونەتە ناوی، لە ڕواڵەتدا ساغ و سەلامەتە، بەڵام لەناخیدا

وردە وردە دەمرێت و، ژیان تام و مانای لەدەست دەدات.

یاخود ژیانی دڵ و تورەبوونی لەپێناو خودا و سەرخستنی ئایینەکەی هەڵدەبژێرێت.

دەبێت لێرەدا ڕەچاوی چەند شتێک بکەین:

زانینی جیاوازی نێوان ئازایەتی و هەڵەشەیی.

نابێت ئەو کەسەی عەزیمەت بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت ڕوخسەت خواستن لە خەڵک حەرام کات.

نابێت (باوەڕدار خۆی زەلیل کات) وەک پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت. وتیان: "ئەی پێغەمبەری خوا چۆن خۆی زەلیل دەکات؟" فەرمووی: (خۆی تووشی تاقیکردنەوە و بەڵایەک دەکات کە بەرگەی ناگرێت)[1].

دەبێت ڕەچاوی ژێردەستەکانی بکات و ئەرکێکیان بەسەردا نەدا کە لەژێریدا دەرنەچن.

لە هەمان کاتدا جیاوازی نێوان حیکمەت و سەرشۆڕی بزانێت، ڕوو نەکاتە دونیا و پشت لە خزمەتکردنی ئایینەکەی بکات و لێگەڕێ غیرەت لە دڵی دەرچێت بە پاساوی حیکمەت.

باوەڕدا ناتوانێت بەبێ عیززەت و ڕێز و شکۆمەندییەوە بژی، پێشەوا عمر ڕاستی فەرموو کە وتی: (ئازایەتی و ترسنۆکی دوو غەریزەن لە پیاودا، کەسی ئازا دژ بەوە دەجەنگێت کە دەیناسێت و ئەوەش کە نایناسێت، کەسی ترسنۆکیش لە دایک و باوکیشی هەڵدێت)[2].

---

(١) حسَّنه ئيبن حەجەر وصححه الألباني

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة

ئەگەر نەیتوانی

هەندێک کەس دەتوانن بە زمان بەرانبەر خراپە بوەستنەوە، بەڵام تەنیا بە دڵ ئینکاری خراپە دەکەن و وا گومان دەبەن ئەوە بەسە. لە کاتێکدا فەرمووەکە: (هەر یەکێک لە ئێوە خراپەیەکی بینی ئەوە با بە دەستی بیگۆڕێت، گەر نەیتوانی ئەوە بە زمانی، گەر ئەوەشی نەتوانی ئەوە بە دڵ بیگۆڕێت، ئەوەش لاوازترین باوەڕ و ئیمانە) [رواه موسلیم]. تەماشا بکە دەفەرموێت (گەر نەیتوانی)، نابێت لە پلە یەکەوە دابەزیت بۆ پلەیەکی تر مەگەر بە هۆی ئەوەوە نەبێ "کە نەتوانی".

لەنێوان من و ئێوەدا!

لەنێوان من و ئێوەدا، هەندێ جار یەکێک لە ئێمە گوێبیستی ئەو ناڕەحەتییانە دەبێت کە تووشی پێغەمبەران بووە، سەری دەلەقێنێت کە چەند سەخت و دژوار بووە و ئەوان لەپێناو خوادا بەرگەی هەموو شتێکیان گرتووە کە کەسی دیکە ناتوانێت بەرگەی بگرێت، بۆیە شایەنی پێشەوایەتیکردن بوون لە ئایینداً، سەرمان دەلەقێنین و لە دڵماندا شتێک هەیە کە کەمکردنەوەی قەبارەی ئەو ناڕەحەتییانەیە! ڕەنگە واش هەست بکەین کە کەسانی دیکە زیاتر لەوان تووشی تاقیکردنەوە و ناخۆشی بوون.

دەزانن بۆ؟ دووری زەمەن، هەموو ساڵەکانیش لە چەند وشەیەکدا کورت بوونەوە کە دەڵێین: (پێغەمبەر دە ساڵ بانگەوازی کرد لە مەککە و گەل و هۆزەکەی بە درۆزنیان لەقەڵەم دەدا و ئازاریان دەدا) دە وشە، دە ساڵی تەواوی بە هەموو خەم و خەفەت و ناڕەحەتییەکانی لەخۆ گرتووە!

یەکێک لە ئێمە گەر بوختانێکی بۆ بکرێت یان قسەیەکی پێ بوترێت

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ڕۆژەکە بە بێتاقەتی دەمێنێتەوە! پێغەمبەر (ﷺ) لە تۆ باشترە، لە تۆ هەستی ناسکتر بووە و، کەسانێکی خراپتر لەوانەی قسەیان بە تۆ وتووە قسەیان بەو وتووە، کاتێ قسەو درۆی بە دەمەوە کراوە لەپشت شاشەی مۆبایلەوە نەبووە و خەریکی خواردنەوەی قاوە بێت! بەڵکوو ڕووبەڕوو قسەی پێ وتراوە لەلایەن کەسانێکەوە کە لە ئاست نەعلەکانیشیدا نەبوون!

ئەزانن بۆچی هەندێ جار ناڕەحەتییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە کەم دەزانین؟

هەر کێ لە ئێمە گەر جارێک ئازار بدرێت: تەحەمول دەکات، بوو بە دوو جار: ئارام دەگرێت، بوو بە سێ جار: دان بە خۆیدا دەگرێت و چاوەڕێی پاداشتە، بوو بە چوار جار: ئارامی نامێنێت و تۆڕە دەبێت و دەست دەکات بە سکاڵا و گلەیی کردن و لە هەموو مەجلیس و کۆبونەوەیەکدا باسی ئەو جەور و ستەمە دەکات لێی کراوە و باس لە بەرائەتی خۆی دەکات و، چاوەڕێی هەڵێکە تا دووقات تۆڵەی خۆی لەوانە بکاتەوە کە ستەمیان لێکردووە.

لەکاتێکدا، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەی دە ساڵ تووشی ئازار و ناڕەحەتی دەبوویەوە لە مەککە، باسی نەکردووە! لە فەرموودەکانیشیدا هیچی لەو بارەوە بۆ نەگواستووینەتەوە! هیچیش نازانین لەبارەیەوە مەگەر ئەوەی کە قورئان بە پوختی باسی کردووە یان لە دەمی ئەوانەوە بۆمان گواستراوەتەوە کە خۆیان لەو فەترەدا بینیویانە کە ئازار دەدرێت، پێغەمبەر (ﷺ) لە هیچ مەجلیس و کۆبونەوەیەکیش باسی نەکردووە تەنیا ئەوە نەبێت کە لە وەڵامی دایکە عائیشەدا فەرمووی کە لێی پرسی دەربارەی ئەو ناڕەحەتییانەی تووشی بووە ئەویش باسی گەشتی طائفی بۆ کرد لەگەڵ ئەو ناڕەحەتییانەی لەوێ دووچاری بویەوە.

٣٥٠٠ ڕۆژی لە بانگەوازکردنی ئاشکرادا لە مەککە بەسەر برد، زۆربەیان

نازار، توانج لێدان، قسەپێوتن، هەڕەشەکردنی تیابوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێچایەوە و لای پەروەردگاری هەڵیگرت، نە بە هۆی ئەو ئازارانەوە کە چەشتوویەتی منەتی کرد بەسەرمانا، نە وردەکارییەکەیشی بۆ باسکردین تا ڕێزی قوربانیدانەکانی بگرین.

سەرقاڵ بوو بە بونیادنانەوە و، کێشانی نەخشە ڕێگا بەرەو لای پەروەردگار تا پێکەوە بچینە بەهەشت، لە مەدینەش بەدەست دووڕووەکانەوە تووشی ئازار و ناڕەحەتی بوویەوە تا بیست ساڵی ڕەبەق بەم شێوەیە ژیانی بردە سەر، دەسا خوایە پاداشتی خۆشەویست و نووری چاومان بدەیتەوە بە هۆی ئەو ناڕەحەتییانەی تووشی بوویەوە لەپێناو گەیاندنی ئایینەکەت بە ئێمە.

بە کۆیلەکردنی ئارەزوومەندانە

لە سەیر و سەمەرەترین جۆرەکانی موسڵمانان ئەوانەن کە خۆیان دەخافڵێنن لە بونیادنان بە پاساوی ئەوەی "ستەم کاران هەموو ئەوە دەڕوخێنن کە بونیادم ناوە، ئیدی بۆ شت بونیاد بنێم"، "وازم لێناهێنن"، "پێویست بە هەوڵدان ناکات".

ئەمانە هەر خودی خۆیان خۆیان دەکەنە کۆیلە بۆ دوژمنانیان و کۆت و بەند دەکەنە دەستیان تا بێن بیان بەن! داماو خۆ ئەگەر چاکەخوازان وەک تۆ بیریان بکردایەتەوە ئەوە ئیسلام لەسەر هیچ زەوییەک بوونی نەدەما.

لكن توهمتَ السقام فأسقم الوهن البدن

وظننتَ أنك قد وهنت فدب في العظم الوهن

والمرء يرهبه الردى ما دام ينظر للكفن.

کار بکە و بزانە کە هەموو بەندەکان ملکەچی پەروەردگارن و لەژێر دەسەڵاتی ئەو دان، هەر ئەویش دەتوانێت بانگەواز و کار و بیناکەت بپارێزێت و بەرپەرچی فێڵ و تەڵەکەی ستەمکاران بداتەوە.

بۆشایی ڕۆشنبیری

بۆشایی ڕۆشنبیری لەگەڵ قوتابی زانکۆکان لەو دیاردانەیە کە دەبێت چاکسازان و پەروەرشیاران ئاگاداری بن. ئەوەی بە لای تۆوە شتێکی بەدیهی و بەڵگەنەویست و زانراوە لای هەمووان، یان ڕەنگە لای زۆرینەیان وا نەبێت! بە هۆی سروشتی ئیشەکەم وەک دکتۆری زانکۆ وانەم لە چەندین زانکۆی حوکمی و تایبەت وتوەتەوە و وانەی ڕۆشنبیریم تێدا وتونەتەوە هەستم بەم دیاردە کردووە.

لە یەکێک لە تاقیکردنەوە کورتەکاندا پرسیارەکە بریتی بوو لە: کام لەم دەرمانانەی خوارەوە دەکرێت لەڕێی دەمەوە بدرێت بە نەخۆش؟ بژاردە دروستەکە (warfarin)م نووسی بوو لەگەڵ چەند بژاردەیەکی دیکە و لەناو ئەو بژاردانە (stalin)م نووسی بوو، سەرکردەی خوێنڕێژی شیۆعی ناسراو (یان ئەوەی کە وا گومانم دەبرد ناسراو بێت!).

هەندێک (stalin)یان هەڵبژاردبوو! دواتر وەک نوکتە و قسەی خۆش ئەمەم بۆ کۆمەڵێک قوتابی دیکە باسکرد سەرم سوڕما کە زۆرێک لەوانیش نازان ستالین کێیە!

لە زانکۆیەکی دیکە باسی ئەرێنی بوونم کرد، ئەم فەرموودەم (احرص علی ما ینفعک)، بە بەڵگە هێنایەوە کە لە ئەلیف و بێی ئەوە بوو کە فێربوو بووم و، لە بەناوبانگترین فەرموودەکانە.

بێدەنگ بووم تا قوتابییەکان فەرموودەکە تەواوکەن، بەڵام تەواویان نەکرد، ڕەنگە هەندێکیان ترس و شەرم ڕێگەی نەدابێت، بەڵام ڕوون بوو کە ئەمە لە ئەلیف و بێی ئەم نەوە تازە نییە!

مەبەستمان لە باسکردنی ئەم بابەتە خەم و خەفەت خواردن نییە، بۆ دروستبوونی ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیریە، بەڵکوو دەبێ پەروەرشیار و چاکەخوازان وەک هەلێک لێی بڕوانن: ئەوەی تۆ وەک شتێکی بەدیهی تەماشای دەکەیت لای زۆرێک لە خەڵکی بەو شێوە نییە، بۆیە هیچ زانیارییەکی بەسوود بە کەم مەزانە و بڵاوی بکەوە.

ڕەنگە وا گومان ببەیت کە شیوعییەت باوی نەمابێت بەتایبەت دوای تاوانەکانی ستالین و کوشتن و سزادانی ملیۆنان خەڵک لەسەر دەستی ڕژێمەکەی، بەڵام کە تەماشای چواردەورت دەکەیت دەبینی خەڵکێکی زۆر کاریگەرن بە بانگەوازی شیوعییەت.

وا گومان دەبەیت ئەو فەرموودە صحیحەی کە دەیزانیت هەمووان دەیزانن. ڕاستە ئەو ڕۆژە ناڕەحەت بووم کە قوتابییەکان فەرموودەکەیان نەزانی: (احرص على ما ينفعك، واستعن بالله ولا تعجز، ولا تقل لو أني فعلت لكان كذا وكذا، ولكن قل: قدَّر الله وما شاء فعل).

بەڵام دوای ئەوە فەرموودەکەم بۆ خوێندنەوە و داوام لێکردن بینووسنەوە ئیدی زۆر ئاسوودە بووم چونکە فەرموودەیەکی پێغەمبەرم (ﷺ) جێبەجێکرد: (خوای گەورە ڕەوشتی جوان ببەخشێت بە کەسێک کە شتێکی لێمان بیست وەکوو خۆی بیگەیەنێت، لەوەیە ئەو کەسەی دەیبستێت باشتر لێی تێبگات لەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە). [رواه الترمذي وقال حسن صحيح].

هەروەها: (لە منەوە بیگەیەنن -بە خەڵکی- گەر یەک ئایەتیش بێت) [البخاري]. ئەوەش ڕوویداوە کە لە خەڵکی دیکە هەندێ شت فێربم تووشی

سەرسوڕمان بووم کە پێشتر ئەمەم نەزانیوە.

بۆیە هەر شتێک کە دەیزانین نابێت بە کەم تەماشای کەین، مادام بەڵگەی لەسەرە و سوودبەخشە، نابێ تەنیا لە ئاستی خەم و خەفەت خواردن لەبارەی ئاستی نزمی ڕۆشنبیری خەڵکی بوەستین، بەڵکوو خۆمان فێری زانست و زانیاری بکەین و بە خەڵکی بڵێینەوە، چون داگیرساندنی یەک مۆم باشترە لە هەزار جار نەفرەت کردن لە تاریکی.

لێمەگەڕێ ڕێگرییت لێبکات

ڕەنگە خاوەنی تاوانێکی زۆر بیت، ئەمە هۆکار نییە بۆ ئەوەی وازبێنیت لە بەرگریکردن لە ئایینەکەت وەختێ دەبینی ئیسلام و موسڵمانان بە ئامانج گیراون. بەڵکوو بەرگریکردنت لێی ڕەنگە ئەو هۆکارە بێت کە خوای گەورە بە هۆیەوە لە گوناهەکانت خۆش بێت و خۆشەویستی خۆی بهاوێتە دڵتەوە و شکۆمەندی ئیسلامت پێ ببەخشێت.

(بەندە لە ڕەزامەندی پەروەردگار قسەیەک دەکات کە گوێی پێ نادات بە هۆیەوە خوای گەورە چەند پلەیەک بەرزی دەکاتەوە) (البخاري). ئەم پلە بەرزبوونەوە تەنیا لە پاشەڕۆژدا نییە، بەڵکوو لە دونیاش.

خۆشەویستی خۆت بۆ پەروەردگار و ئایینەکەی نیشان بدە، دژی خراپە بوەستەوە، لێمەگەڕی گوناهەکانت ببنە ڕێگر لەبەردەمت، گوێش مەدە بە گاڵتەی گاڵتەجاڕان و قسەی دەم بەتاڵان. پەروەردگار لەپێشترە کە ڕەزامەندی بەدەست بێنیت، ﴿هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ [هود: ٣٤]. «خۆی خودانی هەموتانە و هەر بۆ لای ئەویش دەچنەوە».

تەوبەی شاعیرێکی سەرخۆش

لەو هەڵوێستانەی کە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە، ساتی بێداربوونەوەی کەسانی گوناهبار و ڕۆچووە لەناو خراپەکاری و تاواندا، بێداربوونەوەیان کاتێ تانەوتەشەر لە خۆشەویستییان بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەدرێت.

لە نموونەی ئەمەش ئەوەی بیریاری موسڵمان ابو الحسن الندوی-خوای گەورە لێی خۆش بێت- لە کتێبی (الطریق الی المدینة) باسی کردووە، کە تێیدا باسی شاعیری هیندی (اختر الشیرانی) دەکات کە یەکێک بووە لە ئارەقخۆرە خراپەکارەکان.

اختر، لەگەڵ هاوڕێ ئارەقخۆرەکانی و هەندێ لە گەنجە عەرەبە شیوعییەکان دادەنیشت و مەجلیسیان گەرم دەکرد. وەختێ اختر تەواو سەرخۆش دەبوو ئەوانەی چواردەوری پێیان دەوت: "چی دەڵێی لەبارەی فلان کەس؟" ئەویش شیعرێکی پڕ لە جنێو و قسەی نابەجێی دادەڕشت و هەمووان دەستیان دەکرد بە پێکەنین.

جارێکیان یەکێک لەو عەرەبە شیوعییانەی کە لە مەجلیسەکەیدا بوون وتی: "چی دەڵێی دەربارەی محمد؟" ئەم بێفەڕە قسەکەی تەواو نەکرد ئەختەر نەویە پەرداخێک و تێی سڕەواند و گوتی: "بێ حورمەت! تۆ ئەم پرسیارە قێزەونە ئاڕاستەی کەسێکی گوناهبار دەکەیت؛ کە دانی بە نەگبەتی و نالەباری خۆیدا ناوە؟ دەتەوێت چی ببیستیت لە کەسێکی خراپەکارەوە؟"

هەموو گیانی دەلەرزی و، دایە پڕمەی گریان و، ڕووی کردە ئەو گەنجە بێ ئەدەبە و بەتوڕەییەوە پێی گوت: "چۆن ڕێگەت بە خۆت دا ئەم ناوە پاک و پیرۆزە بێنیت؟ چۆن بوێری ئەوەت کرد هەی بێ ئەدەب؟ بێ حەیا! قسەی تر زۆر بوو بیکەیت، بۆچی پیرۆزییت هێنایە ناوییەوە؟ تەوبە بکە و پەشیمان ببەوە لەم پرسیارە ناشرینە، من ئاگاداری ڕقوکینەی هەناوتانم"

پاشان فەرمانی کرد کە لە مەجلیسەکە دەریکەن، دواتر هەستایە سەر پێ و، بەدرێژایی شەو دەگریا، دەیگوت: "ئەم گەنجە مولحیدانە گەشتوونەتە ئەم ئاستە لە جورئەت و بێ ئەدەبی نواندن! ئەوان دەیانەوێت کۆتا شت کە شانازی پێوە دەکەین و لەسەری دەژین لێمان سەننەوە؛ لە خۆشەویستی و ئینتیما، دڵسۆزی و وەفا! من پیاوێکی گوناهبارم؛ هیچ گومان نییە لەوەدا، دان بە گوناهەکانما دەنێم، بەڵام ئەمانە دەیانەوێت گرێی ئیسلام لە گەردن و دڵمان بکەینەوە و، لە لەوەڕگەی ئیمان بچینە دەرەوە، نا بەخوا، ڕازی نابین بەوە".

چەند شتێکی جوانە کە هەرچەن مرۆڤ گوناە و تاوان ئەنجام بدات، بەڵام بەرزڕاگرتنی خودا و کتێبەکەی و پەیامبەرەکەی لە دڵیدا هەر بمێنێتەوە.

گەر زانایان تووشی فیتنە بن، ئەی حاڵی ئێمە چۆن بێت؟

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرێک دەپرسن و دەڵێن: "مەلا و زانای گەورە کە گوێمان لێدەگرتن و متمانەمان پێیان بوو، بەڵکوو لەسەر دەستی ئەوان فێری ئایین بووین، لەناکاو لەسەر ڕێی ڕاست هەڵدەگەڕێنەوە و خۆیان دەدۆڕێنن و چەندین هەڵوێستی ناشرینیان لێ دەبینین. گەر فیتنە کاری لەوانە کردبێت، ئەی دەبێت حاڵی ئێمە چۆن بێت کە کەسی ناسایین؟"

ئەم پرسیارە لەوەیە بە خەیاڵی تۆشدا بێت، بەڵکوو ڕەنگە هەندێ کەس گەر بیانەوێت ڕاشکاوانەتر بیڵێن ئەوە دەڵێن: "گەر خوای گەورە ئەو زانایانەی ڕزگار نەکردبێت لەوەی بکەونە ناو فیتنەوە لەگەڵ ئەوەی کە بانگەوازیان بۆ کردووە و ژیانیان لەپێناو ئەودا بەسەر بردووە، ئیتر بۆچی ئێمە ڕزگار دەکات کە ئێمە وەک ئەوان چاکەمان نییە؟"

بەڕێزان ترسی ئەوە هەیە کە ئەم پرسیارە گومانی خراپ بە خودای تێدا

بێت و، پێغەمبەریشمان (ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کەس لە ئێوە نەمرێت ئیللا مەگەر گومانی باش بەخودا ببات)، ئەمەش ئامانجی ئەم وتارەمانە: کە گومانی باش بە خودا ببەین.

ئەو بانگخواز و زانایانە کە باس دەکرێت تێیاندایە کە درۆی بەدەمەوە دەکرێت، گوایە پشتی لە ئایین کردووە و لەڕێگەی ڕاست لایداوە بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. بەڵام هەندێ کەس بەدوای کەموکوڕی ئەو زانا و بانگخوازانەوەیە کە لە ڕیزی پێشەوەن و عەیبەکانیان گەورە دەکات، تا بیکاتە بەهانە بۆ ئەو گوناە و تاوانانە کە خۆی دەیکات، ئەمانەش ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریان (ﷺ) بەسە:

(ئەی ئەو کۆمەڵەی بە زمان موسڵمان بوون، بەڵام ئیمان نەڕژاوە بەدڵیاندا، عەزێتی موسڵمانان مەدەن، خۆتان لەوان بە باشتر مەزانن، بە شوێن عەیب و عاریان مەکەون، چونکە هەرکەسێك بە شوێن عەیبی براکەیدا بگەڕێت ئەوا خوای گەورە بەشوێن عەیبیدا دەگەڕێت، هەرکەسێك خوای گەورە بە شوێن عەیب و عارییەوە بێت ئابڕووی دەبات، ئەگەر لە ناوسکی وشترەکەشیدابێت).

بانگخواز و زانایانیش وەک باقی موسڵمانان حەرامە شوێنکەوتنی عەیب و عاریان، بەتایبەت گەر ئاشکرای نەکەن و تانە لە ڕاستگۆییان نەدات و کاریگەری لەسەر ئەوانە دروست نەکات کە کاریگەرن بە قسەکانیان.

لە بەرانبەردا، هەندێک هەن کە بەکردەیی دەکەون و دۆستایەتی ستەمکاران دەکەن و پۆشاکی حەق بەسەر باتڵدا دەکەن، ئەمانەش یەکێک لەم دوو جۆرەن:

یان ئەوەتا خۆیان هەر خراپەکارن و دروستکراون و گەورە کراون لەپێناو ڕەواج دان بە باتڵ و سەرلێشێواندنی خەڵکی.

جۆرێکی دیکە هەن بەم شێوە نین، بەڵام تاوان و گوناهی زۆریان هەیە کە

شکستی پێ هێناون لەو هەڵوێستانەی کە تووشیان بووەتەوە.

- "ماقوولّە زانایان تاوان و گوناهی زۆریان هەبێت؟"

+ بەڵێ

- "وەکوو چی؟"

ڕیا، ئیرەیی، پێداگری لەسەر بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بینەر و بیسەر تا جەماوەری خۆیان لەدەست نەدەن، بەڵگە هێنانەوە بە فەرموودەی دروستکراو لە سەردەمێکدا کە دەتوانرێت بە ئاسانترین شێوە لەڕێی ئەنتەرنێتەوە ڕاست و دروستی فەرموودەکان بزانین، کەچی هەندێک لەو بانگخوازانە گوێ بەوە نادات و بێ دڵنیابوونەوە لە دروستی فەرموودەکان کۆمەڵێک فەرموودەی دروستکراو دێنێت تەنیا بۆ ئەوەی شتی تازە پێشکەش بە بینەر یان بیسەران بکات گەر لەسەر حسابی حەقیش بێت، جگە لەوانەش تاوان و گوناهی زۆر هەیە. خۆ دەزانن ئەم نەخۆشییەیان تێدایە بەڵام فەرامۆشی دەکەن و سەرسامی خۆیان دەبن کە خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستیان هیدایەتی وەرگرتووە، وەک ئەوەی منەت بەسەر ئایینداا بکەن! تا ئیدی نەخۆشییەکانی دڵیان تەواو پەرە دەسێنێت و دەگاتە ڕادەیەک گەر لەسەر تەرازوو دانرێت خراپەکانیان زیاتر دەبن و وەک ئەوەیە کە ئایەتەکە باسی دەکات ﴿كَٱلَّتِى نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ﴾ [النحل: ٩٢]. «ڕیسەکەی -لەپاش کرژی- خاو کردەوە و پس پسی کرد» ڕێگەی هیدایەتی زانیوە بەڵام بە ڕاستگۆیی نەیگرتوەتە بەر لە ژیانیدا، بەڵکوو پشتی تێکردووە یان پشتی لە بەشێکی کردووە لەکاتێکدا بانگەوازی خەڵکی کردووە بۆی!

﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ﴾ [المائدة: ٤٩]. «سا بزانە کە خودا نیازی وایە لە بەرانبەر بازێک لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لێ بکاتەوە، زۆربەی زۆریش لەو مەردمە لە

ڕێ دەرچوون»، بۆیە نەکەی براکەم هەرگیز وا گومان ببەیت پەروەردگار دڵی بەندەیەکی هەڵگەڕێنێتەوە بەبێ هیچ گوناە و هۆکارێک.

ئا ئەوانە فیتنەیەکی گەورەیان هەیە کە ڕەنگە گەورەتر بێ لە فەتوا پڕ لە گومڕاییەکانیان و هەڵوێستە چەوتەکانیان: ئەویش ئەو شوبهەیە کە لە دڵی ئەوانەدا دروست دەبێت کە وا گومانیان بردووە ئەمان بۆ خوا سولحاون، کەچی ئێستا بە چاوی خۆیان دەبینن چۆن هەڵگەڕاونەتەوە و خۆیان دۆڕاندووە، ئیدی لە دڵیان شتێک دروست دەبێت کە خوای گەورە پارێزگاری لە خۆشەویستی نێوان خۆی و دۆستەکانی نەکردووە و دڵی هەڵگێڕاونەتەوە و هیچ گرنگی بەو خێر و چاکەیە نەکردووە کە لەسەر دەستیان ئەنجام دراوە!

حاشا پەروەردگار شتی واناکات! ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ ٱلنَّاسَ شَيْـًٔا وَلَٰكِنَّ ٱلنَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ [یونس: ٤٤]. «دیارە خودا -بە هیچ ئاوا- ناهەقی لە مەردم ناکا؛ بەڵام مەردم ناهەقی لە خۆیان دەکەن» پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (بەڕاستي یەکێك لە ئێوە کار دەکات بە کردەوەی بەهەشتییان، وا بۆ خەڵکی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسە لە دۆزەخییەکانە). (البخاري). سەرنجی ئەوە بدە کە دەفەرموێت: (وا بۆ خەڵکی دەردەکەوێت)، ڕووکەشی دەرەوەی فریودەرە، ڕەنگدانەوەی ئەوە نییە کە لەناو دڵ و دەروونیدایە.

خوای گەورە مۆڵەتیان زۆر دەداتێ بەڵام ئەوان بیرناکەنەوە و ناوەستن، لەکۆتاییدا ڕق و تووڕەیی خودا دەڕژێت بەسەریاندا بە هۆی ئەوەی ئەو شتانەی بە خەڵکی دەڵێن خۆیان ئەنجامی نادەن، ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ﴾ [التوبة: ١١٥]. «پاش ئەوەی خوا کۆمەڵێکی خستە سەر ڕێ، ئیتر هەتا دیاری نەکا دەبێ لە چی بە پارێز بن، لە ڕاستەڕێیان دەرناخا. خودا هەموو شت دەزانێ».

سەرنجی ئەم ئایەتە بدە:

﴿وَمَا كَانَ﴾: یانی ناکرێت شتی وا بکات، لە خوای گەورە ناوەشێتەوە ئەوە.

﴿حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا﴾: کە دوورکەونەوە لە هۆکاری لەناوچوون ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی گشتییە بۆ خەڵکی و، زۆر جار لەڕێی بیرخستنەوە و ئاماژە و پەندەوە دەبێت کاتێک دۆوردەکەونەوە.

جا ئەوەی بخزێت و بکەوێت دوای ئەوە ئەوە سوچی خۆیەتی و، کەماڵی ڕەها لە ناوەکانی خودا و سیفاتەکانیدایە، لە ناوەکانی خوای گەورەش: الودود. خوای گەورە هەرگیز دڵێکی پاک و بێگەرد هەر لە خۆوە و بێ هۆکار تووشی گومڕایی ناکات! ﴿وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ﴾ [البروج: ١٤]. «هەر ئەویشە عافو دەکا و بە ڤیانە»، ﴿إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ﴾ [هود: ٩٠]. «ئێوە لە پەروەردەتان داوا بکەن، لێو ببوورێ؛ پاشان بەرەو خۆی وەگەڕێن. پەروەردەم دلۆڤان و میهرەوانە». هەروەک خوای گەورە (الشکور)ە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (بەڕاستی یەکێک لە ئێوە لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار قسەیەک دەکات، گومان ناکات بگاتە ئەو پلەیەی کە پێی دەگات، خوای گەورە بە هۆیەوە ڕەزامەندی خۆی بۆ دەنووسێت بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگات بە دیداری). بیهێنە خەیاڵی خۆت! لەوەیە قسەیەک بکەیت لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار، بۆ وێنە دەچیت بەلای کۆمەڵە گەنجێکدا کە خەریکی کارێکی حەرامن و تۆش غیرە دەکەیت لە ئایینەکەی خودا و ئامۆژگارییان دەکەیت بە کۆمەڵێک وشەی سادە، ئەم هەڵوێستە چەند ساڵێک تێپەڕیوە بەسەریدا و تۆش بیرت چووتەوە، بەڵام پەروەردگاری الشکور بیری ناچێتەوە، بەڵکوو ڕەنگە لەبەر ئەو کۆمەڵە وشە کە بە دڵسۆزییەوە وتووتە ڕەزامەندی خۆی بۆ نووسی بیت بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگەیتەوە بە دیداری.

ئیتر چ جای بگات بە بانگخوازێک کە سەدان وتار و وانە و کۆڕ و سیمناری هەیە کە لەناو خەڵکیدا بڵاوبووەتەوە؟ ئاخۆ دەکرێت لە هەموو

ئەوانەدا ڕاستگۆ و دڵسۆز و لە خواترس بوو بێت، پاشان خوای گەورە بەبێ هۆکار دڵی بەرەو گومڕایی ببات؟ نەبەخوا، ﴿فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ [الصافات: ۸۷]. «ئاخۆ ئێوە سەبارەت بە پەروەردێنی هەموو دونیا بیرووڕواتان چلۆنە؟».

برایانم، هیچ کەسم نەدیوە کە تووشی گومڕایی بوو بێت و لە تاقیکردنەوەکاندا شکستی هێنابێت ئیللا مەگەر لە کاتی خۆشیی و خۆشگوزەرانیدا هەندێ ڕەفتار و پێشینەی خراپی هەبوو بێت کە زەنگی مەترسیدار بوون بۆ ئایندەی، ئەگینا ڕاستگۆ بوونایە ئەوەی خوای گەورە چەسپاو و دامەزراوی دەکردن لە کاتی ناڕەحەتی و ناخۆشیدا: ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ۚ﴾ [إبراهيم: ۲۷]. «خودا لە دونیا و سەڵادا، بە قسەی پتەو بڕواداران تووندوقایم دەکاتەوە. ناهەقیکارانیش لە ڕێگە لا دەدا».

بڕوا بە خودا دەکەیت؟ یان بەوانە؟

داماو، ئەی ئەو کەسەی کە دەڵییت خوای گەورە تووشی گومڕایی کردن پاش ئەوەی بانگەوازیان بۆ کرد، گومانی باشت بە گومڕا و سەرلێشێواوان برد و، گومانی خراپت بە پەروەردگاری جیهانیان برد! سوێند بەخودا بە چاوی خۆم میهر و سۆز و پشوودرێژی و مۆڵەت بەخشینێکی زۆرم لە پەروەردگارمەوە دی بەرانبەر کەمتەرخەمی و عەیب و عارە زۆرەکانم.

ئیدی دەبێ ئەو میهر و سۆزە چۆن بێت بەرانبەر ئەوانەی کە پلە و پایەیان بەرزترە، ئایا خوای گەورە بەبێ هۆکار تووشی گومڕاییان دەکات؟ نا بەخوا هەرگیز باوەڕ بەوە ناکەم! ﴿مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا﴾ [النساء: ۱٤۷]. «ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خودا هەبێ و چاکەی ئەوتان دەچاودا بێ، خوا چ کاری بە ئازاری ئێوە داوە؟ خودا سوپاسی

پێزانان قبوولْ دەکا و لە هەموو شت ئاگادارە».

وە ئەوە من دەیڵێم بۆ هەموو ئەوانەی کە گوێیان لێیە: "گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان خوانەخواستە تووشی خلیسکان بووم، ئەوە سوێند بەخودا بە هۆی ئەو کەمتەرخەمی و عەیب و عارانەی کە لە خۆمدا هەستی پێدەکەم و ئەو نەخۆشییانەی لەناو دڵمدایە شایەنی ئەوەم کە تووشی خلیسکان بم، ئەوەیش کە ڕێگرە لەوەی تووش بم تەنیا ڕەحم و بەزەیی خودایە. دەسا خوایە عاقیبەت خێرمان کەیت و بۆ یەک چرکەش نەماندەیتە دەست نەفس و کار و کردەوەی خۆمان".

ئیبنولجەوزی سەرداری واعیزان، لە مەترسی ئەوە گەشتووە کە ببیتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکی گومانی خراپ بە خودا ببەن بەوەی وایان لێکەیت گومان ببەن کە خوای گەورە تووشی گومڕایی کردوویت لە کاتێکدا تۆ بە ڕاستگۆیی بانگەواز دەکەیت بۆی، لە (صید الخاطر) وتەیەکی بەپێزی هەیە، کە دەڵێت: "ڕۆژێک دانیشتبووم، تەماشام کرد زیاتر لە دە هەزار کەس لە چواردەورم دان، ئەوەی لەوێدا بوو یان دڵی نەرم بوو بوو یاخود چاوی پڕ فرمێسک بوو".

سەرت سوڕنەمێنێت براکەم، ئەم پیاوە تووشی تاقیکردنەوە و ناڕەحەتی زۆر بووە تەنانەت لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا خراوەتە زیندانەوە و، خواردنی بۆ خۆی ئامادەکردووە و جل و پۆشاکی خۆی شۆردووە، پاشان لە زیندان دەرچووە و سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ئامۆژگاریکردنی خەڵکی، بۆیە لاتان سەیر نەبێت کە خەڵکی ڕووی تێکەن و کاریگەر بن بە قسەکانی.

دەگەڕێینەوە بۆ قسەکانی، دەڵێت: "ڕۆژێک دانیشتبووم، تەماشام کرد زیاتر لە دە هەزار کەس لە چواردەورم دان، ئەوەی لەوێدا بوو یان دڵی نەرم بوو بوو یاخود چاوی پڕ فرمێسک بوو، لە دڵی خۆمدا وتم چی دەکەیت گەر

ئەوان ڕزگاریات بێت و تۆ لەناوچیت؟!" یانی حاڵت چۆنەبێت ئیبنولجەوزی گەر ئەو خەڵکە سوود لە قسەکانت وەرگرن و بچنە بەهەشتەوە پاشان تۆش فڕدرێیتە ناو دۆزەخەوە بە هۆی ئەو گوناهانەوە کە خوا دەیزانێت و لەو خەڵکەی شاردوەتەوە؟!

دەڵێت؟: "ئیدی بە زمانی دڵم گوتم: پەروەردگار و گەورەم! گەر سبەی سزات دام ئەوە ئاگاداریان مەکەوە لەبارەی سزادانم، لێمەگەڕێ بزانن کە سزام دەدەیت، لەبەر کەرەم و ڕێزی خۆت نەک لەبەر من، بۆ ئەوەی نەڵێن: سزای ئەو کەسەی دا کە خودای بە خەڵکی دەناساند "، یانی: ئەی پەروەردێنم، گەر تۆ سزام دەدەیت بە هۆی گوناە و نەخۆشییەکانی دڵمەوە کە شایەنی ئەوەم بە هۆیانەوە سزابدرێم، ئەوە یەک داواکاریم هەیە: مەهێڵە بزانن کە سزام دەدەیت، بۆ نموونە وەک ئەوەی کە وا بکەیت عاقیبەتم خراپ بێت، یان خەڵکی شتی خراپم لێ ببینن".

بۆچی ئیبنولجەوزی وتی: "لێمەگەڕێ بزانن کە سزام دەدەیت، لەبەر کەرەم و ڕێزی خۆت نەک لەبەر من، بۆ ئەوەی نەڵێن: سزای ئەو کەسەی دا کە خودای بە خەڵکی دەناساند"؟ ئیبنولجەوزی لەوە دەترسا کە ببێتە هۆکاری ئەوەی خەڵکی گومانی خراپ بە خودا ببەن، کە خوای گەورە عەیب و عارەکانی داپۆشی بوو و لە خەڵکی شاردبوویەوە و خۆی دەیزانی بەڵام خەڵکی نەیاندەزانی.

لەکۆتاییدا:

- نەکەی گومانی خراپ بە پەروەردگارت ببەیت، بەڵکوو گومانی باش بە خودا ببە و گومانی خراپ بەوانە ببە کە پێیان خلیسکاوە و لەڕێی ڕاست لایان داوە.

- پەند و وانە لە خلیسکانی ئەوان وەرگرە و گوناە و نەخۆشییەکانی دڵت پشتگوێ مەخە تا لە تاقیکردنەوەکاندا نەکەویت.

- پاساو مەهێنەوە بۆ گوناە و تاوانەکانت بەوەی کە ئەوەتا "تەنانەت زانایانیش تووشی فیتنە بوون"، بەڵکوو ئەم ئایەتەی پەروەردگارت بیر بێتەوە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾ [المائدة: ١٠٥]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هۆشتان بە خۆتانەوە بێ ئەگەر ئێوە بە ڕاستی دەگەڵ خوا بن و شارەزا بن، لە ڕێ لادەر زیانوو پێ نەگەیێنن» هەروەها ئایەتی: ﴿بَلِ الْإِنْسَانُ عَلَىٰ نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ ۝ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُ﴾ [القيامة: ١٤ - ١٥]. «نەخێر مرۆ بە ویژدانی خۆی دەزانێ، با گەلێکیش بڕوبیانوو بێنێتەوە»

سەرقاڵ بوون بە ئاگادارکردنەوە لە گومڕابوونی هەڵخلیسکاوان نەبێتە هۆی ئەوەی عەیب و عارەکانی خۆت لەبیرکەیت. بەڵکوو فەرمایشی پێغەمبەر (ﷺ) بیرنەچێت: (زمانت بگرە و، با ماڵەکەت بتگرێتە خۆی و لە ماڵی خۆت بمێنەوە و، بۆ گوناهەکانت بگری).

شتە چەسپاو و جێگیرەکانی ئیسلام ڕوونە، حەڵاڵ و حەرام ڕوونن، بشزانە کە لە ئومەتدا زانا و بانگخوازی باش زۆرە، بەڵام بە شان و باڵیاندا هەڵنادرێت. ئەرکی من و تۆیە بەدوایاندا بگەڕێین و سوودیان لێ وەرگرین. لە خودا دەپاڕێینەوە هیدایەتی هەموو لایەک بدات و چەسپاو و دامەزراومان کات لەسەر حەق تا دەگەینەوە بە دیداری پەروەردگار.

خوای گەورە پیلانەکانیان لاواز دەکات

لە نوێژی بەیانیدا ئەم ئایەتە سەرنجی ڕاکێشام: ﴿ذَٰلِكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ [الأنفال: ١٨]. «بەڵێ، ئاوا خودا فێڵی دین دوژمنان پووچەڵ دەکا» یانی لاوازی دەکات. زۆر نیگەرانی پیلانی بێباوەڕان و تووێژینەوە و کۆنگرە و بودجەکانیان مەبە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام. ئەوەی لەسەر تۆیە وەک موسڵمانێک بەرچاوڕوونییە لەکارکردندا. خوای گەورەش پیلانەکانیان لاواز دەکات.

لێمەگەڕێ پەیوەندیت لەگەڵ پەروەردگار تێک بدات!

لە سەردانی برایەکی بەڕێز بووم کە بەم دواییانە تووشی کۆمەڵێک موسیبەتی زۆر بوو بوو، لەوانەش مردنی دوو منداڵە تازە لەدایک بووەکەی و، هیچ کەسی دیکەشی نییە جگە لەوان.

ئەم برایە -ما شاء الله-ی لێ بێت دەیگوت: "ئارامگرین و سوپاسگوزارین و سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان"، پێم گوت: "تۆ خەمبار دەبیت، بەڵێ، بەڵام حەقی خۆتە چێژ لەم خەم و پەژارەییەدا بدۆزیتەوە، چێژ لەوەی کە خوای گەورە ئارامگری پێ بەخشیویت، کە ئەمەش مانای ئەوەیە خوای گەورە خێری بۆت دەوێت".

وتی: "ڕاشکاو بم لەگەڵت، بەڵام ئەم چێژە من نایدۆزمەوە"

وتم: "باشە ئەی بۆچی فلان کەس؟"

وتی: "چونکە گومانم هەیە بەڵاییەکی لەم چەشنە بمباتە بەهەشتەوە"

وتم: "بۆچی"

وتی: "هەندێ جار گومانم هەیە لەوەی خوا ڕەحمم پێ بکات"

پێم وت: "چرکەیەک! ئەمە بێهیوابوونە لە ڕەحمەتی خودا"

وتی: "پەنادەگرم بەخودا! من لە خۆم بێئومێدم نەک لە پەروەردگار، پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگار، کێشەکە لە منەوەیە".

وتم: "باشە تۆ خوا و پێغەمبەرەکەیت خۆشدەوێت؟"

وتی: "بێگومان"

وتم: "خودا و پێغەمبەرەکەی بەرز و شکۆمەند ڕادەگرێت؟"

وتی: "بێگومان"

وتم "هیچ قسەیەک دەکەیت کە کوفری تێدابێ؟"

وتی: "پەنا دەگرم بەخودا"

وتم "ئایا یارمەتی دوژمنانی ئومەت دەدەیت لە دژی؟"

وتی: "پەنادەگرم بەخودا! بەڵکوو نوێژی بەیانی بە ئامادەییەوە ئەنجام دەدەم، لەو خولانەش کە دەیڵێمەوە باسی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم.

یانی ئەم برایە باڵانوارییەکی ئیسلامی هەیە.

وتی: "بەڵام ڕاشکاو بم، ئەم کارانە دەکەم بەبێ ئەوەی هیچ چێژی لێ وەرگرم، ڕاستە ترسم لە سەرپێچییەکانم کاریگەری لەسەر ئەم کردەوانە و پەرستشەکانم نەبووە، بەڵام بەبێ هیچ چێژوەرگرتنێک ئەمانە دەکەم"

وتم: "باشە قەینا، سەرپێچی کردن وەک چی؟"

وتی: "بۆ نموونە من جگەرە دەکێشم، ناشتوانم ئەم خووە تەرک کەم"

وتم: "باشە تۆ دان بە هەڵەی خۆتدا دەنێیت لەمەدا؟"

وتی: "بەڵێ دانی پێدا دەنێم"

وتم: "کەوابێ بۆ کوێ دەچیت لە فەرمایشی پەروەردگار: ﴿وَآخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلًا صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [التوبة:١٠٢]. «هی تریش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خۆیاندا، کارێ باش و یەکێ خراپیان تێکەڵ کرد؛ شایەت خودا تەوبەیان لێ قبوڵ بکا. خودا لە گوناهـ دەبووریٚ و دلۆڤانە»؟

برایان، خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە: ڕەنگە مرۆڤ لەلایەن خوداوە نیعەتی دونیایی بەسەردا بڕژێت و سوپاسگوزار نەبێت لەسەری، ئیدی بەردەوامبوونی ئەم نیعمەتانە پلەبەندییە بۆ سزا و لە پاشەڕۆژیشدا دەبێتە بار و بەڵا بەسەریەوە. بەڵام ئەگەر پەروەردگار نیعمەتێکی لە ئاییندا بە ئێوە بەخشی وەک ئەم برایەمان: تووشی بەڵا و ناڕەحەتیت دەکات و ئارامگریت پێ دەبەخشێت، تووشی بەڵا و ناڕەحەتی دەکات و ڕەزامەندت دەکات بە قەزا و قەدەری خۆی، ئەمە پلەبەندی نییە بۆ سزا. ئەمە نیعمەتێکی زۆر گەورەیە پێویستە دڵخۆش بین پێی و چێژی تێدا بدۆزینەوە، ئەمە هیچ مانایەکی دیکە هەڵناگرێت جگە لەوەی کە خوای گەورە باشی تۆی ئەوێت.

کاتێ خوای گەورە خۆشەویستی خۆی دەخاتە نێو دڵتەوە، خۆشەویستی پێغەمبەرەکەیت پێ دەبەخشێت، خۆشەویستی ئایینەکەی و قورئانەکەیت پێ دەبەخشێت، ئەمە هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت جگە لەوەی کە خوای گەورە باشی تۆی دەوێت.

کاتێک دەڵێی: "واللە سەرپێچییەکانم وام لێدەکات کە هەست بەو چێژە نەکەم و، وا هەست بکەم کە شایەنی ڕەحم و بەزەیی خوا نیم، ئاگادارییە! ئەمە لێپرسینەوەیەکی ستایشکراوی نەفست نییە! بەڵکوو ئەمە دەنگی شەیتانە!

بۆچی؟ لەبەرئەوەی شەیتان دەیەوێت لە پێگەی سوپاسگوازاری بێبەشت بکات.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبەکەیدا "مدارج السالکین" لە پێگەی سوپاسگوزاری دەڵێت: "لە بەرزترین پێگەکانە. لە سەرووی پێگەی ڕەزامەندیەوەیە. ڕەزامەندبوون دەکەوێتە ناو سوپاسگوزارییەوە. چون ئەستەمە سوپاسگوزاری بەبێ ئەو بوونی هەبێت. نیوەی ئیمانیشە -وەک پێشتر باسمان کرد- ئیمانیش دوو بەشە: نیوەی سوپاسگوزارییە، نیوەشی ئارامگرتنە".

تۆ کاتێک خوای گەورە بەخششێکت پێ دەبەخشێت لە ئایینەکەتدا وەک ئارامگرتن و ڕەزامەندی و خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی و بەرز و شکۆمەند ڕاگرتنی خودا و پێغەمبەرەکەی، پێویستە سوپاسی خودا بکەی لەسەری. بەڵام کاتێ بەردەوام دەبی لە گومانبردن بە خۆت بە هۆی گوناهەکانتەوە ئیدی زێدەڕۆیی دەکەیت تا ئاستێک کە گومان دەبەیت لەوەی خوای گەورە بە بەخشینی ئەم نیعمەتانە لە ئایینەکەت باشەی بۆ تۆ ویستبێ، تۆ بەمە خۆت بێبەش دەکەیت لە پێگەی سوپاسگوزاری!

شەیتان ڕێگری دەکات لەوەی سوپاسی نیعمەتەکان بکەیت، بەڵکوو وات لێدەکات کە وا گومان ببەیت خوای گەورە پلەبەندی دەکات بۆ سزادانت! بۆیە هەر کاتێک دیاریبەکت بۆ دێت لەلایەن پەروەردگارەوە هەست دەکەی ژەهراوییە! بۆچی؟ لەبەرئەوەی بە بۆچونی تۆ: "ئەمە پلەبەندییە بۆ سزادان، نەک بەخشش و نیعمەت بێت"!

نا برام! خوا چاکتر و میهرەبانترە و گەورەتر و بەخشندەترە لەوەی کە دیاریبەکانی ژەهراوی بێت! کاتێ نیعمەتی ئایینیت پێ دەبەخشێت ئەمە مانای ئەوەیە باشی تۆی دەوێت. وریابە نەکەی شەیتان لە پێگەی سوپاسگوزاری لەسەر ئەم نیعمەتانە بێبەشت کات.

ئەو مرۆڤەی ئەم تێگەشتنەی لا ڕوون نییە، وای لێدێت هەر کاتێک خوای

گەورە نیعمەتێکی پێ ببەخشێت ترسەکەی زیاد دەکات بەوەی خوای گەورە پلەبەندی دەکات بۆ سزادان!

نا براکەم! خوای گەورە نیعمەتت پێ دەبەخشێت. لەبەرئەوە حەقی خۆتە دڵت خۆش بێ و چێژی لێ وەرگریت و سوپاس و ستایشی خوا بکەیت لەسەری.

بەڵێ، سزای خوای گەورە زۆر سەختە، بەڵام سەرنجی ئەم هاوسەنگی ڕاگرتنە مەزنەی قورئان بکەن: ﴿اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ وَأَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[المائدة: ۹۸]. «دەبێ ئەوەندەش بزانن کە خودا لە سزاداندا تووند و تیژە و هەر خوداشە کە لە گوناهان دەبووردێ و دلۆڤانە» ئەم برایە کە باسم کرد بۆتان (أثر)ێکم گێڕایەوە بۆی لە هاوەڵی بەڕێزەوە عبدالله ابن مسعود، سەری سوڕما لێی، ئیبن مسعود (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: "لە گوناهە گەورەکان: هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە و، خۆ بەدوور زانین لە سزای خوایی و، نائومێدبوون لە سۆز و میهری خودا و، بێهیوابوون لە ڕەحم و بەزەیی خودا".

ئەو برایە لێی پرسیم: "بێئومێدبوون لە ڕەحم و بەزەیی خودا لە گوناهە گەورەکانە؟"

"بەڵێ لە گوناهە گەورەکانە. چونکە ئەوەی بێئومێد دەبێت لە ڕەحمی خودا بەم هەڵسوکەوتەی سیفاتەکانی پەروەردگار کەموکورت دەکاتەوە و بەو شێوەی پێویستە قەدر و ڕێزی ناگرێت!"

تەماشای ئەم هاوسەنگی ڕاگرتنەی ئیسلام بکە: یەکێک لە گوناهە گەورەکان بێ هیوابوونە لە ڕەحمەتی خودا و، لە هەمان کاتدا بێباکی لە بەرانبەر خەشم و قینی پەروەردگار. یانی چۆن بێباکی لە بەرانبەر خەشم و قینی خودا؟ کە سەرپێچی و تاوان بکەیت و لە شوێنەوارەکەی بێباک بیت لە دونیا و پاشەڕۆژدا؛ دڵنیابیت لەوەی کە خوای گەورە دڵت داناپۆشێت بەم تاوان و گوناهانە و سزات نادات لەسەری، وەک کەم ڕوانینێک لەو گوناهانە

و، بە زۆر زانینی ئەو پەرستشانەی کە ئەنجامی دەدەیت وەک بڵێی منەت بکەیت بە هۆیەوە!

بەڵام مادەم ڕقت لە سەرپێچیکردن دەبێتەوە و لێی هەڵدێیت ئەوە لەسەر خێر و باشەیت. ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) بیر بێتەوە کە دەفەرموێت: (هەر کەسێک کارە چاکەکانی دڵی خۆش بکات و کارە خراپەکانی دڵی تەنگ بکات ئەوە باوەڕدارە). سەرنج بدە: تەنیا ئەوە نا کە کارە خراپەکانی دڵتەنگی بکات بەڵکوو کارە چاکەکانیشی دڵخۆشی بکات. لە نیشانەکانی ئیمان و باوەڕ تەنیا ئەوە نییە کە بە کردنی کارێکی خراپ بێتاقەت بیت، بەڵکوو پێویستە لەسەرت کە ئەگەر کارێکی چاکت ئەنجامدا پێی دڵخۆش بیت، دڵخۆشیش بیت بەو نیعمەتانەی کە پێی بەخشویت لەنێو ئایینەکەت وەک ئارامگری و ڕەزامەندبوون.

بەڵکوو هەندێ کەس دەبینی هەڵبەز و دابەزیانە لەنێوان ئەم دوو حاڵەدا. لە هەندێ کار و کردەوەیدا بێباکە لە خەشم و قینی خودا و لایەنی ڕەجا و ئومێد زاڵ دەبێت و خراپە دەکات، پاشان لایەنی بێئومێدی زاڵ دەبێت و وا هەست دەکات هیچ ئومێدێک نییە بۆ ڕەحم و بەزەیی خودا و ئیدی بەردەوام دەبێت لە خراپە و تاوان کردن!

وریای هەردوو لا بە، نەکەی ئەم قسە لەسەر زارت بێتە دەر: "من بێئومێد بووم لە خۆم"، ئەمە تەڵەیەکی شەیتانییە کە پێت دەڵێت: "بەڵێ بێگومان خوای گەورە بەسۆز و میهرەبانە بەڵام تۆ شایەنی سۆز و مەیرەبانی ئەو نیت، خوای گەورە لێخۆش بووە بەڵام تۆ و هاوشێوەکانت ناتوانن تەوبەیەکی نەسوح بکەن تا خوای گەورە لێیان خۆش بێت!"

"باشە ئەی ئەو تاوان و سەرپێچیانەی کە ئەنجامیان دەدەم؟"

+ ئەو سەرپێچیانە بەڕەچەدەمەوە و دەجەنگم دژیان کە من لە پەنای

پەروەردگاردام؛ یانی بە پشتبەستن بە خودا پشت قایم دەبم و، ڕێگە نادەم بۆشایی لەنێوان من و پەروەرگاری بالآدەست دروست بێت. بەڵکوو هەستدەکەم کە خوای گەورە باشی منی دەوێت و، خوای گەورە منی خۆشدەوێ هەر کاتێک کە سەرکەوتووی کردم بۆ ئەنجامدانی پەرستشەکان. بەشێوەیەکی ئەرێنی لە خۆت دەڕوانی و دەڵێیت: "خوای گەورە خێر و باشەی بۆ من دەوێت، خوای گەورە سەری خستم بۆ ئەنجامدانی ئەم هەموو خێر و چاکەیە، ئیدی عەیبە لەسەر ئەم تاوان و سەرپێچییە بمێنمەوە! ئەم سەرپێچییە من نیم؛ کەسێتی خۆم کورت ناکەمەوە لە "فلان کەسی سەرپێچیکار"، گەر من بەڕاستی خوای گەورە بەرز ڕاگرم و خۆشم بوێ و فەرزەکانی ئەنجام بدەم بەڵام گوناهێکی دیاریکراوم هەبێت، ئەوە نمایندەی من ناکات و کەسێتی من کورت نابێتەوە بۆ ئەو گوناهە، پشت بە خودا دەبەستم بۆ وازهێنان لێی و، لێناگەڕێم پەیوەندیم لەگەڵ پەروەردگار بشێوێنێت".

ڕێگە مەدەن هیچ شتێک پەیوەندی نێوان ئێوە و پەروەردگار تێک بدات و، بێبەشتان بکات لە چێژوەرگرتن لە نیعمەتەکانی بۆتان لە ئایێندا و گەشتن بە پلە و پێگەی سوپاسگوزاری، ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌ ۚ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا﴾ [الأحزاب: ٤٣-٤٤]. «ئەو کەسێکە دروود بۆ ئێوە دەنێرێ؛ هەروەهاش فرشتەکانی؛ هەتاوەکوو لە تاریکی دەرتانبێنێ و بەرەو ڕووناکیتان بەرێ. خودا بۆ خاوەن باوەڕان دلۆڤانە. ئەوێ ڕۆژێ کە دێنەبەر بارەگای ئەو، وە سەلام بەخێریان دێنێ و پاداشێکی پڕبایەخی بۆ داناون».

ASIANA

چاو پاراستن

قەدەری خوا فریای گەشتی فڕۆکە نەکەوتم لە ئەستەنبوڵەوە بگەڕێمەوە بۆ ئوردن، بۆیە چووم لە مااڵی هاوڕێیەکم مامەوە تا کاتی گەشتی داهاتوو، لە کاتی قسەکردنم لەگەڵ کوڕە گەنجە ١٦ ساڵانەکەی، لێم پرسی: "ئایا دووچاری فیتنەی ئافرەت نەبوویت لێرە؟"، ئەویش وتی: "زۆر"، منیش پێم وت: "ئەزموونی خۆمت بۆ باس دەکەم لەم بارەوە و ئەو ڕێز و کەڕەمەی کە خوای گەورە پێی بەخشیم". ئەوەی کە باسم کرد دەیگێڕمەوە بۆ ئێوەش بەڵکوو سوود و کەڵکی لێ وەرگرن.

سەرەتا، موسڵمان نابێت بەدەستی خۆی، خۆی تووشی فیتنە بکات، یانی مەڕۆ بۆ شوێنێک کە فیتنەی تێدایە و بڵێی من "دان بە خۆمدا دەگرم"، باوەڕ و ئیمانی خۆت بەم شێوە تاقی مەکەوە. چەند مرۆڤ گومڕا و سەرلێشێواو بوو بەوەی خۆی دووچاری فیتنە کرد. لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە دووڕووەکان دەڵێن: ﴿وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ «بەڵام ئێوە خۆتان تووشی بەڵا کرد». یانی خستانە بەردەم فیتنەوە تا تووشی فیتنە بوو. بەڵام گریمان تۆ بەڕاستی پێویستت بەوە بوو کە لە شوێنێک بیت فیتنەی زۆری لێیە، چۆن ڕەفتار دەکەیت؟

لە قۆناغی زانکۆ و پاشان لە قۆناغی کارکردن لە ئوردن بەر لە خوێندنی دکتۆرا، کەم کەم ڕووبەڕووی فیتنە دەبوومەوە، پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر کەم بوو، گەر مامەڵەکردنیش ڕوویدایە ئەوە چاومان دەپاراست و سەرقاڵی خوێندن و کارکردن بووین. ئۆفەرێکی خوێندم بەدەست هێنا بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆی هیوستن لە ئەمرکیا، سروشتی ئۆفەریش وایە کە دکتۆرا بخوێنم بە خەرجییەکی زۆر کەم و موچەیەکیش وەردەگرم لە زانکۆکە لە بەرانبەر ئیشکردنم وەک یاریدەدەری وانەبێژی.

ئیشکردنم وەک یاریدەدەری وانەبێژی پێویستی بە مامەڵەکردنە لەگەڵ قوتابی کوڕ و کچ، کە سەرپەرشتی تاقیگە دەکەم کە تێیدا قوتابییەکان دابەشکراون بۆ چەن کۆمەڵێک. من و دکتۆری سەرپەرشتیکاری تاقیگەکە لە سەرەتای تاقیگەکەدا چەند حاڵەتێکی نەخۆشییان پێدەدەین، پاشان کاتیان دەدەینێ بۆ گوتوبێژکردن لەسەری و گەڕان بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆی، لەمیانەی ئەوەشدا قوتابییەکان هەندێک پرسیارمان لێدەکەن ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە و ڕێنموییان دەکەن بۆ کۆمەڵێک سەرچاوەی گونجاو لەبارەی نەخۆشییەکەوە، پاشان نوێنەری هەموو گرووپەکان presentation پێشکەش دەکات، کە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی چارەسەرەکەیە، ئێمەش هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین. هەندێ جاریش یەکێک دێت بۆ سەردانکردنمان لەوانەی کە لە کەرتی pharmacy doctor ئیش دەکەن، پزیشکی دەرمانساز، تا لەبارەی پیشەکەوە قسە بۆ قوتابییەکان بکەن.

لە میانەی بەجێهێنانی ئەرکەکانم لەوێ، چاوم دەپاراست و بەشێوەیەکی فەرمی مامەڵەم دەکرد و، هاوکاریم دەکردن، ئەوەی ڕووەدات لەم حاڵەدا ئەوەیە کە هەندێ لە ئافرەتە خۆرئاواییەکان کە ئەم جۆرە ڕەوشت و داوێن پاکییەت لێ بەدی دەکەن فزوڵ دەیان گرێت، هەندێ جاریش حەزێکیان بۆ دروست دەبێت بۆ شکاندنی ئەم حاڵەتی شکۆمەندییەی کە هەتە. یانی وەک ئەوەی ئاڵنگارییەک بێت بۆیان کە ئەم بەربەستەی تۆ بشکێنن.

دووچاری هەوڵی لەم شێوەیە بوومەتەوە. پەرچەکردارم ئەوە بوو کە هانا بۆ پەروەردگارم ببەم و بڵێم: ﴿وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ [یوسف: ۳۳]. «ئەگەر تۆ گەڕی ئەوانەم لێ لا نەدەی، دڵم دەچێ بۆ لایان و یەکێک دەبم لە نەزانان» پشتم دەبەست بە خودا، داوای چەسپاوی و دامەزراوییم لێ دەکرد.

دووەم: لە فیتنە هەڵدەهاتم، ئینسان ڕەنگە بە خۆی پێکەنێت و بڵێت: "خوایە چی بکەم؟! من ناچارم مامەڵە لەگەڵ ئەمانە بکەم" لە دڵیشەوە پێی خۆشە کە فیتنە ڕووی تێکردووە و خۆی سەپاندووە بەسەریدا.

من وام نەکرد و بە خۆم پێنەکەنیم. بەڵکوو ئەو تاقیگانەم گۆڕی بە تاقیگەی دیکە کە هەوڵی خۆنزیککردنەوەی تێدا بوو، گۆڕیمەوە لەگەڵ پزیشکێکی ئافرەت تا ئەرکێکی دیکە لە ئەستۆ بگرم و دوورکەومەوە لەو شوێنانەی کە ئیغراکردنی تێدایە. باوەڕدار بەدەوری فیتنەدا ناخولێتەوە، بەڵکوو گەر بۆی هات لێی هەڵدێت.

لە ئەمریکا لە پاڵ مزگەوتێک نیشتەجێ بووم کە کەشێکی ئیسلامی جوانی هەبوو، بەڵام ئەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێبووین هەمووی موسڵمان نەبوو، لەڕێگەی گەڕانەوەم بۆ شوقەکەم لە شوێنی وەستانی ترومبێلەکانەوە بەلای مەلەوانگەیەکدا تێدەپەڕیم، چەند ساڵ بە بەردەوامی بەو ڕێگەدا تێپەڕیم، هیچ وەخت ئاوڕم نەدەدایەوە بۆ ئەو مەلاوانگە و تەماشای بکەم. ئەمەش هەمووی فەزڵ و کەرەمی پەروەردگارە.

گەنج و لاوانی ئازیز، من عەیب و کەموکورتی و خاڵی لاوازم تێدایە و، کەسێکی نموونەیی نیم. بەڵام، فیتنەی ئارەزوو و شەهوات بەتایبەتی خۆم دەپاراست لێی، چونکە لەوە دەترسام دڵم ڕەش کات و بگەمە قۆناغێک کە ڕقم لە ئایینی ئیسلام بێت و بێبەش بم لەم فەزڵ و کەرەمەی پەروەردگار: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِى قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ ٱلْكُفْرَ وَٱلْفُسُوقَ وَٱلْعِصْيَانَ﴾ [الحجرات: ٧]. «بەڵام خودا ئەڤینی بڕوا بە دینیدا بە ئێوە و ئەوەی لە دڵتاندا خەملاند. بێ باوەڕی و لە ڕێ لادان و سەرپێچی لە لاتان دزێو کردووە».

دەکرا بە خۆم بڵێم: "کار و کردەوەی چاک ئەنجام دەدەم و دەیکەمە

کەفارەتی ئەم گوناهە بچووکانە"، بەڵام نا، چونکە دەمزانی ڕەنگە بە هۆی کاریگەری ئەم گوناهە بچووکانەوە دڵم ڕەش بێت و تووشی گوناهە گەورەکان بم وەک ڕق بوونەوە لەوەی خودا ڕەوانەی کردووە، ئەمەش بەسەر زۆرێک لە موسڵمانانداە هاتووە لە خۆراوادا، کە سەرەتا بە فیتنەی ئارەزوو و شەهەوات تێکەوتوون دواتر شوبهەکان ئاوێنەی دڵی تەڵخ کردوون و ئیدی شتەکان وەک شێوەی خۆیان دەرناکەون، بۆیە چیدیِ ئیسلام بە جوانی و کوفر بە ناشرینی نابینن. ﴿فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۖ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ [الصف: ٥]. «وەختێ ئەوان خۆیان لادا، خوداش دڵی وانی لادا. ئەوانەی لە ڕێ دەردەچن، خودا ڕێگەی بەرەو خۆیان نیشان نادا» ئەمە ئەو شتە بوو کە زۆر لێی دەترسام و خۆم دەپاراست لێی. لە بەرانبەردا کۆمەڵێک خاڵی لاوازم هەیە کە داوا لە پەروەردگار دەکەم لێم خۆش بێت.

وەختێ لەناو فیتنەکاندا چاوم دەپاراست هەستم بەم وتەی پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد: (بەڵاو موسیبەتی تاقیکردنەوە، وەک دانە قامیشی ڕیزکراوی حەسیر بەسەر دڵاندا دێت (یانی جۆرەها کێشەی کە دەبنە مایەی لادەری و دین لاوازی، ڕوو لە دڵ و دەروونەکان دەکەن، جا چۆن ئەو کەسەی حەسیر دروست دەکات قامیشێک قایم دەکات، ئینجا قامیشێکی تری دەخاتە پاڵ و ئەویش قایم دەکات و ئینجا سێیەم و ... وەهەروەها)، هەر دڵێک هەر یەکێک لەوانە بگرێتە خۆ خاڵێکی ڕەشی پێوە دەبەسترێت، هەر دڵێکیش وەرینەگرت و ڕەتی کردەوە، خاڵێکی سپی پێوە دەبەسترێت، تا ئەم دڵە سپییەیان وەکو چیایەکی تاوێر -یان وەک کێوی سەفا کە لە مەککەیە- ساف و لووس دەبێت و هیچی پێوە ناوەستێتەوە و بریسکەی دێت، ئەو دڵەش ئاوای لێ دێت کە هەتا دونیا دونیابێ و ئاسمان و زەوی بمێنن هیچ تەگەرەیەک کارتێکردنی خراپی لەسەر نابێت. ئەوی تریان ڕەش دادەگیرسێت و وەکو کیتەڵە -گۆزەی بچووک-ی دەمەونخوون کراوی لێ دێت (کە هیچی پێوە ناگیرسێتەوە) ئیتر نە چاکە

دەزانێت چییە و نە خراپەش هەڵدەواسرێت، مەگەر هەر ئەوەی کە لەگەڵ هەواو و هەوەسەکەی خۆیدا دەگونجێت). [رواه موسليم].

فیتنەکان یەک لە دوای یەک دەهاتن، دژیان دەوەستامەوە، دوای ئەوە هەستم بە پارێزبەندییەک دەکرد وەک ئەوەی پێکوتەیەکم وەرگرتبێت بەشێوەی کۆمەڵە ژەمێکی یەک لە دوای یەک. خوای گەورە بە باشترین شێوە قەرەبووی ئەو شتانەی بۆ کردمەوە کە لەپێناو ڕەزامەندی ئەودا وازم لێهێنان.

ئەو قوتابییەی کە لەناو کەشێکی پڕ فیتنەدا دەژی و چاوی دەپارێزێت و داوێنی خۆی پاک ڕادەگرێت، لەپێشترە بۆ ئەوەی وزەکانی لە فێربوونی زانستی بەسوود بەکاربێنێت و پێش کەسانی مولحید و شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە بداتەوە کە ئەم شێوە تێگەشتنەیان نییە. خوای گەورە ئەو ڕێزەی لێناین و، ئافرەتێکی حەڵاڵ زادەی باشی کردە نسیبمان. لەخودا دەپارێینەوە بە هۆی عەیب و کەموکوڕییەکانمانەوە نیعمەت و بەخششەکانی نەسێنێتەوە لێمان.

تۆ کاتێک بینین و بیستنت دەپارێزێت ئەوە دڵت دەپارێزیت: ﴿إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾ [الإسراء: ٣٦]. «چونکە گوێچکە و چاو و دڵیش، گشتیان پرسیاریان لەسەرە»، دڵت دەپارێزیت لەوەی هەڵە و پەڵەی تاوان لەڕێی بیستن و بینینەوە بچێتە ناوبەوە، ئیدی ناوێنەی ئەو دڵە بە خاوێنی دەمێنێتەوە، ئەمەش باشترە بۆ ئەوەی شتەکان لەشێوەی حەقیقی خۆیان ببینیت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَلْ لَكُمْ فُرْقَانًا﴾ [الأنفال: ٢٩]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر لە خودا بترسن، ئامێری جیا کردنەوەی پاک و پیستان پێ دەدات»، (فُرْقَانًا) کە بە هۆیەوە حەق و باتڵ لێک جیاکەیتەوە. خوای گەورە نووری خۆشویستنی ئایینەکەی و کتێبەکەی و بانگەوازکردن بۆی دەبەخشێت پێت. بێگومان چاو پاراستن و داوێن پاکی یەکێکە لە هۆکارەکان و هەموو شتێک نییە، بەڵام هۆکارێکی گرنگە.

ئەم بەندە داماوە کە فیتنە چواردەوری دابوو، گەر بە حاڵ پێی بخلیسکایە و، بەدوای ئەم خلیسکانە خلیسکانی یەک لە دوای یەک بهاتایە، ئایا خوای گەورە بەکاری دەهێنا بۆ بانگەوازکردن بۆ ئایینەکەی؟

ناڕەحەتی لە کاتی چاو پاراستندا هەڵدەگەڕێتەوە و دەگۆڕێت بۆ چێژ، چێژی باڵانواڕین بەسەر حەرامدا، چێژی سەرکەوتن بەسەر شەیتان و نەفسی پڕ لە خراپە، چێژی قوربانیدان لەپێناو خودا و پێشخستنی خۆشەویستی خودا و بە مەزن دانانی بەسەر چێژە کاتیی و فانییەکاندا.

پاشان شتەکان ئاسان و ئاسانتر دەبن بە ئیزنی خودا. ﴿ وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى ﴾ [مریم: ٧٦]. «ئەو کەسانەی خودا شارەزای کردن پتر شارەزایان دەکا» ئازیزان ئەم قسانە بە مەبەستی خۆ هەڵنان و بۆ شانازیکردن بە خۆمەوە ناکەم، بەڵکوو لەبەرئەوەی پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ یەک لە ئێوە ئیمان و باوەڕی تەواو نییە تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برا موسڵمانەکەشی پێی خۆش بێت)، سوێند بەخوا چیم بۆ خۆم پێ خۆشە بۆ ئێوەشم پێ خۆشە. گەنج و لاوی باوەڕدار دەزانم لەمڕۆدا فیتنەکان زۆر قورس و سەختن، بەڵام بیرت بێت: تۆ کاتێ چاوت دەپارێزیت لە گوناە و تاوان وەک پابەندبوون بە کۆمەڵە ڕێسایەکی وشکی بێگیان ئەوە ناکەیت، بەڵکوو تۆ مامەڵە لەگەڵ پەروەردگاری زانا و دانا دەکەیت کە دەتبینێت و گوێی لێتە﴿يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ﴾ [غافر: ١٩]. «خواش دەزانێ کێ چاوی غەیانی هەیە و چییان لە دڵدا شاردۆتەوە»، کە فەرمانی کردووە چاوت بپارێزیت لە تەماشاکردنی شتی حەرامدا دەزانێت کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾، «خوا ئەرکی لە توانا بەدەر، بەسەر کەسدا ناسەپێنێ»، لەگەڵ پەروەردگاری (الودود و الکریم) مامەڵە دەکەیت کە ئەگەر ببینێت لەپێناو ئەودا ئارام دەگریت ئەوە خۆشی دەوێیت و ڕێزت لێ دەنێت و پێت دەبەخشێت.

دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری شتێکی ئاسایی نییە. لە هۆکارەکانیشی بوونی جەور و ستەم و خراپەکاری بە ئەنقەستە لە ولاتانی موسڵمان، پێویستە لەسەرمان ماقە دزراوەکانمان بگێڕینەوە و ڕێبازی خودا بچەسپێنین، بەجۆرێک کوڕان و کچی گەنج هۆگری هاوسەرگیری حەڵاڵ بن لە تەمەنێکی گونجاودا. هەروەک پێویستە لەسەرمان کار بکەین بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هاوسەرگری لەگەڵ ئامادەسازی دەروونی و زانستی و پەروەردەیی بۆی.

تا ئەو کاتەش ئەم فەرمایشەی پەروەردگار بەبیر خۆمان دێنینەوە: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ﴾ [النور: ٣٣]. «با ئەوانەی توانای زەماوەندیان نییە، خۆڕا بگرن هەتا خودا -لە چاکەی خۆی- دەرووێکیان لێدەکاتەوە -و کارەکەیان مەیسەر دەکا» تۆ یان بەشێک دەبیت کە کێشەی ئوممەت یان بەشێک دەبیت لە چارەسەرەکەی، گەر چاوت نەپارێزیت ئەوە بەشێک دەبیت لە کێشەی ئوممەت. لەکاتێکدا چەند جوانە چارەسەری کێشەکە بیت بەوەی بانگەواز بکەی بۆ پەروەردگار تا هاوکاری ئافرەتانی موسڵمان بکەیت لەسەر گوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار و کارکردنیان لەگەڵ خوشکە باوەڕدارەکانیان بۆ گێڕانەوەی سەرکەوتنی ئوممەت.

هەڵبەت دەکرێت کەمتەرخەم بیت لەم لایەنەوە و لایەنەکانی دیکەت باش بێت. تەنانەت گەر کەمتەرخەمیش بیت بێئومێد مەبە و بەرەنگاری نەفسی خۆت و شەیتان ببەوە بە پشتبەستن بە خودا. لەم بارەشەوە هەمیشە ئامۆژگاری کوڕان و کچانی گەنج دەکەم کە گوێبیستی زنجیرەی (ادارة الذنوب)ی برای بەڕێزم دکتۆر أیمن البلوی بن.

لاو و گەنجەکان بەخوا هەموو کچانی جوانی دونیا جوانییەکەیان ناگاتە جوانی ئەوەی کە هۆکاری هیدایەتدانی کوڕ یان کچێکی لاو بیت و بیان گەڕێنێتەوە بۆ ئیسلام یان بۆ گوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار.

ئەم چێژانە بەراورد ناکرێت بە چێژە حەرامەکان. چ جای بە دیداری پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەت، پەروەردگاری جوان کە تەماشاکردنی ڕووی پیرۆزی بەرزترین نیعمەتی بەهەشتە. ئەو نیعمەتەت دەوێ؟ هەوڵ و کۆشش بکە لەپێناویدا و چاوت بپارێزە.

چاو پاراستن ئاسان نییە، بەڵام: (ألا إن سلعة االله غالية، ألا إن سلعة الله الجنة). بەهەشت، بەختەوەری هەمیشەیی کە کۆتایی نایەت، نە مردنی تێدایە نە نەخۆشی نە خەم نە ترس نە نیگەرانی. دەتەوێ بە بەلاش دەستت کەوێت بێ هیچ ماندووبوون و قوربانیدانێک؟

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (غَدْوَةٌ في سَبيلِ اللَّه أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما فِيهَا) یانی دەرچوونێک بۆ جیهادکردن لەپێناو خوای گەورە باشترە لە دونیا ئەوەی تێیدایە، (ولَقَابُ قَوْسِ أَحَدِكُمْ -أَوْ مَوْضِعُ قَدَمٍ- مِنَ الجَنَّةِ، خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما فِيهَا) ئەمە مانای چییە؟ ئەو کەوانەی کە تیری پێ دەوەشێنیت، سەرنجی نێوان کەوان و دەزوەکەی بدە کە تەنیا چەند سانتیمەترێکە، ئەو ئەندازە لە بەهەشتدا باشترە لە دونیا و ئەوەی تێیدایە! وە هەروەها شوێن پێیەکی بەهەشتیش بەهەمان شێوە.

سەیرە ها؟!

+ نا، هیچ سەیر نییە. بۆچی؟ چونکە ئەو ئەندازە لە بەهەشتدا دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت، بەڵام دونیا فانییە و لەناو دەچێت.

پاشان پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (گەر ئافرەتێکی بەهەشتی بێتە دونیاوە ئەوا نێوان زەوی و ئاسمانەکان ڕووناک دەکاتەوە و پڕی دەکات لە بۆن و، خیمارەکەی کە بەسەریەوەیەتی باشترە لە دونیا و ئەوەش تیایدایەتی).

تۆ یان ئەوەتا باوەڕت بەوە هەیە کە محمد (ﷺ) ئەوەی کە دەیفەرموێت

هەمووی لە خوداوە بۆی نێردراوە. ئەو کاتە ئەم قسانە یارمەتیدەرت دەبن لە کاروانی چاو پاراستنت لە ژیاندا، یانیش گومانت هەیە، لەوە ئەوە بگەڕێرەوە بۆ چەسپاندنی یەقین لە دڵ و دەروونتدا.

ئەمە ئەوە بوو کە بە کورتی هاوڕێکەمم وت. بەم بۆنەیەوە ئەمە بیرخستنەوەیەکە بۆمان کە بە ڕاشکاوی لەگەڵ کورە گەنج و لاوەکانمان بکەوینە گوتوبێژ و پرسیاریان لێ بکەین لەبارەی ئەوەی کە دووچاری دەبنەوە و چارەسەری گونجاویشیان پێشکەش بکەین و ئەو پاداشتە مەزنانەشیان بیربخەینەوە کە خوای گەورە بۆی داناون گەر گوێڕایەڵی بن.

ئەی کچەکانمان چی؟ یانی ئەم قسانە تەنیا بۆ کوڕانە؟ کچەکانم دەزانم کە هەندێک لە ئێوەش بە هۆی ئەو دۆخە ناهەمواریەی تێیکەوتوون تووشی ناڕەحەتی دەبن سەرەڕای پاراستنی چاوتان و خۆپارێزیتان لە گوناە و خراپە. هەرچیم وت بۆ کوڕانی لاو و گەنج بە ئێوەشی دەڵێم بەڵام: سەرەتا ئامۆژگاریتان دەکەم کە دوورکەونەوە لە شوێنی فیتنە و خراپە و، بە دەوری فیتنەدا مەخوڵێنەوە و دواتر پاساو بێننەوە بۆ خۆتان کە فیتنە ڕووبەڕووتان بووەتەوە، بیری ئەو پاداشتە مەزنەتان بێت کە لە گوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار بەدەستی دێنن.

ئوم سەلەمە (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئافرەتان دەڵێن: "خوای گەورە تەنیا باسی پیاوی کردووە". ئیدی خوای گەورە ئایەتێکی نازڵکرد کە تێیدا ئەوەی ڕوونکردبوویەوە کە ئەو پاداشتانەی باسکراوە بۆ نێر و مێشە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ

وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب: ٣٥]. «پیاو و ژنی موسڵمان و میێر و پیرەکی بە باوەڕ، پیاو و ژنی فەرمانبەر و پیاو و ژنی قسەڕاست و پیاو و ژنێ بێ فیز و خۆبەزل نەزان، پیاو و ژنی سەدەقەدەر و پیاو و ژنی ڕۆژەوان و پیاو و ژنی ناموس پارێز و ژن و پیاوێ کە زۆر یادی خودا دەکەن، لە خوداوە لێخۆشبوون و پاداشێکی گەورەیان بۆ داندراوە».

لە خودا دەپارێینەوە کە هاوکار و پشتیوانیمان بێت لەسەر گوێڕایەڵیکردنی و نوور و ڕووناکیمان پێ ببەخشێت تا زیاتر بەرچاوڕوون بین و شکۆمەندی و عیزەتیش بۆ ئوممەتی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە.

"هاوڕێکانم چەندان کاتژمێر لە تەماشاکردنی فیلمدا بەڕێ دەکەن!"

ڕۆژێک گەنجێک نامەی بۆ ناردبووم تێیدا نووسیبووی: "دەکریت لە ڤیدیۆیەکدا قسە بۆ گەنجان بکەیت لەبارەی کات بەفیڕۆدان لە تەماشاکردنی فیلم و ئەڵقەی بیانی؟ ئەمە جگە لە پۆبجی. من زۆربەی برادەرەکانم فیلمەکان بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانیان. زۆرجار شانازی بە ژمارەی ئەو فیلم و زنجیرانەوە دەکەن کە تەماشایان کردووە! هاوڕێیەکی زانکۆم دەیوت لەکۆتایی حەفتەدا نزیکەی ٢٠٠ ئەڵقەی تەماشاکردووە! موسیبەتە گەورەکە لەو کەسانەدایە کە ئەو فیلم و زنجیرانە دادەگرێت و دابەشی دەکات بەسەریاندا و دڵیشی خۆشە چونکە فیلم و ئەڵقەی نوێی دابەزاندووە. کە ئەم دیمەنانە دەبینیت بەڕاستی دڵت ئێشی پێ دەگات!

ڕۆژێک لە ناو پاسدابووم هاوڕێیەکم کە تا ڕادەیەک ئایینداڕە لە تەنیشتم دانیشتبوو و، تەماشای مۆبایلەکەی دەکرد، بە سوتفە چاوم کەوتە سەر

شاشەی موبایلەکەی و دیمەنێکی ڕووتی فلیمێک بوو!، ولا حول ولاقوة الا بالله" نامەی ئەو برایە کۆتایی هات.

باشە، من دەزانم ئێستا ژمارەیەک لەو گەنجانەی کە گوێبیستم دەبن کە ئەم سیفەتانەیان تێدایە، بۆیە دەمەوێت پەیامێکیان ئاڕاستەکەم: سەیرکەن گەنجینە، سەرەتای قسەکانم بە فەرمایشی دڵسۆزترین کەس بۆتان دەست پێدەکەم: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کە لە فەرموودەی صحیحدا فەرموویەتی: کەسانێک لە کۆڕێکدا دابنیشن و زیکر و یادی خودا نەکەن و سڵاو بۆ پێغەمبەر نەنێرن ئەو کۆڕەیان دەبێتە مایەی پەشیمانی با بچنە بەهەشتیشەوە، کە ئەو هەموو پاداشتە دەبینن) .

بێهێنە خەیاڵی خۆت! لەوەیە دانیشین چارەکێک، نیو کاتژمێر قسەی موباح بکەین، جۆری ترومبێلەکان، گرانی شت و مەک، هەر شتێک، بەڵام دڵمان غافڵە لە زیکر و یادی خودا و سڵاوات دان لە پێغەمبەر (ﷺ) لەو مەجلیسەدا.

ڕۆژی قیامەت، کاتێ تەماشای تۆماری کردەوەکان دەکەین و جیاوازی پلە و پایەی خەڵکی دەبینی و، دەبینین کە ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ﴾ [الزلزلة: ۷-۸]. «سا هەر کەسێ بە سەنگایی میرووڵەی هەرە وردیلە، چاکەی هەبووبێ، دەیبینێ، هەر کەسێکیش بە قورسایی میرووڵەی هەرە وردیلە، خراپەی بووبێ، دەیبینێ» ئەو کاتە ئاخ و حەسرەت هەڵدەکێشی بۆ ئەو چارەگەی کە زیکر و یادی خوات نەکردووە و سڵاواتت لەسەر پێغەمبەرەکەی نەداوە، گەرچی لەو کاتەدا کارێکی خراپیشت نەکردووە.

لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) وەک بەزەییەک بەرانبەرمان سوننەتێکی بۆ داناوین کە پاش تەواوبوونی هەموو کۆبونەوە و مەجلیسێک بڵێین: (سبحانك

اللهم وبحمدك. أشهد أن لا إله إلا أنت. أستغفرك وأتوب إليك). تا مەجلیسەکانمان خاڵی نەبێت لە زیکر و یادی خودا.

بیهێنە خەیاڵت گەر ئەو کاتژمێرانە تێپەڕێت، نەک لە شتێکی مویاح و ڕێگەپێدراودا کە زیکر و یادی خوای تێدا نەبێت، بەڵکوو لە شتێکی حەرامدا بێت، تەماشاکردنی فیلم و زنجیرەی پڕ لە دیمەنی ناشرین کە خوای گەورە تووڕە دەکات. لە پەشیمانی و ئاخ و حەسرەتکێشانی خۆت ناترسیت لە ڕۆژی دواییدا؟ کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ ٱلْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ۝ إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ ٱلْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ﴾ [مریم: ۳۹-٤۰]. «لەو ڕۆژی داخ و کەسەریان بترسێنە؛ کاتێ کار لە کار دەترازێ؛ کەچی ئەوان هەر بە خۆیان نەزانیوە و خۆیان لە باوەڕ بواردووە. ئەم زەمینە و هەرچی وا بەسەریەوەیە لە دواجاردا هەر بۆ ئێمە دەمێنێت و سەرلەبەریان دەهێننەوە بۆ لای خۆمان». سەیری ناوەکەی بکە: «ڕۆژی حەسرەت»، هەروەها یەکێکی دیکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت: ڕۆژی التغابن: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ ٱلْجَمْعِ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِ﴾ [التغابن: ۹]. «لەو ڕۆژەدا کە هەموتان -لە سەڵادا- کۆوە دەکا، ئەوە ڕۆژی تێشکانە»، کە ئەمەش ئایەتێکە لە سورەتێکی تەواو کە بەو ناوەوەیە.

التغابن بەمانای چی دێت؟ یانی لەو ڕۆژەدا دەردەکەوێت کە خەڵکی (مغبون) بوون، (المغبون) یش ئەوەیە کە بڕێکی زۆر دەدات و لە بەرانبەردا شتێکی کەم بەدەست دێنێت. ۱۰ هەزارت داوە بە ترومبێلێک کە خۆی بایی پێنج هەزارە.

ڕۆژی قیامەتیش بەو شێوەیە، دەبینی هەموو تەمەنت بە خەرج داوە کە دەتتوانی پێگەیەکی بەرز لە بەهەشت بەدەست بێنیت، بەڵام پێگەیەکی نزمت بەدەست هێناوە، یان هەر بەهەشتت بەدەست نەهێناوە.

لە فەرموودەی صحیحیشدا پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، نێوان هەر دوو پلەیەک هێندەی نێوان ئاسمان و زەوییە، فیردەوسیش بەرزترین پلەیە و، لەوێوە هەر چوار تاقگەکەی بەهەشت هەڵدەقوڵێت، عەرشیش لە سەرووی ئەوەوەیە. گەر داواتان کرد ئەوە داوای فیردەوس لە خودا بکەن).

یەکێک لە بانگخوازە مسرییەکان دەناسم کە لە کۆتایی بیست ساڵیدا خوای گەورە هیدایەتی دا و پابەندی ئایینداری بوو، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی ئەزهەر. شێخ مقبل الوادعی سەردانی میسری کرد، ئەم دکتۆرەش دەچوو بۆ ئەو شوێنانەی کە شێخ مقبل گوتاری تێدا دەدا تا گوێبیستی قسەکانی بێت. دوای یەکێک لە گوتارەکان پرسیارێک کرا لە شێخ مقبل: "ئایا حوکمی تەماشاکردنی یاری تۆپی پێ چییە؟"

شێخ مقبل وتی: بوخاری دەگێڕێتەوە ...

دکتۆر دەڵێت: "لە دڵی خۆمدا وتم: یا الله! یانی بوخاری فەرموودەشی گێڕاوەتەوە لەسەر سەیرکردنی یاری تۆپی پێ؟!"، شێخ بەردەوام بوو: بوخاری لە عبدالله بن عباس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (دوو نیعمەت هەن زۆربەی خەڵک لێی بێ ئاگان: لەشساغی و بەتاڵی).

دکتۆر دەڵێت: "وەختێ ئەوەم بیست کەوتمە سەر ئەژنۆ و دەستم کردە گریان!". لەشساغییەکەت، کاتە بەتاڵەکانت گەر بەشتی بێسوودەوە بەفیڕۆی بدەیت ئەوە تۆ مەغبوون و خەسارۆمەندیت.

لەو فەرموودەیەی کە ئەلبانی بە صحیحی داناوە بە هەموو شێوازەکانی گێڕانەوەی، پێغەمبەرمان (ﷺ) لەبارەی پیاوێکەوە کە لە گۆڕدا بووە فەرموویەتی: (دوو ڕکات نوێژی سووک و ئاسان کە بە کەمی دەزانن و بە ئارەزووی خۆتان دەیکەن بۆ خودا کار و کردەوەی ئەم پیاوە زیاد دەکات و

لەلای خۆشەویستەرە لە باقی دونیای ئێوە).

یانی هەر یەک لە ئێمە کە دەمرین ئەو کاتە حەقیقەتەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەگەر جارێکی دیکە بیگەڕێننەوە بۆ ژیان و پێی بڵێن: بۆچوونت چییە؟ دوو ڕکات نوێژ دەکەیت؟ دوو ڕکاتی سووک و ئاسان، یانی ڕەنگە تۆ بچیتە مزگەوت، سەیری کاتژمێرەکە بکەیت، سێ دەقیقەی ماوە بۆ ئەوەی نوێژ دابەستن، لەدڵی خۆتدا دەڵێی: "سونەتی تحیة المسجد بکەم؟ یان کات نییە؟ دەی یەڵلا دوو ڕکات دەکەم"، لەوەیە ئەو دوو ڕکاتە بە گرنگ نەزانیت و ئەجر و پاداشتەکەی بە کەم بزانیت.

گەر هەلی ژیانت بدرێتێ لە پاش مردن و سەرپشک بکرێی لەنێوان ئەو دوو ڕکاتە و، ئەوەی ژیانێک بڕی کە تەواو چێڕی لێ وەرگریت بە دڵی خۆت. کامیان هەڵدەبژێریت؟ بێگومان دوو ڕکاتەکە، بۆچی؟! چونکە دوای مردن دەبینی کە دونیا فانییە، خۆشییەکانی نامێنن، بەڵام دوو ڕکاتەکە سوودت پێدەگەیەنن ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ۝٨٨ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ [الشعراء: ٨٨-٨٩]. «ئەو ڕۆژە کە ماڵ و منداڵ بە کار نایە. مەگین ئەوەی وەل دڵی پاک، بچێتە بارەگای خودا»، ڕاوەستانت بۆ ئاسان دەکەن لە ڕۆژی قیامەتدا کە بەپێی فەرموودەی صحیح ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە.

ئەو دوو ڕکاتە ڕەنگە ترازووەکەت قورس بکەن و بچیتە بەهەشتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرموێت: (ئەندازەی کەوانی هەر یەک لە ئێوە -یان جێ پێیەک- لە بەهەشتا، لە دونیا و ئەوەی تێیدایە باشترە).

باشە کەمێ تەماشام کەن، هەموتان نا، تۆ و تۆ و تۆ، هەندێکتان، دەم و چاوتان دەخوێنمەوە! لە دڵی خۆتا دەڵێن: "کورە ئەو ئایەت و فەرموودانە دڵنیا نیم کە ڕاست بن، چۆن بزانم کە پێغەمبەری خوا بووە؟ چۆن بزانم کە فەرموودەکان پارێزراون؟ چۆن دڵنیابم کە قورئان لەلایەن خوداوە نێردراوە؟

ناکرێت قسەی هەندێک لە یوتوبەرەکان ڕاست بێت و ئیسلام داهێنانێکی مرۆیی بێت و، .... هتد ".

ئەها، بنواڕە چۆن تەمەنی خۆت لە گوێگرتن لە تڕوهاتی ئەوانەدا بەفیڕۆ دەدەیت کە لەلایەن دوژمنانی ئیسلامەوە پارەیان بۆ خەرج دەکرێت تا دوورت بخەنەوە لە ئایینەکەت! هیچ هەوڵێکت نەداوە و کاتت تەرخان نەکردووە بۆ خوێندنەوە لەسەر ئایینەکەت، یان فێربوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تا بەوانە نەخەڵەتێی، پاشان خۆت خستە بەردەم فیتنەی شەهوەت و ئارەزوو، ئیدی شوبهە و شەهوەتت لەخۆی کۆکردەوە!

چەند ئایەتێکی ترسناکی سورەتی الحدیدت بەبیر دێنمەوە، ﴿يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [الحديد: ١٢]. «ڕۆژێک دێ کە تۆ دەبینی مێرۆژنی خاوەن باوەڕ، تیشک دانەوەی کردەیان پێش کەوتووە و لەلای ڕاستیانەوە دەڕوا. خۆشی لە خۆتان ئەمڕۆکە دەچنە ناو باغاتێکەوە جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەروهەر، هەر تیا دەبن. ئەمەیە بەهرەی زۆر گرنگ».

تەماشای ئەم دیمەنە جوانە بکە! پێغەمبەر (ﷺ) و باوەڕدان پێکەوە دەچنە بەهەشت و بە نوور و ڕووناکی داپۆشراون، بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵێک خەڵک هەن کە حاڵیان تەواو جیاوازە: ﴿يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُوا انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ﴾ [الحديد: ١٣]. «ئەوێ ڕۆژێ دوڕازەکانی مێرۆژن، وە خاوەن باوەڕان ئێژن: ئێوە لامان لێ بکەنەوە تا تڕووسکێک لە ڕووناکیتان وەرگرین»

ئەرە چواردەورمان بۆ وا تاریکە و هیچ نابینین، هێی باوەڕداران! تکایە بەهێواشی بڕۆن با سوود لەو ڕووناکیەتان وەرگرین.

﴿قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ فَالْتَمِسُوا نُورًا﴾ «ئێژن: بەرەو دوای خۆتان وەگەڕێن، لەوێ ڕووناکی پەیدا کەن».

نا، نایێت! هەر کەسە و نوور و ڕووناکی لە کردەوەکانی خۆیەوە بەدەست دێنێ، ئێمە ئەم ڕووناکییەمان لە ڕۆشتنمان بۆ مزگەوت لە کاتی تاریکیدا بەدەست هێنا، لە خوێندنی قورئان و فێربوونی ئایینەکەمان و چاو و گوێ پاراستنمان لە حەرام بەدەست هێنا.

پاشان چرکە ساتە ترسناکە چارەنووس سازەکە دێت: ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ﴾ [الحديد: ١٣] «ئیتر ئەوسا شوورەیەکیان لە نێوان دەبێتە لەمپەر، درگای هەیە؛ لە ژوورەوەی بەزەوییە و لە دەرەوەی جەزرەبەیە». لە لای باوەڕداران ڕەحمەت و بەزەیی خودا، لەلای دووڕووانیش سزا و تۆڵەی خودا. ﴿يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ﴾ «بانگیان دەکەن: ئاخۆ ئێمەش هەر دەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟»

جا ئیدی بێباوەڕان بانگی باوەڕداران دەکەن و دەڵێن: ئایا لەگەڵتان نەبووین لە دونیادا؟ باوەڕداران وەڵامیان دەدەنەوە: ﴿قَالُوا بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ وَغَرَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ ﴿١٤﴾ فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مَأْوَاكُمُ النَّارُ هِيَ مَوْلَاكُمْ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ [الحديد: ١٤-١٥]. «ئێژن: ئاری؛ بەڵام ئێوە خۆتان تووشی بەڵا کرد و چاوەنۆڕ بوون و دوودڵی لێو نەگەڕا و بە ئارەزوو فریوتان خوارد؛ هەتا فەرمانی خودا هات؛ شەیتان ئێوەی بە خودا بادی هەوا کرد. ئیتر ئەمڕۆ نە لە ئێوە و نە لەوانەی خوانەناس بوون سەرانە وەرناگیرێ. جێو ناگرە و هەر ئەویشتان پێ ڕەوایە و چارەنووستان زۆر خراپە»، بەڵێ لەگەڵمان بوون، بەڵام ئێوە: (فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ)، خۆتان خستە بەردەم فیتنەوە، سەیرکردنی حەرام و گوێگرتن لە حەرام، لەکاتێکدا ئەم فەرمایشەی خوداش دەزانیت: ﴿إِنَّ السَّمْعَ

وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَـٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾ [الإسراء:٣٦]. «گوێچکه و چاو و دڵیش، گشتیان پرسیاریان لەسەرە»، بەرپرسیت لە بیستن و بینین و دڵت.

ئاوێنەی دڵت تەڵخ کرد کە خوای گەورە بە پاکی بەدیهێنابوو، تا وای لێهات حەق بە باتڵ و باتڵ بە حەق ببینێت، ئیدی دووڕوویی چووە ناو دڵەوە، ﴿وَلَـٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ﴾ شک و گومانتان لە ئایین کرد، ﴿وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ﴾، شوێنی هەوا و ئارەزوو کەوتن و بە حەز و خۆزگەکانتان فریوتان خواردبوو کە دەتانوت "خوای گەورە بە بەزەیی و لێخۆش بووە"، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُوا الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَـٰذَا الْأَدْنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا﴾ [الأعراف: ١٦٩]. «ئەوسا جێ نشینانێکی بەدفەڕ هاتنە جێگایان و، کتێبەکە لای ئەوان بە کەلەپوور ما؛ کە هەر بۆ تەماحی دنیا تێ دەکۆشان. دەشیانگوت: ئێمە هەر زۆر زوو عافوو دەکرێین».

خوای گەورە بە بەزەیی و لێخۆش بووە بەڵام هەر خۆشی دەفەرموێت:

﴿اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ وَأَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [المائدة: ٩٨]. «دەبێ ئەوەندەش بزانن کە خودا لە سزاداندا تووند و تیژە و هەر خوداشە کە لە گوناهان دەبووردێ و دلۆڤانە».

کاتێ خۆت دەخەیتە بەردەم فیتنەکانەوە و دواتر دڵت ڕەق دەبێت و تاقەتی قورئان خوێندنەوەت نامێنێت و ڕقت لە هەندێ حوکمەکانی ئیسلام دەبێت و حەز بە گوناە و سەرپێچی دەکەیت، ئەوە بیرت بێت کە خۆت بەدەستی خۆت وات لە خۆت کردووە: ﴿وَلَـٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾.

لەو فەرموودە قودسییە مەزنەی کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە خوای گەورە دەفەرموێت: (بەندەکانم بەڕاستی ئەوە کار و کردەوەی خۆتانە بۆتان دەژمێرم،

پاشان پاداشتان دەدەمەوە لەسەری. ئەوەی خێر و چاکەی بینی ئەوە سوپاسی خوا بکات و ئەوەش غەیری ئەوەی بینی با تەنیا لۆمەی خۆی بکات).

گەنج و لاوان من نامەوێت تووشی پەشیمانی بن، لە دەمی لاویدا کاتێکی زۆرم بەفیڕۆچوو و، تالّاوی پەشیمانیشم چەشت، بۆیە نامەوێت ئێوە ئەو تالّاوە بچێژن.

بە گەڕانەوە بۆ نامەکەی گەنجەکە: دەڵێت: "هەندێ گەنج شانازی بەو فیلمانەوە دەکات کە بینیویەتی"، ئەوەی حالّی بەم شێوەیە ئەم فەرموودەی بۆ دەگێڕمەوە کە بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەموو ئومەمەتەکەم بەخشراوە جگە لەوانەی گوناە و تاوانەکانیان ئاشکرا دەکەن، لە ئاشکراکردنی گوناە و تاوانیش ئەوەیە کە مرۆڤ لە شەودا کارێک بکات، پاشان ڕۆژکاتەوە و خوای گەورە بۆی پۆشی بێت، کەچی دەڵێت: ئەی فلّان کەس، دوێ شەو ئەوە و ئەوەم کرد، خوای گەورە بۆی پۆشیوە، بەڵام ئەو کە بەیانی دەکاتەوە ئەوەی خودا بۆی داپۆشێوە ئاشکرای دەکات).

ڕەنگە یەکێک بڵێت: "بۆ کاکە من چیم کردووە تا بیپۆشم؟ چیم کردووە کە تەماشای ئەو فیلمانەم کردووە؟"

ئەهاا! یانی وات لێهاتووە کە سەیرکردنەوەی فیلم و بینینی عەورەت و هۆگربوون بە کەسانی خراپەکارەوە بە خراپ نازانیت! گەر شەرم نەکەیت لەوانە ئەوە نیشانەی مردنی دڵتە! گەر شەرم نەکەیت لەم شتانە ئەوە بزانە ئیمان و باوەڕت لەسەر بەرز دەکرێتەوە. پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (شەرم و باوەڕ پێکەوە گرێدراون، گەر یەکێکیان بەرزکرایەوە ئەوی دیکەش بەرزدەکرێتەوە).

تۆ مشتومڕ دەکەی لەسەر ئەوەی کە خراپە و تاوانێکی گەورەیە؟ باشە، وا خەیاڵ بکە کە پێغەمبەر (ﷺ) لە تەنیشتت دانیشتووە و تۆش مۆبایلەکەت بەدەستەوەیە و تەماشای ئەو فیلمە دەکەیت، سوێندت دەدەم بە پەروەردگار ئایا

پێت ناساییە و شەرم ناکەیت؟! مشتومڕ لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەکەیت و ملەجەڕێ دەکەی لەسەر خراپی و ناڕەوایی ئەم کارە؟ خوای گەورە شایەنترە بەوەی شەرمی لێکەیت.

ئایا پێش ئەوەی تەماشای ئەم فیلم و زنجیرانە بکەیت ئامادەی «بسم الله» بکەی؟ بەداخەوە کە ناچاربین مشتومڕ لەسەر ئەم شتانە بکەین. ئەمە نیشانەی مردنی دڵە! بڕۆ خەمێکی دڵت بخۆ!

ئەم برایە کە نامەکەیدا باس لەوەش دەکات کە هەندێ گەنج فیلم دادەبەزێنێت لە مۆبایلەکەیدا یا لە ڕێگادا تەماشای بکات، وەک ئەوەی جۆرێک بێت لە سوود وەرگرتن لە کات!، شتێکت پێ دەڵێم براکەم: ئەم نیو کاتژمێر و کاتژمێرە لە ڕێگەدا، کەسایەتیت بونیاد دەنێت. سوپاس بۆ خوا بۆ خۆم زۆر سوودم لەو کاتانە وەرگرتووە کە لە ناو ترومبێل و هۆکاری گواستنەوە بووم بۆ خوێندنەوەی زانستی شەرعی و بابەتی میژوویی کە بۆ دین و دونیام زۆر سوودم لێ وەرگرتوون.

زۆرێک لە برایان دەپرسن: چۆن توانیوتە زانستی شەرعی و زانستی دەرمانسازی و چالاکی بانگخوازی وەک خۆ ئامادەکردن بۆ زنجیرە و ئەڵقەکان پێکەوە گرێ بدەیت و فریایان بکەویت؟ برایان شتەکە ئاڵۆز نییە، من لە تەمەنی لاویدا کاتێکی زۆرم بەفیڕۆ داوە. بەڵام کە بێداربوومەوە ئیتر سوپاس بۆ خوا زۆر جەخت لەوە دەکەمەوە کە کاتەکانم تەنیا لەوەدا بەسەر ببەم کە سوودم پێدەگەیەنێت؛ خۆ مەرج نییە تەنیا خوێندنەوە و بانگەوازکردن بێت، بەڵکوو تەنانەت کە یاری دەکەم لەگەڵ منداڵەکانم و لەگەڵ خێزانەکەم بۆ پیاسە و گەڕان دەچینە دەرەوە چاوەڕێی پاداشتم لەسەری و، کاتەکانم تەنیا لەو شتانەدا بەسەر دەبەم کە ڕەزامەندی خودای تێدایە.

ئەو برایە کە نامەکەی ناردبوو باسی ئەوەی کردبوو کە هەندێک گەنج

هەن کۆتا فیلمەکان بەسەر هاوڕێکانیاندا دابەش دەکەن. هاوڕێکەم یانی تۆ مکوڕیت لەسەر ئەوەی کە ئەمە چاکەی نەبڕاوە بێت بۆت پاش مردنت؟! ئەم فەرموودەی پێغەمبەرت (ﷺ) بیردێنمەوە: (ئەوەی بانگەواز بۆ ڕێگەی ڕاست بکات ئەوە وەک ئەوانە پاداشتی دەست دەکەوێت کە شوێنی دەکەون بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم بێتەوە و، ئەوەش بانگەواز بۆ گومڕایی بکات ئەوە وەک ئەوانەی کە شوێنی دەکەون گوناهی دەگات بەبێ ئەوەی لە گوناهی ئەوانیش کەم بێتەوە). (رواه موسليم).

ئایا ئامادەیت بگەیتەوە بە دیداری پەروەردگار و بە ئەندازەی چیاکان گوناهت هەبێت بە هۆی ئەو کەسانەوە کە ڕێگەی خراپت نیشان داون؟ ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾ گەرد، گەرد! چ جای بگات بەوەی کە ببیتە هۆکاری ئەوەی هاوڕێکانت تەماشای حەرام و خراپە بکەن و دڵیان ڕەق بێت و کوفر و خراپەکاری و سەرپێچیکردنی پەروەردگاریان لا شیرین بێت و لە زیکر و یادی خودا بێ ئاگا و غافڵ بن؟!

ئیبنولقەییم دەفەرموێت: (بەندە پەروەردگارێکی هەیە کە دەگات بە دیداری و، خانوویەکی هەیە کە تێیدا نیشتەجێ دەبێت، بۆیە دەبێت خوا لە خۆی ڕازی کات بەرلەوەی بگات بە دیداری و، خانووەکەی ئاوەدان بکاتەوە بەرلەوەی بگوازرێتەوە ناوی).

دوای ئەوەی ئەو گوتارەی پێشوومان، "هاوڕێکانم چەندین کاتژمێر لە تەماشاکردنی فیلم بەسەردەبەن" بڵاوکردەوە، لەلایەن هەندێ گەنجەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و هەندێکی دیکەش دوودڵ بوون، بۆیە ئەم گوتارەی دیکەمان بڵاوکردەوە:

چۆن جێگر و چەسپاو بین پاش تەوبە کردن؟

ئەو پێشوازییە گەرم و گوڕەی گەنجانمان بینی لەو گوتارەمان، کە

تێیدا باسی گرنگی سوودەرگرتن لە کاتمان کردبوو، بە دوورکەوتنەوە لە تەماشاکردنی فیلم و زنجیرەکان و، بەسەربردنی کاتەکان لە شتی بەسوودا.

زۆرێک لە گەنجان بەڵێنیاندا بە دوورکەوتنەوە لە تەماشاکردنی ئەو شتانەی کە خوای گەورە تورە دەکات، هەندێک گوتیان سەدان گێگابایت لە فیلم و زنجیرە فلیمیان سڕیوەتەوە لەسەر کومپیوتەرەکانیان و، هەندیکی دیکەش سایتی نێتفلیکسی لای خۆیان سڕیوەتەوە، خوای گەورە لێتان ڕازی بێت و بەرەکەتی خۆی بڕژێنێت بەسەرتانا.

ئەمەش شتێکی جوان و مەزنە، ئەم دڵنەرمبوونە هەمووی مژدەی هاتنی خێرێکی گەورەیە بۆ ئوممەتی محمد (ﷺ) بە ئیزنی پەروەردگار. ئەم وتەم بۆ چەسپاندنتانە، تا جارێکی دیکە لاوازی ڕووتان تێنەکات.

هەروەها، زۆرێک لە ئێوە وتتان: "هەوڵ دەدەین کە وازبێنین لە تەماشاکردنی حەرام"، وشەی"هەوڵ دەدەین" زۆر جار مانای "تاقیدەکەمەوە کە گوێرایەلی خودا بکەم"! چونکە کاتێ دەڵێی: "ئەوەی لە تواناما بێت هەوڵ دەدەم"، باشە دەزانیت کە ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾، «خوا ئەرکی لە توانا بەدەر بەسەر کەسدا ناسەپێنێ». گەر پشت بە خوا ببەستیت ئەوە دەتوانیت. بەڵام مۆڵەتم بە یارمەتیت بدەم لە خوێندنەوەی خۆت: "هەوڵدەدەم" ڕەنگە مانای "تاقیدەکەمەوە" بگەیەنێت، یانی گەر هەستم بە بێزاری و خەمۆکی نەکرد لە پاش وازهێنان لە زنجیرە فیلم و ئینیمی و تەماشاکردنی یارییەکان ئەوە بەردەوام دەبم لە گوێڕایەڵیکردنی پەروەردگار، گەر هەستم بەو ژیانە خۆشە کرد کە ئێوە باسی دەکەن ئەوە بەردەوام دەبم لە گوێرایەڵیکردنی پەروەردگار. وەلێ گەر بێزار بووم و تووشی خەمۆکی بووم ئەوە بە ناچاری دەگەڕێمەوە بۆیان. جا ئازیزان ئەم قسانەم بۆ ئیوەیە ئەوانەی کە بەم شێوازە بیردەکەنەوە.

قسەکانم بۆ چەسپاندنی ئەوانەیە کە پێشوازیان لە گوتارەکەم کرد و

هاندانی ئەوانەش کە ڕاڕا و دوو دڵن. بنواڕن گەنج و لاوینە، ئەوەی پێویستانە دوو شتە: «سووتاندنی کەشتەکان و هۆگربوون بە خۆشەویست».

ئەمە مانای چییە؟

یەکەم، بە نیسبەت سووتاندنی کەشتییەکان: دەوترێت وەختێ طارق بن زیاد دەستی بەسەر ئەندەلوسدا گرت، ئەو کەشتییانەی سووتاند کە خۆی و سەربازەکانی پێی هاتبوون و بە سەربازەکانی وتووە: "دوژمن لە پێشتانە و ڕووباریش لە پشتانەوە"، یانی بیر لە هەڵاتن نەکەنەوە. دوو بژاردە لەبەردەمتا نییە: جەنگکردن دژ بە دوژمن و هەڵهاتن، چون هیچ کەشتییەک بوونی نییە. ئیدی هەڵهاتن واتە خنکان لە ڕووباردا. دژ بە دوژمن و جیهاد و تێکۆشان بکەن ئەوە باشترە بۆتان.

ئێستا ئەو بەشەی کە دەڵێت طارق بن زیاد کەشتییەکانی نوقم کردووە لەڕووی میژوویییەوە ڕاست نییە. بەڵام باسمان کرد تا پێت بڵێین: "لەگەڵ خودا کەشتییەکانت نوقم بکە. لە کەناری ئاسمان کەشتییەکانت بسووتێنە. گەر دەتەوێت خوای گەورە قەرەبووی ئەو حەرامەت بۆ بکاتەوە کە لەبەر ڕەزامەندی ئەو وازت لێهێناوە و ژیانت خۆش کات ئەوە بیر لە بژاردەی گەڕانەوە مەکەوە. خەتی گەڕانەوە مەپارێزە. پەندێکی بیانی هەیە دەڵێت: "don't break the bridges،" پردەکان مەشکێنە، یانی خەتی گەڕانەوە بپارێزە، بەڵام لەگەڵ پەروەردگار نا، کاتێ ڕوو دەکەیتە پەروەردگار هەموو ئەو پردانە بشکێنە کە دەتگەڕێننەوە بۆ سەرپێچیکردنی.

من شەیدای موسیقا بووم، لێرەدا نامەوێت بچمە نێو وردەکاری حوکمی مۆسیقا، بێگومان مۆسیقا بەراورد ناکرێت بە فیلم و زنجیرەکان کە پاکێجێکی تەواوە لە شتی حەرام و تێکدەری دڵ و دەروون.

وەلێ ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە قەناعەتم کرد دەبێت واز لە مۆسیقا

بێنم، چون دەست و پێم دەگرێت لە ڕێگە گەشتنم بە ڕەزامەندی پەروەردگار. خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا شریتیان بەکاردەهێنا، ئێستاش ئەو چرکە ساتەم بیرە کە ئەو شریتەم شکاند خۆشترین مۆسیقای تێدا بوو بەلامەوە، وەک ڕاگەیاندنی سووتاندنی کەشتییەکان، ڕاگەیاندنی breaking the bridges کە دەیگێڕامەوە بۆ شتێک کە قەناعەتم هێنابوو بە حەرام بوونی، سوێند بە خودا، خوای گەورە بە باشتر جێی بۆ پڕکردمەوە.

لەبەرئەوە دەستخۆشی لەو گەنجانە دەکەم کە پێیان وتم: "سڕیمەوە، هەڵم وەشاندەوە، فیلمەکان و ئەو کەناڵانەم لابرد فلیم پەخش دەکەن".

کاتێ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [المائدة: ٩٠]. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! شەراب خۆری و قوماربازی و کێل پەرستی و گرێ و لە سەر تیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن، بەشکەم تووشی ڕزگاری بن»، چییان کرد هاوەڵان؟ گۆزەی ئارەقەکانیان شکاند و ئارەق بە کوچە و کۆڵانەکاندا پەرش و بڵاو بوویەوە، ئیسلام ڕێگری دەکات لە بەفیڕۆدانی ماڵ و سامان. بەڵام ئەم شکاندنە وەک ڕاگەیاندنی شکاندنی هۆگربوون بوو بە ئارەق و دەرکردنی بوو لە دڵی یاراندا.

ئیسلام یانی خۆڕادەستکردن بە خودا، یانی هیچ شتێک نییە بەناوی پارێزگاریکردن لە خەتی گەڕانەوە، هیچ شتێک نییە بەناوی قاچێکم لەم دیوە و قاچێکم لەو دیو!

بەڵکوو ڕووکردنە پەروەردگارە بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، هەموو گیانیشت یەقینە بەوەی خوای گەورە سەرگەردانت ناکات، چونکە یەقینت بە ڕەحمەت و دانایی پەروەردگار هەیە، ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ﴾ [السجدة: ٢٤]. «لەوانیشدا چەند کەسێکمان کردە ڕێبەر، کە

هەر بە فەرمانی خۆمان ڕێنوێنی مەردم بکەن؛ چونکە توانی خۆڕاگرتنیان تێدابوو؛ بە تەواوی باوەڕیشیان بە نیشانانمان هێنا بوو».

ئەو چیرۆکەی کە هەموومان لە منالّییەوە پێی ئاشنابن، بەسەرهاتێکی سەیرە بەڵام ڕاست و دروستە، لە فەرموودەیەکا هاتووە کە بوخاری و موسلیم تەخریجیان کردووە:

ئەو پیاوەی کە نەوەد و نۆ کەسی کوشت، هات بۆ لای ڕاهیبێک وتی: "ئایا دەتوانم تەوبە بکەم؟" نەوەد و نۆ کەست کوشتووە! نەخێر، ناتوانیت تەوبە بکەیت. "ناتوانم تەوبە بکەم؟!"، ڕاهیبەکەی کوشت و، کردی بە سەد کەس.

پیاوەکە لەناخیدا هەستی بەوە دەکرد کە خوای گەورە لەوە بەڕەحمترە کە وەڵامی نەداتەوە و تەوبەکەی قبووڵ نەکات، بەڵام نازانێت چی بکات، پرسیاری زاناترین کەسی سەر زەوی کرد، ناوی زانایەکیان پێدا و چووە لای و گوتی: "دەتوانم تەوبە بکە؟"

- "بەڵێ دەتوانیت، کێ دەتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم تۆ و تەوبەدا؟! بڕۆ بۆ زەوییەکی ئاوا و ئاوا خەڵکێکی لێیە خودا دەپەرستن، تۆش خودا بپەرستە لەگەڵیان و، مەگەڕێرەوە بۆ ئەم خاک و زەوییەت چون زەوی خراپەیە".

بەسەر هاتەکە دەزانن: کە چۆن چووە دەرەوە و لە ڕێگەدا مرد، فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی سزا لەسەر ئەم پیاوە بوو بە ناکۆکییان. خوای گەورە جوگرافیای ئەو زەوییەی گۆڕی تا لە زەوی خەڵکە باشەکانەوە نزیکتر بێت و بیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی.

ئەوەی جێی باسە: ئەم پیاوە، بۆ ئەوە ڕێگەی گرتە بەر کە بگاتە شوێنی خەڵکە چاکەکە و بزانێت شوێنێکی خۆشە و بەدڵی دەبێت؟ نا هەرگیز، بەڵکوو کە بەرەو ئەو شوێنە کەوتە ڕێ دەستبەرداری ماڵ و حاڵ و ڕابردووی

خۆی بوو و، سوور بوو لەسەر پابەند بوون بە وتەی زاناکە (نەگەڕێیتەوە بۆ خاک و زەوییەکەت چونکە زەوی خراپەیە)، ناگەڕێتەوە بۆ سەرپێچیکردن و تاوان کردن. پیاوێک کەشتییەکانی سوتاندووە و ڕاستگۆیانە ڕووی لە خوا کردووە. ئەمەی لەبەرئەوە ئەنجامدا چونکە یەقینی بە بەزەیی پەروەردگار هەبوو کە دەستی لێ بەرنادات، ئیدی خوای گەورە لێی خۆش بوو هەرچەند سەد کەسیشی کوشتبوو.

کاتێ بەم نیەتە ڕاستگۆیانە لە خودا نزیک دەبیتەوە چی ڕوودەدات؟ وەڵامەکەت لەو فەرموودە قودسییە مەزنەوە بۆ دێت کە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: (ئەوەی بە ئەندازەی گەزێک لێم نزیک بێتەوە ئەوە من بە ئەندازەی باڵێک لێی نزیک دەبمەوە).

ئەوەی؛ "بە ئەندازەی گەزێک لێم نزیک بێتەوە" وەک ئەزموونێک؟ دەیەوێت ئەزموونی پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگار تاقی بکاتەوە و پارێزگاری لە خەتی گەڕانەوەش دەکات لە حاڵێکدا گەر بەدڵی نەبوو؟ نا بێگومان، ئەوەی ڕاستگۆیانە لێم نزیک بێتەوە.

(ئەوەی بە ئەندازەی گەزێک لێم نزیک بێتەوە، ئەوە مُنیش بە ئەندازەی باڵێک لێی نزیک دەبمەوە، خۆ ئەگەر بە ڕۆشتن بێت بۆ لام ئەوا من بە هەروەلە دەڕۆم بۆ لای) (موسلیم).

براکەم ئەمە چ جوانییەکە؟ ئەم جوانییە چییە لە ئایینەکەماندا؟ ئەم سۆز و کەڕەم و ئەوینە ئیلاهییە چییە؟ تخوا دوای ئەمە ئیدی دەتەوێت بەشێوەیەکی ئەزموونی گوێڕایەڵی خودا بکەیت؟! یان باوەش دەکەیت بە دەرگاکانی سۆز و بەزەیی پەروەردگارا بەوپەڕی خۆشەویستی و متمانەبوون و بەرز ڕاگرتنییەوە؟

هەست بە سەختی پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی دەکەیت؟ ئەو فەرمایشەی پەروەردگار لە فەرموودەیەکی قودسیدا بێنەوە یاد خۆت کە موسلیم ڕیوایەتی

کردووە: (ئەی بەندەکانم هەموتان گومڕا و سەرلێشێواون ئیلا مەگەر یەکێک کە من هیدایەتی بدەم، داوای هیدایەت و ڕێنموویی تەنها لە من بکەن ڕێگەی ڕاستتان نیشان دەدەم). پەروەردگارت کە ڕووت تێدەکات و فەرمانت بەسەردا دەکات کە گوێڕایەڵی بیت پێت دەفەرموێت: «پشت بە من ببەستە».

﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥ﴾ [الطلاق: ٣]. «هەرکێ خۆی بە خوا بسپێرێ، ئەوی بەسە». لە بەرزترین پێگەکانی تەوەکول، تەوەکول کردنە بە خودا کە هاوکارت بێت لە پابەندبوون بە گوێڕایەڵیکردنی.

گەر لە دڵی خۆتا وتت: گوێڕایەڵیکردنی خودا و وازهێنان لە خراپە تاقیدەکەمەوە، ئەوە بوارم پێ بدە کە پێت بڵێم: لەو تاقیکردنەوەدا شکست دێنیت! هۆکارەکەش ڕوونە لە قسەکانتا! خوای گەورە دەبێ یەقینت پێی هەبێت، نەک تاقیبکەیتەوە.

شیرینی باوەڕ ناچێژیت گەر بتەوێت چەسپاوی و دامەزراوی بۆ ماوەیەک "تاقی بکەیتەوە"، کە گوناهەکان لە دڵت دەرکەیت بەڵام پێی بڵێی: (لەم نزیکانە بمێنەوە، لەوەیە جارێکی تر پێویستیم پێت بکەوێتەوە گەر بێزاری ڕووی تێکردم و ئەو ئاسوودەییەم دەست نەکەوت کە دەمویست لە پەیوەندیم لەگەڵ خودادا)! ئەوجا هەڵێک بدەی بە ئایین و، دانیشی چاوەڕێی فتوحات و تەجەلییاتی لێ بکەیت، تا کاتێک هیچ لەمانە ڕووی نەدا ئیتر بیانوو بۆ خۆت دێنیتەوە دەڵێی: «دینداریم تاقیکردەوە و بەختەوەری بۆ نەهێنامە دی»، نا! ڕووکردنە پەروەردگار تاقیکردنەوەی تیا نییە.

"یانی من کە بریاردەدەم گوێڕایەڵی پەروەردگار بکەم هیچ کار و کردەوەیەکی حەرام ناکەم؟ نەگەر کارێکی حەرامیشم ئەنجامدا ئەوە دروّم کردووە لە ڕووکردنە پەروەردگار؟!"

نا، من وات پێنالێم، دزە خراپەکان "گوناهەکان" هێرش دەکەنە سەر دڵت،

بەڵام تۆ وەک دز دەیانبینیت و وەک دز مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت، پشت بە خودا دەبەستیت بۆ دەرکردنیان.

﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [آل عمران: ١٣٥]. «ئەو کەسانەی هەرگا کاری خراپ دەکەن، یان ناحەقی لە خۆ دەکەن خودا لە بیر نابەنەوە و لەبەری دەپارێنەوە: لە خەتاکانیان ببووریێ؛ بێژگە خوداش کێ لە گوناهان دەبووریێ؟ جا ئەوانە لە سەر کارێ کە زانیویانە هەڵەیە، پێ داگر نین». نابێت مکوڕبوون لەسەر حەرام و پاساو هێنانەوە بۆ حەرام بوونی هەبێت. بەڵام گەر هۆگری ئەم دزانە بیت "هۆگربوون بە گوناهەکان"، لەنزیک خۆت بیانهێڵیتەوە، "هەڵێکی کاتی" بە ئایین بدەیت و، چاوەڕێی ئەوە بکەیت کە خوای گەورە دڵت بە باوەڕ و ئیمان ئاوەدان کاتەوە، ئەوە دەترسم ئەمە گومانی خراپ بردن بە خوای تێدابێت، ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ﴾ [الزمر: ٦٧]. «خودایان -وەکوو پێویستە- نەناسیوە».

کەوابێ ئەمە یەکەم بیرخستنەوەیە بۆ ئەوانەی وتیان "واز لە حەرام دێنین" و، ئەوانەش ڕاڕا و دوودڵن بۆ ئەوەی ڕووکەنە پەروەردگار.

سووتاندنی کەشتییەکان بە ئیمان و متمانەوە و، دەرکردنی گوناهەکان لە ژیانت و، مامەڵەکردن لەگەڵ هێرشی گوناهەکان وەک ئەوەی کۆمەڵێک دز بن و پشت بە خودا ببەستیت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

"باشە گریمان من تەوبەیەکی ڕاستگۆیانەم کرد و کەشتییەکانم سوتاند، بەڵام دواتر گەڕامەوە بۆ سەر گوناهکردن، خۆم بەدەستەوە بدەم؟ ئایا تەوبەکردن یەک هەلە لە تەمەندا؟"

هەرگیز، بەڵکوو بەردەوام بە لە تەوبەکردن، ئەوسا دەزانیت گرفتەکە لە کوێدایە و چاکی دەکەیت، هەرگیز بێ ئومێد مەبە.

لەو فەرموودەیەی کە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتی دەکەن، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (بەندەکەم تاوانێك لە تاوانەکانی ئەنجامدا و پاشان زانی کەوا خودایەکی هەیە لە تاوانەکان خۆش دەبێت و، بە هۆی تاوانەوە دەبات، ئەمجار گەڕایەوە و تەوبەی کرد فەرمووی: ئەی خودایە! لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکەم تاوانێك لە تاوانەکانی ئەنجامدا و پاشان زانی کەوا خودایەکی هەیە لە تاوانەکان خۆش دەبێت و، بە هۆی تاوانەوە دەبات، خوای گەورە دەفەرموێت: لێت خۆش بووم، ماوەیەک تێدەپەڕێت و بەندەکە تاوانێکی دیکە دەکات و، دەڵێت: خودایە تاوانێکی دیکەم کردووە،لێم خۆش بە، خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکەم تاوانێك لە تاوانەکانی ئەنجامدا و پاشان زانی کەوا خودایەکی هەیە لە تاوانەکان خۆش دەبێت و، بە هۆی تاوانەوە دەبات، خوای گەورە دەفەرموێت: لێت خۆش بووم، ماوەیەک تێدەپەڕێت و بەندەکە تاوانێکی دیکە دەکات و، دەڵێت: خودایە تاوانێکی دیکەم کردووە،لێم خۆش بە، خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکەم تاوانێك لە تاوانەکانی ئەنجامدا و پاشان زانی کەوا خودایەکی هەیە لە تاوانەکان خۆش دەبێت و، بە هۆی تاوانەوە دەبات، خوای گەورە دەفەرموێت: لێت خۆش بووم، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: سێ جار لە بەندەکەم خۆش بووم، ئیدی چی دەکات بیکات لێی خۆش دەبم).

دووەم شت کە وتمان پێویستمانە: «هۆگربوون بە خۆشەویستەوە»

ئیبن تەیمییە وتەیەکی جوانی هەیە. دەڵێت: "مرۆڤ دەستبەرداری خۆشەویستەکەی نابێت ئیللا مەگەر خۆشەویستێکی دیکە بدۆزێتەوە کە لەو زیاتر خۆشی بووێت، یان بترسێت لەوەی شتێکی خراپی تووش بێت؛ خۆشەویستی خراپ بە خۆشەویستی باش لە دڵ دەردەچێت، یان بە ترس لە زەرەر و زیان".

یانی تۆ بۆ ئەوەی ئارام بگریت لەسەر ئەوەی کە وازت لەو حەرامانە هێناوە کە خووت پێوەگرتوون ئەوە دەبێت پاڵنەرێکت هەبێت. ئەو پاڵنەرە چییە؟ ئەوەیە کە خۆشەویستێکی دیکەت هەبێت کە زیاتر لەم شتە حەرامکراوانە خۆشت بوێت.

کێ لە خودا و پێغەمبەرەکەی لەپێشترە بۆ ئەم خۆشەوویستییە؟ بە ئەندازەی خۆشەویستیت بۆ خودا و پەیامبەرەکەی وازهێنانت لە شتە حەرامکراوەکان ئاسان دەبێت. باش ئەی ئەگەر خۆشەویستی خوا لاواز بێت لە دڵمدا؟

قوربانیدانەکان خۆشەویستی زیاد دەکەن. کاتێ واز لە حەرام دێنیت لەبەر خودا بەڕاستگۆیانە و نیەتی نەگەڕانەوە بۆی، خوای گەورە پاداشتت دەداتەوە بەوەی شیرینی ئیمان و باوەڕت پێ دەچێژێت. شیرینی ئیمانیش زۆر جوانترە لە شیرینی تاوان و خراپە، کە ئارام گرتن لەسەر وازهێنان لە خراپەت بۆ ئاسان دەکات.

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموورێت: (سێ شت هەیە هەر کەس تێیدا بێت ئەوە شیرینی ئیمانی چەشتووە.

یەکەم دانەیان: "خوا و پێغەمبەری خودا لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر خۆش بوێت". ئەم خۆشەویستییە دەتوانیت بەدەستی بێنیت بە بەدەست هێنانی هۆکارەکانی، کاتێ لەبەر خودا واز لە حەرام دێنیت، خوای گەورە شیرینی ئیمانت پێ دەچێژێت ئیدی بێنیاز دەبیت لە شیرینی خراپە و تاوان.

بەڵام ئاگاداربە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە هەوڵ و تێکۆشان بکەیت بۆ نزیک بوونەوە لە خودا، نەک دوای وازهێنان لە شتە حەرامکراوەکان پاڵی لێ بدەیتەوە و بڵێی: "دەی ئەوە وازم لە حەرام هێنا، کوا ئەو ژیانە خۆشەی کە باسیان دەکرد؟"

نا! بەڵکوو: ﴿مَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً

طَيِّبَةً﴾ [النحل: ٩٧]. «هەر کەسێ کرداری باشە و بەباوەڕە -چ نێر، چ مێ- هەتا دەژی وادەکەین بە خۆشی بژی»، گەر ئەو ژیانە خۆشەت نەدۆزیەوە ئەوە گرفتەکە لەکوێدایە؟

ئایا لە بەڵێنی پەروەردگاردایە؟ پەنا بەخوا! ﴿وَعْدَ ٱللَّهِ ۖ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [الروم: ٦]. «خودایە بەڵێنی داوە و لێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن». پەروەردگار بەڵێنی ژیانیکی خۆشی پێنەداویت بەوەی تەنیا واز لە ئەنجامدانی کار و کردەوەی حەرام بێنیت، بەڵکوو: ﴿مَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾. کار و کردەوەی چاک ئەنجام دەدەیت و باوەڕداریت، یەقینی تەواوت بە دانایی و سۆز و بەزەیی خودا هەیە.

زۆرێک لە گەنجان خوویان گرتووە بە تەنبەڵیەوە، بەنیسبەت ئەوەوە کاتێ واز لە شتە حەرامکراوەکان دێنێت نیدی دادەنیشێت و پاڵ دەداتەوە وهیچ ئیش و چالاکییەکی نامێنیت و خۆی فێری هیچ زانست و زانیارییەک ناکات، ئەوجا دوایی دەڵێت کوا؟! تام و چێژی شیرینی ئیمانم نەکرد!

نا، داوات لێکراوە کە کاریکەیت، کتێبی خودا بخوێنیتەوە و فێری بیت تا خوای گەورەت خۆش بوێت و بەرز ڕایگیرت، سیرە و ژیاننامەی پێغەمبەری خودا بخوێنیتەوە تا خۆشت بوێت و ڕێزی بگریت و شوێنی کەویت.

ئاگادار بە، وەختێ واز لە گوناهکردن دێنیت دەکرێ کۆمەڵێک نیشانەت لەسەر دەرکەوێ وەک ئەوەی لەسەر ئەو کەسانە دەردەکەوێت کە واز لە جگەرە کێشان یان تلیاک کێشان دێنن، ڕەنگە ماوەیەک تووشی ئازار و ناڕەحەتی بیت بە هۆی وازهێنانت لەو شتانەی کە خووت پێوەگرتبوون، ئاساییە، ئەمە تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی تۆیە، پاش ئەوە خێرێکی زۆر ڕووت تێدەکات بەئیزنی خودا.

بریا کۆمێنتی ئەو برایانەت دەخوێندەوە لەسەر گوتاری پێشوو"هاوڕێکانم چەندین کاتژمێر لە تەماشاکردنی فیلمەکان بەسەر دەبەن" و ببینیت کە چۆن زۆرێک لەوان خوای گەورە یارمەتی داون پاش ئەوەی لە سەرەتاوە زۆر ناڕەحەت بوون و، خوای گەورە بە باشتر بۆی قەرەبوو کردوونەتەوە.

لاوان دەمانەوێ ئەم جار زۆر بەرز بفڕین، دوای ئەوەی کە بەرەو پێش دەجووین و دەگەڕاینەوە، هەڵدەکشاین و دەنیشتینەوە،

نا، ئەم جارە بەشێوەیەکی حەقیقی بەرەو پیری دەچین نەک بۆ تاقیکردنەوە. ان شاء الله دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانماندا.

کۆتاییەکەشی بەم گوتارە دێنم:

ئایا دینداریی مانای بێبەش بوونە لە خۆشییەکان؟

گەر گومانمان وابێت کە دامەزراوی (پابەند بوون بە ئایین) مانای بێبەش بوون لە خۆشییەکان دەگەیەنێت ئەوە لە ئایینەکەمان حاڵێی نەبووین! بەڵکوو جێگرتنەوەی خۆشی نزمی دونیاییە بە خۆشی مەزنی بەرزی ئاسمانیی.

پێشتر چێژت وەردەگرت لە بینی کچێکی سفوور، بەڵام ئەمڕۆ رۆحت چێژوەردەگرێت لەوەی کە هۆکارێک بیت بۆ ئەوەی کچان داپۆشراو و پۆشتە بن و گوێڕایەڵی پەروەردگاریان بن. پێشتر چێژت وەردەگرت لەوەی ببیتە جێی سەرنجی کوڕان و لێت بڕوانن، بەڵام ئەمڕۆ چێژ لەوە وەردەگریت کە سەرنجیان لەسەر دۆسیەکانی ئوممەتەکەیان بێت و کار بۆ سەرکەوتنی بکەن.

پێشتر چێژت وەردەگرت لە سەرپێچیکردنی بەنهێنی، بەڵام ئەمڕۆ خەریکە ڕۆحت بفڕێت بۆ لای عەرش کاتێ لە خەڵوەتدا فرمێسک لەپێناو خۆشەویستی و تامەزرۆیی بۆ دیداری پەروەردگار دەڕێژیت و دەتەوێت ئەم وەسفە تۆش بگرێتەوە (پیاوێک یادی خودا دەکات لە کاتی خەڵوەت و تەنیاییدا و

چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک) و، ئومێدەواریت بە هۆی ئەوەوە یەکێک بیت لەو حەوت تاقمەت کە دەچنە ژێر سێبەری خودا (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ تَعَالَىٰ فِي ظِلِّهِ يَومَ لا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ).

پێشتر چێژت لە دەستەواژە ڕۆمانسیەکان وەردەگرت و چاوەڕی بووید پێت بڵێ (خۆشمەوێ)، بەڵام ئەمڕۆ چێژ لە بیستی وشەکانی هاوڕێکەت وەردەگریت کە لەناو غەفڵەتدا بوو: (خوا و ئیسلامی لا خۆشەویست کردم)، بەردەوام شریتی ئەم قسانە لێدەدەیتەوە چونکە دڵت لە هەموو ئاوازێکی دیکە لای جوانترە کە خەڵکی گوێی لێدەگرن!

پێشتر چێژت لە بەفیڕۆدانی کاتەکانت وەردەگرت لەگەڵ هاوڕێکەت و، گرنگیت نەدەدا بەوەی کە دایکی دڵی دەسوتێت کە دەبینێت ڕۆڵەکەی سەرگەردان بووە، بەڵام ئەمڕۆ چێژ لەوە وەرەگریت کە گوێرایەڵی دایکی دەکات و دەیەوێت ڕەزامەندی ئەو بەدەست بێنێت.

دڵ خۆشییەکانی دونێت پیس و تێکەڵ بوو لەگەڵ هەست بەتاوان کردن، بەڵام ئەمڕۆ دڵخۆشییە پاک و بێگەردەکات زیاد دەکات چونکە خوای گەورە دڵخۆشە بەوەی گوێڕایەڵی دەکەیت و بەرەو ڕووی دەچیت. پێشتر پێویستت بەوە بوو خوا لەبیر بکەیت تا چێژ لە گوناهکردن ببینێت! بەڵام ئەمڕۆ ئەوەی زۆر دڵخۆشت دەکات ڕوانینی خودایە بۆت کاتێ گوێڕایەڵی دەکەیت!

خوای گەورە بەخشندەیە گەنجان، گەر ڕاستگۆیانە ڕووی تێکەویت ئەستەمە بە بێبەش بوون لە چێژ و خۆشییەکان پاداشتت بداتەوە! گەرم ئەم چێژانەت نەدی، ئەوەی پێداچوونەوە بکە بزانە ڕاستگۆیانە ڕووت لە خوا کردووە!

لە خودا دەپارێمەوە کە ئەوانەی هیدایەتیان وەرگرتووە چەسپاو و دامەزراو کات و ڕێنموویی ئەوانەش بکات کە ڕاڕا و دوودڵن، من و ئێوەش لە ژێر سێبەری عەرشەکەی لە بەهەشت کۆکاتەوە.

هۆکارەکانی دڵتەنگی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

برا بەڕێزەکانم، کاتێک یەکێک لە ئێمە تووشی شتێک دەبێت کە دڵتەنگی دەکات، باشترین شتێک ئەنجامی بدات ئەوەیە کە پێداچونەوە بۆ نەفسی خۆی بکات و هەڵەکانی ڕاست کاتەوە لەبری ئەوەی باسی ستەم و زۆرداری خەڵک بکات و سکاڵایان لێکات.

ڕەنگە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووشی خەم و خەفەت بین بە هۆی کارلێک کردنمان لەگەڵ هەندێ خەڵک و بیستنی قسە ناخۆشەکانیان. وەرن پێکەوە لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سونەت هۆکارەکانی ئەمە بزانین:

١. کەمتەرخەمی لە ئیخلاسدا: هەر یەک لە ئێمە وا ڕاهاتووین کە لایک و هاوبەشی کردن و کۆمێنتە ئەرێنییەکان لەسەر ئەو بابەتانەی کە بڵاوی دەکەینەوە وەک هۆکارێک دانێین بۆ بەهێزکردنی خود و پاڵنەرێک بێت تا نووسینی زیاتر بڵاوکەینەوە، ئیدی ڕەنگە لەوەدا نیەت تازەکردنەوە و ئیخلاس و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار وەک بزوێنەری سەرەکی و، هەوڵ و کۆشش کردن بۆ پێکانی حەق پاشان بوون بە یەکیک لەوانەی خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾ [المائدة: ٥٤]. «لە تەشەری سەرکۆنەکەران ناترسن». لەبیر بکات.

گەر کەمتەرخەمی بکەین لەوەدا، ئەوا دڵتەنگ دەبین کاتێ هەندێ شتی ناخۆش لە خەڵکی دەبیستین، چونکە وا نەفسی خۆمان ڕاهێناوە زۆر گرنگی بە قسەی خەڵکی بدات. جا هەتا دڵخۆش بین بەوەی خەلك ستایشمان بکات لەسەر شتێک کە تیامانا نییە، ئەوە پاداشت دەدرێینەوە بەوەی خەڵک لۆمەمان کات لەسەر شتێک کە تیاماندا نییە!

٢. سەرقاڵ بوون بەوەی کە گرەنتی کراوە لەبری فەرمانەکانی خودا: خوای گەورە کۆمەڵێک فەرمانی دەرکردووە و کۆمەڵێک گرەنتی داوە لە بەرانبەردا.

بەختەوەر ئەوەیە کە سەرقاڵ دەبێت بە فەرمانەکانەوە و، باوەڕی بەوەیە کە خوای گەورە گرەنتنی دەرەنجامەکەی دەکات. بێبەشبووش کەسێکە کە سەرقاڵ دەبێت بەوەی گرەنتی کراوە لەبری ئەوەی فەرمانی پێکراوە بیکات بەمەش هەردووکیان لەکیس دەدات!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا۟﴾ [الحج: ٣٨]. «خودا لەسەر ئەو کەسانە دەکاتەوە کە باوەڕیان پێ هێناوە». فەرمانەکە: ئەوەیە کە لەوانە بیت کە باوەڕیان هێناوە، گرەنتیەکەش ئەوەیە کە: خوای گەورە بەرگریت لێدەکات.

پێغەمبەریش (ﷺ) سوێندی لەسەر سێ شت خواردووە. یەکێک لەوانە: (هەر بەندەیەک ستەمێکی لێکرێت و ئارام بگرێت لەسەری ئیللا خوای گەورە بە هۆیەوە زیاتر بەشکۆی دەکات).

مەبەست لە ئارامگریی لێرەدا ئەو ئارامگرییەیە کە زۆر ئاخ هەڵکێشان و وتی وتی تێدانییە.

سەرقاڵی ئەو شتانە بە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوویت و متمانەی تەواوت هەبێت کە خۆی بەرگریت لێدەکات و دەتپارێزێت.

٣. سەرپێچیکردنی فەرمانی خوا بە پشتکردن لە نەفامەکان: هەڵبەت هەموو ئەوانەی بیر و ڕایان جیاوازە لە ئێمە نەفام نین، بەڵام هەندێک شێوازێکی نەفامانە دەگرێتە بەر بە قسە وتن و تانەدان لە نیەت. خوای گەورە فەرمانیکردووە چۆن لەگەڵ ئەوانەدا ڕەفتار بکەین؟:

﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَـٰهِلِينَ﴾ [الأعراف: ١٩٩]. «چاو بپۆشە و فەرمان بە کاری چاک بدە و لەو نەزانانە واز بێنە»، خوای گەورە دەزانێت ئەوەی فەرمان بە چاکە دەکات نەفامەکان دژی دەوەستنەوە، ئیدی بەدوای ئەو فەرمانەدا دەفەرموێت: ﴿وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَـٰهِلِينَ﴾.

ڕەنگە دڵتەنگ بوونت سزای سەرپێچیکردنی فەرمانی خوا بێت، چون پێداگری دەکەیت لەسەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندی نەفامەکان یان خۆت سەرقاڵ دەکەیت بەوەی لەبارەتەوە دەیڵێن و وەڵامیان دەدەیتەوە.

خوای گەورە لە تاریفی بەندەکان الرحمان دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾ [الفرقان: ٧٢]. «هەرگا بە لای کاری نالەباردا ڕادەبوورن، مەردانە خۆی لێ لا دەدەن»، کە ئەم جۆرە ڕۆشتنەش بەو شێوەیە مرۆڤ نەوەستێت لای هیچ کەسێک کە ئازاری دەدات و قسەی پێ دەڵێت.

ئەوەی سەرپێجی فەرمانی خودا بکات لەوەدا ئەوە تاقیدەکرێتەوە بە زاڵبوونی قسەی نەشیاو و ناشرینی نەفامەکان بەسەر بیرکردنەوەیدا و، هەر قسە و کردەوەیەک دەکات ئامانج لێی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خەڵکی و لادانی قسە و قسەڵۆکی خەڵکیە لەسەری، جا لەبەرئەوەی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی هەموو خەڵک ئامانجێکە بەدی نایەت و، ئەوەی هەندێکیان ڕازی دەکات هەندێکی دیکەیان تورە و بێزار دەکات، ئیدی ئەوەی بەدوای ڕازیکردنی خەڵکیەوەیە هەمیشە ڕاڕا و دوو دڵە و لە پەرچەکرداری خەڵکی دەترسێت!

ئەوەیش پشت لە هەموو ئەوانە بکات و ڕەزامەندی خودای لەبەرچاو بێت ئەوە خوای گەورە ڕەونەق بە قسەکانی دەدات وکاریگەر دەبن و لەناو خەڵکیدا بە ئاسانی قبوڵ دەکرێت.

ئامۆژگاری هەموو ئەوانەش دەکەم کە پەڕەی تایبەتییان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکە و خەڵکی زۆر کۆمێنتی بۆ دەنوسن، یەکێک دانێت کە هەموو ئەو قسە نەشیاو و کۆمێنتە ناشرینانە بسڕێتەوە کە بۆی دەنوسرێت تا خۆی نەیخوێنێتەوە و کاری لێکات و سەرقاڵی کات و دووری خاتەوە لە سەرقاڵ بوون بە شتی باشتر و بەسوودترەوە، بەڵام ڕەخنە زانستییەکان بهێڵێتەوە تا گوتوبێژی جیددی و سوودبەخشی لێکەوێتەوە.

﴿سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا﴾

یەکێک لەو تێگەشتنە هەڵانەی کە پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە ئەوەی کە زۆری دوژمن بەڵگەی ڕاست و دروستی پەیڕەو و ڕێباز بێت. ئەم ڕێسایە بە ڕەهایی نییە، بەڵکوو بەندە بە جۆری دوژمنەکان و هۆکاری دوژمنایەتییەکە.

خۆ ئەوە ڕاستە کە ورقة بن نوفل بە پێغەمبەرمانی (ﷺ) وت: (هیچ کەسێک بە شتێکی هاوشێوەی ئەوەی تۆ نەهاتووە ئیللا دوژمنایەتی کراوە). هەروەک ئەوەش ڕاستە کە هەندێ لە خەڵکی خاوەن دڵ و دەروونێکی نەخۆشە و دژایەتی حەق دەکات چونکە دژایەتی هەوا و ئارەزووی دەکات کە ئەم بووە بە کۆیلە بۆی.

بەڵام کاتێک موسڵمانانیش ڕقیان لێم بێتەوە ئەوە ئەو کاتە دەبێ خۆم تۆمەتبارکەم! ئەوەی جێی مەترسیە ئەوەیە کە ئەو ڕق لێبوونەوە بە "دیاردەیەکی تەندروست" دانێیت کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی من لەسەر حەقی ڕوون و ئاشکرام! جێی مەترسیە گریمانەی ئەوە دانێم کە ئەوان بە هۆی دامەزراوی و دروستی مەنهەجەکەم لێم هەڵدێن لەکاتێکدا هەندێکیان لەبەر زمان زبری و ڕوو گرژییەکەم لێم دوور دەکەونەوە و، هەندێک دیکەیش بە هۆی کەمتەرخەم بوونم لە ئیشەکەم یان دژبەرییم لە هەڵس و کەوتما و بە کەم زانینی گوناهەکانی خۆم و گەورەکردنی گوناهی ئەوانی دیکە، هەندێکی دیکەش بە هۆی ئەوەی لایەنێکی ئایینم گرتبوو و لایەنی ئەخلاقم فەرامۆش کردبوو و، هەندیکی دیکەش بە هۆی هەڵە تێگەشتنەوە کە دەمتوانی ڕوونی بکەمەوە بەڵام لوت بڵندی و خۆ بە گەورە زانینم ڕێگریوون.

جێی مەترسیە کە خۆم غافڵکەم لەم هۆکارانە و خۆم بخەڵەتێنم بەوەی گوایە ئەوانە قەڵس و بێزارن لەو نورەی کە هەڵم گرتووە! ئەوان تەنیا لەبەر چەسپاوی و دامەزراوییەکەم دژایەتیم دەکەن!

یەکێک هەڵگری خەمی ئیسلام و بانگەواز بێت دەبێت کەسێکی خۆشەویست بێت و موسڵمانان خۆشیان بوێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَٰنُ وُدًّا﴾ [مریم: ٩٦]. «ئەوانەی باوەڕیان هەیە و ئاکارچاکن، خودا دەیانکاتە خۆشەویست».

لەو فەرموودەیەش کە بوخاری وموسلیم تەخریجیان کردووە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆش وبست ئەوا بانگی جبرائیل دەکات و پێی دەڵێت من ئەو بەندەیەم خۆش دەوێت و تۆش خۆشت بوێت، جوبرەئیلیش ئەوکەسەی خۆش دەوێ، پاشان بانگی خەڵکی ئاسمان دەکات پێیان دەڵێ خودا فلان کەسی خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بوێ، خەلکی ئاسمانەکانیش ئەوکەسەیان خۆش دەوێت، پاشان خەلکی سەرزەویش ئەم کەسیان لاپەسەند دەبێت و خۆشیان دەوێ).

لەو فەرموودەشدا کە هەندێک لە زانایان بە (حسن)یان داناوە: (باوەڕدار خەڵکی خۆش دەوێت و خەڵکیش خۆشیان دەوێت و، خێرێش لە کەسێکدا نییە کە خەڵکی خۆش نەوێت و خەڵکیش ئەویان خۆش نەوێت، باشترین کەسیش ئەوەیە کە بەسوودترینە بۆ خەڵک).

لە بەرانبەردا پێغەمبەرمان (ﷺ) سەرزەنشتی ئەو ئیمامە دەکات کە بەرنوێژی بۆ موسڵمانان دەکات و نوێژەکەی درێژدەکاتەوە: (پاک و بێگەردی بۆ خوا هەندێک لە ئێوە خەڵکی -لە ئایین- دەتۆرێنن). (البخاري وموسليم). ڕاستە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموویەتی: (سەرەتا ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێکرد و بە نامۆییش دەگەڕێتەوە وەک چۆن سەرەتا دەستی پێکرد).

بەڵام ئەم نامۆییە حاڵەتێکی کاتییە و موسڵمان بەردەوامی پێ نادات، بەڵکوو هەوڵی چاککردنی دەدات. پێغەمبەر (ﷺ) پێناسەی کەسانی نامۆ دەکات کە: (ئەوانەن کە چاکسازی لەوەدا دەکەن کەخەڵک تێکیان داوە

لەسوننەتەکانی من)، نەیفەرموو: ئەوانەن کە بەردەوامی بەم نامۆبوونە دەدەن و لە خەڵکی نامۆ دەبن بە ڕەفتار و هەڵس و کەوتی خراپ و نەشیاویان.

گەر ڕۆژان تێپەری و خەڵکی زیاتر و زیاتر لێت دوورکەوتنەوە و پەیوەندیان پچراند لەگەڵت، ئەوە بزانە کە گرفتەکە تەنیا لەواندا نییە!

هەڵگری بانگەواز ئەوەی لێ داوانەکراوە کە نەرمی بنوێنێت لەسەر حسابی ئایینەکەی و خەڵکی لە خۆی ڕازی کات بە شاردنەوەی حەق و لادان لێی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ نەرم و نیان بێت لەگەڵ خەلک لە کاتی بانگەوازکرنیان و، واز لە سەرخستنی نەفسی خۆی بێنێت تا خەڵک بزانن کە ئایینەکەی خودا سەردەخات نەک نەفسی خۆی. ئیدی ئەو کاتە گەر خەڵکی خراپەکار و بێباوەڕ دژایەتی بکەن ئەوە خەڵکە ئایینداڕەکە خۆشیان دەوێت و چواردەوری دەدەن و نزای خێری بۆ دەکەن، ئەمەش جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە ئەو یەکێکە لەوانەی کە بەڵێنی پێدراوە بەوەی: ﴿سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا﴾ [مریم: ٩٦]. «خودا دەیانکاتە خۆشەویست».

بەدەستی خۆت، خۆت مەخە زیندانەوە!

چەنجار بووە کە هێرشی توندی سەر ئیسلاممان دیوە، ئیدی غیرەتمان جوڵاوە بۆ ئایینەکەمان و، بیری مێژووی پڕ شکۆی خۆمان کردوەتەوە و، دەستمان کردووە بە بانگەوازکردن بۆ حەق و، بەرپەرچدانەوەی ئەهلی باتڵ و، ئەنجامدانی چالاکی.

خەڵکی بە پەرۆشییەوە بەدەممانەوە دێن، قسەکانمان ڕووی لە فیترەتیانە و گۆڕانکاری دروست دەکات تێیاندا، لەمیانەی هەموو ئەمانەشدا بە خۆمان دەڵێین: "دەست تێوەردان ڕووەدات، ئەم خێر و چاکەیە دەوەستێت".

مانگ و ساڵەکان تێدەپەڕن و، کەس ئەم خێرە ناوەستێنێت، یان تووشی ناڕەحەتی دەبینەوە کە هەر هیچ نییە بە بەراورد بەو خەڵاتەی کە چاوەڕێمانە، بەردەوام بواری گشتی لەبەردەم بانگەوازەکەمان فراوانە و دڵ و دەروونی خەڵکیش ژینگەیەکی لەبارە بۆ چاندنی تۆوی چاکە.

کەچی ساردی ڕوومان تێدەکان و، هیممەتمان لاواز دەبێت و، چالاکیەکانمان ڕوو لە کەمی دەکەن، ڕۆژەکان تێدەپەڕن کە دەمانتوانی هەموو ڕۆژێک پاڵ بە باتلێکەوە بنێنن و پشتی حەقێک بگرین و کەسێکی دوور لە خوا نزیک کەینەوە و غافڵ و بێ ئاگایەک بێدارکەینەوە، بەڵام پەرستشەکانمان لاواز دەبن و، پەڕەکانی ئەنتەرنێت هەڵدەمینەوە بێ بوونی ئامانجێکی دیاریکراو و، چەندان کاتژمێر بەفیڕۆ دەدەین بێ بوونی بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا.

بەڵکوو ڕەنگە هەندێکمان گیرمان خواردبێ بەدەست هەوا و ئارەزووی نەفسەوە و، بچینە ڕیزی ئەوانەی کە دوێنی چارەمان دەکردن کەچی لەگەڵ ئەوان چاوەڕێی یەکێکین دەرمان بێنێت!

ڕەنگە تەماشای هاوڕێکانمان بکەین ببینین کەوا ئەوان پلە و پێگەیان لە دونیا بەدەست هێناوە، یان پارە و پولێکی زۆریان کۆکردووەتەوە، لەکاتێکدا ئێمە هیچ سوودێکی ماددیمان لە بانگەوازەکەمان نەدیوە، ئیدی دەچینە نێو بەراوردکاری ماددییەوە و حساباتی قیامەت لە میشکمان دەردەکەین!

بەڵکوو نەخۆشییەکانی دڵ دزە دەکاتە نێو جەستەی هەندێکمانەوە، لە خۆشەویستی ناوبانگ و ئیرەیی بردن لەنێوان بانگخوازان یان داواکردنی پلە و پێگەی بەرز لەڕێی ئەو زانستەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوین! تا بۆمان دەرکەوێت کە ئێمە بەدەستی خۆمان خۆمان زیندانی کردووە!

ڕەنگە سەرلەنوێ پەرۆش بینەوە بۆ بانگەوازەکەمان، بەڵام زۆری پێناچێت سارد دەبینەوە، ئیدی بەو شێوە بەردەوام دەبین، کەچی کە سەیری ئەهلی باتڵ

دەکەین دەبینین بە هیمەتێکی بەرز و چالاکانە و پلان و بەرنامەوە بەردەوامن لەسەر کارکردنیان و، ڕۆژانەش ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان دەهێننەوە ناو ڕیزەکانیان، کە دەکرا ئەو موسڵمانانە لەناو تەرازووی کردەوە چاکەکانی ئێمەدا بن، چێژی کاتی دونیا فریوی داون و پاشەڕۆژیان لەبیر کردووە.

پێویستمان بە هیممەتێکە هەرکە ساردبوویەوە سەرلەنوێ تین بسێنێت، وە خۆ بە دوورگرتن لە جەنگە لاوەکییەکان و کێشە و ناکۆکییە تایبەتییەکان، وە بیر کردنەوە لە فەرمایشی پێغەمبەرمان (ﷺ): (ئەی شدادی بن أوس! گەر بینیت خەڵکی زێڕ و زیو خەزن دەکەن و هەڵدەگرن؛ ئەوە تۆ ئەم وشانە خەزن بکە: (اللَّهمَّ! إنِّي أسألُك الثَّباتَ في الأمر، والعزيمةَ على الرُّشد، وأسألُك موجبات رحمتك، وعزائمَ مغفرتك، وأسألُك شُكرَ نعمتك، وحُسنَ عبادتك، وأسألُكَ قلبًا سليمًا، ولسانًا صادقًا، وأسألُك من خيرِ ما تعلَمُ، وأعوذُ بك من شرِّ ما تعلَمُ، وأستغفرُك لما تعلَمُ ؛ إنَّك أنت علَّامُ الغيوبِ).

ئەلبانی لە (السلسلة الصحيحة)دا دەڵێت: ئیسنادەکەی صحیحە (٣٢٢٨)، ئیبن حەجەریش لە (تخريج الاذكار) دەڵێت: فەرموودەیەکی (حسن)ە، شعيب الأرنؤوط بە (حسن)ی داناوە بە کۆی ڕێگەکانی لە کاتی قسەکردنی لەسەر مسند أحمد (١٧١٣٣).

ناوەڕۆک

پێشەکی: ٥
مزگێنییەکان..... ٧
ساتی بێداریی..... ٧
چۆن گرنگی بە ئوممەتەکەم بدەم بێ ئەوەی دڵم ڕەق بێت؟ ٩
ئایا بەڕاستی ئایینی ئیسلام ئایینی خەم و خەفەتە؟ ١٩
ئایا دڵخۆشبین بە جەژن؟ ٣٢
ئەوەندە بەشان و باڵیان هەڵمەدە..... ٣٤
شتی دزەپێکراو نییە! ٣٧
دەبێت دڵخۆش بین! ٣٨
باری لەناکاو!..... ٤٤
خاڵێکی گەورەی وەرچەرخانی ژیانم بوو!..... ٤٨
بانگەوازکردن چ مانایەکی هەیە لام؟ ٥٢
(علیهُم!) ٥٣
خەمۆکی قەناعەتپێکەر ٥٤
چەسپاوی..... ٥٧
«دامەزراوی» گەورەترین کەراماتە..... ٥٧
گرتنەبەری هۆکارەکان..... ٦١
ساردبوونەوە هەر ڕووت تێدەکات! ٦٣
چیمان لەدەست دێ ئەنجامی بدەین؟..... ٦٣
بە ڕۆحییەتێکی تێکۆشەرانە بژی..... ٦٦
گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی سەرەتا..... ٦٨
(لا حول ولا قوة إلا بالله!) ٧٠
لاوازی چێندراو..... ٧٢

سوپاسی خودا دەکەم کە لەم سەردەمەدا لەدایک بووم! ٧٣
حوکمی نوێژنەکەر چییە؟ ٧٥
لە سەرەتاکانی تەمەنی لاویمدا ٧٨
خێرێکی زۆر لە ئوممەتدا هەیە ٧٩
خوای گەورە بتپارێزێت وا چۆن پێغەمبەرەکەیت پاراست ٨١
پەروەردگارا حەزدەکەیت من چی بکەم؟ ٨٤
سەرکەوتنی ڕاستەقینە ٨٤
بانگخوازی ڕاستگۆ! ٨٧
بەراوردی بکە! ٨٩
هیچ مارەیی لەم چەشنەمان داوە؟ ٨٩
چاکەیەک بەدەست بێنە بە زەردەخەنە خستنە سەر لێوی براکەت! ٩١
گەڕ و خولیان بە شاراندا، نەکا تۆ هەڵخەڵەتێنێ ٩٢
خۆت مەشکێنە ٩٤
لێمەگەڕێ تێڕوانینت دەربارەی خۆت بگۆڕن! ٩٦
ئوممەت نەخۆش دەکەوێت، بەڵام نامرێت! ٩٧
خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) چ سوودێکی هەیە؟ ٩٨
تەنیا یەک نەفحەیە! ١٠٠
تەختی زەوی بن! ١٠٢
﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾ ١٠٣
﴿فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥٓ﴾ ؟! ١٠٦
خۆشەویست ناتوانێ بیشارێتەوە ١٠٨
ئایینەکەتان دەرخەن ١٠٩
قوربانی دان لە سیاقێکی جیاوازدا ١١٢
دەرهێنانی پەرستشەکان ١١٣
﴿وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾ ١١٤
پشتێنەی سەلامەتی ١١٧
لەگەڵ جەنجاڵی ژیان ١١٨

شکستت نەهێناوە! ۱۱۸
خەڵکی زەوی و مشەخۆرەکان ۱۲۱
دڵنیایی حەق بەچێژترە ۱۲۳
خەڵکی چی دەڵێن لەبارەمەوە؟ ۱۲٤
«نوقتە، سەری دێڕ» ۱۲۵
سڵاوت لێ بێت خوشکی نیقاب پۆشم! ۱۲٦
کەی دەفڕین؟! ۱۲۸
من لە وڵاغەکانی ئێوە نیم! ۱۲۹
"برام، فیتنە بەردیش لە جێی خۆی دەجوڵێنێ!" ۱۳۱
شێوازێکی ناسک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و فیتنەکان ۱۳٤
ئێمە لە خەڵک کەمترنین لە هەڵسەنگاندنی جوانیدا ۱۳٦
﴿إِلَّا وُسْعَهَا﴾ ۱۳٦
"خوایە لێم مەگرە، بەس ئەم جارە!" ۱۳۷
فێڵی "تەنیا ئەمە و بەس!" ۱۳۹
ئەو خەڵتەی کە لە بیری دەکەین! ۱٤۰
پارێزگاری لە پاکێتییت بکە! ۱٤۱
هەر کاتێ نەفست بانگی کردی بۆ تاوان ۱٤۳
ئیسلام پێویستی بە تۆیە، بەڵم! ۱٤٤
بەهەشت خۆشترە ۱٤۷
ناشرینکردنی پەرستشەکان ۱٤۸
پەککەوتنی ئیرادە ۱٤۹
بێبەشبوونی شاراوە! ۱۵۱
تەنیا ئەو سزایە بەسە! ۱۵۲
ئایا بەم نزیکانە لە ئەقسا نوێژ دەکەین؟ ۱۵٤
چی بکەم بۆ ڕزگارکردنی ئەقسا؟ ۱۵۷
پرسیار: "کوا کۆمەکی خودا بۆ موسڵمانان؟" ۱۵۸
هیچ جێگەیەک نییە بۆ نائومێدی ۱٦۵

ASTANA

باوەڕدار تەنیا لە خودا دەترسێت ١٦٧
خۆت ئازاد بکە ١٦٨
کۆبونەوەی دڵ لەسەر خۆشەویستی خودا ١٦٩
شیرکی فرۆکەکان ١٧١
دەتبینم هەست بە لاوازی دەکەیت ١٧٤
لەبەرخودا بیکە، بەرلەوەی لەبەر خۆت بیکەی ١٧٦
لەژێر تاقیکردنەوە ١٧٨
لەپێناو منداڵەکانمان ١٧٩
نامەیەک لە زیندانییەکەوە بۆ دایکی ١٨٠
برای (بیانووگر) و چیرۆکی ژیانی لە چەند دێرێکدا! ١٨٢
بەرپرسیارێتی ١٨٤
«با ئیسلام پرسی ژیانت بێت» یانی چی؟ ١٨٤
کوا ئەو بەختەوەرییەی ئیسلام بۆ شوێنکەوتووانی بەدی دێنێت؟ ١٨٥
ئەوەی پێمە «هیوا» نییە! ١٩٠
یەقینی باوەڕدار ١٩١
نیعمەتی دابڕان لە واقیع! ١٩٣
حەقیقەت و کابووس ١٩٤
جا چ پەیوەندییەکی بە منەوەیە کە ئیسلام ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرکەوێت؟ ١٩٦
ئیسلام سەرکەوتووە، باش، ئیتر چی؟ ١٩٨
کلیلەکە لە یەکێک لە کونەکاندایە! ٢٠٠
سووڕی بەرزکردنەوەی مەعنەویات! ٢٠٢
وەختێ نەرێنی پۆشاکی حیکمەت دەپۆشێت ٢٠٣
ئەگەر نەیتوانی ٢٠٥
لەنێوان من و ئێوەدا! ٢٠٥
بە کۆیلەکردنی ئارەزوومەندانە ٢٠٧
بۆشایی ڕۆشنبیری ٢٠٨
لێمەگەڕێ ڕێگریت لێبکات ٢١٠

تەوبەی شاعیرێکی سەرخۆش..... ۲۱۱
گەر زانایان تووشی فیتنە بن، ئەی حاڵی ئێمە چۆن بێت؟ ۲۱۲
خوای گەورە پیلانەکانیان لدواز دەکات..... ۲۲۱
لێمەگەڕێ پەیوەندیت لەگەڵ پەروەردگار تێک بدات!..... ۲۲۱
چاو پاراستن ۲۲۸
"هاوڕێکانم چەندان کاتژمێر لە تەماشاکردنی فیلمدا بەڕێ دەکەن!"..... ۲۳۷
دوومم شت کە وتمان پێویستمانە: «هۆگربوون بە خۆشەویستەوە» ۲۵۵
هۆکارەکانی دڵتەنگی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان..... ۲٦۰
﴿سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا﴾ ۲٦۳
بەدەستی خۆت، خۆت مەخە زیندانەوە!..... ۲٦۵

ASTANA



مزگێنییەکان

بۆ هەموو خوشک و برایەکی باوەڕدار:

ئەم پەیامانە بۆ پەخشکردنی مزگێنی و بەرزکردنەوەت هیممەت و بەرەنگاربوونەوەی ترس و نائومێدیی و، چەسپاندنە بەرامبەر فیتنەکان. کۆمەڵێک پەیامی پشت ئەستوورە بە حەقیقەتی چەسپاو، نەک هیوای وەهمی و خەیاڵی.

بیخوێننەوە، لێی وردببنەوە، لەناو ئازیزانتان بڵاوی بکەنەوە ...

مژدەبەخش بن و خەڵکی مەتۆرێنن، بەرەنگاری نائومێدی و غەم و خەفەت ببنەوە و لە پشتیوانانی ئایینی خودا بن. ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران:١٣٩]

9 785556 831285

نرخ : ٦٠٠٠ دینار